# پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە (٦٥٤)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

www.serdem.net
kteb@serdem.net

# پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا

## تێڕوانینێک لە ڕەوتی شانۆی پیتەر بروک لە ڕوانگەی چەمکی پانتایی بۆشەوە

دانا ڕەئووف

سلێمانی ٢٠١٣

ناوی کتێب: پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا

نووسینی: دانا ڕەئووف

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاینی ناوەوە: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٧٥٠ دانە

نرخ: ٥٥٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٣

کوردستان ــ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٠٦٩)ی ساڵی ٢٠١٣ پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

**پاریس**


٢٠٠٢/٩/١٧

بەڕێز کاک دانا

من زۆر هەژام بۆ خەمخۆریی ئێوە لە سەرقاڵبوونتان بە کارەکانی منەوە، هیوادارم ئەو کارە شتێکی بەسوود بووبێت بۆ ئێوە، هەروەها تەمەننا دەکەم کتێبەکەش لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

***لەگەڵ سڵاوێکی دۆستانەدا***

***پیتەر بروک***



THÉATRE DES BOUFFES DU NORD
Direction Peter Brook · Stéphane Lissner
37 *bis*, boulevard de la Chapelle
75010 Paris
Tél. : 33 (0) 1 46 07 33 00
Fax. : 33 (0) 1 46 07 34 11
www.bouffesdunord.com

17. 9. 02

Dear Mr Marouf,

I'm very touched by the time and care you have given to my work — I do hope that this has been useful to you and wish the book every success when it appears.

Kind regards,

Peter Brook

## ناواخن


| | |
|---|---|
| **سەرەتایەکی پێویست بۆ ئەم کتێبە** | ١٣ |
| **بەشی یەکەم** | |
| پیتەر بروک کێیە؟ | ١٧ |
| بیۆگرافیا | ١٨ |
| پەراوێز و سەرچاوەکان | ٢٤ |
| **بەشی دووەم** | |
| دەروازەیەک بۆ ڕەوتی شانۆی پیتەر بروک | ٢٧ |
| پێناسە | ٢٨ |
| پەراوێز و سەرچاوەکان | ٤٢ |
| **بەشی سێیەم** | |
| هەموو ڕێگەکان دەچنەوە سەر شەکسپیر | ٤٣ |
| پیتەر بروک و شەکسپیر | ٤٤ |
| خەونی شەوێکی چلەی هاوین ١٩٧٠ | ٥٢ |
| ئەنتۆنیۆس و کیلۆپاترا ١٩٧٨ | ٥٩ |
| ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا لە نێوان مەشقی ڕاگوزاری و سەرچاوەکانی شانۆی توندوتیژدا | ٦٥ |
| هاملێت و پرۆسەیەکی بەردەوام ١٩٦٠ — ٢٠٠٠ | ٦٧ |
| هاملێت لە تەرازووی شانۆدا | ٦٨ |
| کێ لەوێیە، سەرەتایەک بۆ گەڕانەوەی شانۆ | ٦٨ |
| تراجیدیای هاملێت/ ٢٠٠٠ | ٧٣ |
| کێ لەوێیە؟ | ٧٥ |
| دەسەڵاتی تارمایی | ٧٨ |
| جەستەی هاملێت | ٨٨ |
| هاملێت و دیدێکی پۆستمۆدێرنە | ٩٢ |
| هاملێت و چەمکی پانتایی بۆش | ٩٤ |
| دیمەنی گۆڕهەڵکەن و گەڕانەوە بۆ شانۆیەکی میللی | ٩٨ |
| کێ لەوێیە؟ | ١٠٢ |

| | |
|---|---|
| خۆشەویستی گوناهی منە ٢٠٠٩ | ١٠٢ |
| پەراوێز و سەرچاوەکان | ١٠٦ |
| **بەشی چوارەم** | |
| ئەنتۆنین ئارتۆ، قۆناغی شەستەکان و شانۆیەکی ئەزموونگەری | ١١٥ |
| ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی | ١١٧ |
| ئەزموونێکی توندوتیژ | ١١٩ |
| مارا — ساد | ١٢٥ |
| خاڵێکی گرینگی گۆڕانکارییەکان | ١٢٥ |
| ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی | ١٣٠ |
| شۆڕشی فەڕەنسی | ١٣١ |
| بنەمای سێکوچکەیەکی مێژوویی | ١٣٤ |
| مارا — ساد و پیتەر بروک | ١٣٥ |
| مارا، کۆردی و هاوکێشە مێژووییەکە | ١٤٠ |
| ئێستاتیکا و دیدی ڕیژی | ١٤٣ |
| بە فیلمکردنی مارا — ساد | ١٤٥ |
| ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا...! | ١٤٧ |
| گروپی ئەکتەر و جەنگی ڤێتنام | ١٥٢ |
| دەستپێک و پانتاییەکی بۆش | ١٥٥ |
| کۆتایی و بێدەنگییەکی کاریگەر | ١٥٦ |
| ئۆدیب لە نێوان میتافۆر و ڕیتواڵە سەرەتاییەکاندا | ١٥٩ |
| دەقی ئۆدیب و باڵادەستیی وشە | ١٦١ |
| ئەنتۆنین ئارتۆ/ پیتەر بروک | ١٦٤ |
| دواوێستگە و بەرەنجام | ١٦٤ |
| پەراوێز و سەرچاوەکان | ١٦٦ |
| **بەشی پێنجەم** | |
| مەڵبەندێک بۆ شانۆیەکی نێونەتەوەیی | ١٨١ |
| بەرەو شانۆیەکی میتۆلۆژی | ١٩٥ |
| ئۆرگاست | ١٩٧ |
| ئۆرگاست لە ئێران | ٢٠١ |
| ئۆرگاست و ئاڤێستا | ٢٠٥ |

| | |
|---|---|
| گەشتێک بۆ کیشوەرە ڕەشەکان | ٢٠٧ |
| کۆنفرانسی باڵندەکان | ٢١٥ |
| سەرلەنوێ "کۆنفرانسی باڵندەکان" | ٢٢٠ |
| ئەکتەر و دەمامک لە کۆنفرانسی باڵندەکان-دا | ٢٢٤ |
| کۆنفرانسی باڵندەکان باسی چی دەکات؟ | ٢٢٧ |
| زەمەنی میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخ | ٢٢٩ |
| ئامرازە خۆڕهەڵاتییەکان | ٢٣١ |
| مەهابەهاراتا | ٢٣٤ |
| "مەهەبەهاراتا" مانای چی دەگەیەنێت؟ | ٢٤٠ |
| چیرۆکەکانی مەهابەهاراتا | ٢٤٣ |
| لە دەسپێکی مێژوودا | ٢٤٤ |
| سێینەی مەهابەهاراتا | ٢٤٦ |
| مەهابەهاراتا و چەمکەکانی جەنگ | ٢٤٨ |
| مەهابەهاراتا... دەروازەیەک بۆ مەرگی کریشنا | ٢٥٠ |
| کریشنا و کولتووری خۆرئاوا | ٢٥١ |
| پەراوێز و سەرچاوەکان | ٢٥٣ |


**بەشی شەشەم**


| | |
|---|---|
| پیتەر بروک و هونەری ئۆپێرا | ٢٦٣ |
| گەڕانەوەیەکی مێژوویی | ٢٦٦ |
| بروک پێناسەی ئۆپێرا دەکات | ٢٦٨ |
| تراجیدیای کارمن | ٢٧٢ |
| کارمن باسی چی دەکات؟ | ٢٧٣ |
| کارمن و بروک | ٢٧٤ |
| دۆن جیۆڤانی | ٢٨٠ |
| داستانی دۆن خوان | ٢٨٠ |
| بەسەرهاتی دۆن جیۆڤانی | ٢٨٤ |
| بەشی یەکەم | ٢٨٤ |
| بەشی دووەم | ٢٨٥ |
| پیتەر بروک و مۆزارت | ٢٨٦ |

| | |
|---|---|
| ئۆپێرای "دۆن جیۆڤانی" لە پانتاییەکی بۆشدا | ٢٩٠ |
| مەرگ وەک هاوکێشەیەکی گرینگی ژیان | ٢٩٤ |
| شمشاڵی ئەفسووناوی، خوێندنەوەیەکی جودا | ٢٩٥ |
| شمشاڵی ئەفسووناوی و سترکتورێکی میتۆلۆژی | ٢٩٦ |
| پەراوێز و سەرچاوەکان | ٣٠١ |
| **بەشی حەوتەم** | |
| فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی کارکردن | ٣٠٥ |
| ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک | ٣١٢ |
| گەڕانەوە بۆ ئەفەریقا | ٣١٦ |
| "کۆستیم" بە نموونە | ٣١٦ |
| کۆستیم باسی چی دەکات؟ | ٣٢٠ |
| کۆستیم لە نێوان هێزەکانی ڕیتواڵ و فۆرمێکی ساکاردا | ٣٢٢ |
| لە چەمکەکانی ڕیتواڵەوە بۆ واقیعێکی هەستپێکراو | ٣٢٥ |
| دەستت لەناو دەستما | ٣٢٨ |
| عەشق و شانۆ | ٣٢٩ |
| خۆشت بوێم و بنووسە | ٣٣٠ |
| پانتاییە بۆشەکان و نەمایشی "دەستت لە ناو دەستمدا" | ٣٣٢ |
| چەمکی شانۆ لەسەر شانۆو لەناو نەمایشەکەدا | ٣٣٥ |
| مەرگی سیزوی بانزی | ٣٣٦ |
| دادگایەکی گەورە | ٣٤٤ |
| پەراوێز و سەرچاوەکان | ٣٤٨ |
| **بەشی هەشتەم** | |
| کۆتایی و بەرەنجامە گشتییەکان | ٣٥٧ |
| **دوا وشە** | **٣٦٣** |



**دانا ڕەئووف لەگەڵ پیتەر بروک**

**پاریس ــ ٢٠٠٤**

## سەرەتایەکی پێویست بۆ ئەم کتێبە

خوێنەری ئازیز

ڕەوتی شانۆیی هونەرمەند و ڕێژیسۆری جیهانی پیتەر بروک زیاتر لە شەست ساڵە. شەست ساڵی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە ئەزموون و داهێنان، شەست ساڵی دەوڵەمەند لە بوارەکانی شانۆ، ئۆپێرا، سینەما، لێکۆڵینەوە، نووسین و گەشتی جۆراوجۆر، شەست ساڵی کاریگەری و گۆڕانکارییەکان. کاریگەرییەکانی بروک بەسەر شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە گەلێ فرە ڕەهەندە، هەموو سنوور و بەربەستەکانی شکاندووە و توانیویەتی مێژوویەکی نوێ بۆ شانۆی جیهانی بخوڵقێنێت. بەڵام هەوڵەکانی ئەم هونەرمەندە لە هیچەوە، لە خۆڕا و بۆشاییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو ئەزموونی بروک بە بەردەوامییەکی ئاسایی مێژوو و ڕەوتی شانۆی جیهانی دادەنرێت. ئەزموون و شانۆی بروک شتێکی خۆڕسک و لەخۆوە دروستبوو نییە، شتێک نییە کە بروک خۆی لە خاڵی سفرەوە دەستی پێ کردبێت، بەڵکو شانۆی بروک بە شێوەیەکی پتەو لەسەر ئەزموونی شانۆکارانی هەزارەی ڕابردوو بنیاد نراوە: ستانیسلاڤسکی، مایرهۆڵد، گۆردن گریک، ئارتۆ و برێشت سەرچاوەیەکی بە پێزی فیکری و ئێستاتیکیی ئەم هونەرمەندەن.

بروک بە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی کولتووری شانۆی ڕۆژئاوا دەروازەیەک بەڕووی کولتوور و شانۆی ڕۆژهەڵاتیشدا دەکاتەوە، جۆرێک لە هەمە کولتوورییەک دروست دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ نێو شانە قووڵەکانی کولتوورەکانی تری دونیا.

بروک لە ڕێگەی داماڵینی توێژاڵە کولتوورییەکانەوە، کە کار دەکەنە سەر تواناکانی ئەکتەر، بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێت تا بە شێوەیەکی فراوان ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆیی لە نێوان تێکست، کەسایەتی، ڕۆڵەکان، ئەکتەر و بینەراندا بدۆزێتەوە. مەسەلەکان لەلای بروک ئەوەن، چۆن بتوانرێت بە شێوەیەکی شانۆیی و لەکاتی ڕواوڕووبوونی بارودۆخە چڕ و پڕ لە تەنگەژە و تایبەتمەندەکاندا، ئەو ڕێگەیانە کە دەرگایەک بە ڕووی مرۆڤدا دەکەنەوە، بدۆزرێنەوە و شیبکرێنەوە. کارەکتەری هاملێت چۆن چارەسەری خەم و پەژارەکانی بکات، چۆن ڕووبەڕووی دەسەڵات ببێتەوە و لە خۆشەویستی بگات؟ لە چ بارودۆخێکدا مرۆڤ ناچارە شەڕ بکات، بۆ ئەوەی دەستی بە ئاشتیدا بگات؟

لەم ڕووەوە بروک چەندین جار ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە شێوازی جیاواز و شانۆنامەی هەمەچەشن تەنها دەرگای جۆراوجۆرن، بۆ چوونە ژوورەوەی قووڵاییەکانی دەروون و ناوەوەی مرۆڤ.

بروک لە کارەکانیدا هەوڵی داوە، یان بنەمایەکی سەرەکی لە دیدی پرۆژە کردەییەکانی ئەم ڕیژیسۆرەدا، ئەوەیە کە هاوسەنگییەک لە نێوان وزە و هێزە دژەکاندا دروست بکات و لە یەک ئۆرگانی بەهێزدا کۆیان بکاتەوە. کاتێک لەگەڵ ئەکتەرە ئەفەریقی، ژاپۆنی، ڕۆژهەڵاتی، فەڕەنسی یان ئینگلیزەکانیدا کار دەکات، ئەتمۆسفێر و زەمینەیەکی وەها دەخوڵقێنێت، کە بتوانێت بنەما کولتوورییەکانی ئەم ئەکتەرانە لە بارودۆخێکی زیندووی پڕ لە دینامیکیدا کۆبکاتەوە. سوود لە جیاوازییەکانیان، لە زمانەکانیان، لە دابونەریتە ئاماژەئاساکانیان وەردەگرێت، بە

شێوەیەک لە هەمان کاتدا پابەندبن بە کولتوورەکانی خۆیان و هاوئاهەنگییەکی پتەویش کۆیان بکاتەوە: لە لایەکەوە سنوور و جیاوازییەکان ناهێڵێت، لە لایەکی تریشەوە دووپاتیان دەکاتەوە و کاریان لەسەر دەکات.

دە ساڵ لەمەوبەر کتێبی (پیتەر بروک لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا)م بڵاوکردووەتەوە، لەم دە ساڵەدا شتگەلێکی ئێجگار زۆر لە بواری شانۆدا، لە ڕەوتی شانۆی برۆکدا و لە تێگەیشتنی منیشدا ڕوویان داوە و بە پێویستم زانی جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ سەر پرۆژە و کارەکانی بروک.

ئەم کتێبەی بەر دەستتان دەرگا کردنەوەیەکی نوێیە بە دونیای بروک و بە نێو کتێبەکەی خۆیشمدا: بەشەکانی لە ستراکتورێکی نوێدا ڕێکخراونەتەوە، چەندین بەشی تری بۆ زیادکراوە، لە باسکردنی نەمایشەکاندا زیاتر قووڵ بوومەتەوە و زمانێکی ساکار و پاراوترم بەکارهێناوە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی بەرفراوانی خۆم و بە بەردەوامی بینینی کار و پرۆژە نوێیەکانی بروک و شوێنپێهەڵگرتنیان. وەکو مێتودیش کتێبەکەی بروک (پانتایی بۆش)م بەکارهێناوە و لەسەر تێزەکانی ئەم کتێبەوە کارم کردووە و هەوڵم داوە لە هەموو بەشەکاندا، لێکۆڵینەوەکەم ببەستمەوە بە بیر و چەمکەکانی پانتاییە بۆشەکەی بروکەوە.


قسەکردن لەسە بروک تەنها قسەکردن نییە لەسەر شانۆ و مێژووی شانۆ، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کولتووری جیاواز و گەڕانێکی بەردەوام بە دوای شانە گرینگ و نهێنییە قووڵەکانی مرۆڤدا.

ئەم کتێبە نوێیەش لە پاڵ هەنگاوەکانی بروکدا، هەنگاوێکی بچووکە بۆ خوێندنەوەی ئەو گەڕانە نهێنیئامێزە، بۆ وەڵامدانەوەی هەندێک لە پرسیارەکان، بۆ شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی نەمایشە بچووک و گەردوونییەکان، بۆ دیالۆگێکی دەوڵەمەند و هاوسەنگ لەگەڵ بروکدا.

**دانا ڕەئووف**
**٢٠١١/٧/١٧**
**کەڤاڵە/ گرێکلاند**

# بەشی یەکەم

## پیتەر بروک کێیە؟



# بیۆگرافیا

پیتەر بروک یەکێکە لە شانۆکارە بلیمەت و هەڵکەوتووەکانی ئەم سەدەیە. ئەم هونەرمەندە ساڵی ١٩٢٥ لە لەندەن و لە خێزانێکی بە نەژاد ڕووسی لەدایکبوووە. لە بوارەکانی شانۆ، لێکۆڵینەوەی شانۆیی، ئۆپێرا و سینەمادا کار دەکات و وەک ڕیژیسۆر لە زۆربەی شانۆ گرینگەکانی لەندەن، پاریس و نیویۆرک کاری کردووە.

بروک لە کۆلێژی Magdalen لە ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی، هەروەها بە بچووکترین قوتابی دادەنرێت، کە تاکو ئێستا لەو کۆلیژەدا بڕوانامەی لە ئەدەبی (بەراوردکاری)دا بە دەست هێنابێت. هەر لەم کۆلیژەدا یەکەم هەوڵە شانۆییەکانی خۆی بە شانۆنامەی (دکتۆر فاوست)ی نووسەری ئینگلیزی (کریستۆفەر مارلۆ ١٥٦٤_١٥٩٣) دەست پێ دەکات.<١> لەم ساڵەشدا یەکەم هەوڵەکانی خۆی لەگەڵ سینەمادا بە فیلمی "گەشت" Journey دەخاتە گەڕ. سیناریۆی ئەم فیلمەی لە گەشتنامەیەکی لۆرانس سێرنێس_ەوە ئامادە دەکات.

بروک لە ساڵی ١٩٤٨دا دەبێتە بەرپرسیاری ئۆپێرای Royal Opera Convent، بەڵام دوای دوو ساڵ لەو دەزگا هونەرییە دەکشێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٢ەوە تا ساڵی ١٩٧١ دەبێت بە یەکێک

له بەرپرسانی ڕاستەوخۆ و ڕیژیسۆرەکانی شانۆی شاهانەی شەکسپیر لە ستراتفۆرد.<٢>

لە ئینگلستان لە ڕوانگەی خوڵقاندن و خوێندنەوە جیاواز و دیدە نوێیەکانییەوە بۆ شاکارەکانی شەکسپیر ناوبانگ دەردەکات. بروک لە چوارچێوەی خوێندنەوەکانیدا بۆ شانۆنامەکانی شەکسپیر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگری پۆڵۆنی (یان کۆت) و کتێبە گرینگەکەیەوە (شەکسپیر هاوچەرخمانە).<٣> لە هەمان کاتدا دراماتۆرگی و سترکتوری شانۆنامەکانی (سامۆیل بێکێت) ١٩٠٦-١٩٨٩ ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرجەستەکردنی دیدێکی مرۆیی و خوڵقاندنی تەکنیکێکی جیاواز، لە پرۆژە و ئەزموونە شەکسپیرییەکانیدا گێڕاوە.<٤>

شانۆی شاهانەی شەکسپیر هەموو خەون و خولیا هونەرییەکانی بروک ناهێننە دی، بۆیە ساڵی ١٩٧٣ بە تەواوەتی واز لەو دەزگا تەقلیدییە مەزنەی شانۆی ئینگلیزی دەهێنێت و دەچێتە پاریس و لەوێ بە تەواوەتی جێگیر دەبێت.<٥>

بروک تەنها نابێتە ڕیژیسۆرێکی تایبەتمەندی شانۆنامەکانی شەکسپیر، بەڵکو لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا، زیاتر لە شەست شانۆنامەی نوێی نووسەرەکانی سەدەی بیستەم و شانۆی هاوچەرخی جیهانی، لەوانە ئەندریا ڕۆسین، ژان پۆل سارتەر، فردیش دۆریمان، ژان ئانوی، پیتەر ڤایس، ئارتۆر میللەر، هێنریک ئیبسن، ئەنتوان چێخەف، بێرنارد شۆ، ژان ژینییە، سامۆیل بێکێت ... هتد پێشکەش دەکات. لە فەڕەنساش کاتێکی زۆر بۆ لێکۆڵینەوەی هونەری نواندن و ئەکتەر لە شانۆدا تەرخان دەکات، لە هەمان کاتدا گرینگییەکی زۆریش دەدات بە لێکۆڵینەوە و

بەرجەستەکردنی داستان و میتۆلۆژیاکانی ڕۆژهەڵات. یەکێک لە هەنگاوەکانی تری ئەم ڕیژیسۆرە دۆزینەوە و نەمایشکردنی هەندێک لەو شانۆنامانەی شەکسپیر بووە، کە لەوەوبەر لە بواری شانۆدا بەها و گرینگیی خۆیان نەبووە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو شانۆنامانە بە تەواوەتی لە فەرهەنگی ئەدەب و شانۆی جیهانیدا بیرچووبوونەوە، بۆ نموونە شانۆنامەی (تیتوس ئەندرۆنیکۆس).<٦> ئەم شانۆنامە فەرامۆشکراوەی شەکسپیر، لەسەر دەستی ئەم هونەرمەندەدا دەبێتە کەرەسە و کیشوەرێکی تازە دۆزراوە بۆ ڕەوتی شانۆی ئینگلیزی و شانۆی جیهانییش، شانۆنامەی (تیتوس ئەندرۆنیکۆس) لە دوای نەمایشەکەی بروکەوە دەبێتە یەکێک لە شاکارە ناسراوەکانی شەکسپیر.

سالی ١٩٦٢ بروک سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە ناو دنیای شەکسپیر و شانۆنامەی شالیر نەمایش دەکات. ئەم شانۆنامەیە لە ساڵانی شەستەکاندا دەبێتە دەستپێکی گرینگ و کاری هزریی پرۆژە ئەزموونگەرییەکانی بروک. هەر لەم قۆناغەدا دید و بیرۆکەکانی "پانتاییەکی بۆش"ی لەلا دروست دەبێت. پانتاییەکی بۆش The Empty Space دەبێتە ناونیشانی یەکەمین کتێبی و لە ساڵی ١٩٦٨دا بڵاودەبێتەوە. لەم کتێبەدا قسە لەسەر ئێستاتیکا و بابەتەکانی شانۆ و کەرەستەکانی دەکات، شانۆ و پەیوەندییەکانی بە شانۆی کلاسیکی و مۆدێرنەوە، هەروەها بە بینەران و کۆمەڵگەوە شی دەکاتەوە. دیدی خۆی بۆ شانۆ ڕوون دەکاتەوە و پێناسەیەکی تر بۆ شانۆ و پێگە و ڕۆڵی شانۆ دەخاتە ڕوو.

بروک ساڵی ١٩٦٤ یەکەم گروپی ئەزموونگەری بە ناوی (شانۆی توندوتیژی) بۆ شانۆی پادشایەتیی شەکسپیر لە لەندەن

دادەمەزرێنێت، لەگەڵ ئەم گروپە یەکەم هەوڵە ئەزموونگەرییەکانی سەبارەت بە جووڵەی جەستە، ئاماژە، دەنگ و شانۆیەکی فیزیکی دەست پێ دەکات.

لە ساڵی ١٩٦٨دا ئەو پرۆژەیە ڕێگە خۆش دەکات بۆ کردنەوەی لابورێکی نێونەتەوەیی لە پاریس، ئەو لابورە دواجار دەبێتە بنەما و هۆکاری دامەزراندنی ناوەندێکی نێونەتەوەیی شانۆیی لە پاریس، هەروەها ئەو ناوەندە دەبێتە مەڵبەند و وێستگەیەکی گرینگی لێکۆڵینەوەی شانۆیی و هونەری نواندن و کۆمەڵێ ئەکتەر و گۆرانیبێژ لە هەموو دونیاوە لە خۆی کۆدەکاتەوە.

بروک بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ئەو شێوازە ڕیالیزمییە تەقلیدییەی شانۆی ئینگلیزیی دەکرد، کە ئومێدی هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا بەدی ناکرێت. لەم ڕووەوە و لە ساڵی ١٩٦٠دا لە نامەیەکدا هەڵوێستی بەرهەڵستکاریی خۆی بۆ شانۆی ئینگلیزی دەردەبڕێت. لەو نامەیەدا کە ئاراستەی شانۆکارانی لەندەنی دەکات، ڕەخنەیەکی توندیان لێ دەگرێت و بەوە تاوانباریان دەکات، کە لە ئەبستراکت و وێنە شانۆییەکان دەترسن (بۆچی لە بواری وێنەکێشاندا هەموو شتێک ئاساییە و ستایشی پیکاسۆ دەکەن، بەڵام لە شانۆدا وا نییە؟ ژیانی مرۆڤ زۆر زیاتر ڕەنگدانەوەی شێوازە ئەبستراکتەکان لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە ترس، تەنیایی، توندوتیژی و شپرزەیی. ئەوە ئەو واقیعەیە کە شانۆ دەبێت گوزارشتی بۆ بدۆزێتەوە تا بتوانێت بەرجەستەی بکات.) بەڵام لە وڵاتێکی وەک فەڕەنسا هەر خێرا ئەو ئامێزەی بۆ دەکرێتەوە.

بروک له ساڵی ۱۹۷۰دا به یەکجاری لەندەن بەجێ دەهێڵێت و دەگوێزێتەوە بۆ پاریس. ساڵی ۱۹۷۹، له نووسینی شاعیری ئینگلیزی تێد هیوز Ted Hughes نەمایشی (ئۆگاست) پێشکەش دەکات. ئەم شاعیره به هاوکاری و پشتبەستن به بنەماکانی دیدی هونەری و فیکری بروکەوە، کۆمەڵێ تێکستی کۆن به هۆی زمانێکی مەجازی و جیهانی تازه داهێنراوی خۆیانەوە، به گەڕانەوە بۆ شانۆی گریکی و بەکارهێنانی زمانێکی لاتینی و ڕیتواڵی دینی و ئاماژه و دەنگەکانەوە، شانۆنامەیەکی نوێ دەخوڵقێنن. جێگەی ئاماژه پێکردنه، که کتێبی (ئاڤێستا)ی زەردەشت یەکێک بووه له چاوگه گرینگەکانی کاری ئەو پرۆژه تایبەتییه.

ئۆگاست بۆ یەکەمین جار له فێستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی شانۆدا له ئێران، له بەردەم گۆڕستانی پادشا دێرینەکاندا نەمایش دەکرێت و سەرکەوتنێکی گەوره بەدەست دەهێنێت.

بروک لەگەڵ گروپەکەیدا گەشتێکی هونەری بەناو کۆمەڵێک شار و گونده دوورەدەستەکانی ئەفەریقا، دواتریش ویلایەته یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەکات، تا لەو (ئەگەر)انه بکۆڵێتەوە، که له ئاستی پەیوەندیکردندا، دوورن له شێوەی گوزەران و بیرکردنەوه و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی، یان دابونەریتی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاواوه.

بروک ساڵی ۱۹۷٤ ناوەندێکی شانۆیی بۆ داهێنان له شانۆیەکی کۆنی سووتاوی بەجێهێڵراودا دادەمەزرێنێت. ئەم هونەرمەنده لەم شانۆیەدا، یەک له دوای یەک، ئەزموون و نەمایشه گرینگەکانی پێشکەش دەکات، بۆ نموونە: تراجیدیای کارمن، مەهابەهارتا، کێ لەوێیه؟ باخی گێلاسەکە، کۆستیم،

هاملێت، دۆن جیۆڤانی، خۆشەویستی گوناهی منە و چەندین بەرهەمی تر، کە دواتر لەم کتێبەدا دەگەڕێینەوە سەریان و لە هەندێکیان دەدوێین.

بروک لە بواری سینەمادا، زیاتر فیلمەکانی لە شاکارە ئەدەبییە گەورەکان و هەندێک جار لە نەمایشە شانۆییەکانی خۆیەوە ئامادە دەکات، لەوانە میری مێشەکان لە نووسینی (ویلیام گۆڵدین)، شالیری شەکسپیر، مارا-سادی (پێتەر ڤایس)، ئۆپێرای کارمنی (بیزێت) و داستانی مەهابەهارتا. شێوازی فیلمەکانیشی زیاتر لە تەوژمە نوێکانی سینەمای فەڕەنسییەوە نزیکن و فۆرمێکی هونەری و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

بروک جگە لە کتێبی (پانتایی بۆش)، چەند کتێبێکی گرینگی تریشی نووسیوە، لەوانە The Shifting point, The Devil is Boredom "خاڵی وەرچەرخان". بروک لەم کتێبانەیدا بە شێوازێکی پێداگۆگی و بە زمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ، ئەزموون و دید و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە هونەری شانۆ و هەوڵەکانی لە بواری شانۆ و ئۆپێرا و سینەمادا دەخاتە ڕوو، ئەمە جگە لەوەی ئەزموونی چەند ساڵەی خۆیشی، وەک هونەرمەندێک دەخاتە ژێر تیشکی سەرنج و ڕاڤەکردنەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١ کریستۆفەر مارلۆ Christopher Marlowe شانۆنامەنووسێکی ئینگلیزییە و لە سەدەکانی پازدەدا ژیاوە. دەقە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە لە مێژووی شانۆی جیهانیدا بەهایەکی گرینگیان هەیە و بە ڕەنگێکی بەهێز و توخمێکی پتەوی شانۆی ئێلیزابیسی دادەنرێن. دەقەکانی مارلۆ، وزە و توانایەکی ئەفسووناویی ڕووداو، کارەکتەر و پێودانگە درامییەکەی بەرجەستە دەکات. زۆربەی مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوانی بواری شانۆ و ئەدەبی جیهانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە مارلۆ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر شەکسپیرەوە هەبووە و بووەتە ڕێگەخۆشکەرێک بۆ دەرکەوتنی بلیمەتێکی وەک شەکسپیر.

گرینگترین شانۆنامەکانی کریستۆفەر مارلۆ بریتین لە: تراجیدیای دکتۆر فاوست. چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٦٠٤دا بڵاوکراوەتەوە، یەهودی ماڵتا یان جوولەکەی ماڵتا، ئەم دەقەشیان لە ساڵی ١٦٣٣دا بە چەندین ساڵ دوای مردنی خۆی بڵاوکراوەتەوە.

٢. شانۆی شاهانەی شەکسپیر، گروپێکی نەتەوایەتیی ئینگلیزییە، ساڵی ١٩٦١ دامەزراوە. ئەم دەزگا فەرمییە گەورەیە، شانۆکانی لە ستراتفۆرد و لەندەن-ە، جگە لە شاکارەکانی شەکسپیر، شانۆنامەی نووسەرانی تریش پێشکەش دەکات.

٣. کتێبی (شەکسپیر هاوچەرخمانە) وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، لەوانەش زمانی کوردی. مامۆستا کەمال غەمبار لە ساڵی ١٩٨٦دا ئەم کتێبە دەگمەنەی لە زمانی عەرەبییەوە کردووە بە کوردی و دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بڵاوی کردووەتەوە.

٤. سامۆێل بێکێت نووسەرێکی فەڕەنسی بە نەژاد ئێرلەندییە، بە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی بەرهەمی نووسیوە. یەکێکە لە گرنگترین نووسەرەکانی شانۆی ئەبسورد و پوچگەرایی و نووسەرە گەورەکانی سەدەی ڕابردوو. بێکێت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە هەیە. گرنگترین شانۆنامەکانیشی بریتین لە: بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە ١٩٥٢، کۆتایی گەمە ١٩٥٧، ڕۆژێکی بەختیار ١٩٦١، من نا ١٩٧٣، هەروەها بێکێت جگە لە شانۆنامە، چەند ڕۆمانێکیشی نووسیوە. ئەم نووسەرە ساڵی ١٩٦٩ خەڵاتی (نۆبڵ)ی ئەدەبیاتی پێ دەبەخشرێت، بەڵام ئامادە نابێت بچێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە.


٥. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە مامۆستا ڕۆحییەکەی بروک G I Gurdjieff لە ساڵی ١٩٧٠دا لە لەندەن دەمرێت، ئەو مامۆستایەی کە بروک هزر و هێز و وزە بەردەوامەکەی خۆی لێوە وەرگرتووە، بۆیە لەندەن بەجێ دەهێڵێت. بەڵام هۆکارە ڕاستەقینەکان ئەوە بووە، کە شانۆی شاهانەی شەکسپیر هەموو پێداویستییەکانیان بەو شێوەیەی کە ئەو ویستوویەتی، بە تایبەتی لە ڕووی ماددییەوە بۆ دابین نەکردووە.

بروک هەمیشە ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەم شانۆ گەورەیە هەرگیز ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە هاریکاری و پەروەردەی وزەی (تاکەکان) بکات و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات، هەموو شتێک لەنێو پرۆژە و ڕێپورتوارە گەورەکاندا تواونەتەوە و بزر بوون.

٦ شانۆنامەی (تیتوس ئەندرۆنیکۆس) لە ساڵی ١٩٥٥دا تەنها سەرکەوتنێکی هونەری نابێت بۆ بروک وەک ڕیژیسۆر، بەڵکو ئەو نەمایشە بۆ ئەکتەری بەناوبانگ (لۆرانس ئۆلیڤەر)یش دەبێتە قۆناغێکی گرینگ و سەرەتایەکی پتەوی کارەکتەرەکانی شەکسپیر لە ڕەوتە هونەرییەکەیدا.

## بەشی دووەم

# دەروازەیەک بۆ ڕەوتی شانۆی پیتەر بروک



شانۆی بۆف دی نورد -پاریس

## پێناسە

بروک بەردەوامییەکە بۆ تازەبوونەوە و نەمریی شانۆ، بۆ تیۆرەکردن و پانتاییەکی نوێ و مۆدێرنی شانۆیی. بروک لە خودی پرۆسەی کاری شانۆیی دەکۆڵێتەوە، دەیەوێت زمانێکی نێونەتەوەیی، گەردوونی و مرۆیی بۆ شانۆ دەستەبەر بکات، بەشێوەیەک لەلای هەموو مرۆڤێک —لە هەر شوێنێکی جیهاندا نەمایش بکرێت— بە بێ گرفتی زمان، ئاشکرا و ئاسان بێت. لەم ڕووەوە هەوڵەکانیش بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی کارتێکردن، نزیکبوونەوەیە لە خودی مرۆڤەوە، لە بینەرانەوە، بە بەکارهێنانی کەمترین ئامراز و بە شێوەیەکی ساکار. لەم دەروازەیەوە بروک بەم شێوەیە ئاماژە بۆ قۆناغەکانی پرۆسەی بەرجەستەکردنی کارەکانی دەکات: (لەلای من پرۆسەی کارکردن بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت، یەکەمیان خۆئامادەکردنە، دووەمیشیان لەدایک بوونە. ئەوەی گرینگە دەبێت خۆئامادەکردنەکە مانای لێکۆڵینەوەیەکی هۆشیارانە، ورد و ڕاستەوخۆ بگرێتەوە، بۆ هەموو کۆسپ و گیروگرفتێک ڕێگەچارەی ئاسان و ئاشکرا بدۆزرێتەوە.)<١>

بیر و دیدی ئەم هونەرمەندە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکی سەدەیەکی نوێ، سەدەی جەنگ و گۆڕانکارییە گرینگەکانی ئەورووپا و جیهان و گلۆبالیزم. پرۆژەکانیشی بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستن بەم سەردەمەوە و گوزارشت لە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەکەن. ئەو گۆڕانکارییانەی بروک لە شانۆدا بەدیی هێناون گەلێک گەورەن، لەبەر ئەوە ناوی بروک هاوکێشەیەکی گرینگ لە سەراپای پرۆسێسی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا پێک دەهێنێت.

کاریگەریی پرۆژە و ئەزموونەکانی ئەم هونەرمەندە، تەنها بەسەر شانۆی ئەورووپای ڕۆژئاواوە نییە، بەڵکو بەشێکی گەورەی شانۆی جیهانی لەو کاریگەرییە بەهێز و ڕاستەوخۆیە بێبەش نەبوون. گرینگی کاریگەریی ئەزموونەکانی ئەم کەڵە ڕیژیسۆرە لەوەدایە، کە هەموو پرۆژەیەکی شانۆیەکی نوێیە: ڕەتکردنەوە، داڕمان و سەرلەنوێ بنیادنانێکی تر و جیاواز، بە تایبەتی لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەم شێوەیە کاری کردووە. تەنانەت ئەمڕۆش کە بە ئاراستەیەکی تر کاردەکات. ئەو پانتاییانەی بروک هیچ ساتێکی دیاریکراو و ڕێسایەکی تایبەت لەخۆ ناگرێت و هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە. لەو پرۆژانەدا تەنها مرۆڤ مەبەستە و هونەریش یاسا و ڕێبازە، هیچ یاسا و چوارچێوەیەک سنوورەکانی شانۆ لەخۆ ناگرێت، هەموو پرۆژەیەک ڕێبازێکی تازەترە و دەبێتە میتۆدێکی گرینگی لێکۆڵینەوەی شانۆ.

زۆرجار نەمایشەکانی بروک وەک پرۆژەیەکی کراوە وان، ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی ساکار ڕووبەڕووبوونەوەکانی خۆیان لەگەڵ کەسایەتی و بارودۆخی ڕۆڵەکانیان دەخەنە ڕوو.

بروک نایەوێت ئەکتەرەکانی وەهمێکی وەها بۆ خۆیان دروست بکەن، کە گەیشتوونەتە بەرئەنجامە کۆتاییەکانی خۆئامادەکردنی ڕۆڵەکانیان، بەڵکو بەردەوام لە تاقیکردنەوەدان و بە تەکنیک و شێوازێکی گەمەئامێز هەموو ڕێگەکان بۆ قووڵبوونەوەی کەسایەتی و کارەکتەرەکانیان بەکاردەهێنن. بروک دەڵێت: (ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین "پەیوەندییەکی نوێی ئێلیزابیسی" دروست بکەین: شتە تایبەتییەکان بە گشتییەکانەوە ببەستینەوە، شتە نزیک و هاودەمەکان بە گەورە و بەربڵاو و فراوانەکانەوە، نهێنییەکان بە ئاشکراکانەوە، هەروەها سووک و بێنرخەکان بە بەها و ئەفسووناوییەکانەوە. لەبەرئەوە ئێمە دەمانەوێت جەماوەرێکی زۆر لەسەر شانۆ کۆبکەینەوە، هاوکات لەگەڵ جەماوەرێکی گەورەی بینەران. لەنێو ئەم شانۆ قەرەباڵغەشدا تاکەکان ڕاستییە تایبەت و نزیکەکانی خۆیان بۆ تاکەکانی تر لەنێو ئەو جەماوەرە گەورەیەی بینەراندا دەخەنە ڕوو. بەمەش پێکەوە زانیارییە گرینگەکانی ژیان لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕ پێ دەکەین و دەیگۆڕینەوە.)<٢>

بروک ئاماژە بۆ شانۆیەکی چاک بەوە دەکات، کە ئێستا لەم هەلومەرجە هەنوکەیەدا دەژی و هەوای ئەم ساتەوەختە هەڵدەمژێت، گرینگ نییە چ شانۆنامەیەک پێشکەش دەکەیت، کلاسیکی، یاخود نوێ، بەڵکو گرینگ ئەوەیە دڵی پرۆژەکە لەم ئان و ساتەدا، لە جەستەی ئەمڕۆدا لێبدات و بژی. بروک لە کتێبی Threads of timeدا دەڵێت: (هەموو فۆرمێک مانای خۆی لەدەست دەدات ئەگەر پریشکێک لە ژیانی ڕاستەقینە لەخۆ نەگرێت. پێویستە نەمایشەکە لەم ساتەوەختەدا، لەم چاوتروکانەی ئێستادا بژی.)

شانۆنامەیەکی باش کە لەم چاوتروکانەدا، لەم ساتە و بەو شێوەیەی بروک باسی دەکات، هێز و وزەیەکی گەورە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەتین لەگەڵ بینەران دروست دەکات. ئەم هێز و وزەیە سەرەتایەکی گرینگە بۆ بەستنەوەی شانۆ بە ژیانەوە، بە بینەرانەوە و بە ساتە هەنووکەیی و لە هەمان کاتدا بە شانۆیەکەوە، کە بنەمایەکی جەماوەری و میللی لەخۆ دەگرێت. (پەیوەندی لە شانۆدا، لە نێوان ڕستەیەک و ڕستەیەکی تردا پەیوەندییەکی ئاسایی و سروشتی بەو چەشنەی لە ژیاندا هەیە، نییە، بەڵکو مەسەلەکە جۆرە پەیوەندییەکی نیمچە ئەرشیکتۆرییە لە نێوان هێزێک و هێزێکی تردا. هەر لێرەشەوە دەگەڕێنەوە بۆ خاڵی سەرەتا و دەست پێ کردن. لەبەرئەوەی ئەم جۆرە جیاوازییە لە نێوان شانۆ و ناشانۆدا، لە نێوان هەموو ڕۆژەکان و ژیاندا، لە نێو پانتایی شانۆدا هەبێت، دەبێت ئەم پاڵەپەستۆیە لە نێو پانتایی و لەناو زەمەندا پابەند بێت بە سەرچاوەکانی وزەوە. تەنها وزەیە کە ئەو پەیوەندییە زۆر بەهێزە لەگەڵ بینەراندا دەخوڵقێنێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە مۆسیقا بە شێوەیەکی ئاسایی بوونی هەیە، لە هەموو شێوازەکانی شانۆی میللیدا و لە هەموو شانۆکانی گوند و هەرێمە دوورەکاندا.)<٣>

تەنها لەو کاتانەدا شانۆ بوونی هەیە، کە دوو جیهان بە یەکتری دەگەن "جیهانی ئەکتەر و جیهانی بینەران، بەمەش کۆمەڵگەیەکی بچووک دروست دەبێت." شانۆ دەتوانێت لە چرکەساتێکدا حەقیقەتی بوون بەرجەستە بکات. (لە ماوەی دوو کاژێر، یان کەمتردا دەکرێت هەوای جیهانێکی پاک هەڵمژین و لە گەورەیی گەردوون بگەین.)<٤>

فەرشێک، هەندێک جار پارچە قوماشێکی ئاوریشم، دارێک، یاخود عاموودێک. ئەمانە ئەو شتە زۆر ساکارانەن، بەڵام کەرەستەی ڕاستەوخۆن، کە بروک بۆ دروستکردن و خوڵقاندنی ژوورە ئەفسووناوییەکانی بەکاریان دەهێنێت، لەو ژوورانەدا ئەکتەرەکانی، کەسایەتییەکان، ڕاستەوخۆ چیرۆکەکانیان بۆ بینەران دەگێڕنەوە.

بروک لە ماوەی شەست ساڵی کار و پرۆژەی بەردەوامدا، تەکنیکێکی تایبەت بە خۆی داهێناوە،ستروکتوری ئەو تەکنیکەش لەسەر بنەماکانی شانۆیەکی ڕامیاری، کە سەرچاوەکانی لە برێشت، هەروەها ستانیسلاڤسکی، ئارتۆ و گرۆتۆڤسکی-یەوە وەرگرتووە و بنەما ئێستاتیکییەکانی بنیادنراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا سەرچاوەکانی شانۆی ڕۆژهەڵات و شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان، سەرچاوەیەکی بە بەهای دید و تەکنیکی شانۆی بروک بووە. لەم شانۆیەدا ئەکتەرێک لەسەر فەرشێکی کۆنی تەڵخ و ماندوو، وێنەکانمان بۆ دەخوڵقێنێت، نەک تەنیا وێنەکان، بگرە بۆنوبەرامە، ئەتمۆسفێر و دەنگە جیاوازەکانیش، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر نەستی بە کۆمەڵمان.

ئەمڕۆ بروک دوای گەشتێکی زیاتر لە شەست ساڵی لە فۆرم و شێوازێکی سادەدا کار دەکات و گەیشتووەتە جۆرە چڕیەک لە مینمالیزم و لەسەر شانۆیەکی بچووک و ڕاستەوخۆ پرۆژەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت. ساکاریی فۆرم و شێوازەکانی کارکردن قوڵبوونەوە و تێگەیشتنێکی بەرزە لە ژیان، لە شانۆ، لە دەوروبەر و لە کۆمەڵگە و گەردوون. زەمەنیش لەم فۆرم و شێوازە ساکارەدا دەبێتە خاڵێکی گرینگ بۆ ڕاڤەکردن و بەرجەستەبوون، زەمەن

تەنها وێنەی زەمەنە تەقلیدییەکەی ژیانی ڕۆژانە و سوڕی شەو و ڕۆژ نییە، بەڵکو زەمەن لەلای بروک زەمەنی هزرە، زەمەنی ئامادەبوونێکی ڕەهایە، زەمەنێکی چڕە لە دید و ڕامان، زەمەنی گێڕانەوەی چیرۆکەکان و لەدایک بوونی ڕووداوی شانۆیی و خوڵقاندنی فۆرم و شێوەیە، زەمەنی خوڵقاندنی دوو توخمە گرینگەکەی بونیادی نەمایشە: ڕووداوە شانۆییەکان و فۆرم و شێوە.

پێکداچوونێکی هارمۆنی و پێگەیشتنێکی تەواوەتی ئەم دوو توخمە لەگەڵ یەکتری، دەبنە هۆی بەرجەستەکردنی یەکەی توخمە هونەری و فۆرمە شێوازئامێزەکان، کە هزر و بیرۆکە شانۆییەکانی لەخۆگرتووە. ئەمەش خاڵێکی گرینگە لەلای پیتەر بروک (دەتوانم لە ماوەی چەند کاژێرێکی کەمدا هەموو ئەو شتانەی فێری بووم سەبارەت بە تەکنیک و ڕێبازەکانی شانۆ، فێری هەر کەسێکی بکەم، کە دەیەوێت، بەڵام ئەوانی تر پراکتیک و کاری کردەییە، ئەمەش بە تەنها ناکرێت.)<٥>

ئەم هونەرمەندە بەرلەوەی پێ بنێتە تەمەنی بیستساڵییەوە، هاتووەتە بواری شانۆوە، لەو تەمەنەدا ڕاستەوخۆ ڕوودەکاتە شانۆی شەکسپیر و هونەری ئۆپێرا. دەزگاکانی بەرهەمهێنانی نەمایش و هونەری ئۆپێرا دەبێتە جێگەی سەرنج و بیرکردنەوەی.

باری یاکسۆن، کە شانۆکار و بەرهەمهێنەرێکی گەورەی بواری شانۆی ئینگلیزییە، بروک بەو بوومەلەرزەیە بەراورد دەکات، کە شانۆی ئینگلیزی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە و دەڵێت: (بچووکترین بوومەلەرزەکان؛ کە من لە بواری شانۆدا بینیبێتم) ئەم هونەرمەندە تەمەنی تەنها بیست و هەشت ساڵ دەبێت، کە لە (وێست ئێند)

نەمایشەکانی پێشکەش دەکات و کار لە ئۆپێرا گەورەکاندا دەکات. بروک لە یاداشتەکانیدا بەم شێوەیە لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەدوێت: (ئەم دامودەزگا کۆن و سستانە دەبێت بە کۆمەڵێ ڕاچڵەکین وریا بکرێنەوە و فڕێ بدرێنە ئەم زەمەنەوە.)

بروک لەگەڵ شانۆدا دەژی، شانۆ خەون و فەلسەفە و دیدی ئەون بۆ ژیان، بۆ بوون و لە یەکتری گەیشتن؛ شانۆ دەبێت هەموو ساتێک نوێ بێت، بە چاوێکی ورد و دەروونێکی پڕ لە هەناسە و تەندروستەوە تەماشا بکرێت. بروک لە کتێبە گرینگەکەیدا (پانتایی بۆش) شانۆیەکی تەبا بە شێوازە تەقلیدی و سیما زەخرەفییەکانییەوە، ئەو شانۆیەی دەیەوێت تەنها بینەران بخاتە گریان، یان پێکەنین، بە شانۆیەکی مردوو ناودەبات. بروک هەر لەم کتێبەیدا شانۆ دابەش دەکات بەسەر چوار جۆری جیاوازدا: (مردوو، پیرۆز، زبر، ڕاستەوخۆ) و بە درێژی باسی ئەم چوار جۆرە، لە چوار بەشی سەربەخۆدا دەکات. ئەم هونەرمەندە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە هەندێک جار ڕێک دەکەوێت، لە یەک نەمایشدا ئەم چوار جۆرەی شانۆ کۆببنەوە.

یەکێک لە فەلسەفە گرینگە شانۆییەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە، کە هەمیشە شانۆ دەبەستێتەوە بە خودی ژیانەوە و لە ژیانەوە سەرچاوەکانی، وزە و دید و وێنەکانی دەخوڵقێنێت و هەر لە ژیانەوە فۆرمەکانی شانۆش دەدۆزێتەوە، لەم ڕووەوە و لە یەکێک لە سیمینارەکانیدا ئاماژە بۆ ئەم خاڵە دەکات، پێ دادەگرێت و لە چەمکەکانی شانۆ و ژیان دەدوێت: (شانۆ سەرەتا و لە پێش هەموو شتێکەوە مانای ژیانە. ئەمە سەرەتای خاڵە سەرەکی و پێویستەکانە و هیچ شتێکی تر ناتوانێت جێگەی

سەرنج و گرینگی پێدانمان بێت، گەر بەشێکی ڕاستەقینەی ژیان نەبێت، بە مانا گەورە و سەراپاگیرییەکەی ئەو وشەیە. شانۆ خۆی ژیانە، لە هەمان کاتدا ناتوانین بڵێین هیچ جیاوازییەک لە نێوان شانۆ و ژیاندا نییە.)<٦>

بروک هەر لە درێژەی ئەم باسە و زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی ژیان و شانۆ و قووڵبوونەوە بە بنەما کردەیی و ئێستاتیکییەکانی شانۆ و ژیانەوە دەڵێت: (ئێمە لە پێناوی ئەوەدا دەچین بۆ شانۆ تا سەرلەنوێ ژیان بدۆزینەوە، بەڵام ئەگەر جیاوازییەکان لە نێوان ژیان لە دەرەوە و لە ناوەوەی شانۆدا بزربوون، ئەوە چ مانایەک بۆ شانۆ دەمێنێتەوە؟ چ سوودێک لەو شانۆیە وەردەگرین؟ ئەگەر ئێمە بەوە قایل بین، کە ژیان لەناو شانۆدا زیاتر لەوەی کە لە دەرەوەی خۆیدا هەیە دەبینرێت و دەخوێنرێتەوە. لەو ساتەدا دەبینین یەک شتە و لە هەمان کاتدا جیاوازیشە. هەر لەم ڕووەوە دەتوانین چەندین شرۆڤەی بۆ بکەین، یەکەمیان ئەوەیە کە ژیان لەناو شانۆدا دەبێتە شتێکی بینراو و چڕکراوە و زیاتر بە دیقەت، لەبەرئەوەی کورتکردنەوەی پانتاییەکان، کۆکردنەوەی کات، جۆرێک لە چڕکردنەوە دەخوڵقێنێت.)<٧>

بروک دواتر لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا زیاتر دووپاتی ئەم مەسەلەیە دەکاتەوە، بە شێوەیەکی ساکار و لە هەمان کاتدا بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە دەڵێت: (هەرگیز شانۆ بۆ من ئامانج نەبووە، بەڵکو بەشێکە لە ژیان و ناکرێت لێی جیابکرێتەوە، هەروەها لەپێناوی فێربوونی چۆنیەتیی گوزەرانی ئەم ژیانە، تەنها یەک ئامانجی جیدی و دڵتەزێن هەیە کە بەلای خۆیدا


ڕامدەکێشێت، ئەویش ئەوەیە: هیچ بیروڕایەک دانەڕێژم ئەگەر لەسەر ئەزموونی ژیان سەرچاوەی وەرنەگرتبێت، هەمیشە خۆم ناچار دەکەم هەرگیز ناپاکی لەم بیرۆکەیە، لەم ئامانجە نەکەم.)<٨>

ئەوەی لە چاوتروکانێکدا گرینگ و زیندووە، ڕەنگە لە چاوتروکانێکی تردا مردوو بێت، هەروەک ئەوەی تۆ لە ماڵەوە چەندەها شتی کۆن و بێکەڵکت کۆکردوونەتەوە، ئەو شتانە بە لای تۆوە و لەو ساتانەدا بە بەها و گرینگن، بەڵام ئەوەش دەزانیت، کە ڕۆژێک دێت هەموو ئەو شتانە فڕێ بدەیتە دەرەوە. لەبەرئەوە دەبێت لە هەوڵێکی بەردەوامدا بیت بۆ ئەوەی ساتەکان، مەشق و هەناسەکانی نەمایشەکە، هەمیشە لە هەلومەرجە زیندووەکاندا بێت، بە بەردەوامی تازە ببێتەوەو بتوانێت لە چاوتروکانیدا ژیان بە کارەکە ببەخشێت.

بروک شانۆی لەناو خانووبەرەی شانۆ باو و تەقلیدییەکاندا گوێزاوەتەوە، بە بڕوای ئەو خانووبەرە و هۆڵی شانۆکان سیفاتە سەرەکی و گرینگەکانی هونەری شانۆیان لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو پانتایی شانۆکان بە شێواز و شێوەیەکی هەڵە و ناشانۆیی دابەشکراون، لەبەرئەوە پیتەر بروک هەر زوو شانۆ فەرمی و دامودەزگا گەورەکان بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە پانتاییە جیاوازەکان، بۆ نموونە: پارکەکان، شوێنی چۆڵ و بەجێهێڵراو، گۆڕەپانی سێرک، گەراج، سەرشەقامەکان، کارگەکان، نەخۆشخانە، گۆڕەپانە گشتییەکان، قوتابخانە و زۆر شوێنی تر. هەر لەم ڕێگەیەوە چەمک و بنەما تیۆری و کردەییەکانی سەبارەت بە

پانتاییە بۆشەکان، دوورکەوتنەوە لە دیکۆر و دووپاتکردنەوەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان؛ فراوان و قووڵ دەکاتەوە.

ئەم هونەرمەندە لە ئەنجامدا خانووبەرەیەکی سووتاو، کۆن و لەبیرکراوی وەک Bouffes du Nord لە پاریس، شانۆیەکی کۆنی سەدەی حەڤدەیەم دەکاتە مەڵبەندێ شانۆیەکی گرینگ بۆ لێکۆڵینەوە شانۆییەکانی.



بروک لەکاتی مەشقی یەکێک لە پرۆژەکانیدا

شانۆی (بۆڤ دی نور)

بروک لەم شانۆیەدا، شانۆی (بۆڤ دی نور) بەشێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی (تەیمونی ئەسینی، باو بۆران، باخی گێلاسەکە، کارمن، مەهابەهارتا، هاملێت) و دەیەها شانۆنامەی تری تێدا نەمایش کردووە. هەر لەم شانۆیەدا زیاتر قووڵ دەبێتەوە لە فەلسەفە ئیستاتیکییەکەی (پانتایی بۆش) و بەرەو پێشەوەی دەبات. بروک بەم شێوەیەی لای خوارەوە لە کتێبی (خاڵی گۆڕانکارییەکان)دا چیرۆکی دۆزینەوەی ئەم شانۆ گرینگە دەگێڕێتەوە: (سیساڵی گەشت و کاری ئەزموونگەری –بە هەموو ڕێگە گرانەکانییەوە– فێری ئەوەی کردبووین، کە لە مانای پانتاییەکی باش و خراپ بۆ شانۆ بگەین. ڕۆژێکیان (مێشلین ڕۆزان) پێی وتم: "لە پشت وێستگەی گاردی نوورەوە شانۆیەک هەیە و بە تەواوەتی لەبیر کراوە، بەڵام بیستوومە کە تاکو ئێستا ماوە، با بڕۆین تەماشای بکەین!....." خۆمان فڕێدایە ناو ماشێنەکەمانەوە، کە گەیشتینە ئەو شوێنەی دەبووایە شانۆکەی لێ بێت، هیچمان نەدۆزییەوە، تەنها قاوەخانەیەک و ئەمبارێک، هەروەها ڕووکارە پڕ لە پەنجەرە تایبەتییەکانی باڵەخانەکانی کۆمەڵگەیەکی پاریسی چاخی حەڤدەیەم دەبینرا. دەلاقەیەکی بچووکمان دۆزییەوە، لامان برد و چووینە کونێکەوە و لەوێشەوە بە تونێلێکی باریکدا ڕۆیشتین، تا لەپڕ شانۆی (بوڤ دی نور)مان دۆزییەوە: شانۆکە کەلاوەئاسا، سووتاو و کاریگەریی باران و ڕتووبەتیشی پێوەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەستێکی مرۆیی زیندوو و گەورە و قووڵیشی لەخۆ دەگرت، ڕەنگێکی سووری چڵکنی هەبوو. هەر لەوێدا دوو بڕیارمان دا: یەکەمیان ئەوە بوو کە شانۆکە چۆنە وەک خۆی بیهێڵینەوە، هیچ دەستکاریی

کاریگەرییەکانی ئەو سەد ساڵەی کە پێوەیەتی نەکەین و هەموو شتێک وەکو خۆی بمێنێتەوە، دووەمیشیان ئەوەبوو کە بە زووترین کات ژیانێکی تازەی پێ ببەخشین. بەڵام هەر زوو پێیان ڕاگەیاندین ئەو شتە زۆر زەحمەتە. بەرپرسیارەکانی وەزارەتیش دووپاتی ئەوەیان کردەوە، کە ئەم مەسەلەیە دوو ساڵ دەخایەنێت تا پارەی تەواو و بڕیاری بەرپرسان وەردەگرین. میشلین بەم قسانە ڕازی نەبوو، لەبەرئەوە ئێمە بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەمان دا.

هەر دوای شەش مانگ بە شانۆنامەی (تەیمونی ئەسینی) شانۆکەمان کردەوە. کورسییە لە دار دروستکراوە کۆنەکانی لۆژەکانمان وەکو خۆیان هێشتەوە، بەڵام بۆیاخێکی تازەیەنمان کردەوە. لە شەوی یەکەمی نەمایشەکەماندا، هەندێک لە بینەران جلەکانیان نووسا بە کورسییەکانەوە، ئێمەش ناچاربووین پارەی جلوبەرگی خانمە تووڕەکان ببژێرین، بە تایبەتی ئەو خانمانەی کە بەشێکی جلەکانیان بە تەواوەتی نووسابوو بە کورسییەکانەوە.

خۆشبەختانە نەمایشەکە بە چەپڵەڕێزانێکی مەزن پێشوازیی لێ کرا، ئەمەش بووە هۆی ڕووخانی بەشێک لە بنەماکانی شانۆکە، هەندێک بەشی گەورەی زەخرەفە لە گەچ دروستکراوەکانی ساپیتەکە و لە ئەنجامی زایەڵەی دەنگدانەوەی چەپڵەڕێزانەکەدا هاڕەی کردە خوارەوە، ئەوەندەی نەمابوو کەللەسەری بینەرەکانمان بشکێنێت. دوای چاککردنی ساپیتە و سەربانی خانووبەرەکە، شانۆکە بەها ئەکوستی و دەنگییە گەورە و تایبەتمەندەکانی خۆی پاراستووە. من و میشلین پێکەوە سیاسەتی شانۆکەمان داڕشت: دەبێت بۆ بینەران ساکار و کراوە و دڵگیر بێت، کورسییەکان ژمارە لەخۆ نەگرن، نرخی بلیتی

شوێنەکان چونیەک بێت، نرخی بلیتەکانیش نیوەقیمەت، یان کەمتر بێت لە شانۆ بۆلیفارییەکان. ئاواتمان ئەوەبوو شانۆکە پێشوازیی ئەو کەسانەش بکات، کە لە دەوروبەری شارەوە دێن، نرخی بلیتەکانیش نەبێتە بەربەستی نەهاتنی گروپی چوار و پێنج کەسی. نەمایشمان بە ڕۆژیش پێشکەش کرد -بینەرەکانیشمان هەمیشە باشترین و گەرموگوڕترین بینەر بوون- نرخی بلیتی ڕۆژانی شەممەمان زۆر هەرزان کرد. بەم شێوەیە بوارمان بۆ ئەو پیرانەش ڕەخساند، کە ناوێرن بە شەو بچنە دەرەوە، تا بە ڕۆژانی شەمموان سەردانی شانۆکەمان بکەن. بڕیاری ئەوەشمان دا کە هەر کاتێک بمانەوێت شانۆکەمان داخەین، هەروەها لە کاتی جەژن و بۆنە تایبەتییەکانیشدا بتوانین نەمایشەکانمان بۆ گەڕەکە دراوسێکانمان پێشکەش بکەین. ئێمە دەمانویست تاقیگەی شانۆییمان هەبێت، کاری منداڵان پێشکەش بکەین و بە نەمایشە ڕاگوزەرییەکانمان توانای گەشتی هونەریمان هەبێت. هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بوو، کە ئەم شانۆیە نەبێتە شانۆیەکی ڕێپورتوار، بەڵکو وەک مەڵبەندێکی شانۆیی بمێنێتەوە. بێگومان ئەمەش داراییەکی گەورەتری دەوێت لەوەی کە تەنها بەڕێوەبەرایەتی شانۆیەکی ئاسایی پێ بکەیت. لەگەڵ ئەو هەموو هاریکارییە ڕاستگۆیەی لە وەزیری نوێی کولتووریی فەڕەنساوە (میشیل گای) پێمان دەگەیشت، بەڵام یارمەتییەکانی دەوڵەتی فەڕەنسی بەشی نەدەکرد. خۆشبەختانە توانای هاوکارەکەم، میشلین بە بۆچوون و دیدە ورد و ئاشکراکانییەوە، توانیمان بەردەوام بین و توانای مانەوەمان بمێنێت.)<٩>

بروک بیرۆکەی ڕێپورتوار و شانۆیەکی نەتەوایەتی و زمانێکی بەرز و تاییەتمەندی ئەدەبی بە مانا تەباکەی تێکدەشکێنێت، لەلای ئەو شانۆ جێگەی بەرجەستەکردنی ڕووکاری ساکار و بەختیارییەکی درۆزنانە و نموونە کۆمەڵایەتییە بەرزەکانی کۆمەڵگە نییە. هەر لەو ڕوانگەیەوە هەموو هزر و دیدە تەباکانی کۆمەڵ و دامودەزگا هونەری و شانۆ فەرمییەکانی دەوڵەت؛ بە تەواوەتی وەلا دەنێت، لەبری ئەوە شانۆ دەبێتە پانتاییەکی بۆش، هەموو چرکەساتەکان، لێرە و لەوێ و لە هەموو جیهاندا لەخۆدەگرێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش هەر لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتاوە و لە شانۆی (بوڤ دی نور)دا ناوەندێکی گرینگی شانۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە، بەناوی (مەڵبەندی نێونەتەوەیی بۆ داهێنانی شانۆیی) لە پاریس دادەمەزرێنێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١. Brook, Peter, The Shifting Point, 40 years of theatrical -١ exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.7.

٢. هەمان سەرچاوە، ل٤٠

٣. الضجر هو الشيطان، اراء فى المسرح. تاليف، بيتر بروک، ترجمە و تقديم: د. محمد سيف. ل٣٢

٤. Skawonius, Betty, Det enkla ska borja ioverflod. Dagens Nyheter, 11 Sseptember, 2000.

٥. Brook, Peter, Den tomma spelplastden, oversattning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterlingproduktion, Stockholm, 1969, s99.

٦. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢)


٧. هەمان سەرچاوە.

٨. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٥)

٩. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) لاپەڕە ٩

## بەشی سێیەم

# هەموو ڕێگەکان دەچنەوە سەر شەکسپیر



خەونی شەوێکی چلەی هاوین ١٩٧٠

ڕیژی پیتەر بروک/ ستراتفۆرد

## پیتەر بروک و شەکسپیر

بروک پەیوەندییەکی تایبەتمەند و مامەڵەیەکی بەرفراوان و قووڵێ لەگەڵ شانۆنامەکانی شەکسپیر، تەکنیکی نووسینی و بنەماکانی شانۆی ئێلیزابیسی-دا هەیە. یەکەم هەوڵەکانی ئەم هونەرمەندە لەگەڵ شەکسپیردا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٥، کە بۆ یەکەمجار کار لەسەر یەکێک لە شانۆنامە شاهانەییەکانی شەکسپیر (شا یوهان)دا دەکات. دواتر لە ساڵی ١٩٤٦ و ١٩٤٧یشدا سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر شەکسپیر و بە چڕی کار لەسەر شانۆنامەکانی دەکات.

ئەم هونەرمەندە لە شەکسپیردا نهێنییەک دەدۆزێتەوە، کە دەرگاکانی تری بە ڕووی شانۆدا بۆ دەکاتەوە، دید و وێنەکان ئاشکراتر دەردەکەون و یارمەتیی دەدەن بۆ کردنەوەی کۆد و نهێنییەکانی تری شانۆ و شانۆنامەنووسەکانی تریش. بروک بونیادی دراماتۆرگی و پێودانگە دراميیەکان، وشە و دێڕ و ڕووداوەکان، کارەکتەر و ئەتمۆسفێر و بارودۆخە مرۆیی و شانۆییەکان، وەک گەردوونێکی بێسنوور، بێ مەودا لە شەکسپیردا

دەدۆزێتەوە، شەکسپیر دەکاتە بنەما و لێرەوە: لە شەکسپیرەوە هەوڵی دۆزینەوەی نهێنیی ناواخنی شانۆنامەکانی تریشی دەدات.

ئەوەی لەلای برێخت، یان بێکێت وەک دوو نووسەری گەورەی شانۆی هاوچەرخی جیهان، بەرجەستە کراوە، لەلای شەکسپیر هەیە و ئەوەی پێویستیشە بۆ مۆدێرنەکردنی دیدی شانۆ، بۆ دۆزینەوەی شانە قووڵەکانی پرۆسێس و هونەری نواندن و پەردە هەڵماڵین و ڕوونکردنەوەی ڕاڕەوە تاریکەکان، ئەوەیە کە ڕێگەیەک بدۆزینەوە تا بگەڕێنەوە بۆ لای شەکسپیر. بە بڕوای بروک هەموو وەڵامەکان، هەموو چارەسەرەکان، هەموو تەکنیک و هەموو بەرئەنجامەکانیش هەر لەلای شەکسپیرە. لەم ڕووەوە بروک دەڵێت: (شانۆی شەکسپیر ئیدیالێکە برێخت و بێکێت لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە هەردووکیان باشترە. ئەوەی ئێمە لە شانۆدا دوای برێخت پێویستمانە، ئەوەیە کە ڕێگەیەک بەرەو پێشەوە بدۆزینەوە، تا بتوانین بگەڕێینەوە بۆ شەکسپیر.)<١>

بروک لە دیدێکی جیاوازەوە پیەسەکانی شەکسپیر دەخوێنێتەوە، ئەو خوێندنەوەیەش دەبێتە دەروازە و دەستپێکی زۆر گرینگ بۆ ڕاڤەی شانۆییەکانی و جیهانەکەی شەکسپیر. ئەم هونەرمەندە یەکەم ڕیژیسۆرە، کە دووردەکەوێتەوە لەو دابونەریتە ڕۆمانسییە کۆنەی، کە بەها و چەمکە شیعرییەکانی شەکسپیری پێ ناسرابوو، بەمەش شەکسپیر لە مێژوویەکی کەڵەکەکراوی دووبارەبووەوە و شێوازێکی چەقبەستووی کارکردن و بەرجەستەکردنێکی کۆن ڕزگار دەکات.

بروک بە گەڕانەوە بۆ گەوهەرە بنەڕەتییەکانی توخم و سترکتورە شەکسپیرییەکان و جۆرە ئێلیزابیسییەتێک، شۆڕشێک

لە جیهانی شەکسپیردا بەرپا دەکات، سەرلەنوێ پانتاییە بۆشەکان، لە دیدێکی هاوچەرخ و فەلسەفەیەکی تری ئێستاتیکاوە دەدۆزێتەوە. هێزی شانۆی شەکسپیر لەلای بروک لەوەدایە؛ کە ڕووداوەکانی لە هیچ شوێنێکی دیاریکراودا ڕوونادەن، هەروەها شەکسپیر بۆ ڕووبەرێکی بێ کۆتا و لە چوارچێوەی زەمەنێکی نادیار دەنووسێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە شانۆی شەکسپیر هیچ چەقبەستن و چوارچێوەیەکی دیاریکراو و شوێنی ڕووداوەکان ناگرنەخۆ، هەر تەقەلایەکیش بدرێت، لە ڕووی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی؛ یاخود جوانکارییەوە بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەیەک بۆ شوێن و ڕووداوەکان، لە نرخ و بەهای دیدە ئێستاتیکییەکەی ئەو شانۆیە کەم دەکاتەوە. گرینگیی هەوڵەکانی بروک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شیکردنەوە و هەڵکۆڵینەی لە بونیادی پانتاییە بۆشەکانی شەکسپیردا کردوویەتی.

بروک دۆزینەوەی تەکنیکی شانۆنامەکانی شەکسپیر و گەڕان بەدوای گەوهەرە ڕاستەقینەکانی شانۆیەکی شەکسپیریدا دەگەڕێنێتەوە بۆ دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو. ئەم گەڕان و دۆزینەوانەش لە بەرئەنجامی چەندین گەشت و ئەزموون و تاقیکردنەوەی فۆرمەکانەوە بە دەستی هێناوە. (ئەو ئەزموونانەی لەم بوارەدا کردوومانە دەگەڕێنەوە بۆ دەیەی حەفتا، لەو کاتانەدا گەشتی زۆرمان دەکرد بۆ ئەفەریقا و شوێنەکانی تر، هەمیشەش فەرشێکی بچووکمان لەگەڵ خۆمان دەبرد؛ تا ئەو پانتاییەی کارمان لەسەر دەکرد دیاری بکەین. لە کاتی سەرقاڵبوونمان بەم هەوڵانەوە، توانیمان تەکنیکە ڕاستەقینەکەی شانۆی شەکسپیر بدۆزینەوە. ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە باشترین ڕێگە بۆ

شیکردنەوەی شەکسپیر، بۆ دید و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی شانۆی ئێلیزابیسی نییە، بەڵکو بەوپەڕی ساکارییەوە کاری ڕاگوزارییە لە چواردەور و سەر فەرشێکی بچووک. ئەوەمان بۆ ئاشکرابوو؛ کە چۆن دەکرێت سەرەتا دیمەنێک بە دانیشتنەوە دەست پێ بکەین و بە پێوە کۆتایی پێ بهێنین، سەرلەنوێ دابنیشینەوە و دوای دە ساڵ لە وڵاتێکی تر بین... ئێمە بە ساکارییەوە لە دیمەنێک لە دیمەنەکانی شەکسپیردا، دوو کەس بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە شوێنێکی داخراوەوە دەڕۆن، لە پڕ خۆیان لە دەرەوە دەبیننەوە، بە بێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک هەست بە پچڕان و دابڕان بکرێت. بەشێک لە شانۆ لە ناوەوەیە، بەشەکەی تریشی لە دەرەوەیە، بەبێ ئەوەی بزانرێت لە چ کات و ساتێکدا بەم شوێنانەدا تێپەڕیون و چۆن لە ناوەوە چوونەتە دەرەوە.)<٢> ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە؛ کە شەکسپیر بۆ پانتاییەکی نادیار و ڕەها نووسیویەتی و لەو پانتاییە ڕەهایەدا ڕووداو و کارەکتەرەکان لە پێکداچوونێکی بەردەوامی کات و شوێندا بوون.

لە سەرەتاوە ڕەخنەگرەکان هێرشێکی توندوتیژ دەکەنە سەر ئاراستەکانی ئەو خوێندنەوانەی بروک و بەوە تاوانباری دەکەن؛ کە (بەها درامی، شیعری و ستركتوری شانۆنامەکانی شەکسپیری تێک شکاندووە.) بەڵام بروک ڕاڤە و تێڕوانینێکی مۆدێرن دەبەخشێتە شانۆنامەکانی شەکسپیر، لەو ڕاڤە نوێیانەیدا پەیامێکی هاوچەرخ و فەلسەفەیەکی هونەری نوێ پیادە دەکات. بۆ نموونە لەلای پیتەر بروک هەرگیز سینۆگرافیا جێگەی ناوەڕۆک ناگرێتەوە (هەڵەیەکی کوشندەیە ئەگەر لەو باوەڕەدا بین ڕیالیزم

پەیوەندیی بە واقیعییەتێکی لاساییکەرەوە هەیە، هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناوەڕۆک و بارێکی کۆمەڵایەتی دیکۆرێکی واقیعی دەسەپێنێت.)<٣> واقیعییەتیش لەلای بروک وشەیەکە، یان چەمکێکی هونەرییە و چەندین مانا لەخۆ دەگرێت و هەمیشە بە جۆر و فۆرمی جیاوازەوە دەگەڕێتەوە سەری.

بروک لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، لە دەروازەی ئەزموون و پرۆژە هونەرییەکانییەوە، بە بەردەوامی ئەم خاڵەی وروژاندووە، بە تایبەتی کە خۆی زۆرجار دیکۆر و سینۆگرافیای نەمایشەکانی دروست دەکات و دەیبەستێتەوە بە دیدە هونەری و کردەییەکانییەوە. (کوشندەترین هەڵە ئەوەیە لەو بڕوایەدابین واقیعییەت پەیوەستە بە واقیعییەتێکی لاساییئامێزەوە و گوزارشتکردنیش لە مۆتیڤە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە دیکۆرێکی واقیعییە، لێرەشدا و سەرلەنوێ شەکسپیر ڕێنماییمان دەکات. شەکسپیر واقیعییەتی پەیوەندییەکانی بەرجەستەکردووە: چ سوودێک لە دیکۆرێکی نادیار و شاراوە وەردەگرین، یان نواندن لە بەردەمی خانووبەرەیەکی گەورەدا کە تەنها جیهانە دەرەکییەکانمان بیردێنێتەوە؟)<٤>

شانۆ لەلای ئەو، بە تایبەتی لە شەکسپیرەوە ئەو ئامرازەیە؛ کە دەتوانێت شتە نادیار و شاراوەکان دیار و ئاشکرا بکات: (ڕامان و بیرکردنەوە لەوەی کە شانۆ ئەو شوێنەیە نادیارەکانی تێدا دەردەکەوێت، چەمکێکی بەهێزە لە دید و تێڕوانینەکانماندا.) ئەمەش ئەو چەمکەیە کە بروک لە کتێبی (پانتایی بۆش)دا بە چڕی و گرینگیپێدانەوە قسەی لەسەر دەکات. هەر لێرەشەوە بروک دەگەڕێتەوە جیهانە ئاڵۆز و لە هەمان کاتدا ساکارەکەی

شەکسپیر. لەلای شەکسپیر و لە دیدی بروکەوە واقیعییەت مانای پەیوەندییەکان، دیالۆگ و سترکتورە درامییەکە دەگەیەنێت، نەک واقیعییەتی دیکۆرێکی لاساییکەرەوە. لەم ڕووەوە بروک کاریگەریی بەرهەم و لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەگری پۆڵۆنی (ژان کۆت) Jan Kottی زۆر ئاشکرا بە سەرەوەی.<٥>

ژان کۆت خوێندنەوەیەکی ئێکزستێنتیالیستییانە بۆ شەکسپیر و تراژیدیای گرێکی دەکات، لەم ڕوانگەیەشەوە پاڵەوانەکانی شەکسپیر دەبنە ناوەندێکی گرینگی ڕووداوەکان، مەسەلەی خودی ئەو پاڵەوانانەش، پەیوەندییەکان و زەمەنە فەلسەفییەکەی شانۆنامەکان دیاری دەکەن. پاڵەوانەکان لە پانتاییەکی فەلسەفی و دوور لە زەمەنە تەقلیدییەکانەوە دەجوڵێنەوە، مەودای زەمەنێکی فەلسەفی/ فیزیکی تێهەڵکێشی مەسەلە خودییەکان دەکەن و بەمەش وێنەیەکی تەواو و گشتگیری گەردوون، بەرجەستەی ڕووداوەکان دەبێت.

ژان کۆت دەتوانێت بە لێکۆڵینەوەکانی کۆدە شاراوە و نهێنییەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر، بە کلیلێکی مۆدێرنیزم بکاتەوە، بە هێڵە ڕایەڵکراوەکانی نێوان کۆمەڵگەی مۆدێرن و بۆچوونە سەرەتاییەکان، لە هەمان کاتدا دیدێکی پۆست مۆدێرنیزمەوە ببەستێتەوە.

ژان کۆت بۆ بروک دەبێتە ناوندێکی گەلێک گرینگ و بە بەهای خوێندنەوەکانی، ئەو کاریگەرییەش بە تایبەتی لە نەمایشی (شالیر)دا بە ئاشکرا ڕەنگ دەداتەوە. بروک لە دەروازەکانی شیکردنەوە تیۆرییەکانی ژان کۆت و بەستنەوەی شەکسپیر بە

سامۆیل بێکێت-ەوە، دیدێکی بێکێتییانە بۆ بەرجەستەکردنی شالیر دەدۆزێتەوە و لە بێکێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ شەکسپیر.

بروک دەڵێت: (شەکسپیر هاوچەرخی ژان کۆتە، ژان کۆتیش هاوچەرخی شەکسپیرە، هەر لەبەر ئەمەشە زۆر بە ئاسانی لەسەری دەدوێت.)<٦>

گرینگیی تیۆر و لێکۆڵینەوەکانی ژان کۆت، وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، لەوەدایە کە توانیویەتی شەکسپیر بە شێوەیەکی لۆژیکی ببەستێتەوە بە ڕووداوەکانی ئەمڕۆمانەوە، ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بە هەموو جیاوازی و دژایەتییەکانیانەوە لە خوێندنەوەکانیدا بۆ شەکسپیر ڕەنگدەداتەوە، دەبێتە جەمسەرێکی بە بەهای ئەمڕۆ و بە ئەدەب، بە فەلسەفە و بە شانۆی هاوچەرخەوەی دەبەستێتەوە. لە پاڵ ژان کۆت-دا تەکنیکی دراماتۆرگی پیەسەکانی (سامۆێل بێکێت) سەرچاوەیەکی گرینگی داڕشتەی نەمایشە شەکسپیرییەکانی بروک-ن. بروک سوودێکی گەورەی لەو پانتاییە فەلسەفی، ئێستاتیکی و هونەرییەی سامۆێل بێکێت وەرگرتووە و لە خوێندنەوەکانی شەکسپیردا بەکاری هێناون، سوودی لێ وەرگرتوون و دواتریش لە دیدی خۆیەوە دایڕشتوونەتەوە و بەرجەستەی کردوون.

بروک سەبارەت بە سامۆێل بێکێت دەڵێت: (بێکێت دەتوانێت وێنەیەک پێشکەش بکات، کە سەر بە تەختەی شانۆیە، هەروەها پەیوەندی و ئامرازەکانیش هەمووی لە ئەزموونێکی چڕی ورد و تیژەوە سەرچاوە وەردەگرن، لە چرکەیەکدا کە ژیانی تێدایە، دەبینێت لە خودی خۆیدا زۆر کۆکە، بەڵام خۆی ئاشکرا ناکات، سمبولەکانی بێکێت بەهێزن. لەبەرئەوەی ناتوانین بە ئاسانی

شییان بکەینەوە، زۆر دوورن لەوەی کە تەنها کۆمەڵێ جیهانی لێکچووی وەکو کتێبی قوتابخانەکان، یان نەخشە و وێنە دیاریکراوەکان بن، بەڵکو شانۆنامەکانی، زۆر بە ئاسانی داهێنانی ئەدەبین.)<٧>

بروک تائێستا ئەم شانۆنامانەی شەکسپیری بۆ شانۆ دەرهێناوە:

١. شا یوهان ١٩٤٥
٢. ئازارە بێسنوورەکانی عاشقێک ١٩٤٦
٣. ڕۆمیۆ و ژولێت ١٩٤٧
٤. بەرابەری ١٩٥٠
٥. چیرۆکی زستانە ١٩٥١
٦. تیتۆس ئەندرۆنیکۆس ١٩٥٥
٧. هاملێت ١٩٥٥
٨. گەرداوەکە ١٩٥٧
٩. شالیر ١٩٦٢
١٠ . گەرداوەکە ١٩٦٨
١١ . خەونی شەوێکی چلەی هاوین ١٩٧٠
١٢. تیمۆنی ئەسینی ١٩٧٤
١٣. بەرابەری ١٩٧٨
١٤. ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا ١٩٧٨
١٥ .گەرداوەکە ١٩٩٠
١٥. هاملێت ٢٠٠٠
١٦. هاملێت ٢٠٠٢

١٧. گوناهەکانی من خۆشەویستییە ٢٠٠٩ (ئەم شانۆنامەیە لە سۆناتاکانی شەکسپیرەوە ئامادەکراوە.)

دوای ئەم پێناسە و قسەکردنە لەسەر شەکسپیر/ بروک، وەکو نموونە چەند کار و پرۆژەیەکی بروک لەگەڵ شانۆنامەکانی شەکسپیردا و بە پێی چەند قۆناغ و سەردەمی جیاوازەوە باس دەکەین و بە پێی توانا خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین، تا بتوانین وێنەیەکی گشتگر و تەواوی ئەو پەیوەندییەی نێوان شەکسپیر و بروک بخەینە ڕوو.

## خەونی شەوێکی چلەی هاوین ١٩٧٠

بروک بە نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) و لە بواری خوێندنەوەکانیدا بۆ دنیای شەکسپیر، هەنگاوێکی گەورەی ئەزموونگەری دەنێت و دابڕانێکی سەراپاگیری لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلا شەکسپیرییەکاندا دروست دەکات.

ئەم هونەرمەندە بەر لەم نەمایشە، لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکدا بە شێوازی جۆراوجۆر تەکنیک و دنیای شەکسپیری تاقی کردووەتەوە، بەڵام دید و بۆچوونە ڕادیکالییەکانی بە نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) دەگاتە ترۆپک، هەروەها بروک بە نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) ماڵئاوایی تەواوەتی لە شانۆی شاهانەی شەکسپیر و ڕەوتی شانۆی ئینگلیزییش لە لەندەن دەکات.

بروک ئەم نەمایشەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٠دا لە ستراتفۆرد پێشکەشکردووە، نەمایشەکە بە فۆرمە جیاواز و مامەڵەکردنی ئەکتەر

و ڕووتکردنەوەی شانۆنامەکە، بەو شێوەیە و گەمەکردن لەگەڵ وێنە و دارشتەی سینۆگرافیا و شکاندنی هەموو وەهمەکان و ڕواوڕووبوونەوەی بینەرانەوە، شۆڕشێکی گەورە لە بواری خوێندنەوەی شانۆنامە و تراجیدیاکانی شەکسپیردا بەرپا دەکات.

شەکسپیر کتوپڕ لەم نەمایشەدا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و نوێوە بۆ خەڵک دەدوێت و شانۆکە زۆر جار بە تەواوی لەگەڵ بینەراندا تێکەڵاو دەبێت و دەبێت بە یەک، ئەکتەرەکان بە جووڵەی جەستە و گوزارشتە فیزیکییەکانیانەوە، وشە و تێکستەکانی شەکسپیر بەرجەستە دەکەن.<٨>

بروک لە چەمکی زمان و بەکارهێنانی جیاوازیی وشەوە دەڕوات بۆ دەستەبەرکردنی (دەنگ) وەک ئامرازێکی گرینگ و کاریگەر، بەمەش ئەکتەرەکانی لە کلیشەسازی و خۆدووبارەکردنەوە و گرژبوون ڕزگار کردووە، دەنگیش زیاتر لە جووڵانەوە فیزیکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێت بە بەشێک لە ڕاڤە و خوێندنەوەکەی.

بروک لەم نەمایشەدا لە بەکارهێنانی جووڵانەوە و پەیوەندییە فیزیکییەکانیدا دەگاتە بەرئەنجامی خولقاندنی بەکارهێنانی جۆرێکی تایبەت لە (دەنگ). ئەمەش دەبێت بە هەوڵێک بۆ دامەزراندن و بنیادنانی پردێکی هاوبەشی پتەو بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بینەراندا.<٩>

بۆ نموونە بروک دەتوانێت دیمەنە دڵدارییەکانی ناو شانۆنامەکە، لە ژیانی ڕۆژانەوە نزیک بکاتەوە، گیانێکی کۆمیدیی پڕ لە خەندە و ساناى فۆرمەکە، نەمایشەکە دەهێنێتە ناو ژیانی ڕۆژانەی گەنجەکانی ئەو ڕۆژگارەی لەندەنەوە.

کارەکتەری (پیوک) puck زەمینەیەکی لەبار بۆ پەیوەندییەکی نزیک و هاوبەش لەگەڵ بینەران و هۆڵی شانۆکەدا دروست دەکات، نەمایشەکە لە زۆر ساتەوەختی هەستگەلیدا دەبەستێتەوە بە هۆڵی بینەرانەوە و لە کۆتایی نەمایشەکەشدا هەر کارەکتەری (پیوک) بەناو بینەراندا ڕادەکات و داوای ئەوەیان لێ دەکات، لەگەڵ یەکتری هاوڕێ بن.<١٠>

وشەی (خۆشەویستی) لە دڵی شانۆنامەکەدایە، هەموو شتێک هەر باسی خۆشەویستی دەکات، تەنانەت بونیاد و مۆسیقای شانۆگەرییەکەش هەر بۆ ئەفسوونی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە. بروک توانیویەتی وشەی خۆشەویستی لە بارێکی تیۆریی ڕووتەوە؛ بۆ شتێکی کردەیی و کۆنکرێت و هەستپێکراو بگۆڕێت، خۆشەویستی لە بری چەمکێکی ئەبستراکت دەبێتە حاڵەتێکی زیندوو، شتێکی هەستپێکراو و گەمەیەکی خەندەئامێز.

بروک ئەم مەسەلە گرینگە تێکەڵاوی گەمە یەک لە دوای یەکەکانی نەمایشەکە دەکات، وێنەکانی خۆشەویستی لە نێو ئەو گەمانەدا وەک پەیژەی سولەمی نۆتەی مۆسیقا، لە جووڵە و بزاڤێکی بەردەوامدا بەرجەستە دەبن، لەگەڵ زیاتر بەرەوپێشەوە چوونی نەمایشەکەدا، وشەی خۆشەویستی لە نێوان گەمە و دیدی شانۆنامەکەشدا زیاتر بۆ بینەران ڕوون و ئاشکرا دەبێت. (کارەکتەرە پەریئاسا و باڵندە و ئاژەڵە کێوی و ئەفسانەییەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن، لە ڕوانگەی گەمەیەکی پڕ لە خەندەوە دیمەنەکانیان دەگۆڕن، کەلوپەلە پێویستەکانیان ئامادە دەکەن، هەروەها لە کاتی پێویستدا دەبنە درەخت بۆ کارەکتەرەکانی تر، جووڵانەوەکانیشیان مۆرکێکی ئەکرۆپاتیکی لەخۆ دەگرن.)<١١>

بروک دەڵێت: (لە ئەنجامدا "خۆشەویستی" لە لامان بووە پەیژەی مۆسیقی و هێدی هێدی گوێمان لە ئاستە جیاوازەکانی ئەو ئاوازە دەبوو.)<١٢> بروک لێرەدا دەیەوێت ئاماژە و دووپاتی ئەو چەمک و شێوازە مۆسیقییە بکاتەوە، کە دراماتۆرگی و پێودانگە درامییەکانی نەمایشەکەی ڕاگرتووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە بروک لە نەمایشەکەیدا، گەمەی خۆشەویستی، لە بۆچوونێکی دەروونی و میتافیزیکییەوە بەرجەستە دەکات، لە هیچ نەمایشێکی شەکسپیردا هێندەی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)ی بروک بینەران تێکەڵ بە ڕووداوەکان نەبوون، بینەران بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی یەکە بە یەکە گەمە کتوپڕەکانی شانۆییەکەی بروک-یان کردووە. (لە "برودوای" لە یەکێک لە نەمایشەکاندا بینەران ئامادە نەبوون بچنە دەرەوە، هەرچەندە لە ناوەڕاستی شانۆگەرییەکەدا و بە هۆی هەڵەیەکی کارەباییەوە ئاگرێک دەکەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بینەران نەیانویستووە بچنە دەرەوە، بەڵکو لەو بڕوایەدابوون ئاگر و دووکەڵەکە بەشێکە لە نەمایشەکە.)<١٣>

سینۆگرافیای (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) بریتی بووە لە سندووقێکی چوارگۆشەئاسای سپیی گەورە، لەگەڵ کۆمەڵێ دەرگای بزۆز و جۆلانەی هەڵواسراو، ئەکتەرەکانیش بەهەمان شێوە جلوبەرگەکانیان سپی بووە و لەنێو دەرگا و جۆلانەکاندا؛ جووڵاونەتەوە، هاتووچۆ و گەمەیان کردووە.

هەموو مەسەلە (ئیرۆتیکییەکانیش) لەم نەمایشەدا بە شێوازێکی قەشەنگ و کراوە بەرجەستە کراون. ئەو دیمەن و جووڵە و دیالۆگ و هەڵوێستە ئیرۆتیکییانەی؛ کە گوزارشتیان لێ

کراوە، تا ئەوکاتە هیچ کەسێک بەو شێوەیە نەیخستبوونە ڕوو. لە لای بروک هەموو ئەو شتانە دەبنە وێنەیەکی هەستپێکراوی بەرجەستە و ئاشکرا: خۆشەویستی، ئیرۆتیک، سەربەستی و ئەندێشە دەبنە یەکەیەکی چڕ و پێکداچوو، گەمە شانۆییەکانیش وەهمێکی هونەری لە جووڵانەوە فیزیکییەکانی ئەکتەرەکانەوە دروست دەکەن و ساتەوەختە پڕ لە خۆشەویستییەکان، جووڵانەوە ئیرۆتیکییەکان لەلای بینەران دەبنە گەمەیەکی چاوەڕواننەکراو.

بروک لە پشت شیعرە بەرزەکانی شەکسپیرەوە پەردە لە ڕووی گەمەیەکی پڕ لە نهێنی لادەبات؛ کە لێوانلێوە لە هاتوهاوار و خۆشەویستی و بەختیارییەکی کێوی و سەرەتایی. دارستانیش شوێنێکی گرینگ و پانتاییەکی ڕاستەوخۆی زۆربەی ڕووداوەکانی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) پێک دێنێت، دارستان و میتۆلۆژیای گریکی، فەنتازیا، کارەکتەری میتۆلۆژی و ئەندێشە تێکەڵاوی واقیع و خەون دەبێت.

بروکیش جیهانی دارستان و شیعرییەتی شوێن و نەمایشەکەی لە ڕوانگەی چەمکە سەرەتاییەکانەوە بەرجەستە کردووە. ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر هەموو ئەو کارەکتەرانەی پەیوەندییان بە یەکتری و بە پانتایی شوێنەکەوە هەبووە. لەم ڕووەوە بروک، شەکسپیر بە تەواوەتی لە کۆمەڵێک کلێشە و خوێندنەوەی سواوی یەک لە دوای یەک هاتووی چەندین نەوەی شانۆکار ڕزگار دەکات، هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە لەلای شەکسپیر شانۆیەکی داستانی، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، ڕیتواڵێکی توندوتیژ هەیە و جووڵە و بزاوتێکی بەردەوامی گۆڕانکارییەکان بەدی دەکرێت. بە ڕای زۆربەی پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوانی شانۆ، سەرکەوتنی

نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)ی بروک دەگەڕێتەوە بۆ گەشتە قووڵ و تاقیکردنەوە و ئەزموونە گرینگەکەی دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو، بە تایبەتییش تیۆرە شانۆییەکانی (ئەنتۆنین ئارتۆ)<١٤> و (گرۆتۆفسکی)<١٥> کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزیان هەبووە.

بروک لەو گەشتە هونەرییە ئێستاتیکی، فەلسەفی و تەکنیکییەدا ڕێگە قووڵ و لە هەمان کاتدا ساکار و ئەبەدییەکانی شانۆ دەدۆزێتەوە، بەمەش دیدێکی فراوانتر و جیهانێکی ئەزموونگەری، فۆرمێکی بەهێز و وزەیەکی گەورە دەبەخشێتە نەمایشە شانۆییەکانی دواتری.

بروک لە نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)دا سوودێکی زۆری لە شانۆی میللیی فارسی، ئۆپێرای پەکین و هەندێک لە بنەماکانی سێرکی وڵاتانی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست وەرگرتووە، بە تایبەتیش بۆ بەستنەوەی نەمایشەکە بە بینەرانەوە. خولْقاندنی بزاڤێکی بەردەوام لەسەر شانۆ و دروستکردنی جۆرە ئاهەنگێکی میللی لەنێو دیمەنەکاندا، ڕۆحێکی زیندووی بە نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) بەخشیوە.

(ئەکتەرەکان بە جۆلانەکانیان خۆیان بەرزدەکردەوە تا ئاستی ساپیتەی شانۆکە، یان هەروەک بوونەوەری دارستانەکان خۆیان دەکرد بە پانتایی شوێنەکەدا، نەمایشەکە شێوە شانۆیەکی سێرکئاسای پڕ لە خەندەی لەخۆ گرتبوو، بە تایبەتی وزە و گورجوگۆڵی و چالاکیی ئەکتەرەکان و جلوبەرگە جوانەکانیان، کە لە بەردەم فۆندێکی تەواو سپیدا بووبوونە نەخشێکی هەڵکۆڵراو.)<١٦>

لە کۆتایی نەمایشەکەشدا، ئەکتەرەکان هاتوونەتە خوارەوە و ماڵئاواییان لە بینەران کردووە؛ بینەر، ئەکتەر و هۆڵی بینەران لە ئاهەنگێکی هاوبەشدا دەبنە یەک و تێکەڵاو دەبن.<١٧>

(خەونی شەوێکی چلەی هاوین) هەوڵێکی سەرکەوتووی ئەزموونگەری بروک بوو بۆ خوڵقاندنی فۆرم و زمانێکی شانۆیی تایبەتمەند، ئەو زمانە شانۆییەی بۆ هەموو مرۆڤێک ڕوون و ئاشکرایە، زمانێکی گلۆباڵی و جیهانێکی هاوبەشە بۆ هەموو مرۆڤایەتی. لەم ڕووەوە بروک ئاماژە بەوە دەکات کە دیمەنەکانی نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)ی ئاڵوگۆڕ و پاش و پێش نەخستووە، تەنها یەک وشەش چییە لە شانۆنامەکەی لا نەبردووە، هیچ دیمەنێکی نەگۆڕیوە، بەڵکو فۆرمی دەربڕینئاسای نەمایشەکە لە ڕوانگەی خوێندنەوەیەکی مۆدێرنەوە پێشکەش کراوە. هەروەها لەلای پیتەر بروک (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) لە نێو شانۆنامەکانی شەکسپیردا بە لوتکە دادەنرێت.<١٨>

بەو شێوەیە بروک لە دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوودا، بە نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) لە ستراتفۆرد مێژوویەکی نوێ بۆ شانۆی شەکسپیر، دونیای شەکسپیر، تێڕوانین لە شەکسپیر، خوێندنەوە جیاوازەکانی شەکسپیر و شانۆی ئەزموونگەری تۆمار دەکات.

## ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا ١٩٧٨

(ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا) یەکێکە لە شانۆییە مێژووییەکانی شەکسپیر و باس لە مێژووی ڕۆما دەکات، ئەم شانۆنامەیە لە نێوان ساڵانی ١٦٠٦ یان ١٦٠٧ بۆ یەکەم جار لە لەندەن نەمایش کراوە، دەقی شانۆنامەکەش لە نێو چوارچێوە مێژووییەکەیدا چارەنووسی پڕ لە مەرگەساتی ئەو دوو دڵدارە و جەنگەکانیان دەخاتە ڕوو.<١٩>

بروک کۆمەڵێ کۆد و ئاماژەی هاوچەرخ و جیاواز لەم شانۆنامەیەی شەکسپیردا دەدۆزێتەوە و بە ڕووداوەکانی دەیەی حەفتاوە دەیانبەستێتەوە و وابەستەی هەڵوێستە سیاسی و بیروباوەڕە جیاوازییەکانی ئەو کاتەوەی دەکاتەوە.

(ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا) یەکێکە لەو شانۆنامانەی شەکسپیر، کە زۆر بە دەگمەن دەخرێتە سەر شانۆ، بەڵام بۆ بروک لەو ساتەدا دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ وروژاندنی پرسە مێژووییەکان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ داماڵینی بەرگە تەقلیدییە تەبا و ئاشکراکەی شانۆنامەکە.

لە نەمایشەکەدا خودی هاوکێشە مێژووییەکە بووەتە پرۆسێسێکی مرۆڤایەتی، ڕووتکردنەوەی سیفەت و سیما گەوهەرییە تەقلیدییەکانی چەمکی مێژوو لەسەر شانۆ و خوێندنەوەیەکی جیاوازی شەکسپیر.

بروک لەم نەمایشەدا توانیویەتی ساتەوەختە مێژووییەکان، هەڵوێست و بارودۆخە مرۆڤایەتییەکان چڕبکاتەوە، ئەم چڕکردنەوەیەش زمانێکی جەستەیی و فیزیکی، لە هەمان کاتدا

ڕووتکردنەوەی وشەکانیشی بۆ دەستەبەر کردووە، بە شێوەیەک وشەکانی شانۆنامەکە چەندین مەودای گەورەتریان لەخۆ گرتووە، لەبەرئەوەی چیتر (مانا)ی ساکار، یان مێژوویەکی دووریان لەخۆ نەگرتووە.

کە بروک لە ساڵی ١٩٧٨دا شانۆنامەی (ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا) بۆ شانۆی شاهانەی شەکسپیر لە لەندەن پێشکەش دەکات، نەمایشەکە دەبێتە ئاهەنگێکی شاهانەی شەکسپیری بۆ بروک وەک ڕیژیسۆر و بۆ شانۆی ئینگلیزی و خوێندنەوە جیاوازەکانی شەکسپیریش. ڕۆژنامە و ڕەخنەگرە شانۆییەکان لە سەرانسەری ئەورووپادا (ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا) وەک زایەڵەیەکی زەنگە جیاوازە بەردەوامەکانی بروک ئاماژەی بۆ دەکەن. ئەو زایەڵەیەی شانۆی ئینگلیزی و ڕۆژئاوای وریا کردەوە و تەکانێکی بە دید و تێڕوانینە شانۆییەکان دا و فۆرمێکی تری بۆ شوێنی نەمایشکردنی شانۆکانی هێنایە کایەوە. هەر لەو زایەڵەیەدا نەمایشە شەکسپیرییەکانی تریشی: تیتۆ ئەندرۆنیکۆس، لیری پادشا، خەونی شەوێکی چلەی هاوین دەبنە بیرەوەرییەکی گرینگ و دووبارە ئەو دەرگا نوێ و جیاوازە لە بەردەم شەکسپیردا دەخاتەوە سەر پشت.

بروک خۆی سەبارەت بە سەرەتای مەشق و خۆئامادەکردنی شانۆنامەی "ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا" دەڵێت (هەمیشە بە لای منەوە یەکەم ڕۆژەکانی پرۆڤە، گرانترین ساتەکانی کاری شانۆییە، بە چ شێوەیەک ئەو خەڵکە لە یەکتری نزیک ببنەوە؟ ناهەموارترین شێوازەکانیش ئەوەیە سەرەتا وەک ڕیژیسۆر، بە باسی تەکنیک، نەخشەی سینۆگرافیا و چۆنیەتیی جلوبەرگەوە،

ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ئەکتەر ببیتەوە، کە لە حاڵەتێکی حەپەساودان و چاوەڕوانی شتت لێ دەکەن. ڕیژیسۆر، سەبارەت بە نەمایشەکە دیدو بیرۆکەکانی خۆی باس دەکات، دوای ئەوە هەموو پێکەوە دەست دەکەن بە خوێندنەوەی شانۆنامەکە، هەر ئەکتەرێکیش بۆ خۆی بیر لە ڕۆڵێک لە ڕۆڵەکان دەکاتەوە. من خۆم بەم شێوەیە کارم کردووە، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوتووە، کە ئەم شێوە کارکردنە بە هیچ جۆرێک ڕێگەیەکی باش و شیاو نییە بۆ دەستپێکردنی پرۆژەیەکی شانۆیی، هەر زوو دوودڵییەکی تەواوەتیم لە سیمای بەشداراندا دەخوێندەوە، یەکێک لە ئەکتەرەکان بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەم هەڵوێست و کارە بە تایبەتی بۆ ئەو یان ئەویتریان چۆن دەبێت؟ دوای ماوەیەکی کورت هیچ ئاووهەوایەکی پاک، لێکحاڵیبوون و ڕوونکردنەوەکانی من سەبارەت بە شانۆنامەکە بوونی بۆ نەدەما، ئەمەش نەک تەنها هەر بۆ ئەوان، بەڵکو بە هەمان شێوە بۆ منیش، بە شێوەیەکی ئاشکرا بیرم لەوە دەکردەوە، کە دەبوو تەکنیکی تازە بدۆزمەوە. لە پاریس لە کاتی پرۆڤەکانی نەمایشی شانۆنامەی (بانیژە)ی ژان ژینییەدا، بە تایبەتی بە شەو (دوای پرۆڤەیەکی زۆر) کەوتینە مەشق و لە هۆڵی کار و پرۆڤەکانماندا خەریکی پرۆڤەی ڕاگوزاری بووین، بەم شێوەیە تا سەعات سێی بەرەبەیان بەردەوام بووین، دەتوانم بڵێم کە ئەو مەشقە ڕاگوزارییە، زۆر باشتر بوو لە خودی شانۆنامەکەی ژان ژینییە.<٢٠>

منیش هەر لەم ڕێگەیەوە فێری ئەوە بووم کە دەکرێت (گەر ئێمە لە سەرەتادا بە ئەزموونێکی هاوبەشدا بڕۆین) چۆن ئەو هێز و وزەیەی گروپێک هەیەتی ئازاد بکرێت، ئەمەش لە

شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەکی تر، کە مەشقی لەسەر دەکەین دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە نەمایشی (خەونی شەوی چلەی هاوین)دا بە کۆمەڵێ مەشقی فیزیکی دەستمان پێ کرد، ئەمەش بارودۆخێکی شیاوی پەیوەندیکردن و لێکحاڵیبوونی بۆ دروستکردین، لە هەمان کاتدا بووە دەروازەیەکی گرینگ بۆ تێگەییشتنی شانۆنامەکە. گرانترین شتیش کارکردنە لەگەڵ گروپە نێونەتەوەییەکاندا، بە تایبەتی لەو ڕووەوەی کە کەس کەس ناناسێت. هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە چوو، لە کاتێکدا هەموومان پێکەوە ڕەشماڵێکمان لەناو هۆڵەکەدا هەڵدابوو، هەریەکە شتێکی کڕی بۆ ئەو ئاهەنگەی دواتر لە ژێر ڕەشماڵەکەدا گێڕامان.

دوای ئەوەی ئەو پەیوەندییەمان لەگەڵ یەکتر دروست کرد، پێکەوە گەڕاین بە دوای تێگەیشتنێکی هاوبەشدا بۆ خودی شانۆنامەکە، هێدی هێدی کەوتینە کارکردن لەگەڵ جەستەدا، دەنگ و دواتر هەموو جۆرەکانی هونەری ڕاگوزاریش هاتنە ناوەوە و تێکەڵ بە کارەکەمان بوون.

لە سەرەتادا زۆر بیر لە وشە و تێکست ناکەینەوە، بەڵکو ئەکتەرەکان خۆیان و بە شێوەیەکی ڕاگوزاری دەدوێن و پرۆڤە دەکەن. ئەوەی لەم قۆناغەدا گرینگە؛ چۆن دەمانەوێت بە هەموو شێوەیەک ژیان بکەین بە بەری ئەو پرۆژەیەدا.

لەم هەوڵە بەراییەدا وزە بەهێزەکانی لێکۆڵینەوە و مەشقە ڕاگوزارییەکان و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان دەردەکەون و لە یەکتر گەیشتنیش پەرە دەسەنێت و هێدی هێدی شتەکان دێنە پێشەوە. وەک هەوڵ و تەقەلایەک بۆ دروستکردن و دامەزراندنی ئەزموونێکی

هاوبەشیش لە پرۆژەی (ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا)دا بە ئەکتەرەکانم ڕاگەیاند، هەریەکە کۆمەڵێ وشەی لێکدراوی جیاواز بنووسن، کە هیچ مانایەکیان نەبێت، ئەکتەرەکان لەگەڵ ئەم وشانەدا کەوتنە یاریکردن، هەوڵیان دەدا میلۆدییەکی تایبەتی پێ ببەخشن. لەم بارەدا هیچ هۆکارێکی تایبەتیی وەها نییە ئەم مەشقە بخاتە ژێر پرسیارەوە و بڵێت (بۆچی؟) بەڵام ئەوەی کە ئەکتەرەکان خەریکی بوون، هەمان ڕیتمی وتاری کردنەوەی (ئەنتۆنیۆس و کلیۆباترا)ی هەبوو. لە کاتێکدا ئەکتەرەکان هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕیتمە دادەمەزرێنن، کە زۆر ئاسانترە لە هەموو ئەو هەوڵانەی لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی ددانپیانان و وتنی وشەکاندا، یان ئەو شوێنانەی نادیارن و جێگەی گفتوگۆ کردنن، هەروەها بەکارهێنانی وچان و بێدەنگی، ئەمەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو هەڵە و بارگرانییانەیە، کە دێنە ڕێی هەموو ئەکتەرێکی نائامادە، کە ڕاستەوخۆ و کتوپڕ تێکستێکی شەکسپیر وەردەگرێت.

ئەم مەسەلەیەش سوودێکی زۆری بە ئێمە گەیاند، لەوانەیە ئێستا بتوانین باشتر خۆمان لە کلێشەسازی و مۆدێلەکانی وتارخوێندنەوە دەرباز بکەین، ئەمەش کارێکی باشە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دنیای شەکسپیردا. خاڵێکی تری گران لە پیەسەکانی شەکسپیردا ئەوەیە، کە چەندین دراما لە درامایەکدا هەیە. شتێکی ناخۆش و نابەجێیە، کە تەنها بیرۆکەیەک وەربگرێت و بیخەیتە بەر تیشکی ڕووناکی. زۆرجار تەنها دید و بیرۆکە ڕامیارییەکان وەردەگرێت. ئەمەش لەم ڕۆژانەدا بووەتە شتێکی مۆدێرن و مۆدە، لە کاتێکدا دەکرێت هەمان شت لە ڕوانگەی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە وەربگیرێت و هەروەها لە

ڕوانگەی هەموو ئەو درامایانەی، کە تەنها لە ناوەڕۆکی یەک شانۆنامەی شەکسپیردا بوونی هەیە.

لەلای شەکسپیر بنەمای بیرۆکەکان لەژێر بارودۆخە ڕووکەشەکانەوە خۆی شاردووەتەوە، وشەکان لە ژێرەوە ڕووناک دەکرێنەوە و هەر لەوێدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەر وەک شێوەیەک لە شتە گەوهەرییەکان، لەو سترکتورە چنراوە پڕ لە دەربڕینەدا بوونی هەیە. شتێکی ناخۆشە زۆر کەس گۆڕانکاری لە دەقەکانی شەکسپیردا دەکات، هەندێک تێکست لا دەدەن و خۆیان سەرلەنوێ شتێکی تری بۆ دەنووسن، بەڵام ئەوانە بە هیچ شێوەیەک و بە شێوازێکی قووڵ و گشتگر لەو دەقانەیان نەکۆڵیوەتەوە، کە گۆڕانکارییان بە سەردا هێناوە.

لەوانەیە هەندێک کەس بیر لەوە بکەنەوە، کە چۆن دەکرێت من، دوای نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) قسەی وا بکەم، بەڵام من یەک وشە چییە لە دەقەکەم نەگۆڕیوە، بەڵکو فۆرمەکانی دەربڕین لە لای من، شێوازە تەبا و ئاساییەکان لەخۆ ناگرێت.<٢١>

وەکی دی، من بە باشی دێتەوە یادم، کە چۆن کلیۆپاتراکەم دۆزییەوە، لەکاتێکدا ئێمە سەرقاڵی پرۆژەی US بووین (گلێندا جاکسۆن) Glenda Jackson ڕۆڵی خاتوو (گیو)ی دەبینی، ئەو ئافرەتە ڤێتنامییەی بە هەستگەلێکی سارد مامەڵەی لەگەڵ ڕەبەندەکان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە پێوە لەسەر لۆرییەکی گەورەی ئەمەریکی، بە چاوی نوقاوەوە، دیمەنێکی چڕ و کورتی ڕاگوزاری پێشکەش کرد.<٢٢> لەو چرکەساتەدا زانیم کێ دەبێتە کلیۆپاتراکەی من.)<٢٣>

## ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا لە نێوان مەشقی ڕاگوزاری و سەرچاوەکانی شانۆی توندوتیژدا

مەشقی ڕاگوزاری یەکێکە لە میتۆد و تەکنیکە بەردەوامەکانی کار و پرۆسەی بروک. لە ڕوانگەی هونەری ڕاگوزارییەوە، لە هەموو پرۆژەیەکی نوێدا، پێکەوە لەگەڵ ئەکتەرەکانی شۆڕدەبنەوە بە نێو نهێنییەکانی جەستە، دەنگ، دەق، پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و دارشتەی سترکتوری پانتاییەکاندا. مەشقی ڕاگوزاری ساڵانێکی دوورودرێژ و ئەزموونەکانی شانۆی توندوتیژی ئارتۆ و گەشتە هونەرییەکانیان، دەبنە سەرچاوە و پانتاییەکی گرینگی کاریگەر و سوود لێوەرگرتنی ئەکتەرەکان لە پرۆژە و شانۆنامەی (ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا)دا. هەروەها میتۆدەکانی شانۆی توندوتیژی دەبنە بنەمایەکی گرینگی مەشقە ڕاگوزارییەکان و دەروازەکانی دیدێکی فیزیکی و خوێندنەوە و بەرجەستەکردنی شانۆنامەکە.

بروک کارەکتەری کلیۆپاترا (گلێندا جاکسۆن) دەکاتە نموونەی مرۆڤێکی بە دەسەڵات، کە تەنها بیر لە ڕۆم، ئیرۆتیک و ئەنتۆنیۆس دەکاتەوە. بێگومان ئەنتۆنیۆس وەک یەکێک لە ئەندامە سێ کوچکەییەکەی دەسەڵاتی ڕۆم دووجار جێگەی سەرنج و حەزی پڕ لە شەهوەت و ئیرۆتیکی کلیۆپاترایە. لەم دارشتەیەدا مرۆڤ هەست بە کێشەیەکی گەورەی بێ سنووری (دەسەڵات) دەکات، کێشەیەک کە بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پاراستنی، شتێکی ئاسایی بێت.

بروک لە هاوکێشەکانی ئەم ستروکتورە هونەرییەدا، ویستوویەتی کێشە و ململانێکانی کلیۆپاترا، لە لایەک و هێزەکانی دەسەڵاتی (ڕۆم)یش لە لایەکی ترەوە بەرجەستە بکات.

بروک لە هەندێک لە دیمەنە ڕامیارییەکاندا ئەکتەرەکانی بەرجەستەی سەمایەکی گرۆتێسک کردووە، سەمایەک زیاتر نزیک بووە لە هەناسە ئەفسونییە سوریالییەکەی شانۆنامەی (ئۆبۆی پادشا)ی ئەلفرێد گاری ١٨٧٣-١٩٠٧ەوە، هەروەها بروک بە پێی ئەو وێنە و دۆکیومێنتانەی لە بەردەست دان، هۆشیارانە، هەموو ئەو مۆرک و ڕووکارە ڕووکەش و ساختە ڕۆمانتیکییە "ڕۆژهەڵاتییانەی" لە زۆر نەمایشی شانۆیی و فیلمەکاندا، بەم شانۆنامەیەوە لکێنراوە، لابردوون.<٢٤> بەمەش بروک مەبەستی ئەوە بووە، کە هیچ مۆرکێکی ناوچەیی بە نەمایشەکەوە نەبێت، بەڵکو نەمایشەکە سنوورێکی فراوانی مرۆڤایەتی لەخۆ بگرێت. مرۆڤ لە هەموو جیهاندا، چەمکەکانی دەسەڵات، جەنگ، دوژمنکاری، حەزی خۆشەویستی و ئیرۆتیک کۆیان دەکاتەوە.

بروک دوای نەمایشەکە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا لە ستراتفۆرد گوتوویەتی (سروشتی کارەکە لەوەدایە، کە هەموو ئەو شێواز و فۆرمانەی بە ڕاستی لە دراماکەدا هەن بدۆزێتەوە، دوای ئەوە جار لە دوای جار بگەڕێتەوە سەریان تا دەقە ڕاستەقینەکە فۆرمی خۆی وەردەگرێت، بەڵام بەرئەنجامەکە تەنها دەبێتە خوێندنەوەیەکی باشی شانۆنامەکە. بێگومان بەبێ ئەو مەشقە چڕ و توندوتیژە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر ئەزموونەکە، دەق و نەمایشەکە دروست نەدەبوو.)<٢٥>

## هاملێت و پرۆسەیەکی بەردەوام ۱۹٦۰ — ۲۰۰۰

بروک لە ساڵی ۱۹٥٥دا بۆ یەکەم جار شانۆنامەی هاملێت لە لەندەن پێشکەش دەکات. سەبارەت بەو نەمایشە شتێکی ئەوتۆ نازانین، بەڵام شتێک کە دەیزانین ئەوەیە هاملێت لەو دەمەوە دەبێتە پرۆژەیەکی بەردەوامی بروک و هەمیشە جێگەی تێڕامان و گەڕانەوە و پشکنینی ئەو جیهانە ئاڵۆزەی کەسایەتیی هاملێت بووە.

لە ساڵی ۱۹٦۱دا شانۆنامەی هاملێت لە پاڵ چەند نەمایش و دیمەنی کورتی ئەزموونگەریی تردا، وەک بەشێکی گرینگی تری بەرەنجامی تاقیکردنەوە ئارتۆییەکەی بروک، لە شانۆی پادشایەتی شەکسپیر لە لەندەن پێشکەش دەکرێت.<۲٦>

چەند بەش و دیمەنێک لە هاملێت دەبێتە بنەمای نەمایشێکی کورتی ئەزموونگەری، لەم ئەزموونەدا شانۆی توندوتیژیی هەناسەیەکی قووڵی هاملێتێکی جیاواز دەخولقێنێت و لەو چەند دیمەنە کورتەشدا، شانۆی توندوتیژی و (ئەنتۆنین ئارتۆ) وەک میتۆدێکی گرینگی ئێستاتیکی و کردەیی دەبێتە پرۆسەی هاوکێشەیەکی شانۆیی ناتەبا و جیاواز. ناتەبا لە ڕووی خوێندنەوەوە، ڕاڤە و گەڕانێکی نوێ بۆ فۆرمێکی جیاوازتری شانۆیی، هەروەها بۆ گەڕانێکی بەردەوامی قووڵ بە دوای ڕاستی و بنەما تاریک و نادیارەکانی دەروونی مرۆڤدا.

بەڵام ئەو گەشت و پشکنین و لێکۆڵینەوەیە نابێتە فۆرمێکی جێگیر، وێستگەیەکی کۆتایی و بەرەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا، بەڵکو گەشتی هاملێت، وەک شانۆنامە و لە هەمان کاتدا

پرۆسەیەکی پشکنین و کردەیی شانۆییش، هەمیشە بوونێکی بەردەوامی هەبووە لە دید و دەروون و مێشکی هونەرمەندێکی داهێنەری وەک بروکدا.

نەمایشی (هاملێت)ی ساڵی ۲۰۰۰یش، وەک بەرهەمێکی نوێی بروک و گروپە نێونەتەوەییەکەی، بە درێژەپێدان و تەواوکردنێکی ئاسایی پرۆژەیەکی تری هاملێت دادەنرێت.<۲۷>

## هاملێت لە تەرازووی شانۆدا
## کێ لەوێیە، سەرەتایەک بۆ گەڕانەوەی شانۆ

هاملێت لە ساڵی ۱۹۹٦دا سەرلەنوێ لە مەڵبەندی شانۆی نێونەتەوەیی لە پاریس، بۆ بروک دەبێتەوە بە زەمینەی پرۆژەیەکی ئەزموونگەریی گەورە. بروک لەگەڵ گرووپە نێونەتەوەییەکەیدا کۆمەڵێ دیمەنی شانۆنامەی هاملێت دەکاتە دەستپێک و بنەمایەکی گرینگی نەمایشی Quiestla <۲۸>

Quiestla وەک ناونیشانی ئەم پرۆژەیە، لە یەکەم دێڕی شانۆنامەی هاملێتەوە وەرگیراوە. نەمایشەکەش کۆمەڵێ دیمەنی شانۆنامەکەیە و بە مەرگی ئۆفیلیا کۆتایی دێت. هەروەها گفتوگۆیەکی تیۆریش لە نێوان ئەکتەرەکاندا سەبارەت بە چۆنیەتیی دەوربینین لەسەر شانۆ لەخۆ دەگرێت.<۲۹>

ئەم کارەش بە کۆلاژێکی تری شانۆنامەی هاملێت دادەنرێت؛ بروک لەم ئەزموونەدا بە هاریکاریی ئەکتەرەکانی، کۆمەڵێ دیمەن لە هاملێت هەڵدەبژێرێت و کاری تێدا دەکەن. ئەم هونەرمەندە لەو دیمەنە جۆراوجۆرانەی هاملێتدا هەوڵی داوە لە یەک کاتدا، بە

شێوەیەکی کردەیی و ئێستاتیکی تیۆرە شانۆییەکانی هەر یەک لە: ستانسلاڤسکی، مایەرهۆڵد، گۆردن گریگ، ئەنتۆنین ئارتۆ و برتۆڵد برێشت لە هەوڵێکی ئەزموونگەرییەوە بەرجەستە بکات، یان بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی دیدی ئەو شانۆکارە گرینگانە و تیۆرە شانۆییەکانیانەوە، هاملێت بکاتە وێستگەیەکی گرینگی لێکۆڵینەوە و خوڵقاندنی کیشوەرێکی نوێی شانۆیی.

بروک و ئەکتەرەکانی مەبەستیان بووە لە ڕێگەی ئەو لابورە شانۆییەوە، وەک هەوڵێکی گەورە کۆمەڵێ نهێنی دید و بیرو بۆچوون لەو تیۆرییە شانۆییانەدا بدۆزنەوە و لە ڕاستیی گەوهەری مرۆڤیش نزیک ببنەوە. (لە بارودۆخێکی گونجاودا، ئەو حەوت ئەکتەرە بەسەر پانتاییەکی چوارگۆشەیی سپی و بۆشدا پیاسە دەکەن، پانتاییەکە چواردەوری بە دیواری بەرزی کۆن، هەروەها بە دیوارە ڕەنگ سوورەکەی شانۆکە گیراوە. شانۆنامەکە بەشێکە لە گفتوگۆیەک سەبارەت بە تەکتیکی شێتیی — من شێت نیم، بەڵام لە ڕوانگەی گەمەیەکی هەستپێکراوەوە شێتم.)<٣٠>

نەمایشەکە دووپاتکردنەوەیەکی چەمکەکانی (شێتێتی)یە لە لای هاملێت و ئۆفیلیا و هۆکارەکانی ئەم شێتبوونەش؛ هاملێت شێت نییە "بەڵام لە ڕوانگەی گەمەیەکی هەستپێکراوەوە" شێتە. ئۆفیلیا شێت نییە و ڕووداوەکان بەرە شێتبوون و دواتریش مەرگ دەیبەن.

ڕووداوەکانی شانۆییەکەش دەبنە هۆی بەرەوپێشەوە چوون و دامەزراندنی نەمایشەکە، نەک بە پێچەوانەوە. پرسیارەکانی نەمایشەکەش تەنها لەم سنوورەدا ناگیرسێنەوە، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوە و وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیاری گرینگی فەلسەفی، شانۆیی و ئێستاتیکیی ئەو کەڵە ڕیژیسۆرە گەورانەی سەدەی ڕابردوو.



کێ لەوێیە (هاملێت ) شانۆی بۆف دی نورد /پاریس ١٩٩٦

بروک هەر لە دەیەی شەستدا، بە چڕی بیری لەم پرسانە کردوونەتەوە و لە کتێبی (پانتایی بۆش)دا جەختیان لەسەر دەکاتەوە و لە گفتوگۆکردنی ڕۆڵی شانۆ لە تێگەییشتن و نزیکبوونەوە لەو بەشە نادیار و تاریکانەی مرۆڤی تاکدا، دەڵێت (ئەمە تەنها ڕێگە و بوارێکە لە بەردەمی ئێمەدا — لەو بەرەنجامانە بکۆڵینەوە کە ئارتۆ، مایەرهۆڵد، ستانیسلاڤسکی، گرۆتۆڤسکی و برێشت بە دەستیان هێناوە، دوای ئەوە ئەو بەرەنجامە بەراورد بکەین لەگەڵ ژیان و یەکسەریش لەو شوێنەدا کە کاری تێدا دەکەین. ئەو شتە چییە کە ئێستا بووەتە ئامانجی ئێمە، بە بەراورد و پەیوەستبوون بەو مرۆڤانەوە، کە ئێمە هەموو

ڕۆژێک دەیانبینین؟ ئایا ئێمە پێویستمان بە ڕزگارکەرێک هەیە؟ لە چی ڕزگارمان بکرێت؟ بە چ شێوەیەکیش؟)<٣١>

ئەم تێگەیشتن و قسەکردنە لە دەیەی شەستدا، بروک دەگەیەنێتە بەرەنجامە تیۆری و پراکتیکییەکانی، قووڵبوونەوە و گەڕانە بەردەوامەکانی و لە هەمان کاتدا گەڕانەوە بۆ ئەوانەی بەر لە خۆی، لەوانەوە هاملێت دەگەیەنێتە پرۆژەیەکی ئەزموونگەری وەک (کێ لەوێیە) و لە هەمان کاتدا دەستپێکی تری گەڕان و قووڵبوونەوە.

(یەکێک لە کلیلی گفتوگۆکانی هاملێت، لە نێوان ستانیسلاڤسکی، وەک داهێنەرێکی گرینگی شانۆیەکی ڕیالیزم — سایکۆلۆژی و گۆردن گریگدا دەبێت. گۆردن گریگ، سەبارەت بە شانۆ زیاتر دیدێکی پێچەوانە و تێڕوانینێکی جیاوازی هەبووە.)<٣٢>

تێکڕای پرۆژەکەش وەک لابورێکی شانۆیی (تیۆر و پراکتیک) شانبەشانی یەکتری لە پرۆسەیەکی پێکداچووی هاوکاردا پێکەوە ڕێ دەکەن، بۆ نموونە ئەکتەرەکان و تێکڕای گروپ و بەشدارانی ئەو ئەزموونە، لەسەر ئاستێکی بەرز، گفتوگۆیان لەسەر ئەو پرسانە کردووە، کە لە دەوری هونەری شانۆدا دەخولێتەوە. (شانۆ چۆن دەتوانێت بەرجەستەی شتە نەبینراو و ناتەباکان بکات، چۆن بتوانێت بە شێوەیەکی فیزیکی حاڵەتێکی ڕۆحی بەرجەستە بکرێت؟ یان لەسەر ئاستێکی فراوانتر، شانۆ بە چ شێوەیەک ڕووبەڕووی ژیان و مەرگ دەبێتەوە.)<٣٣>

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش هەموو تیۆرییە جیاوازەکانی شانۆ، لە لای ئەو کەڵە ڕیژیسۆرانەی ئاماژەمان بۆ کردن، بە

شێوەیەکی کردەیی، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەڵبژاردن و کارکردنی بەشەکانی هاملێتەوە تاقی کراونەتەوە.

(هاملێت باسی ڕاستییەکانی مەرگ دەکات، لە هەمان کاتدا پۆلۆنیۆس بە پەردەیەکی دەستییەوە دێتە ژوورەوە و لە ڕوانگەی چەمکەکانی شانۆی ژاپۆنی و چینییەوە، بە شێوەیەکی فیزیکی شێوازی جۆراوجۆری مەرگمان بۆ بەرجەستە دەکات. ئەم بە شانۆکردنەی مەرگیش، هەمان ئەکتەر لە دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکەدا لە ڕوانگەی کەللەسەری "یوریک"ەوە وێنەیەکی تری مەرگمان پیشان دەدات.)<٣٤>

لە کۆتاییشدا، دوای چەندین مانگ لە مەشق و لێکۆڵینەوە و شەونخونی، کورتکراوەیەکی "هاملێت" بە ناوی Qui est laەوە، وەک بەرئەنجامێکی ئەو گەشتە چڕە ئەزموونگەرییەی پێشکەش کردووە. (لەو پانتاییە بۆشەدا، تەنها سێ کورسی، هەندێک پەردە، مۆسیقاژەنێکی ئێرانی "مەحموود تەبرێزی زادە" و حەوت ئەکتەری بیانی بەشدارییان کردووە.)

پرۆژەی Quiestla (کێ لەوێیە؟) بە بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگر و پسپۆڕ و مێژوونووسانی شانۆ، بووەتە هەنگاوێکی گرینگ و بناغەیەکی جیاواز بۆ ئایندەی شانۆ، بۆ خوێندنەوەی شەکسپیر و دید و پرۆژەکانی تری بروک. بەم شێوەیە بروک سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی تر مێژووی شانۆی هاوچەرخی تۆمارکردووەتەوە.<٣٥>

## تراژیدیای هاملێت/ ٢٠٠٠



دیمەنی پێشکەشکردنی گروپی شانۆییەکە لە کۆشکی پادشادا هاملێت ، ساڵی ٢٠٠٠، شانۆی بۆف دی نورد

بروک و گروپە نێونەتەوەییەکەی دوای پێنج ساڵ بەسەر پرۆژەی Quiestla، لە ساڵی ٢٠٠٠دا سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە سەر جەستەی هاملێت، بەڵام ئەمجارەیان سنووری پرۆژەکە تەنها چەند دیمەنێک لە شانۆنامەی هاملێت لەخۆ ناگرێت، بەڵکو هەموو شانۆنامەکە دەگرێتەوە، بە مەبەستی تێگەیشتنێکی نوێ و خوڵقاندنی فۆرمێک و دونیابینییەکی تری شانۆیی.

بروک له ساڵی٢٠٠٠دا شانۆنامەی هاملێت، وەکو شانۆنامەیەکی فیکریی قووڵ، ئامادە دەکات. لەو ئامادەکردنەدا هەندێک لە دیمەنەکانی لابردوون و سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تر دایڕشتوونەتەوە. بۆ نموونە، دیمەن و دیالۆگی (ببیت یان نەبیت)ی هێناوەتە پێشەوە، بەمەش تێڕامان و پرسیارەکانی هاملێت دەستپێکی تر و هێز و پانتاییەکی جیاوازتر دەبەخشێتە سەرتاپا و سەرەتای نەمایشەکە.

دیمەنی کۆتایی، کە لەشکرێکی نەرویژی بە سەرکردایەتیی (ڤۆرندن براس) هێرش دەکەنە سەر دانیمارک، بە تەواوەتی لابراوە. بروک لەبری ئەوە، بە خوێندنەوەیەکی سەراپاگیرەوە، سەرەتا و کۆتایی شانۆییەکە پێکەوە دەبەستێتەوە، لە کۆتایی چرکەساتەکانی نەمایشەکەدا، هۆراشیۆ، بە تەنیشت لاشەکانی: هاملێت، لایەرتس، پادشا و شاژنەوە، بە شێوەیەکی نائارام و پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترسێکی تۆقێنەر، دەڕوانێتە هۆڵی بینەران و دەڵێت (کێ لەوێیە؟) بەم شێوەیە هۆراشیۆ کۆتایی بە نەمایشەکە دەهێنێت.

نەمایشەکە لە سەرەتادا هەر بە هەمان پرسیار لەلایەن هۆراشیۆوە دەست پێ دەکات. بروک تێکڕای سترکتوری نەمایشەکەی لەسەر ئەم پرسیارە ترسێنەرە (کێ لەوێیە؟) دادەڕێژێت. ئەم پرسیارەش، کە یەکەم دێڕی شانۆنامەی هاملێتە، دەبێتە دەروازەیەکی فیکری و فەلسەفی بۆ وەڵامدانەوە و داڕشتنەوەیەکی سەرلەنوێی بونیادی شانۆنامەکە.

بێرناردۆ: کێ لەوێیە؟

فرانسیسکۆ: نەخێر، بوەستە، تۆ وەڵام بدەرەوە و خۆت ئاشکرا بکە.

بێرناردۆ: بژی شا.

فرانسیسکۆ: بێرناردۆ، خۆتیت؟

بێرناردۆ: دەق خۆیەتی.

فرانسیسکۆ: لە کات و ساتی خۆت هاتیت.

**شانۆنامەی هاملێت، پەردەی یەکەم، دیمەنی یەکەم**

## کێ لەوێیە؟

"کێ لەوێیە؟" پرسیارێکە، کە لەم پرۆژەیەی بروکدا دەبێتە تەوەرێکی گەورە و وەژوورکەوتنێکی فراوان لە دەروازەی یەکێک لە تراجیدیا گەورەکانی شەکسپیرەوە. ئەو پرسیارە لەسەر چەندین ئاستی جیاواز، کۆمەڵێ دیدی فەلسەفی، ئازارەکانی مرۆڤایەتی و مەرگەساتێکی ئەندێشەئاسا دەخوڵقێنێت.

ڕستەی "کێ لەوێیە؟" Who's there? دەبێتە سترکتوری دەسەڵاتی پادشا و دامودەزگاکەی بۆ خوڵقاندنی ئەو ترسە، کە لە دەرەوەی بازنەکانی دەسەڵاتی خۆیدا دروستی دەکات و جووڵە و هەڵسوکەوت و ئازادیی تاک و کۆمەڵی پێ کۆنترۆڵ و سنووردار دەکات.

ئەمجارە بروک، هاملێت وەک پاڵەوانێکی گشتگر و مرۆڤایەتی، دەکاتە بنەمایەکی تری گەردوونی بۆ زیاتر نزیکبوونەوە و ناسینی دەروونی مرۆڤ و خوێندنەوەی ئەندێشەکانی. لەم تراجیدیایەدا

سنوورەکانی (کات و شوێن) لە تێکهەڵکێشانێکی هونەریدا، لە خوێندنەوەیەکی هزری و لە ڕاڤەی ئەو جیهانە گەورەیەدا بە تەواوی بزر دەبێت، هیچ سنوورێک، هیچ پێوانە و چوارچێوەیەک بوونیان نامێنێت، بەو شێوەیە جیهانێک بنیادنراوە بە هیچ شێوەیەک نەخزێنراوەتە ناو سنوورەکانی کات، وڵات، یان سیستمێکی تایبەتییەوە، بەڵکو خودی تێکستەکە، بەکارهێنانی زمان، ڕیتم، جەستەی ئەکتەرەکان و ئەو پێگەیشتنە ڕاستەوخۆ و زیندووە لەگەڵ بینەراندا، پانتاییەکی دەوڵەمەند بۆ تێگەیشتنێکی جیاواز لەگەڵ بینەراندا دەخوڵقێنێت.

ئەم تێگەییشتنە جیاوازەش دەبێتە بنەمای توخمێکی گرینگی بەردەوامبوون و جیهانێکی بزۆز لە پانتایی ئاراستە جیاوازەکاندا. تراجیدیای هاملێت مەرگەساتی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە، سەردەمی دابڕان، لەبیرکردن، شەڕ، دیکتاتۆرە نوێکان، پێشێلکردنی هەست و سۆزی (خود) وەک تاکێکی ئازاد و سەربەخۆ. هەر لەم دەروازانەوە ئەو پرسیارە (کێ لەوێیە؟) کە بروک بە خەستی کاری لەسەر کردووە، بۆ گەنجێکی تاک و تەنیا دەبێتە سەرەتای تەنگژەیەکی دەروونی، ئاکاری، فەلسەفی، لێک تێگەیشتن و توانای پەیوەندیکردن و پەیوەندی نەکردنەوە بە دەوروبەر و کەسانی ترەوە. دەستەواژەی (کێ لەوێیە؟) جۆرە تەحەددایەکیشە بۆ هاملێت، بەتایبەتی بۆ ئەو هێزە نادیارانەی، کە دەیانەوێت یاری بە چارەنووسی هاملێت بکەن. (کێ لەوێیە؟) دەنگدانەوەی ئامادەبوونی هاملێتە لە ڕووبەرووبوونەوە، زیاتر لەوەی ڕەنگدانەوەی بەردەوامبوونی دڵەڕاوکێکە بێت!

(هاملێت کێیە؟ ئەو مرۆڤانە کێن کە ڕووبەڕووی کەسایەتیی هاملێت دەبنەوە؟ هەوڵدان بۆ بەستنەوەی ئەم پرسیارانەش بە قەیرانە دەروونی، کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەوە، هەوڵێکی گرینگە. ئەگەر پیتەر بروک لە پرۆژەی Qui est la واتە "کێ لەوێیە؟" لە پرسیارە هەمەلایەنەکانی شانۆی کۆڵیبێتەوە، بۆ نموونە: شانۆ چییە؟ هونەری شانۆ چ تایبەتمەندی و پێداویستییەکی دەربڕینی هەیە؟ بە تایبەتیش لە دیدە فەلسەفییەکەی هونەری شانۆدا، ئەوا لەم دوا پرۆژەیەیدا هەنگاوێک زیاتر لە مرۆڤایەتی نزیکتر بووەتەوە.)<٣٦>

لەم نەمایشەدا پەیامی هاملێت پەیامی مرۆڤە بریندار و نەسرەوتەکانە، ئەو مرۆڤانەی کە تەنیایی، بێزاری و گێژاوی بیرچوونەوە و پرسیارە جیاواز و بێ وەڵامەکانی، هەموو ڕێگەکانی لێ گرتوون. بروک سەبارەت بە هاملێت دەڵێت (دەکرێت تراجیدیای هاملێت هەمیشە وەک جیهانێکی نهێنی و شاراوە بدۆزرێتەوە و ژیانی بە بەردا بکرێتەوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە دەتوانین لە هاملێتدا بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین.)<٣٧>

ئەو ڕاستییانەی دەبنە وێنەیەکی ڕاستەوخۆی ڕاڤە و سترکتوری ڕژێم، دەسەڵات، پەیوەندییە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و سیستمە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. بە مۆدێرنەکردن و نوێگەریش لەم نەمایشەدا لە لای بروک سەرلەنوێ دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی شتە ڕابردووەکانە، بەڵام لە ئێستا و لەم ساتەوەختەدا، لە چاوترووکانی کاتی بەرجەستە و ئەفراندن لەگەڵ ئەکتەرەکاندا، ئەمەش هەنگاوە گرینگەکەی بروکە لە گومانەوە بۆ باوەڕ، لە پشکنینەوە بۆ دۆزینەوە، لە داڕمانەوە بۆ بنیادنانەوە و بەرجەستەکردن.

## دەسەڵاتی تارمایی

"تارمایی" لە دەستپێکی نەمایشەکەدا وەک بوونێکی ماددیی بینراو دەردەکەوێت و هێزێکی گەورە دەبەخشێتە هاملێت و چەقی ڕووداوەکان. دەرکەوتنی تارماییەکە، ڕووداوەکان لە پەراوێزێکی نادیارەوە دەگەیەنێتە ناوەندێکی نەسرەوت و نائارام. لەم ڕووەوە کارەکتەری (تارماییەکە) بوونی ڕۆحێکی بریندار بەرجەستە دەکات و پرسیارە ئەزەلییەکانی بوون و نەبوون دەوروژێنێت.

هەر لە دەستپێکی نەمایشەکەوە، لە سەرەتاکانی تەنگژە دەروونییەکانی هاملێتەوە، تارماییەکە بە توانایەکی ئەفسووناوی و لە دیدێکی میتافیزیکییەوە دەتوانێت پەیوەندییە نادیار و بزرەکانی نێوان شتەکان ببینێت. بەڵام ئایا ئەو (تارمایی)یە بوونی ڕاستەقینەی ماتریاڵی و جەستەیەکی واقیعیی بینراوە؟ یان تەنها ئەندێشە و هێزێکی نادیاری تۆڵەسەندنەوەیە؟

هەرزەکارێک تووشی غەمێکی گەورە و تەنیاییەکی کوشندە و ئەندێشەئاسای تا مردن بووە. لەم گەردوونە شێواو و تونێلە تاریکە ترسناکەدا، تارماییەک بە هەموو مەوداکانییەوە دەردەکەوێت. (تارماییەک لەو بارودۆخە نادیارەدا، پەنجەی دەستی ڕاستی بەرزدەکاتەوە، هەر بەو پەنجەیەش ئاماژەیەک بۆ هاملێت دەکات. بروک لە دارشتەی ئەم وێنەیەوە بە ئاشکرا بەرجەستەی تابلۆ بەناوبانگەکەی مایکل ئەنجێلۆ "ئادەم" دەکات.<٣٨>

لەم تابلۆیەدا خواوەند دەست بە ڕووی (ئادەم)دا بەرزدەکاتەوە، بە شێوەیەک کە پەنجەکانی هەروەک ئاماژەکردنێک

لەیەک ترازاوە. خواوەند لە ڕوانگەی ئەم ئاماژەیەوە وزەی خۆی دەبەخشێت بە ئادەم و گیانی بە بەردا دەکات.<٣٩>

"مایکل ئەنجێلۆ" لەم تابلۆیەدا وێنەیەکی پیرۆزی لەدایک بوون و خولْقاندنمان بۆ دەکێشێت. هاملێت بە چەشنی "ئادەم" دەستەکانی تارماییەکە دەگرێت و لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی فیزیکی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خێرادا، دەچێتە ئامێزییەوە، بەمەش لە چاوترووکاندنێکدا، هاملێت دەچێتە ئامێزی مەرگەوە. هاملێت کە دەچێتە باوەشی تارماییەکەوە، خۆی لە هەموو دڵەڕاوکێک یەکلا دەکاتەوە، ئەوەشمان پێ ڕادەگەیەنێت پەیامەکەی باوکی کە تۆڵەسەندنەوەیە، جێبەجێ دەکات. هاملێت ڕۆحی باوکی "تارماییەکە" بەو باوەشە ئاسودە دەکات. ئەمەش ئەو هاملێتە مۆدێرنەیە، کە بروک دەیەوێت پێشکەشمان بکات.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەش گەشتێکی تیژڕەوە بە جیهانی نهێنییەکاندا، بە جیهانی تارمایی و ترسی مەرگدا. هاملێت هەر لە سەرەتاوە، وەک منداڵێکی هۆشیار ڕاسپاردەی ئەوە وەردەگرێت، کە تۆڵەی باوکی بسەنێتەوە، لەم ڕاسپاردەیەشدا چەمکی تۆڵەسەندنەوە دەبێتە بەشێک لە فەلسەفەی " بوون" و کۆمەڵێ پرسیاری ئاڵۆز و گرینگ دەخولْقێنێت، یان بە واتایەکی تر هاملێت لەو گێژاوەدا، ئەو ڕاسپاردەیە ئاوێتەی پرسیارەکانی (بوون و نەبوون) دەکات، لە خۆی و دەوروبەرەکەی دەڕوانێت، هەر لێرەشەوە پرۆسە و پرسیارکردن لە مەسەلەی (بوون و نەبوون، ئەوە پرسیارەکەیە) دەست پێ دەکات، هاملێت بەر لە هەر شتێکیش ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی تەنیایی خودی خۆی دەکاتەوە.

دەرکەوتنی تارماییەکە پرسیارێکی ڕاستەوخۆ لە ناوەندە چڕ و دژوارەکەی شانۆنامەکەدا دەوروژێنێت: ئەم تارماییە شتێکی ڕاستەقینەیە، یان تەنها وەهمێکی پێویستە بۆ کردارەکانی هاملێت.

سەرەتا لە پەراوێزەوە تارماییەک دەردەکەوێت، هاملێت وەک گەنجێکی هەرزەکار تەنها لە دڵەڕاوکە و بیرەوەرییەکی بە پەرۆشی باوکیدایە. هاملێت لەم بارودۆخە گرانەدا ڕووبەڕووی ئەو تارماییە دەبێتەوە، هەربۆیە بروک ڕێگە بە هاملێت دەدات تا لەو چرکەساتەدا باوەش بە تارماییەکەدا بکات و بچێتە ئامێزییەوە. لەم ساتەوەختەدا، تارماییەکە، وەکو بوونەوەرێکی ڕاستەقینە، لە پەراوێزەوە دەگوێزرێتەوە بۆ چەق، لە ئەندێشەوە بۆ واقیعێکی بینراو و لە گومانەوە بۆ باوەڕ. دەسەڵات و وزەیەکی گەورەش بە کەسایەتیی هاملێت دەبەخشێت.

لێرەدا تارماییەکە لە ئامادەبوونێکی بەهێزدایە، هێدی هێدی لە پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژدا لە هیچەوە، لە قووڵاییەکانی تاریکییەوە دەردەکەوێت (هەمان ئەکتەری ئەفەریقی، دواتر ڕۆڵی پادشاش "کلۆدیۆس" دەبینێت) لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو تارماییە ڕەشەدا (هۆراشیۆ) لە دۆخێکی نائاسایی پڕ لە ترس و شڵەژاویدا هاوار دەکات: کێ لەوێیە؟

هەر لێرەوە گەشتەکەی بروک و هاملێت دەست پێ دەکات: گەشتی گومان و لەدەستدانی باوەڕ و بوون و نەبوون. بروک لەم دەروازەیەوە "هاملێت"ێکمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە هەر لە سەرەتاوە، لە ناخەوە بڕیاری داوە ڕووبەڕووی دڵەڕاوکێکەی ببێتەوە و لە پانتاییەکی فراوانترەوە ڕووبەڕووی جیهانی ناوەوە و

کێشەکانی (خود) ببێتەوە، وەکو دەرگایەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دونیای دەرەوە.

لە کۆتایی نەمایشەکەدا سەرلەنوێ بە هەمان شێوەی دەستپێکی نەمایشەکە، هەر کارەکتەری (هۆراشیۆ)- تەنها کەس و هاوڕێی نزیکی هاملێت - دووبارە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ترسناکەمان دەکاتەوە؛ لە دیمەنی کۆتایی شانۆنامەکەدا، هۆراشیۆ لەو دۆخە نائارامەدا، لەناو جەستە مردووەکانی: هاملێت، شاژن، لایەرتس و پادشادا، ڕوودەکاتەوە بینەران و هاواردەکات: کێ لەوێیە؟ وەک ئەوەی کەسێک بە نهێنی چاودێرییان بکات. ئەمەش هێماگەلێکە بۆ ئەو جوولە دیالێکتیکییە، بۆ بەردەوامبوونی ئەو ترسە، نائارامی و بۆ سەرلەنوێ دووبارەبوونەوەی تراجیدیاکانە.

دوای ئەوەی هەموو کارەکتەرە مردووەکان، تەنانەت ئەوانەی لەوەبەریش مردبوون، وەکو (پۆلۆنیۆس و ئۆفیلیا) سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە، پرسیارەکانی بوون و نەبوونیش لەو جیهانە ئاڵۆز و پڕ لە خوێنەدا، هەرگیز وەڵامەکانیان نادرێتەوە.

(هاملێت)ی ساڵی ٢٠٠٠ تەقەلایەکە بۆ لێکۆڵینەوەی پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤ: ئێمەی مرۆڤ لە ژیانماندا ڕووبەڕووی کێ دەبینەوە؟ چارەنووسمان بە چ ئاراستەیەکدا گوزەر دەکات؟ ئەی ئەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ و لە کارەکتەری هاملێتدا ڕووبەڕووی کێ دەبنەوە؟ چۆن بەرجەستەکردنی ڕۆڵێک، کارەکتەر و شێوازەکانی، فۆرمی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانیتردا وەردەگرێت؟



هاملێت ، ساڵی ٢٠٠٠

شانۆی بۆف دی نورد

بروک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و سەرەتای ئەم گەشتەی لەگەڵ ئەکتەرە نێونەتەوەییەکانی دەڵێت (لەبیر خۆتانی بەرنەوە، کە ئەمە شەکسپیرە، کە ئەمە شانۆنامەیەکە و نووسەرێک نووسیویەتی، لە دەستپێکی نوێوە دەست پێ بکەن، تەنها بیر لەوە بکەنەوە ئێوە وەک ئەکتەر، بەرپرسیاریتان ئەوەیە هەستی مرۆڤایەتی لە نێو جیهان و لە ژیاندا زیندوو بکەنەوە. وا هەست بکەن هاملێت لە ڕاستیدا ژیاوە، وا هەست بکەن کەسێک بە نهێنی شوێن هاملێت کەوتووە و وشەکانی، وتووێژ و هەڵسوکەوتی تۆمارکردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بەرجەستەی ئەو کارەکتەرە بە شێوەیەکی زیندوو بکرێت. وا بیرمەکەنەوە هاملێت کەسێکی ئەندێشەئامێزە و لە دووتوێی کتێبێکدا نووسراوەتەوە.)<٤٠>

بروک ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە هەموو وشە و ڕستەیەک لە هاملێتدا یارمەتیی ئێمە دەدات و بەهایەکی گەورەی هەیە لە ڕاڤە، لە داڕشتن و لە خوێندنەوەی ئەو مێشکە بەهێزەدا، بەهەمان شێوە مێشکێکی ئەندێشەئاسای پڕ لە وزەش بەرجەستەی ئەو کەسایەتییە دەکات، ڕووە جیاوازەکانی دەردەخات و نهێنییەکانی ئاشکرا دەکات. هاملێتێکی کەللەڕەق، توندوتیژ، بەسۆز، دێوانە و بلیمەت: لەم ڕووەوە دەبێت ئەکتەری هاملێت، جەستە و کردار، وەک کەسێکی یاخی و شۆڕشگێڕ، وەک منداڵێکی گیرۆدەی کۆمەڵێک گیروگرفتی ئاڵۆز دەستەبەر بکات. لەم پانتاییە نائاساییەدا ئەو منداڵە هەرزەکارە تەنها بە دوای ڕاستییەکاندا وێڵە، ڕووداو و هەڵوێستەکانیشی ناچاریان کردووە ڕووبەڕووی ئەو مەرگەساتە، ئەو ژان و ئازارە ببێتەوە. هاملێت دەزانێت، کە بیر و

هەست و هۆش و جەستە ناکرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە. بەڵام لەوەش گەیشتووە، هەندێک جار دەبێت خۆی وا پێشان بدات، کە بیر و هەست و هۆشی بە تەواوی لە جەستەی جیابووەتەوە.

لەم تەنیایی و بارە دەروونییە ئاڵۆزەدا، تارمایییەک دەبێتە تەنها دالّدە و هاوڕێ و کەسێکی نزیک و دڵنەوایی ئەو دەروونە پڕ لە ژان و ئازارە دەکات. پادشای تارمایی کۆرپە بێنازەکەی دەگرێتە ئامێز و دەیلاوێنێتەوە، ئەم پەیوەندییە فیزیکییەی تارمایییەکە بە هاملێت-ەوە، دووپاتکردنەوەیەکی ڕۆحی ئەو دابڕان و مردن و پەیوەندییە ئەبەدییەیە.

بروک بەم ئاماژەیە گەرەکییەتی بێلانەی، هەستکردن بە تەنیایی و دڵەڕاوکەی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارەمان بۆ دەستەبەر بکات. دەستەبەرکردنی ئەم چەمکە مرۆڤانەیەش لەم ئەزموونەدا و بەم شێوەیە، دەبێتە دووپاتکردنەوەیەکی ئەو جەنگەڵستانەی، کە مرۆڤی تێدا دەژی. هەروەها تارمایییەکە لە لایەکی تریشەوە دەبێتە دووپاتکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی پێناسی ئەو کەسایەتییەش، دەبێتە دەروازەیەکی گرینگی سەلماندنی ئەو خود و جەستە بریندارە. هاملێت بۆ یەکەم جار لە بوونی تارمایییەکەوە هەست بە بوونی خۆی، بە بوونی کێشەکان و دەوروبەرەکەی دەکات، تارمایییەکە وەک دەسەڵاتێکی بەهێز، هاملێت دەوروژێنێت و ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە تەنیا لەو دووڕێیان و جەنگەڵستانەدا، بە بێ یارمەتی بەجێدەهێڵێت.

هەر لە بنەما سەرەتاییەکانی ئەم پرسیارانەوە، کارەکتەری هاملێت دەکەوێتە گێژاوێکی قووڵی بەرپرسیاریەتی و ڕووبەڕووبوونەوەوە، بەهەمان شێوە، ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی

هاملێت یاری دەکات، جگە لە ئەکتەرەکانی تر، ڕووبەڕووی ئێمەش دەبێتەوە و بە ڕاشکاوی دەڵێت: (ئەمە منم، شازادەی دانیمارک، ڕووبەڕووی تارماییەک دەبمەوە، ئەو تارماییە وەک بوونێکی ڕاستەقینە پەیامێکم پێ ڕادەگەیەنێت. هەموو ئەم شتانەی کە لەم کۆشکەدا هەن بە ڕووپۆشێکی قێزەون داپۆشراون. هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە لەم کۆشکەدا ڕوودەدەن مۆرکێکی دێوەزمەئاسا و دەستێکی ناپاکیان پێوەیە. مامم باوکمی کوشتووە تا بەو شێوەیە دەست بەسەر دەسەڵاتی کۆشک و پادشایەتیدا بگرێت، شاژنی دایکیشم بۆ خۆی زەوت بکات. بەمەش هەموو شتەکانی ئەو تۆڕی ناپاکییە کۆتاییان پێ دێت، بەڵام لەم گێژاوەدا پرسیارەکە ئەوەیە، کە من کێم؟ لە کێ دڵنیابم و بڕوا بە کێ بکەم؟)<٤١>

هەر لەم گێژاوەشدا بروک پرسیارە ئەزەلییەکان و گەلێک چەمک و پرسی تری فیکری دەوروژێنێت، بەڵام هاملێت هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی پێ نییە، جگە لەوەی بە شێوەیەکی زیرەکانە بەردەوامی ببەخشێتە گەمەکە: گەمەی (شێتێتی) گەمەی مەرگ و ژیان، گەمەی بوون و نەبوون. لەم گەمەیەدا هاملێت بۆ هەر دیمەنێک ستراتیژییەتێکی تایبەتی خۆی هەیە؛ تا بزانێت خودی خۆی، لەسەر هەموو ئاستەکان، چۆن چۆنی لەم تەنگەژە و قەیرانەدا ڕەفتار دەکات، چۆن بتوانێت ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە. تا بتوانێت بەو شێوەیەش پەردە لە ڕووی کارەکتەرەکانی تر هەڵماڵێت، تا بزانێت ئەو کەسایەتییانەش کێن، کە لە پشت دەمامکەکانیانەوە خۆیان حەشارداوە.

هاملێت لەم گەمە ستراتیژییەدا بۆ هەر یەکێک لەو کەسایەتییانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، شێوازێکی تایبەتی لە

هەڵسوکەوت و زمانی جەستە بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە لەگەڵ (پۆلۆنیۆس)دا بە تەواوی خۆی وەک دێوانە پیشان دەدات، لەگەڵ (گێرترۆد)ی شاژن (دایکی) بەرلەوەی بیبینێت مەشقی شانۆیی (جومگە و ئەندامەکانی جەستە) دەکات، خۆئامادەکردنێک وەک هەر ئەکتەرێک بەر لە چوونە سەر شانۆ، کە ڕووبەڕووی دایکیشی دەبێتەوە، دەبێتە کەسێکی گاڵتەجاڕ، وەک لێپووکێک بە گیانێکی پڕ لە گاڵتەوگەپەوە لەگەڵ شاژنی دایکی دەدوێت.

پلانی هاملێت لەم مامەڵەیەی دایکی بەر لە هەر هەنگاوێک ئەوەیە، کە بزانێت گێرترۆد-ی دایکی تا چەند لەگەڵ مامی (کلۆدیۆس) پادشای ئێستا دەستی لە کوشتنی باوکیدا هەبووە، ئەمە جگە لەوەی هاملێت دەیەوێت لەو بارودۆخەدا دایکی دوور لە ڕۆڵی شاژنەوە، وەک ئافرەتێکی ئاسایی، سەبارەت بە هەست و سۆزی دایکایەتی تاقیی بکاتەوە و بە وردی هەڵی بسەنگێنێت.

بۆ هاملێت زۆر گرینگە بزانێت شاژنی کۆشک وەک دایکێک هەستی دایکایەتی، سۆز و خۆشەویستی بۆ کوڕەکەی لە چ ئاستێکدایە.

هاملێت لەو ستراتیژییەدا تەنها کارەکتەرەکانی تر تاقی ناکاتەوە، بەڵکو بە پێی لۆژیکێکی دیاریکراوەوە خۆشی دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەیەکی پڕ لە ڕامانەوە. هاملێت کە تەنها خۆی لەسەر شانۆیە، وشە و ڕستەکانی بە وردی هەڵدەسەنگێنێت، لێیان ورد دەبێتەوە و تاقییان دەکاتەوە، تا بزانێت لە لای خۆی چ جۆرە وشە و ڕستەیەک پەسەندە، چی لە دڵییەوە دێتە دەرەوە و هەڵسوکەوتەکانی لە چ ئاستێکی تەرازوئاسایەکدان و ئەگەری کاردانەوەکان چۆن دەبن.

لەم ڕووەوە هاملێت هۆشیارانە ڕۆڵی خۆی بەرجەستە دەکات. هەر لەو دیدە هۆشیارانەیەشەوە ڕووبەڕووی خودی خۆی و ڕۆڵەکەی دەبێتەوە و شێوازێکی گەمەئاساشی پێ دەبەخشێت. گەمەی هاملێت گەمەی وروژانی (ئەوانیترە) تا بەو هۆیەوە پێناسەی بوونی خۆیشی بخاتە ژێر پرسیار و تاقی کردنەوەوە، وروژاندنی ئەوانی تریش دەبێت بە وروژانی کێشە خودی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی ناو کۆشک و دەسەڵات.

لەم نەمایشەدا بروک هاملێت دەخاتە خانەی بینەرانەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هاملێت پێکەوە لەگەڵ بینەراندا پەردە لە ڕووی گەندەڵی و تاوانەکانی کۆشک هەڵدەماڵن: بۆ نموونە بروک لە دیمەنی گەیشتنی تیپە شانۆییە گەڕۆکەکەدا بۆ کۆشکی پادشا، ڕاستەوخۆ ئەم مەسەلەیە دووپات دەکاتەوە، هاتنی ئەو ئەکتەرە شانۆییانە، بۆ هاملێت دەبێتە ئامرازێکی گرینگی تاقیکردنەوە و ئاشکراکردنی تاوانەکانی پادشا.

بروک ئەم دیمەنە لە پانتاییەکی تەسک و دیاریکراوی چۆڵدا بەرجەستە دەکات، هاملێت لە هەمان کاتدا دەبێتە بینەر و یەکێک لە ئەندامەکانی گروپە گەڕۆکە شانۆییەکەش، هەر خۆی پەردەش لە ڕووی دڕندەیی (مامی) هەڵدەماڵێت. (دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە)

هاملێت و بینەران باش دەزانن پادشا، شاژن و پۆلۆنیۆس پێکەوە لە هەوڵی ئەوەدان، کە بە هەموو شێوەیەک دەستکەوتەکانیان، دەسەڵات و پەیوەندییەکانیان بپارێزن، بەڵام هاملێت خۆیشی وەک پێشتر ئاماژەم پێ داوە، لەو گێژاوەیدا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابووریی پێ نییە. بەمەش

قەیرانەکە لە سنووریکی داخراودا دەمێنێتەوە و زیاتریش ئالۆز دەبێت. هاملێت ناتوانێت لەو قاوغە تەسک و خودییەی خۆی بێتە دەرەوە. بەڵام هاملێت دەتوانێت جیهانی شانۆ بۆ بینەران دووپات بکاتەوە، کە بە چ شێوەیەک شانۆ دەتوانێت سترکتوری دەسەڵات و هێزی پادشایەتی بلەقێنێت، یارمەتیی خود و پێداویستییەکانی دەدات. هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە، کە بەر لە هەموو شتێک؛ پێویستە مرۆڤ خۆی بتوانێت سەرپێچی لە هەموو یاسا و شتە دیار و نادیارەکان بکات، تەنانەت بتوانێت سەرپێچی لەو بنەمایانەش بکات، کە خۆی لە سەریان وەستاوە.

## جەستەی هاملێت

هاملێت لە جەستەی خۆیەوە دەست پێ دەکات، جەستەی خۆی دەبێتە سەرەتای پرسیارەکان و ئامرازێکی گرینگی پەیوەندیکردن، لێکۆڵینەوە، ڕامان و لێوردبوونەوە.

بروک، بۆ ئەم مەبەستە و جەختکردن لە مەسەلەی جەستە، هاملێت لە یەکێک لە دیمەنەکانی سەرەتادا بە ڕووتی لە نێوەندی شانۆکەدا دەدانێت: هاملێت ڕووبەڕووی جەستەی خۆی دەبێتەوە، لە جەستە ماندووەکەی، لە مەچەک و لە دەستەکانی دەڕوانێت، قۆڵ و باڵی هێدی هێدی بەرزدەکاتەوە، هەروەک نهێنییەکی گەورە و گرینگی دۆزیبێتەوە و بەتێڕامانەوە سەیرێکی لەش و سنگە ڕووتەکەی خۆی دەکات. دوای ئەوە لە حاڵەتێکی فرە ڕەهەندا، زۆر لەسەرخۆ دەکەوێتە قسەکردن، هەر لەم ساتەوەختەدا توێژینەوەی جەستە و ئەندامەکانی لەشی دەبێتە دیمەنێکی بە

بەهای ئەو گەشتە، چاوی بینەرانیش وەک کامێرایەکی سینەمایی، لەگەڵ جووڵەی جەستە، قۆڵ و باڵ و چاوەکانی هاملێتدا دەڕوات.

ئەم دیمەنە دووپاتکردنەوەیەکی ئەو جەستە و ڕۆحە نائارامەیە، کە لەگەڵ خودی کەسایەتیی هاملێتدا، لەگەڵ دڵێکی بریندار و گیانێکی نەسرەوتدا گەشە دەکات، هەڵدەچێت و لە سەرەنجام لە بێدەنگییەکی هەتاهەتاییدا سەقامگیر دەبێت. تێکڕای دیمەنەکەش دەبێتە هەناسەیەکی بەرجەستەکراوی جەستەی ئەکتەرێکی بەتوانا. ئەم ئەکتەرە (ئەدریان لێستەر) Adrian Lester لە ڕۆڵی هاملێتدا، لەو چرکەساتەدا، لە چاوتروکانێکدا، کەسایەتییەکە (هاملێت) ڕووتدەکاتەوە، وەک خۆی پێمان دەناسێنێت، لەم پێناسەیەدا خودی هاملێت و کێشە ئاڵۆزەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو؛ سیماکانی مرۆڤی هاوچەرخ، دەسەڵات، ڕژێم، دەورووبەر و دیدێکی گشتگری گرفتە هەمەلایەنەکانمان بۆ بەرجەستە دەکات.

بروک سەبارەت بەم دیمەنە زۆر قسەی کردووە، بەڵام بەردەوام ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (ئەوەی لە لای شەکسپیر جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە هونەری نووسین حاڵەتێکی ورد و ناسک و شاراوەیە. هەست و سۆز و سیما و کارەکتەرەکانی لەم چرکەساتەوە بۆ ئەویتریان دەگۆڕدرێن. لەوانەیە لە هەندێک بارودۆخدا هیچ بەهایەکیان نەبێت، بەڵام لەویتریاندا هێز و بەهایەکی گەورە دەبەخشن بە کارەکتەرەکە. ئەو ئەکتەرانەی کە ئەم ڕۆڵانەش بەرجەستە دەکەن و گیانیان دەکەن بە بەردا، دەبێت لە هەمان ئاستدا بن: ڕاستەوخۆ لە وشە و دیمەنێکی بەهێزی تراجیدییەوە بپەڕنەوە و بڕۆن بۆ وشە و دیمەنێکی بێمانا و ساکار.)<٤٢>

"ئەدریان لێستەر" بەم توانایەوە ڕووبەڕووی ڕۆڵی کارەکتەری هاملێت دەبێتەوە، لە بارێکەوە دەگۆڕێت بۆ بارێکی تر و لە چرکەساتێکی تراجیدی و نائومێدی و تووڕەبوونەوە، بە ئاسانی دەچێتە سەر بارودۆخێکی تری ئاسان و دیمەنێکی کۆمیدی و ڕامانێکی خێرا.

لەم دیمەنەدا فۆرم و ناوەڕۆک پێکەوە شی دەکرێنەوە، دەبەسترێنەوە و ئاوێزانی یەکتری دەبن، هەندێک جاریش هەریەکە و بە جیا دەردەکەون، هەر لە بنەماکانی ئەم دیمەنەوە، لە دیدی خوێندنەوە و چۆنیەتیی بەرجەستەکردنی کارەکتەری هاملێت لە لای ئەو ئەکتەرە ڕەشپێستە، دەبێتە بنیادنانێکی هۆشمەندانەی گەڕان بە دوای شوناسنامە و کەسایەتیی هاملێتدا.

بروک جیاوازییەکی کولتووریشی لە خێزان و بنەماڵەی هاملێتدا دروستکردووە، لەو ڕووەوەی کە تارمایی پادشا مردووەکە (باوکی هاملێت) پادشای مامی هاملێت (کلۆدیۆس) و هاملێت خۆیشی، سێ ئەکتەری ڕەشپێستی ئەفریقیایی ڕۆڵەکانیان دەبینن، بەڵام شاژن (گێرترۆد) دایکی هاملێت سپیپێستە و سەر بە چین و کولتوورێکی جیاوازترە. لەم ڕووەوە گەڕانی هاملێت بە دوای پێناس و ڕەگوڕیشەی خۆیدا مەودایەکی قووڵ لەخۆدەگرێت و زیاتر ڕووبەڕووی ئاستەنگ و تەنگژە دەروونییەکانی دەکاتەوە. ئەمەش دیدێکی تری بروک-ە بۆ دووپاتکردنەوە و ئاماژەکردنی فرە کولتووری و تێکەڵاوبوونی نەژادە جیاوازەکان، بە تایبەتیش لەمڕۆی کۆمەڵگەی ئەورووپیدا.

ئەم هونەرمەندە لەم گەمەیەدا دەبێتە مەلەوانێکی بەهێزی ئەو ئۆقیانووسە مەزنەی، کە شەکسپیر خوڵقاندوویەتی. لە نێوان

شەپۆلەکانی وشە، چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاستەکانی دەنگ و زمانی جەستە و ئاماژەدا، بە دوای شوناسنامە و پێناسەی هاملێتدا دەگەڕێت، ئەو گەڕانەش دەبێتە بەرجەستەکردنی جۆرێکی تایبەت لە شوناسی هاملێت. گەڕانی ئەو هونەرمەندە تەنها گەڕانێکی شانۆیی نییە، بەڵکو گەڕانی ژیانە، ژیانیش لەو ئاستەدا سیمایەکی ڕەسەن، هەستگەلێکی ڕاستەقینە بۆ پەردەهەڵماڵین و ئاشکراکردنی بنەما گشتییە شاراوە و لە پێناوی دۆزینەوەی کەسایەتییەکەدا نهێنییەکانی ئەو کارەساتە دەبەخشێتە ئەو گەشتە گرانە.

بروک کەسایەتیی هاملێت-ی خستووەتە چەقی پرۆژەکەوە و تێکڕای نەمایشەکە بریتییە لە (هاملێت) و کارەکتەر و ڕووداوەکانی تر دەکەونە پەراوێزەوە. هاملێت دەبێتە نووسەری شانۆنامەکە و بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بروک بەهای کارەکتەرەکانی تر و ڕووداوەکانی دەرەوەی سنووری کەسایەتی هاملێتی چڕ و کەم کردووەتەوە.

ئامادەکردنەکەی بروک دەچێتە بواری ئامادەکردنێکی شانۆیی، ئێستاتیکی و فەلسەفییەوە. لەم داڕشتنەوەیەدا هاملێت دەبێتە وێنەیەک، هێماگەلێک بۆ پیشاندانی گرێ دەروونییەکانی مرۆڤ. ئەم بنەمایەش وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، لە جەستەوە، لە ڕواڵەتەوە دەست پێ دەکات و لە ناوەوەی دەروونی مرۆڤدا کۆتایی دێت.

بروک بەم شێوەیە هۆکارە گرینگەکانی دیدی ئەم خوێندنەوە ساکار و قووڵەی هاملێت-مان بۆ ڕوون دەکاتەوە (لەگەڵ گروپێک ئەکتەری نێونەتەوەیی و سەر بە ڕەگەزی جیاواز، هاملێتێکی نوێ

ئامادە و پێشکەش دەکەین. بەڵام ئەمڕۆ کاری ئێمە لەم پرۆژەیەدا ئەوە نییە ڕێگەیەکی تازە بۆ نەمایشکردنی شانۆنامەیەکی کۆن بدۆزینەوە، هیچ ڕێگە و تەکنیکێک نەماوە تاقی نەکرابێتەوە، ئێمە بەم ئامادەکردنەمان تەنها هەوڵی ئەوە ئەدەین هەموو ئەو شتانەی لاوەکین و گرینگ نین، لابەرین، لەبەرئەوەی لەژێر هەموو ئەو شتانەدا ئەفسانەیەک خۆی حەشارداوە، دیارە ئێستاش ئەو نهێنییانەیە، کە ئێمە وا لێدەکات بە دوایاندا بگەڕێین و لێیان بکۆڵینەوە.)<٤٣>

## هاملێت و دیدێکی پۆستمۆدێرنە

(هاملێت پاڵەوانێکی پۆستمۆدێرنە، هێدی هێدی وێنەکانی کۆمەڵگە، سیستەمی دەسەڵات و دیدی ڕۆژگارمان بۆ بەرجەستە دەکات. پیتەر بروک لە تێڕوانینی ئەم دیدە پۆستمۆدێرنەیەوە هاملێت دەکاتە هێماگەلی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیایەکی فرەلایەن و بە شێوەیەکی ئاشکرا تێکەڵاوی ژیانی ڕۆژانەمانی دەکات، بەمەش پیتەر بروک هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ کۆدەکانی ژیانمان بۆ بکاتەوە.)<٤٤>

ئەم پاڵەوانە بووەتە خاڵێکی گرینگ بۆ کۆمەڵێ ڕووداو، لەم ڕووداوانەدا کەسایەتیی هاملێت لە دیدی کارەکتەر و زۆربەی کەسانی تری دەوروبەرەکەیەوە بە شێت و دێوانە ئاماژەی بۆ دەکرێت. چەمکەکانی (شێتێتی) دەبێتە تاکە پێناسەیەک بۆ پەراوێزکردن و دوورخستنەوەی هاملێت لە چەقی ڕووداوەکان. هاملێت خۆیشی لەم گێژاوەدا، لە نێوان دوو گروپ خەڵکی

جیاوازدا مامەڵە دەکات، بەڵام هیچ کام لەم گروپانە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە یەکتری حاڵی نابن. هاملێت گەمەی شێتی وەک میتۆدێکی هۆشیار و چەمکێکی فەلسەفی بەکاردێنێت، هاوکێشە و پرۆسەی هۆش و لەدەستدانی هۆش لەیەک کاتدا، وەک گەمەیەکی هۆشیار، دەبێتە پێکداچوونێکی چڕ و بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی هاملێت.

هاملێت بە لۆژیکێکی فەلسەفی، بە گەمەیەکی دەروونی و بە هەڵسوکەوتێکی تایبەتی ئەم گەشتی پێکداچوونە بە نێو سیستەمەکانی دەسەڵاتی کۆشکدا دەکات. دوو جۆر کەس لە کۆشکدا، یان ڕاستتر وایە بڵێین دوو گرۆپ دەبنە جێگەی سەرنجی هاملێت، ئەو دوو گروپەش بریتین لە خەڵکە ئاساییەکە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەو کەسانەی ترسیان لە تێکچوونی تەرازووەکانی ژیانە ئاساییەکەی خۆیانە. ئەم گروپەیان زیاتر ملکەچی ڕێساکانی دەسەڵاتن و بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک، بوونەتە پاشکۆ و بەردەوامییان بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان داوە.

گروپەکەی تریشیان، وەک بزوێنەری شانەکانی دەسەڵات کار دەکەن، ئەم کەسانە زیاتر بە هۆکارەکانی داو و تەڵەی ڕامیاری، ویستی تاکەکەسی، گەندەڵی، پیلان و گەمە ناشیرینەکانی تری پشت پەردەی فێڵە ڕامیارییەکانەوە، دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست. ئەم کەسانە نایانەوێت دەستبەرداری پلە و پایە و دەسەڵات بن. هاملێت گەمەیەکی هۆشیارانە دەکات، هەروەها ئاگاداری تەڵە و پیلانەکانیانە، دەبێت بە تارماییەکی ترسناک و تۆقێنەر بۆ هەردوو گروپەکە، هەردوو گروپەکەش ڕۆڵێکی گرینگ لە تای تەرازووی ئەو گەمەیەی هاملێت-دا دەبینن. بەڵام هاملێت

لە چەقی ئەو ڕووداوانەدا، نە کەسێکی سیاسەتمەدارە و نە هەڵگری هیچ پەیامێکیشە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هاملێت هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی هزری، یان ڕامیاری و ئاکاری ئاسان و ساکار بۆ ئەو دۆخە دەروونی، ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی، ناخاتە ڕوو، بەڵکو هاملێت لە بنەڕەتدا و لەپێش هەموو شتێکدا، بە دوای پێناسە و ڕۆڵێکی ئاشکرای کۆمەڵایەتیدا بۆ خودی خۆی دەگەڕێت.

هەر لەم ڕووەوە هاملێت (وەک خودێکی تەنیا) لە هەوڵێکی گەورەدایە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگە و جیهانەکەی دەوروبەریدا بەرپا بکات، گۆڕانکارییەکانیش هەموو سترکتورە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان بگرێتەوە.

## هاملێت و چەمکی پانتایی بۆش

بروک لەم نەمایشەدا برەو بە میتۆد و بیرۆکەی پانتایی بۆش دەدات و دەیگەیەنێتە ئاستێکی باڵا، نەک هەر ئەوە، بەڵکو خودی نەمایشەکە هەوڵێکی تری گرینگی بروکە بۆ بەرەوپێشەوەچوون و گەشەکردنی (بیر و ئیستاتیکا) لە تێڕوانینە فەلسەفییەکەی بروکەوە بۆ پانتایی بۆش.

ئەم چەمکەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی ساڵەکانی دەیەی شەستی بروک و تا ئێستاش پرۆژەکانی دووپاتکردنەوە و گەشەکردنێکی ڕاستەوخۆی ئەو چەمکە گرینگەی شانۆن.

لەم ئەزموونە نوێیەی هاملێتدا، تەنها فەرشێکی ڕەنگ سوور لە ناوەڕاستی پانتاییەکی بۆشدا داخراوە، چەند گۆشە و

سەرینێکی ڕەنگاوڕەنگ و بارستەیەکی چوارگۆشە ئاسای بچووکیش، هەموو سینۆگرافیا و کەرەسەی بەکارهێنان و ئامرازەکانی دەربڕینی نەمایش و ئەکتەرەکانە. ئەم سینۆگرافیا و بەکارهێنانی شوێنە، بەشێکە لە چەمک و تێڕوانینەکانی شانۆ و هەڵگری دید و لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی ڕیژی و هونەری نواندنە. ئەمەش جۆرێکە لە ئیستاتیکا و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی پانتاییە بۆشەکان، هەروەها جەستەی ئەکتەر و ئامادەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران، سێکوچکەیەکی گرینگی پانتاییە بۆشەکان لەلای بروک پێکدێنێت.

مۆسیقاش ڕۆڵێکی گرینگ لە هەموو نەمایش و پرۆژەکانی بروکدا دەبینێت، بە مۆسیقا ئامراز و پێکهاتەی دیمەن و پەیوەندیی کارەکتەر و ڕیتمی نەمایشەکە ڕادەگرێت. بروک لە کتێبی (پانتایی بۆش)دا چەندین جار ئاماژە بە ڕۆڵێ گرینگی مۆسیقا دەکات، بۆ نموونە دەڵێت (مۆسیقا زمانێکە پابەندە بە جیهانێکی نەبینراوەوە. بەهۆی ئەم زمانە نەبینراوەوە، ژوورە خامۆش و چۆڵە هەتاهەتاییەکان، ئامادەیی لەو داهێنانە نەبینراوەوە وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر ئاستێکی بەرز ئەو جیهانە نادیار و نەبینراوە، ئامادە و بینراوە.)<٤٥>

لەم نەمایشەشدا، وەک هەموو نەمایشەکانی تری بروک، مۆسیقا ئامادەییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی هەیە: مۆسیقایەکی کۆنی ڕۆژهەڵات، گیانێکی زیندوو دەبەخشێتە ئەو پانتاییە بۆشە و پڕی دەکاتەوە.

هونەرمەندێکی مۆسیقیی بە نەژاد (چینی) بە ئاواز و ئامێرە میللییە کۆنەکانییەوە، لە سووچێکی ئەو پانتاییە بۆشەدا، بەڵام

له دەرەوەی پانتایی نەمایشەکە، بەرامبەر بە بینەران دانیشتووە و بە وردی چاودێریی ڕووداوەکان دەکات. زۆرجار لەگەڵ دەرکەوتنی کارەکتەرێک، یان گۆڕینی دیمەن و بارودۆخە تایبەتمەندەکان، ئەکۆدێک، دەنگێکی مۆسیقی و بەکارهێنانی ئامێرێکی دێرینی ڕۆژهەڵات ئەتمۆسفێرێکی تەلیسماوی دروست دەکات. مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و بەکارهێنانی هەندێک ئامێری دێرینی چینی و بەستنەوەی بە ڕووداوەکانەوە، بە تایبەتی لەو پانتاییە بۆشەدا، بە شێوەیەکی چڕ تێڕوانینە هونەرییەکان قووڵ دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەتمۆسفێرە ئەفەریقاییە/ ئەورووپییەکەی نەمایشەکە، کۆن و نوێ و ئایندە یەکەیەکی تر پێکدێنێت، کە پابەندە بەم ساتەوە و (لەم چاوتروکانەدا) وەک بروک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات.

ئەو سەرین و بارستە چوارگۆشەییانەی ئاماژەمان بۆ کردن، گۆڕانکارییان بەسەردا دێن و دەبنە هەموو شتێک، ساکارییەکی ئاشکرا، قووڵ و ڕاستەوخۆ دەبێتە گرینگترین بەرەنجامەکانی بیرۆکەی (پانتاییە بۆشەکان) لە هەمان کاتدا بەرجەستەکردن و خوێندنەوە و فۆرمێکی جیاوازیش بۆ هاملێت.

دیمەنی گەیشتنی گروپی ئەکتەرەکان بۆ کۆشکی پادشا و پێشکەشکردنی ئاهەنگ و نەمایشەکەیان، دەبێتە گەمەیەکی بێهاوتای گەمە گشتییەکەی هاملێت، گەمەی هەڵماڵینی نهێنی و تاوانەکان بە ڕووی (کلۆدیۆس)ی پادشادا.

فۆرمە ساکارەکەی بروک و پانتایی بۆش لە پێکداچوونێکی هونەریدا، بە تایبەتی لەم دیمەنەدا دەبێتە دیدێکی پێگەییشتوو، دەوڵەمەند و سەراپاگیری گوتاری نەمایشە شانۆییەکە.

له سەرەتاوە خۆئامادەکردنی ئەکتەرەکان بە سەرپەرشتیی هاملێت بۆ نەمایش و گەمەی ڕۆڵەکانیان، شێوە ڕەهەند و میدیتاشونێکی چڕ لەخۆ دەگرن، هەموو ئەم دیمەنانە (وەک ئاستێکی بەرزی تەکنیکی شانۆ لەناو شانۆدا) دەبنە ڕیتواڵێکی زیندوو. هەر لەم دیمەنەدا ئەکتەرەکان کۆمەڵێک زمانی جیاوازی تری سەر بە نەژادەکانی خۆیان بەکاردێنن، بەکارهێنانی ئەو زمانە جیاوازانەش دەبێتە گۆرانییەکی پڕ لە ئاواز و ڕیتواڵەکە دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر. هەر لەم دیمەنەدا هاملێت خۆیشی دەبێتە یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئەو گروپە میوانەی کۆشک و زۆر بە وریاییەوە بەشداریی پەردەهەڵماڵینی تاوانەکانی کلۆدیۆسی پادشا دەکات. هاملێت و گروپە شانۆییە گەڕیدەکە دیمەنە شانۆییەکەیان لە سنوورێکی تەسک و نزیک لە بینەرانی کۆشک: پادشا، شاژن، پۆلۆنیۆس، ئۆفیلیا و دەستوپێوەندەکانیان، بەرجەستە دەکەن.

بەشداریکردن و بە ئەکتەربوونی هاملێت خۆیشی لەم دیمەنەدا، وەک یەکێک لە ئەندامەکانی گروپەکە، دیدێکی بەرفراوان و قووڵ و گەمەیەکی هونەریی بەرزی بروک-ە، بەمەش تێکڕای دیمەنەکە دەبێتە وێنەیەکی گشتگری ستراتیژییەتی گەمە ترسناکەکەی هاملێت لەگەڵ پادشا و شاژن و پۆلۆنیۆسدا.

کە هاملێت دەچێتە ئاستێکی بەرزی شێتێتی و دێوانەیی و هەستێکی هەڵچووی دڕندەئاساوە، زمانی دایکی ئەو ئەکتەرە ڕەشپێستە، وەک زمانێکی ناوچەیی قوژبنێکی بچووکی کیشوەرە گەورەکەی ئەفەریقا، دەبێتە زمانێکی گوزارشت ئاسای جیهانی، یان ئەکتەرێکی تر و لە بارودۆخێکی تردا بە زمانی یۆنانی

دەدوێت. بەکارهێنانی ئەو زمانە جیاوازانەش شانبەشانی زمانی ئینگلیزی، دەبێتە شیعر و ڕیتواڵ و زمانێکی یەکگرتووی جیهانی بۆ بینەران دروست دەکات.<٤٦>

## دیمەنی گۆڕهەڵکەن و گەڕانەوە بۆ شانۆیەکی میللی

ئەو هونەر و ڕۆحە میللییەی لە جەستە و دیدی هونەری شانۆ و شانۆنامەکانی شەکسپیردایە، لایەنێکی بە بەهای بەرجەستەکردنی نەمایشەکانی بروکە. لەم نەمایشەدا، بە تایبەتی لە دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکەدا، بە سوودوەرگرتن و گەڕانەوە بۆ بنەما میللییە دێرینەکان، دیمەنێکی تراجیدیی بەرز لە ئاهەنگێکی میللی و ڕاگوزاریدا پێشکەش دەکات. دەستپێکی دیمەنەکە بە مۆسیقایەکی تایبەتی و پڕ لە جۆشی میلليی ئاهەنگسازی دەست پێ دەکات. هاملێت لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقایەکی فۆلکلۆری ڕەسەن و دێرین، بە چەشنی لێپووکی ئاهەنگێکی پادشایانە، بە شێوەسەمایەکی میللییەوە، دەم بە پێکەنین، سەرەتای دیمەنەکە، هەروەک دیمەنێکی کۆمیدی دەکاتەوە. کارەکتەری گۆڕهەڵکەنەکەش بە چەند سەرینێک گۆڕەکەی ئۆفیلیا دروست دەکات (ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی پۆلۆنیۆس دەبینێت، لێرەدا بە هەمان شێوە ڕۆڵی کارەکتەری گۆڕهەڵکەنەکەش دەبینێت.)

هاملێت دیمەنی ڕووبەڕووبوونەوەی کەللەسەرەکە دەکاتە شانۆیەکی بووکەڵە و میللیی دێرین. کەللەسەرەکە دەکات بە دارەکەی دەستییەوە. ڕاستەوخۆ و لەو ساتەدا بە پانتۆمایم پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دروست دەکات. دواتر لە دارِشتەی

دیمەنێکی کۆمیدییەوە لەگەڵ کەللەسەرەکە دەکەوێتە گفتوگۆ. کەللەسەرەکەش لەو دیمەنەدا دەبێتە ئەکتەرێکی بە توانا و سەمازانێکی بە سەلیقە و قسەزانێکی بلیمەت.<٤٧>

هاملێت بەم شێوەیە لەگەڵ کەللەسەرەکە دەدوێت (ئەم کەللەسەرە زمانێکی تێدابوو، جاران دەیتوانی گۆرانی بڵێت. بڕوانە ئەم خوێڕییە چۆن بە زەویدا دەدات، وەک ئەوەی ئێسکی شەوێلاکی (قابیل) بێت، ئەوەی یەکەم کوشتنی بە ئەنجام گەیاند. ڕەنگە ئەمە سەری سیاسەتوانێک بێت، کە ئێستا ئەم کەرپیاوە بە سەریدا زاڵە، ڕەنگە هی یەکێک بێت، کە فێڵی لە خواش دەکرد، وا نییە؟)

### شانۆنامەی هاملێت، پەردەی پێنجەم

سەمای کەللەسەرەکە و هاملێت لەم دیمەنە میللییە کۆمیدییە پڕ لە خەندەیەدا، بەرجەستەی تراجیدیترین لاپەڕەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بە گیانێکی میللیی ساکاری پڕ لە خەندەوە دەکات. دیمەنەکەش بە گەیشتنی تەرمەکەی ئۆفیلیا کۆتایی پێدێت. پادشا و شاژن و لایەرتس بە هێمنی لاشەکەی ئۆڤیلیایان هەڵگرتووە و لە قووڵایی لای چەپی شانۆکەوە دێنە ژوورەوە. لەم بارەشدا، تەنها پارچە قوماشێکی سووری درێژ بەرجەستەی لاشە و جەستە و تەرمی ئۆڤیلیا دەکات. گۆڕهەڵکەنەکانیش بەدەم گۆرانی گووتنەوە دەڵێن:

قازمەیەک و بێڵێک و بێڵێک،

لەگەڵ یەک پارچە کفن،
ئۆه، دەبێ چاڵێکی خۆڵ لێبدرێت
تاوەکو خزمەتی ئەو میوانە بکرێت٤٨.

دیمەنی کۆتایی، بەتایبەتی کێشە و ململانێی نێوان هاملێت و لایەرتس بە ڕیتواڵێکی ئەفسوونی کۆتایی دێت. جووڵەی جەستە، دەربڕینی سیمای دەموچاو، هەستی ناوەوە و گەڕان بە دوای (خۆدا) هاوکێشەیەکی گرینگی ئەو پرۆسێسەیە. لەم دیمەنەدا هاملێت و لایەرتس تەنها بە دوو قامیشی زۆر باریکی (ڕەش و سوور) هێرش دەکەنە سەر یەکتری. قامیشەکان هێماگەلی هێزە ئەزەلییەکانی سروشت، هێزە دەرەکییەکان و دەورووبەرەکەیان بەرجەستە دەکات. ئەو گەمە خوێناوییەی ئەو دوو کارەکتەرە (هاملێت و لایەرتس) بەهۆی ڕیتمی مۆسیقایەکی دێرینی چینییەوە دەبێتە کۆنسێرتێکی ناتەبا. لێرەدا هاملێت و لایەرتس دەبنە مۆسیقاژەنەکان و بە دەم ئاوازەکانەوە سەمای مەرگ دەکەن، دەبنە شەپۆلی دەریاچەیەکی گەورە و لە دڵێ دەریاچەکەدا، لە قووڵاییەکاندا بزر دەبن!

لە کۆتاییدا هەموو کارەکتەرەکان دەمرن. بروک دیمەنی کۆتایی دەکاتە وێنەیەکی گەردوونی و بەرجەستەی چەمکەکانی زەمەن و مەرگ و کۆتاییەکانی دونیای تێدا دەکات: ئۆڤیلیا و پۆلۆنیۆس و کارەکتەرەکانی تریش، کە لەوەوبەر لە نێو ڕووداوەکانی شانۆنامەکەدا دەمرن، لە دیمەنی کۆتاییدا سەرلەنوێ بە هێمنی وەکو کۆمەڵێک تارمایی، دێنەوە سەر شانۆ و لە ناو مردووەکاندا دەمرنەوە. بەم شێوەیەش جوڵانەوەیەکی دیالیکتی بە مەرگ دەبەخشێت و مەرگیش لە بۆتەی زەمەنە جیاوازەکاندا، لە

دیدی بەردەوامی سووڕی ژیاندا لە ناو خوودی شانۆدا دەبێتە حاڵەتێکی هەستپێکراو.

کارەکتەرە مردووەکان هەموویان لەو پانتاییە بۆشەدا کەوتوون. فەرشە سوورەکەش دەبێتە هێماگەلی دەریاچەیەکی گەورەی خوێناوی، یان گەردوونێکی توندوتیژ، دڕندەئاسا و پڕ لە تاوان. بەمەش بەردەوامییەک دەبەخشێت بە تاوانە یەک لە دوای یەکەکان، بە ئامادەگیی مەرگ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و بە چەمکی زەمەنێکی ناکۆتا.

لەم جیهانە دڕندەیە و لەم جەنگە درێژخانەیەدا، تەنها هاملێت وەک هێماگەلی منداڵێکی بەجێهێڵراو، هەرزەکارێکی غەمبار، ڕۆحێکی بریندار و مرۆڤێکی تەنها، بە دانیشتنەوە دەمرێت. مردنی هاملێت بەو شێوەیە دووپاتکردنەوەیەکی پێزانینی کارەساتەکان و بەرگریکردنە. دوای ئەوە هۆراشیۆ وەک شاهیدێکی ڕاستەوخۆی ئەو تراجیدیایە و هاوڕێیەکی نزیکی هاملێتی شازادەی دانیمارک، هەر ئەویش هاملێت وەک مرۆڤێکی بێتاوان دەگرێتە ئامێز. هۆراشیۆ ماناکانی شانۆگەرییەکە، پەیامی گێڕانەوە و گەیاندنی ڕاستی و پەردەهاڵماڵینی تاوانەکانی کۆشکیش بۆ خەڵکی و نەوەکانی دوایی دەگرێتە ئەستۆ. پاشەڕۆژیش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت.

هۆراشیۆ دوای ماڵئاواییکردن لە هاملێت، هێدی هێدی ئەو جەستەیەش لە ناو هەموو جەستەکانی تردا، لە نێو دەریاچە خوێنینەکەدا پاڵدەخات، هەڵدەستێتە سەرپێ، نائارام ڕوودەکاتە بینەران و بۆ دواجار چاوێک بە بینەراندا دەگێڕێت و دەڵێت:

## کێ لەوێیە؟

ئەم پرسیارەش سەرلەنوێ دەبێتەوە هۆی وروژاندنی دڵەڕاوکێ و ترسێکی بەردەوام. هەروەها بروک بەم شێوەیە دەیەوێت بەردەوامبوونی گیانی بەرەنگاربوونەوەی "هاملێت" لە هۆراشیۆدا بەرجەستە بکات و بەردەوامی پێ ببەخشێت. بروک دەیەوێت بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ بە ڕووی هێزە ترسناکەکان هەر بەردەوام بێت. هەر لەم ڕووەوە (کێ لەوێیە) ڕەنگدانەوەی دڵەڕاوکێ و ترسێکی بەردەوامی مرۆڤە و چەمکێکی ئەبەدیش بەو ترسە دەبەخشێت.

بەم شێوەیە نەمایشەکە، وەک جووڵەیەکی پڕ لە کارەساتی بازنەیی، لەوێدا کۆتایی پێدێت، بەڵام ڕووبەرێکی لێوانلێو لە ترس و نائارامی لەدوای خۆیەوە بەجێ دێڵێت.

## خۆشەویستی گوناهی منە ٢٠٠٩

Love is my sin

بروک ساڵی ٢٠٠٩ و دوای ئەو ئەزموونە چڕ و دوورودرێژە، ئەو هەموو ساڵە لە پشکنین و تاقیکردنەوە و پێشکەشکردنی شانۆنامەکانی شەکسپیر، هەروەک ئەوەی بازنەی دەورانی پرۆژەکانی شەکسپیر گەیشتبنە ترۆپک، دەست دەداتە سۆنێتەکانی و لە ئەزموونێکی بێوێنە و لە ئامادەکردنێکی شانۆییدا کۆیان دەکاتەوە.

ئەم نەمایشە لە فۆرمێکی داماڵراوی ساکار و مینیمالیزمدا باسی خۆشەویستی، کات، ژیان و مەرگ دەکات. ئەم مەسەلە گرینگانە و ئەم باسە گەورانە لە شانۆنامەکانی شەکسپیرەوە، لە شالیر، تیتۆس ئەندرۆنیکۆس، خەونی شەوێکی چلەی هاوین،

ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا، ڕۆمیۆ و ژولێت، هاملێت... هتد، بە هێڵێکی نەبینراوی ئەفسوونیدا دەڕۆن و وەک هەزارەها دەزوولەی وردی ئەنەتۆمی لە نێو سۆنیتەکانیدا بڵاودەبنەوە و وەکو هێزێکی گەورە لەگەڵ چەمکەکانی خۆشەویستی و ماناکانیدا یەکدەگرنەوە.

بروک لەم سۆنێتانەدا بە دوای شانەیەکی دوورەدەستدا دەگەڕێت، دەیەوێت بگاتە ئەو خاڵی سفرەی، ئەو سەرەتا قووڵەی کە ئەکتەر و ژیان پێکەوە لەدایک دەبن. بەرلەوەی بەرگەکانی زمان بپۆشن، بەرلەوەی فۆرمی خۆیان وەربگرن و بەرلەوەی ببنە بەندی توێژاڵە قورسە کولتوورییەکان و سنووریان بۆ دابنێن.

بروک بۆ ئەم پرۆژەیەی دووان لە ئەکتەرە بە ئەزموون و دێرینەکانی هەڵدەبژێرێت، ئەو ئەکتەرانەی کە بۆ چەندین ساڵە لەگەڵیدا کاریان کردووە و دەزانن چۆن بیردەکاتەوە و لە زمانی جەستە و ئاماژەکانی دەگەن، ئەو دوو ئەکتەرەش Bruce Myers و Natasha Parryن.

لەسەر شانۆ دێرینەکەی "بوف دی نورد" فەرشێکی ڕۆژهەڵاتی ڕاخراوە. لە بەردەم دیوارە کۆن و ڕەنگ سوورە سووتاوەکانیشیدا، چەند کورسییەکی لە دار دروستکراوی ساکار دانراون.

ئەکتەرەکان لەگەڵ مۆسیقایەکی ڕیتم ئامێزدا دێنە ژوورەوە، مۆسیقاژەنێک لە سوچێکی شانۆکەدا، هەندێک جار بە ئامێری (ئۆکۆردیۆن) و هەندێک جاری تر بە ئامێرێکی دێرینی شێوە (پیانۆ) لەگەڵ نەمایشەکەدا دەڕوات.

بروک لە کۆی ١٥٤ سۆنێتای شەکسپیر ٢٩ سۆنێتای هەڵبژاردووە، بە شێوەیەکی دراماتۆرگی پێکەوەی بەستوونەتەوە و لە ستروکتوری نەمایشەکەیدا، بەسەر چوار بەشدا دابەشی کردوون:

کاتە بەسەرچووەکان
دابڕان و جیابوونەوە
دڵپیسی
زاڵبوون بەسەر کاتدا

ئەم چوار بەشەش، لە فۆرمێکی ئۆرگانیکیدا، لە یەکەیەکی شیعری و لە نەفەسێکی درامیدا پێکەوە بەستراونەتەوە و یەکتری تەواو دەکەن. لە دەستپێکی نەمایشەکەدا ژنەکە بە تەنیا و دواتر پیاوەکەش بە تەنیا، وەک دوو مەنەلۆگ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدا، لەگەڵ بینەران دەدوێن. ئەم دوو ئەکتەرە تۆن و وشە و ڕیتمی سۆنێتەکان بە پاکی و لە چاوتروکانێکدا، بە شێوازێکی قووڵ و ساکار دەگەیەنن و بەرجەستەی دەکەن. هەندێک جاریش ڕوودەکەنە یەکتری و لە دیمەنێکی کورتدا، لە دیالۆگێکی نێوانیاندا سۆنێتەکان دەکەنە شانۆیەکی سادە و ڕوون.

لەم نەمایشەدا وشەکان قورسایی و بارستەیەکی فیزیکیی لێوانلێو لەخۆدەگرن و دەبنە مۆسیقا، ئەکتەرەکان وشەکان بە باشی دەجاوێن و خۆیان لە شیعرەکاندا دەدۆزنەوە.

شەکسپیر لەم سۆنێتانەدا باسی کات، بڕوا و مەرگ دەکات، مانای ئەمانەش بۆ پەیوەندییە خۆشەویستییەکان، بۆ چەمکی خۆشەویستی: کاتە پڕ لە خەندەکان، بڕواهێنان بە خۆشەویستی و بەهای خۆشەویستی لە دوای مردن دەگەیەنێت. کۆکردنەوەی ئەم سێ چەمکەش، واتە کات، بڕوا بە خۆشەویستی و مەرگ لەسەر چەندین ئاست و بە شێوازی جیاواز و فۆرمی هونەرییەوە، بنەمایەکی شیکارییان بۆ بروک ڕەخساندووە. لەم چەمکانەوە ئاراستەی نەمایشەکە بەرەو پێشەوە دەبات. بروک لە نێو ئەم مانا

سنووردارکراوانەدا، بە تایبەتی لە پەیوەندییەکانی مرۆڤایەتیدا، مانایەکی تر بەدەر لە گومان دەبەخشێتە خۆشەویستی و بەهایەکی گەورەتر و شکۆمەندتر و چڕی پێ دەبەخشێت.

شەکسپیر لەم سۆنێتانەدا بڕوایەکی لەبنەنەهاتووی گەورە بە وزە و هێزی زیندووی شیعر دەبەخشێت. لە شیعردا خۆشەویستی، متمانە، ئێرۆتیک و مەرگیش دەدۆزێتەوە.

لە لای شەکسپیر و بەهەمان شێوە لە لای بروک-یش خۆشەویستی هێزێکە ڕۆحممان پڕ دەکات، بەڵام خۆشەویستی حاڵەتێکی ئەبەدییە و بە ژیانی ئێمە و لەگەڵ ژیانی ئێمەدا تەواو نابێت و کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو خۆشەویستی وزەیەکی ئەبەدییە، ئەفسوونێکە هەرگیز تەواو نابێت، ڕووناکییەکە هەرگیز ناکوژێتەوە و هێزێکە هەرگیز تێک ناشکێت. لەبەرئەوە نە مەرگ و نە جیابوونەوە و نە دابڕان، هەڕەشە نین بۆ سەر ئەو کەسەی کە لە خۆشەویستیدا ژیابێت.

بروک لە نەمایشی (خۆشەویستی گوناهی منە)دا پێ لەسەر ئەم تێگەیشتن و شیکردنەوەیە دادەگرێت و بە وێنە و ئاماژە و وشە و مۆسیقا، بێگومان بە هێزی شەکسپیریش دووپاتیان دەکاتەوە.

ئەم نەمایشە ساکارە مانایەکی قووڵ بە پەیوەندییەکانی مرۆڤ، بە خۆشەویستی، بە شەکسپیر و بە چەمکی پانتاییە بۆشەکان دەبەخشێت. هونەری نواندن لە لای ئەم دوو ئەکتەرە دێرینەی بروک و لەم نەمایشەدا و لە نێو شیعرەکانی شەکسپیردا، وەک ئاوێکی ڕوون، وەک بوونەوەرێکی تازە لەدایکبوو، وەک ڕیتواڵێکی ئایینی لە خاڵەکانی سفرەوە و بە هێزێکی گەورەوە بەنێو بینەراندا گوزەر دەکەن.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


1. Brook, Peter. Den tomma spelplatsen, oversattning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling produktion, Stockholm, 1969. S85

٢. الضجر هو الشيطان، آراء في المسرح. تاليف: بيتر بروك، ترجمه وتقديم د. محمد سيف

٣. Brook, Peter, The Shifting Point, 40 years of theatrical exploration 1946-1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S 85.

٤. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢) ل٣٠


٥. ژان کۆت ساڵی ١٩١٤ لە وارشۆ (پۆڵۆنیا) لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٣٨دا دەچێتە پاریس، لەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی سوریالیستەکانەوە. لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا دەبێتە یەکێک لە سەربازە چالاکەکانی بەرگریکردن لە شاری وارشۆ. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩-١٩٥٢دا دەبێتە پرۆفیسۆری زمانی ڕۆمانی لە زانکۆی Wroclaw. دواتر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢- ١٩٦٦دا لە زانکۆی وارشۆ دەبێتە پرۆفیسۆری ئەدەبی پۆڵۆنی. دوای ئەوە پۆڵۆنیا جێدەهێڵێت و دەچێتە ئەمەریکا، لەوێ لە زۆربەی زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کاردەکات، تا ساڵی ١٩٦٩ بە تەواوەتی لە زانکۆی State University of New York at Stany Brook جێگیر دەبێت، هەروەها وەک سەرنووسەر و ڕەخنەگریش لە کۆمەڵێ گۆڤاری گرینگدا کاری کردووە.

٦. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣) ل٤٤

٧. هەمان سەرچاوە، ل٥٤

٨. بروک بەم نەمایشەی بینەرێکی نوێ و جیاواز بۆ شانۆ ڕادەکێشێت و لە نێوان سالانی ١٩٧٢-١٩٧٣دا جگە لە لەندەن، نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا نەمایش دەکرێت، هەروەها لە ژاپۆن بۆ تەلەفزیۆن تۆمار دەکرێت.

٩. Innes, Christopher, Avant gard theatre, 1892-1992. Routledje- London and New York, 1993. S. 130-131

١٠. Puck یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی شانۆنامەی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)

١١. هەمان سەرچاوەی ژمارە ٩ ل ١٣١

١٢. هەمان سەرچاوە ل ١٣١

١٣. Blom, Rune, Teater I London, Liberforlag, Malmo. 1982, S33

١٤. ئەنتۆنین ئارتۆ ١٨٩٦-١٩٤٨ ڕابەری شانۆی توندوتیژی و تێکشکێنەری گشت زەمەن و مەودا تەقلیدییەکانە لە شانۆی ڕۆژئاوادا، بە دید و بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەم هونەرمەندە شانۆییە، گۆڕانکارییەکی گەورە و بنەڕەتی بەسەر تێکڕای سیستەم و پرۆسەی شانۆی جیهانیدا هاتووە و بە ئاشکرا بیروبۆچوونەکانی لە دید و بۆچوون و فەلسەفەی کەلە ڕیژیسۆرە جیهانییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

١٥. گرۆتۆفسکی ١٩٢٢-١٩٩٩ لە ڕازێسزۆڤ لە پۆڵۆنیا لەدایک بووە، سەرەتا لە شاری کراکۆڤ و دواجاریش لە مۆسکۆ هونەری شانۆی خوێندووە. یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٩دا وەک ڕیژیسۆر بە شانۆنامەی (کورسییەکان)ی یۆژێن یۆنسکۆ لە شاری کراکۆڤ دەردەکەوێت. دوای ئەوە

هەموو پرۆژەیەکی ئەو لاوە دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی بینەران و ڕەخنەگران و شانۆکاران. بەرەنجامیش شانۆی (هەژار) لەدایک دەبێت. شانۆی هەژار لە سترکتورێکی مرۆڤانەی قووڵەوە سەردەردەهێنێت، وەک فەلسەفە مرۆڤ سەرچاوەیەکی گرینگی دونیابینیی ئەو شانۆیەیە و جەستەش هاوکێشەی پرۆسێسێکی گەلێ مەزنە. ئاوێتەبوونێکی چڕی خەون و ئازار و خولیای مرۆڤ وەک بنەمایەکی فیکری لە لایەک، جەستەی ڕووتوقووتی هەژار، بەڵام دەوڵەمەند بە ئامرازەکانی دەربڕین لەلایەکی ترەوە، دەبێتە یەکەیەکی گرینگی ئەو پرۆسەیە، پرۆسەی ڕۆح و جەستە. گرۆتۆڤسکی لە ساڵی ١٩٦٨دا کتێبەکەی (شانۆی هەژار) بە ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە، بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەش، کیشوەرێکی تر بۆ دونیای شانۆ دەدۆزێتەوە. گرۆتۆڤسکی بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونە شانۆییەکەی، لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوودا بە شاکارە ئەزموونگەرییەکانی چەندین گەشتی بە سەراپای وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکادا کردووە و هەر زوو تەوژمەکەی دەبێتە دیاردەیەکی هەرە گرینگی شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

١٦. Enckell, Johanna, skarvor av Artaud, en essa om fransk teater efter Befrielsen, Like, Helsingfors, 2003. S 81.

١٧. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٦١

١٨. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣) لاپەڕە ٩٥

١٩. شەکسپیر مێژووی ڕۆما لە سێکوچکەی (کۆریۆلانس، سیزەر و ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا)دا دەنووسێت، بۆ ئەم مەبەستەش، بە پێی سەرچاوە و پسپۆڕەکانی بواری شەکسپیر، کتێبە مێژووییەکانی (بلۆتارک) سەرچاوەی نووسینی ئەم شانۆنامە مێژووییانەی شەکسپیر بوون و هەرسێکیان لە چاپێکی ساڵی ١٦٢٣دا بڵاوکراونەتەوە.

٢٠. ژان ژینییه ١٩١٠-١٩٨٦ ڕۆماننووس، شانۆنامەنووس و شاعیرێکی فەرەنسییە، ساڵی ١٩١٠ بە شێوەیەکی ناشەرعی لەدایک بووە، ئەم لەدایک بوونەش کارێکی گەورەی سلبیی کردووەتە سەر چارەنووس و پاشەڕۆژ و ڕەوتی ژیانی. ئەم نووسەرە بەشێکی زۆری ژیانی لە زیندانەکاندا بەسەربردووە، ئاستی هۆشمەندی و پێداویستییەکانی نووسین لە لای ژان ژینییە لە زیندانەکاندا پەرەدەسەنێت. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرگریی لە شۆڕشی گەلی جەزائیر دژی فەرەنسا و فەلەستین دژی ئیسرائیل کردووە. گرینگترین شانۆنامەکانیشی بریتین لە: بەربەستەکان، کارەکەرەکان، ئاهەنگی ڕەشپێستەکان، بانیژە... هتد.

٢١. بروک بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و قووڵبوونەوەی ئەم مەسەلەیە، لە کتێبی (بنسياننا شكسبير يمكن العثور عليه ثانية، بيتر بروك مع دنيس بابليه، جورج بانو، ترجمه د. محمد سيف، ل٤٩)دا دەڵێت: (بە شێوەیەکی ساکار، دیاردەی شەکسپیر چییە؟ وەک من بزانم شەکسپیر سی و حەوت شانۆنامەی نووسیوە، بە هەمووی نزیکەی هەزار کارەکتەرێکی تێدان، ئەمەش مانای وایە شەکسپیر خۆیشی، کە ئێمە لە چەند زانیارییەکیان زۆر کەم زیاتری لەبارەوە نازانین، لە شانۆنامەکانیدا سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە و جیاواز و دانسقەی لە هەموو مێژووی ئەدەب و هەروەها مێژووشدا بەدەست هێناوە. ئەو لەوەدا سەرکەوتوو بووە، کە جار لە دوای جار و لە هەزارەها بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز و بزۆز و گۆڕدراوەوە هەڵبکشێت و کارەکتەرەکانی دروست بکات. کەواتە هەر زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە شەکسپیر بخەینە هەر قاڵب و ڕاڤەکردنێکی دیاریکراو و نەگۆڕەوە، هەرچەندە ئەو ڕاڤەکردنە هەر مەودایەکیشی هەبێت، غەدرمان لە شەکسپیر کردووە.

٢٢. US نەمایشە بەناوبانگەکەی بروک-ە (ئێمە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) دژی شەڕی ڤێتنام. لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا، بە تایبەتی دەگەڕێینەوە سەر ئەم نەمایشە و باسی دەکەین.

٢٣. هەمان سەرچاوەی ژمارە)١٣ (لاپەڕە ٦٤

٢٤. بروک هەر ساڵی ١٩٧٧ و بەر لە پێشکەشکردنی شانۆنامەی (ئەنتۆنیۆس و کلیۆپاترا) شانۆنامەی (ئۆبۆی پادشا)ی نووسەری فەڕەنسی (ئەلفرێد گاری) لە لەندەن و لەسەر شانۆی پادشایەتیی شەکسپیر پێشکەش دەکات.

٢٥. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٦٥

٢٦. لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە و بە وردی لێی دەدوێین.

٢٧. فەلسەفەی ئەم دواییەی بروک لێکۆڵینەوەی دۆخە جیاوازەکانی هونەری شانۆیە. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ گروپێکی تری شانۆ نێونەتەوەییەکەیدا هەمان نەمایشی (هاملێت)ی ساڵی دوو هەزار پێشکەش دەکەنەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە زمانی فەڕەنسی. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دووبارەکردنەوەی ئەم پرۆژەیە لە لای بروک، دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنی حاڵەتە جیاوازەکانی ڕیتم، بەکارهێنانی دەنگ، فۆنەتیک، چۆنیەتیی ئامادەکردنی کۆئەندامی هەناسە، دەربڕینی وشە و ڕستەکان، بە تایبەتی بە زمانێکی تر، تا گۆڕین و چۆنیەتیی ماناکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بدۆزێتەوە. بۆ یەکەم جار ئەم نەمایشە فەڕەنسییەی هاملێت لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٢دا لە فێستیڤاڵی شانۆیی Aix- en- Provence نەمایش کراوە.

٢٨. Qui est la وشەیەکی فەڕەنسییە و مانای (کێ لەوێیە) دەگەیەنێت، ئەمەش یەکەم دێڕی شانۆنامەی هاملێت-ە. پرۆژەکەش

سەرلەنوێ بەردەوامییەکە بۆ پرۆژەی هاملێت لە ساڵی ۲۰۰۰دا. لە هەردوو کارەکەدا، هاملێت بنەما و زەمینەی بەدواداچوون و پشکنینە، بەڵام بە دوو ئاراستەی فیکری و ئێستاتیکیی جیاوازدا.

۲۹. Coveney, Mcikael, Cant make a Hamlet without breakingheads, the observer Review , Sunday, 14 January 1996.

۳۰. هەمان سەرچاوەی ژمارە (۲۹)

۳۱. هەمان سەرچاوی ژمارە (۱) لاپەڕە ۸۳-۸٤

۳۲. هەمان سەرچاوەی ژمارە (۲۹)

۳۳. Bener, Theresa, Man maste vaga bryta upp grunden man star pa, Svenska Dagbladet, 3 april, 2001

۳٤. هەمان سەرچاوەی ژمارە (۲۹)

۳۵. ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرە فەڕەنسییەکان ڕەخنەیان لە بروک گرتووە و لە هەمان کاتدا بێزاریی خۆیان دەربڕیوە، کە هیچ ئەکتەرێکی فەڕەنسی لەو پرۆژەیەدا بەشدارییان نەکردووە. ئەوان مەبەستیان ئەوە بووە، کە پرۆژەکە بە پارەی فەڕەنسا و لە فەڕەنسا کراوە. لەبەرئەوە دەبوو ئەکتەری فەڕەنسیش بەشداربوونایە.

۳٦. هەمان سەرچاوەی ژمارە (۳۳)

۳۷. Brook, Peter, Vergessen Sie Shakespeare, Wiener Festwochen 2001, William Shakespere, The tragedy of Hamlet-S6

۳۸. Kathrein , Karin, Rache in England Und Sudafrika, kurier, program and Hohepunkte der Wiener Festwochen, 13 maj 2001.

۳۹. (ئادەم) یەکێکە لە تابلۆ هەرە بەناوبانگەکانی هونەرمەندی ئیتاڵی (مایکل ئەنجیلۆ) و لەم تابلۆیەدا وێنەی خواوەندی کێشاوە، خواش هێماگەلی (باوک)ە و منداڵێکی فریشتەئاسای تازە لەدایک بوو

بەرزدەکاتەوە، خواوەند لەم تابلۆیەدا نەک تەنها پاڵپشتیی خۆی بۆ ئەو منداڵە، وەک بوونەوەرێکی بێگوناه و زیندوو دووپاتدەکاتەوە، بەڵکو هەموو قورسایی جیهانی پێ دەبەخشێت. خواوەند لەم تابلۆیەدا دەستی ڕاستی بۆ (ئادەم) بەرزکردووەتەوە، ئادەمیش بە شێوەیەکی قەشەنگ ڕووبەڕووی بووەتەوە، فریشتەکانیش لە دەوری خواوەند کۆبوونەتەوە، هەروەک منداڵان لە دەوری باوکێکی میهرەبان، هەمووشیان دەموچاو و سیمایان گەش و پڕ لە خەندە و هەست و سۆزی خۆشەویستییە.

٤٠. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣٧) لاپەڕە ٧

٤١. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣٣)

٤٢. Samtal med Peter Brook, Laurent Feneyron, 1998. Oversattning av Eva Sjostrand

٤٣. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣٧) لاپەڕە ٧

٤٤. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣٣)

٤٥. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) لاپەڕە ١٢١

٤٦. بەکارهێنانی زمانی جیاواز لە یەک نەمایشی شانۆییدا، بە بێ ئەوەی هیچ کام لە ئەکتەرەکانی ئەو شانۆییە وەک زمانێکی هاوبەش لە یەکتری بگەن، بیرۆکەیەکی گشتگری هونەری بروک-ە لەگەڵ گروپە نێونەتەوەییەکەی. بیرۆکەکەش لە لای ئەم هونەرمەندە چەمکێکی فەلسەفی، شانۆیی، زمانەوانی، کولتووری و ئێستاتیکیی گرینگی هەیە و لەکاتی نواندندا، ئاوێتەی تێکڕای دارشتەی نەمایش و هەست و سۆزی ئەکتەرەکانی دەبێت. بەکارهێنانی ئەو زمانە جیاوازانە و بەو شێوەیەش بۆ بروک دەبێتە پردێکی گرینگی لێکحاڵیبوونێکی هەمەلایەن لەگەڵ بینەران و ئەکتەرەکان خۆشیاندا، هەروەها خوڵقاندنی زمانێکی فرە کولتووریی جیاوازیش لەسەر شانۆ. دواتر ئەم دیدە بووە تەکنیکێکی شانۆیی بەربڵاو و زۆر ڕێژیسۆر و


هونەرمەندی تر لە تێکڕای ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا لاساییان کردووەتەوە و بە هەمان شێوە زمانی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە.

٤٧. ئەم دیمەنە لە نەمایشەکەی (پاریس)دا نییە، بەڵکو وەک پشکنین و کارکردنێکی بەردەوام هاملێت لە (نەمسا) پێ دەنێتە قۆناغێکی تری داهێنان و بەرەوپێشەوە چوون و دۆزینەوەی نهێنییەکان. ئەم دیمەنەش بەرەنجامێکی ئەو گەڕانە بەردەوامەیە.

٤٨. شانۆیی هاملێت، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمەشەریف، زنجیرەی شانۆی بیانی ژمارە ١٩، دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٨

# بەشی چوارەم

## ئەنتۆنین ئارتۆ، قۆناغی شەستەکان و شانۆیەکی ئەزموونگە



مۆدیلی سینۆگرافیای نەمایش

مارا / ساد ١٩٦٤

بروک له شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، له کاتێکدا به شانۆنامەی (لیری پادشا) گەشت به زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەکات، به تایبەتیش له یەکێتیی سۆڤییەتی جاران و پۆڵۆنیا، دەکەوێته ژێر کاریگەریی تەوژمه ئەزموونگەرییەکانەوە. له ئەمەریکاش له گروپی شانۆی سەربەستی (ژۆلیان بێک) نزیک دەبێتەوە و کارەکانی ئەم گروپه، به تایبەتی لەسەر شەقام و باخچه گشتی و گەورەکانی ئەمریکادا تووشی ڕامانی دەکەن. هەر لەم دەروازەیەوە لەو ئەزموونانه دەکۆڵێتەوە، که پەنا نابەنه بەر دەق و لێرەشەوە کتێبەکەی ئارتۆ (شانۆی توندوتیژی) دەخوێنێتەوە و به وردی له دید و بۆچوونه تیۆرییەکانی دەکۆڵێتەوە. داستانێکی پڕ له خورپه، سەرسامی و تیشکه ناتەبا و توندوتیژەکەی ئەنتۆنین ئارتۆ، جیهانی شیعری و بەکارهێنانی جەسته، وزەی ئەکتەر و دید و شانۆیەک، که دەسەڵاتی ڕیژیسۆر باڵایه، هەموو ئەمانه دەبنه جێگەی سەرنج و ڕامانی بروک.<١>

بەرەنجامی ئەو گەڕان و لێکۆڵینەوەش، کۆمەڵێ پرۆژەی شانۆیی گرینگی لێ کەوتەوە، بۆ نموونە: (مارا ساد) ی پیتەر

ڤایس، (ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، کە دەربارەی جەنگی ڤێتنام بوو، (ئۆدیب)ی سینیکا، (ئۆبۆی پادشا)ی ئەلفرێد گاری و کۆمەڵێ پرۆژەی تر. ئەم پرۆژانە دادەنرێن بە قۆناغێکی گرینگی ئەزموونگەری لە مێژووی بزووتنەوە شانۆییەکەی بروک و شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، هەروەها ئەم قۆناغەی بروک کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر تەوژمی شانۆی ئەزموونگەری شەستەکانی سەدەی ڕابردووشەوە هەبووە.

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

بروک زۆر درەنگ دەستی بە پرۆژە ئەزموونگەرییەکانی کردووە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە شانۆ تەقلیدییەکاندا کاری کردووە. ئەم هونەرمەندە لە ڕوانگەی شانۆنامەکانی (ژان ئانوی)<٢> ١٩١٠- ١٩٨٧ و (ژان کۆکتۆ)<٣> ١٨٩١ – ١٩٦٣ بە تایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، فۆرمێکی وێنەیی و شانۆیەکی شیعری دادەهێنێت. ئەم دیدە شانۆییەی بروک ڕاستەوخۆ لەگەڵ دید و شانۆ سەراپاگیرییەکەی (ژان لوی بارۆ) ١٩١٠ – ١٩٩٤دا لە فەرەنسا یەکدەگرێتەوە.<٤>

بروک هەر لەم قۆناغەدا بوێرانە ئۆپێرای (سالومی) بە شێوازێکی جیاواز و دوور لە ڕێسا تەقلیدییەکانی سالآنی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە، لە سەر شانۆی Coven Garden Opera House پێشکەش دەکات. ئەم ڕووداوە زیاتر پاڵ بە بروکەوە دەنێت، کە بەرەو دیدە ناتەبا و ئەزموونگەرییەکان بچێت، لەبەر ئەوە، وەکو کاردانەوەیەکی ئاسایی و بۆ تاقیکردنەوەی

ئەزموونە شانۆییەکەی، ڕوو دەکاتە نووسەرە گەنجەکانی ئەو سەردەمە، لەوانەش ئارسەر میللەر<٥> و تێنسی ولیامز.<٦>

بروک لەم سەردەمەدا، لە زەمینەی گەڕان بە دوای فۆرم و شێوازەکانی شانۆدا، لە ڕامانی کاری شانۆ و بەستنەوەی بە ڕووداوەکانی دونیاوە، هەست بە تەنگژە و قەیرانێکی شانۆیی و لە هەمان کاتدا ئاکاری و کۆمەڵایەتی دەکات، هەست بە ڕۆڵی شانۆ، لە هەمان کاتدا پرسە فەلسەفی و ڕامیاری و مەسەلە دەروونییەکان و بەستنەوەیان بە هونەری شانۆوە دەکاتەوە و ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پرسیار دەبێتەوە، لەوانە: ئێمەی هونەرمەندانی شانۆ لە کوێدا وەستاوین؟ لە نێوان واقیع، یان مەودا فراوانەکانی ئەندێشەدا، ڕواڵەتە ساکارەکانی ژیان، یاخود تیشکە نهێنییەکانی، ئەبستراکت، یان بۆچوونە ڕاست و کۆنکرێتییەکان، مێژوو، یاخود گەڕانەوە بۆ ڕیتواڵەکان؟

بروک وەڵامی بەشێک لەم پرسیارانە لە کتێبەکەی ئەنتۆنین ئارتۆ (شانۆ و هاوشانۆ)دا دەدۆزێتەوە، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٨دا بە ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە.<٧>

دوای ئەوە بروک زیاتر لە شانۆی ئەزموونگەریی فەڕەنسی نزیک دەبێتەوە، ژان لوی بارۆ-ش لە ڕێگەی شانۆ سەراپاگیرییەکەیەوە زەمینەیەکی لەباری بۆ دەڕەخسێنێت.

ژان لوی بارۆ لە ساڵی ١٩٦دا بانگهێشتی بروک دەکات و لە پاریس دەرگای شانۆی (گەلان)ی بۆ دەکاتەوە. ژان لوی بارۆ، وەکو هونەرمەندێکی باڵادەستی ئەو کاتە، شانۆی نو، کابوکی ژاپۆنی و هەندێک لە بنەما مىللییەکانی شانۆی گەلانی ڕۆژهەڵاتی

کردبووە بنەما و کەرەستەیەکی دەوڵەمەند و سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ شانۆی گەلان.<٨>

دوای ئەوە بروک لە سەرەتای شەستەکاندا ڕوودەکاتە نووسەری فەرەنسی (ژان ژینییە) و شانۆنامەکانی پێشکەش دەکات، بەمەش زیاتر لە ئارتۆ و شانۆی فەرەنسی و دیدێکی چڕی ئەزموونگەری نزیک دەبێتەوە. هەروەها هەر لەم قۆناغەدا بروک، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، تەوژمە نوێخوازەکانی شانۆی ئەمریکی کاریان تێ دەکات، لەوانەش (ژۆلیان بێک) و شانۆی زیندوو (ڕیچارد شێشنەر) و گروپەکەی The Performance Group. ئەم تەوژمە ئەمەریکییانە بە تەواوەتی بروک بەرەو ڕەوتێکی جیاوازی ئەزموونکاری دەبەن.<٩>

هەموو ئەزموونەکانی بروک لەو ساڵانەدا؛ کردنەوەی تاقیگە تایبەتمەندەکەی سەبارەت بە شانۆی توندوتیژ و ئەنتۆنین ئارتۆ، هەروەها نەمایشکردنی شانۆیی (مارا — ساد) دەبنە سەرەتا و دەسپێکی گرینگ بۆ دۆزینەوەی شانۆیەکی ڕیتواڵی و پیرۆز لە پانتاییە بۆشەکاندا.<١٠>

## ئەزموونێکی توندوتیژ

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤دا بروک بە هاوکاریی چارلس مارۆتیز لەگەڵ کۆمەڵێ ئەکتەری گەنج لە شانۆی "ئەلدویچ" The Aldwych Theatre لە لەندەن گروپێکی ئەزموونگەری، بۆ پراکتیزەکردنی میتۆدەکانی ئارتۆ، بە ناوی شانۆی توندوتیژەوە دادەمەزرێنن. مەبەست لە دامەزراندنی ئەو گروپە ئەزموونگەرییە زیاتر لابورێکی شانۆیی دەبێت، نەک پێشکەشکردنی نەمایشی شانۆیی، تا بتوانن

له ڕێگەی هونەری ڕاگوزاری و مەشقی ناتەبای فیزیکییەوە ئەکتەرەکان ڕزگار بکەن لە بەربەستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و دۆزینەوەی ڕێگەیەکی تر و جیاواز بۆ پەیوەندیکردن بە یەکەوە. ئەمە جگە لە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی هەندێک لەو پرسیارانەش، کە لەوەوبەر (ئارتۆ) وروژاندبوونی. چەمکی شانۆی توندوتیژ، وێنەیەکی بێ ڕتووش و داماڵراوی مرۆڤبوونە؛ ئەنتۆنین ئارتۆ دەیویست شانۆ، لەسەر ئاستێکی قووڵی ئەم هونەرە، وەک پێویستییەکی ڕۆحی بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە.

بروک دەیویست لەم ڕێگەیەوە ئەو تێزە، ئەو دیدە، یان ئەو شانۆیە تاقی بکاتەوە (گەر وشەمان لە شانۆدا لابرد چی ڕوودەدات؟!) لەبەرئەوەی چەمکەکانی کۆمۆنیکاسیۆن (پەیوەندیکردن) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پابەندن بە وشەوە، بە تایبەتیش لە گروپێکی وەک شانۆی شاهانەی شەکسپیردا. دواجار لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٤دا بەرەنجامی ئەو پرۆژە ئەزموونگەرییە توندوتیژەی گروپی Aldwych و بروک بە شێوەیەکی زۆر کورت و چڕ، لەسەر شانۆی The London Amateur Dramatic Association پێشکەش دەکرێت. بۆ پێشکەشکردنی ئەو تابلۆ کورتانە، توندوتیژترین تێکستەکانی ئارتۆ و ژان ژینییە هەڵدەبژێرن. ئەمە جگە لە کۆلاژێک لە گرینگترین دەنگوباسی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە. بروک خۆی لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانی ساڵی ١٩٦٣وە کۆمەڵێ بابەت سەبارەت بە بەخاکسپاردنی تەرمی (کەنەدی)، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا ئامادە دەکات.

"بروک" لە هەواڵ و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەکانەوە سەبارەت بە کوشتنی کەنەدی، جۆرە پەیامنێرێک لە نێوان جیهاندا، جۆرە

پاڵەوانێکی مۆدێرن دەدۆزێتەوە، کە هەواڵەکان، لە کوشتنی کەنەدی، دادگاییکردنی ئەو سۆزانییانەی کە لەگەڵ سیاسەتمەدارەکانی جەنگدا پەیوەندییان هەبووە و بەستنەوەیان بە بارودۆخە شاراوەکانی کۆمەڵگەوە بەرجەستە دەکات. <١١> ئاهەنگی کردنەوەی ئەو لابورە بە یەکێک لە تەقەلابەرایی و ئەزموونگەرییەکانی ئارتۆ (تەوژمی خوێن) دەکرێتەوە.

لە بنەڕەتدا ئارتۆ ئەم تێکستەی بۆ شانۆ توندوتیژەکەی خۆی نووسیوە. سەرەتا شانۆنامەی (تەوژمی خوێن) بە بێدەنگی و دواتریش بە دەنگەوە پێشکەش کراوە. ئەو ئەزموونە کورتەی ئارتۆ تیشکێکی خێرایە بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتی. لە ماوەیەکی کورتدا دڵدارێک، جەنگاوەرێک، قەشەیەک و سۆزانییەک دەردەکەون، ئەم کارەکتەرانە لە چرکەساتێکی دژواردا نەفرەت لە خۆیان دەکەن و کتوپڕ لە چاو ون دەبن. هەموو نەمایشەکە تەنها سێ خولەک دەخایەنێت.

"بروک" سەبارەت بەو پرۆگرامە کورتە ئەزموونگەرییە دەڵێت: (پرۆژەکە بە شانۆنامە سێ خولەکییەکەی ئارتۆ "تەوژمی خوێن" دەستی پێ کرد، نەمایشەکەمان بە شێوەیەک بەرجەستە کردبوو، کە لە ئارتۆ ئارتۆتر بوو. دیالۆگەکانمان بە تەواوەتی کردبوو بە هاوار.) <١٢>

ئەمە جگە لە هەڵبژاردن و نەمایشکردنی هەندێک دیمەنی کورتی هاملێت بە شێوازی ماریۆنێت، ئەو هەوڵە بە یەکەم تەقەلا ئەزموونگەرییەکانی بروک بۆ بەرجەستەکردن و خوێندنەوەیەکی جیاوازتری بەرهەمەکانی شەکسپیر دادەنرێت.

هەر لەم پرۆژە توندوتیژە ئەزموونگەرییەدا، ژان ژینییەش دەبێتە وێستگەیەکی گرینگ و ڕایەڵە توندوتیژەکانی شانۆکەی، سەرچاوەیەکی بە پێز و دەوڵەمەند بووە. ئەو شانۆ توندوتیژەی ئارتۆ لە مانێفێست و لە دیدە هونەرییەکەیدا بانگەشەی بۆ دەکرد، لەلای ژان ژینییە بووبووە زەمینەیەکی دەوڵەمەند و پرۆسەیەکی کردەیی و لە شانۆنامەکانیدا، بە شێوازێکی ڕیتواڵی بەرجەستە بووبوون. بروک شانۆنامەی (پەردەکان) بۆ ئەم مەبەستە هەڵدەبژێرێت، کە لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک لە ئینگلیستان پێشکەش نەکرابوو. شانۆنامەی (پەردەکان) لە چەند دیمەنێکی کورت و چڕکراوەدا دەروازەیەکی وێنەیی، چاوگێکی بە بەها و دیدێکی هەمەلایەن و گشتگر بۆ مەشقە ڕاگوزارییەکان دەکاتەوە. پیتەر بروک بەم شێوەیەی لای خوارەوە باسی سەرچاوەکانی پرۆژە ئەزموونگەرییە توندوتیژەکەیان دەکات: (دەستپێکی گەڕان و پشکنینەکانمان لە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە دەست پێدەکەن، ئەلفرێد گاری و ئەنتۆنین ئارتۆ. گاری هێزێکی وێرانکەری مەزنە. ئەدەبی فەڕەنسی لە هێماگەرایییەوە (کۆتایی بازنەکە) بەرەو زەمەنی تەکعیبی (شەشپاڵوو) برد، تێکستەکانیشی لە شاکارەکەیەوە (ئۆبۆی پادشا)وە وەرگیراوە و بۆ بەهانەی ڕاگوزاری بەکاردەهێنرێت. بەڵام ئارتۆ کە زیاتر نەمایشی یەکەم دەگرێتەوە، بەشە ناوازەو دانسقەکەی خۆی "تەوژمی خوێن"ە، دواتر ئەم تەوژمە توندوتیژەمان هەڵبژارد، بە گەڕانەوە و یارمەتیی هەندێک تێکست، کە بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە نووسرابوون، هەروەها بە یارمەتیی کۆمەڵێ مەشقی هەڵبژاردە، وەک تەقەلایەک بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان شانۆ

و فیلم، شانۆ و دەنگ. بەهەرحاڵ هەموو ئەو شتانە کە ئێمە خەریکی لێکۆڵینەوەیان بووین، بریتی بوون لە هێزی ڕاستەوخۆ و چڕی دەربڕین. بەم ڕۆحەوە هەوڵمان دا لە پرۆژەیەکی ئەزموونگەریی ڕەهادا لە هاملێت نزیک ببینەوە.)<١٣>

ئەو پرۆژە و تاقیگەیە بۆ بروک، وەک خۆی دواتر ئاماژەی پێ داوە، جۆرە (تەقەیەک لە تاریکیدا) بووە و زیاتر مەشقی تەکنیکێکی نوێی شانۆیی بووە. ئەکتەرەکانی شانۆی شاهانەی شەکسپیری هان داوە، کە بە پێچەوانەی دابونەریتە باوەکەی ئەو شانۆ گرینگەوە کار بکەن و وزە و تواناکانیان بە ئاراستەیەکی تر و لە دیدێکی ترەوە تاقی بکەنەوە و بەکاری بێنن. بروک پێداگریی لەوە کردووەتەوە، کە ئەو مەشقانەی بە هەنگاوێکی پێویست زانیوە بۆ دۆزینەوەی جۆرە شێواز و تەکنیکێکی گوزارشتئامێزی شانۆیی. بروک و گروپەکەی ئەم بەرەنجامە توندوتیژە جیاوازە بۆ کۆمەڵێ ڕیژیسۆر، ئەکتەر، بەڕێوەبەری شانۆکان، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان، کارمەندانی شانۆ و تەنانەت تەکنیکارانی شانۆکانی لەندەن پێشکەش دەکەن. ئەم پرۆژەیە بە هیچ شێوەیەک نابێتە جێگەی سەرنجی ئەو بینەرە شانۆکارانە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێکیان دژیشی دەوەستنەوە، بەڵام وەکو بروک ئاماژەی بۆ دەکات، گەڕان و پشکنینەکانی ئەوان، بەر لە هەموو شتێک زەمینە و جیهانبینییەکی تری لەخۆگرتووە، کە زیاتر تایبەت بووە بە مەشق و چالاکییەکانی خۆیان.

بروک و ئەو گروپە، شانۆی توندوتیژییان بەر لە هەموو کەسێک، وەکو ڕاڤەکردنێکی هونەری و فەلسەفی بۆ خۆیان بەکارهێناوە و ڕووبەڕووی خۆیانیان کردووەتەوە. ئارتۆ بۆ

بەکارهێنانی وشەی (توندوتیژی) هیچ مەبەستێکی سادیی نەبووە،<١٤> بەڵکو تەقەلاکەی هاوارێک بووە بەسەر شانۆیەکی بێ پەروای وادا، کە هیچ هەستێکی بەزەیی نەبووبێت بۆ ژیان. بروک دەڵێت: (ئارتۆ بنەمای تیۆرەکانی لە شانۆی ڕۆژهەڵات، ژیانی سەرەتایی مەکسیکییەکان و ئەفسانەکانی تراجیدیای گرێکیدا دۆزیوەتەوە، بەڵام لە پێش هەموو ئەمانەدا؛ لە شانۆی ئێلیزابێسیدا. شانۆی ئێلیزابێسی بنەماکانی ئەو پانتاییە بۆ هونەرمەند دەڕەخسێنێت، کە دەتوانێت بە سەربەستی لە نێوان جیهانە دەرەکی و ناوەکییەکاندا بجوڵێتەوە.)<١٥>

ئەو پرۆژانە دەروازەیەک بۆ بروک و ئەکتەرەکانی دەکەنەوە تا لەوێوە هەڵبکشێن و هەنگاوی تر و جیاواز بنێن، هەنگاوی پڕ لە مەترسی، ئەزموونە ناتەبا و چڕ و دژوارەکان. لە هەمان کاتدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە بروک و تیپە شانۆییە توندوتیژەکەی؛ بەدەربووبن لە کاریگەری، گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و سوودوەرگرتن لە مانیفێست و دید و بۆچوونەکانی ئارتۆ، بەڵکو ئارتۆ دەستپێکی ئەو ئەزموونە بووە و لە ئارتۆوە گەشتەکەیان دەست پێ کردووە. بۆیە لە بەرەنجامی ئەو تاقیگەیەدا، شانۆنامەی (تەوژمی خوێن) پێشکەش دەکەن، کە ئارتۆ خۆی، وەک هەوڵێکی ئەزموونگەری نووسیبووی.<١٦>

# مارا – ساد
# خاڵێكی گرینگی گۆڕانكارییەكان



دیمەنێكە لە مارا _ ساد لە ئەرشیفی تایبەتی خاتوو گونیلا ڤایس-ەوە

بروك دوای پرۆژە ئەزموونگەرییەكانی، وەكو بەرەنجامێكی (تاقیگە ئارتۆییەكەی) لە ساڵی ١٩٦٤دا شانۆنامەی (مارا/ساد)ی نووسەری ئەڵمانی (پێتەر ڤایس)<١٧> لەسەر شانۆی ئالدویك Aldwych لە لەندەن نمایش دەكات.

شانۆنامە و نەمایشی "مارا – ساد" دەبێتە ناوەندێكی گرینگ و ئاستێكی بەرزی ئەو پرۆسە ئەزموونگەرییەی پیتەر بروك دەستی پێ كردبوو. ئەم نەمایشە بووە خاڵێكی گرینگی گۆڕانكارییەكان لە ڕەوت و كار و پرۆسە شانۆییەكەی بروكدا.

شانۆنامەکەی پیتەر ڤایس هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی یەکێک لە شانۆنامەکانی نەخۆشخانەی (چارنتن)، کە لە ساڵی ١٨٠٨دا، لەلایەن نەخۆشەکانەوە نەمایشکراوە و باسی چیرۆکی کوشتنی مارا، لەلایەن شارلۆت کۆردییەوە دەکات، ئەمەش بۆ بروک دەبێتە مەسەلەیەکی گرینگ و ئەو سەرەتا ئەزموونگەرییە.

کۆردی، مارا و هەموو ڕۆڵەکانی تری شانۆنامەکە، لەلایەن نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیەوە بینراوە.<١٨> بروک خۆی سەبارەت بە شانۆنامەکە دەڵێت: (بۆ ئەوەی شانۆ لە ژیان بچێت و لە ژیانەوە نزیک بێت، پێویستە جوڵانەوەکان بەردەوام لە پێشەوە بۆ دواوە بێت: لە نێوان بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی و خودگەرادا، یان بە مانایەکی تر لە نێوان ئەوەی خودگەرا و تایبەتە لەگەڵ ئەوەی گشتییە. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەو جووڵە بەردەوامەیە، لە پێکداچوون و قووڵکردنەوەی جیاوازییەکان، دیارە ئەم سیما گرینگە تووشی سەرسوڕمانی کردم، کە بۆ یەکەم جار شانۆنامەی (مارا — ساد)م خوێندەوە، هەستم کرد ئەمە شانۆنامەیەکی زۆر چاکە.)<١٩>

شانۆنامەکەی پێتەر ڤایس لەسەر گفتوگۆیەکی فەلسەفی لە نێوان "مارا و ساد"دا ڕۆنراوە. مارا بڕوای بەوەیە، کە کۆمەڵگە لە ڕێگەی شۆڕشێکی توندوتیژی بە زەبروزەنگەوە دەگۆڕدرێت، بەڵام ساد لەو بڕوایەدایە گۆڕانکارییەکان تەنها لەو ڕێگەیەوە بەدی دێت، کە (تاک، خود) توانا و هێزە فەنتازییە بێسنوورەکانی بەکاربهێنێت. ئەو قووڵاییەی ساد لە لای مرۆڤی تاک باسی دەکات، دەتوانێت وێنەی وا بخوڵقێنێت، کە لە هەموو جۆرە توندوتیژییەکەوە دوورە.<٢٠>

بۆ بروکیش مەسەلە ئەزموونگەرییەکان، شانۆیەکی فیزیکی و بیرکردنەوە جیاوازەکان دەبنە بنەما بەراییە گرینگەکانی ئەم پرۆسێسە. لەبەر گرانیی هەنگاوەکەش، بروک لە سەرەتای پرۆژەکەدا میوانداریی شانۆکار و ڕیژیسۆری پۆلۆنی (گرۆتۆڤسکی) دەکات تا لە هەندێک مەشقی فیزیکی و گۆڕینەوەی دید و بیروڕاکانیان هاریکارییان بکات. گرۆتۆڤسکی بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە لەندەن و بۆ ماوەی دوو هەفتە ئەکتەر و بەشدارانی شانۆییەکە دەخاتە ژێر مەشقێکی گرانی جەستەییەوە. بروک دواتر ئاماژە بەوە دەکات، کە گرانە بە وشە باسی مەشق و دیدە فیزیکییەکەی ئەو دوو هەفتەیەی گرۆتۆڤسکی لەگەڵ گروپەکەیدا بکات (یەکەم لەبەرئەوەی نایەوێت ئەو نهێنییانە بدرکێنێت، دووەم لەبەرئەوەی خودی ئەو مەشقە جەستەییانە گرانە بخرێنە قاڵبی نووسین و گێڕانەوەوە.)<٢١>

ڕەخنەگرەکان و لێکۆڵەرەوانی شانۆ دواتر ئاماژە بەوە دەکەن، کە شێواز و فۆرمی نەمایشی مارا – ساد زیاتر چەمکی شانۆی برێخت لەخۆدەگرێت، نەک ئارتۆ و شانۆی توندوتیژ. ئەوە جگە لە کاریگەریی ئاشکرای تەکنیکی شانۆی پیراندیلۆ ١٨٦٧ – ١٩٣٦<٢٢>. بروک لە وەڵامی ئەم ڕەخنە و بۆچوونانەدا دەڵێت: (یەکێک لە ڕەخنەگرەکانی لەندەن بەم شێوەیە هێرشی کردە سەر نەمایشەکە: تێکەڵەیەکە لە باشترین بنەماکانی شانۆی برێخت، شانۆی ئەبسورد و شانۆی توندوتیژی. ئەو ڕەخنەگرە مەبەستی بوو بەم بۆچوونەی لە نرخی نەمایشەکە و شانۆنامەکە کەم بکاتەوە، بەڵام من ئەو ڕەخنەیە بە پیاهەڵدانێکی بەرز دەبینم.)<٢٣>

پێتەر ڤایس خۆی دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە، کە ویستوویەتی هێزی دژ و جیاوازی برێخت و ئارتۆ لە شانۆنامەکەیدا کۆبکاتەوە، تا بەم پێکداچوونە زەمینەیەکی تری شانۆیی: جیاواز و لە هەمان کاتدا لێکچوو، لە هەردوو بنەما شانۆییەکانی برێشت و ئارتۆدا بخولْقێنێت، بەڵام بروک بۆچوونێکی جیاوازتری هەیە و لەم ڕووەوە دەڵێت: (مارا — ساد نە بە تەواوی **"**برێشت"ە و نە ئارتۆ و نە شەکسپیریشە، بەڵکو لە لایەکەوە **"**ئیلیزابێسی**"**یە و لەلایەکی تریشەوە لە زۆر ڕووەوە سەر بەم سەردەمەی ئێستامانە.)<٢٤> بێگومان ئەو شانۆنامە جیاواز و شۆڕشگێڕەی پێتەر ڤایس لەگەڵ دید و ئایدۆلۆژیا جیاواز و ئەزموونگەرییەکەی بروک دەگونجێت، بروک لە شانۆنامەی "مارا—ساد"دا گەلێک هەنگاو و داڕشتەی گرینگ لە ڕووی پراکتیزەکردنی بیروبۆچوونەکانی ئەنتۆنین ئارتۆ و شانۆی توندوتیژییەوە دەنێت.<٢٥>

هەروەها بروک باسی ئەوەی کردووە، کە چۆن خۆی لە یەکەم پرۆڤەکانی "مارا — ساد"دا لە ناوەوەی خۆیدا هەستی بە جۆرە توندوتیژییەک کردووە، لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک هەستی وای لەلا دروست نەبووە، ئەم هەستەش وای لێ کردووە وا لە ئەکتەرەکانی بکات هەست بە توندوتیژی بکەن و شتێک، هەستێک لەمبارەیەوە لە ناوەوەی خۆیاندا بدۆزنەوە، بەم شێوەیە بینەرانیش ناچار بکەن، کە هەست بە توندوتیژیی خۆیان بکەن.<٢٦>



دیمەنێکە لە مارا _ ساد کارەکتەری لێبوکەکان
لە ئەرشیفی تایبەتی خاتوو گونیلا ڤایس-ەوە

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

"چەوسانەوە و کوشتنی (مارا)<٢٨> لەلایەن نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی (چارنتن)، کە لەژێر چاودێری (مارکیز دی ساد)<٢٩> نەمایش کراوە" درێژترین ناونیشانی شانۆنامەیەکە، کە دواتر لەبەر درێژیی ئەو ناونیشانە بە "مارا – ساد" ناسراوە و ناودەبرێت.<٣٠>

پێتەر ڤایس بۆ نووسینی ئەم شانۆگەرییە پشتی بە کۆمەڵێ ڕووداو و حەقیقەتی مێژوویی بەستووە، هەروەها ئاوڕی لە کۆمەڵێ بەڵگەنامە، دۆکیومێنت، ڕاپۆرت و کەرەستەی مێژوویی و باوەڕپێکراو داوەتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شانۆنامەکەی بە کارێکی مێژوویی، یاخود تۆماری لە قەڵەم نادرێت. شانۆی تۆماریش، وەکو چەمکێکی گرینگ و تەوژمێکی شانۆی ڕامیاری، دوای ئەرڤین بسکاتۆر ١٨٩٣ – ١٩٦٦ لەسەر دەستی پێتەر ڤایسدا کۆمەڵێ چەمک و سیمای تایبەت لەخۆدەگرێت. پێتەر ڤایس گەرەکی نەبووە تەنها ڕووداو و بەسەرهاتە توندوتیژ و ڕاستەقینەکانی مێژوو تۆمار بکات و بە شێوازێکی شانۆیی نمایشیان بکات، بەڵکو لە ڕاستیدا ویستوویەتی درامایەکی تایبەت بخولقێنێت، کە لە دوای ئەو ڕاستییانەوە دید و نەخشەیەک بۆ بیری مرۆڤایەتی بکێشێت و دەستنیشانی چۆنیەتیی کارکردنیشی بکات، بەڵام مەسەلە توندوتیژەکان و بۆچوونە توندڕەوەکانی شۆڕشی میللەتان و گفتوگۆ ڕامیارییەکان نامۆ نەبوون بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی لەوەوبەری پێتەر ڤایس.

(پێتەر ڤایس لە سەرەتای ژیانی نووسینیدا، زۆرجار باس و چارەسەری ئەو مەسەلانەی کردووە، کە لە دەوری تەوەرەکانی توندوتیژیدا سوڕاونەتەوە. ئەمەش خاڵێکی گرینگە، کە هەر لە سەرەتاوە نووسەریی بە مارا — سادەوە بەستووەتەوە، لەوێدا مەسەلە توندڕەوەکان، سەبارەت بە سروشت و مەرجەکانی مرۆڤ و مەسەلە ڕامیارییەکانەوە، مانایەکی دیاریان هەیە و ڕاستەوخۆ بە گفتوگۆ و بۆچوونەکانی مارا و سادەوە بەستراونەتەوە.)<٣١>

## شۆڕشی فەڕەنسی

شانۆنامەی "مارا — ساد" لە شۆڕشی فەڕەنسی دەدوێت و بۆ ئەم مەبەستەش ڕووداوەکانی لە مێژووی فەڕەنساوە وەرگرتووە، پێتەر ڤایس، مارکیز دی ساد و ژان پۆل مارا ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە. ساد وەکو نووسەرێک و مرۆڤێکی نەخۆش بە سێکسەناسازی، خاوەن بیروڕا و فەلسەفەیەکی خودی دیاریکراوە و بانگەشەی فراوانبوونی دەسەڵاتی تاکەکەس دەکات، بە نیازی بەدیهێنانی سەرفرازی بۆ مرۆڤ. ماراش ڕابەری شۆڕشی فەڕەنسییە و بڕوای بە زەبر و توندوتیژییە، چونکە هەر ئەو توندوتیژییە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی سەرفرازی. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لە لای پێتەر ڤایس لە ترۆپکی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی فەڕەنسیدا بەرجەستە دەبێت، بە تایبەتی بە ماوەیەک بەر لە کوشتنی مارا بە دەستی (کۆردی).<٣٢>

(کۆردی) له گوندەوە هاتووەتەوە و خەون بە جیهانێکی درەوشاوەی ئاینییەوە دەبینێت و بڕواشی وەهایە بە کوشتنی مارا، گەلی فەڕەنسا ڕزگار دەکات. لە ڕاستیدا مارا و ساد هەرگیز لە ژیاندا ڕووبەڕووی یەکتری نەبوونەتەوە، بەڵکو پێتەر ڤایس جەمسەرە ڕاست و واقیعییەکانی ژیانی ئەو دوو کەسایەتییە مێژووییەی لە هاوکێشەیەکی هونەریی بەرزدا بە یەک گەیاندووە و ڕووداوەکانیشی هێناوەتە ناو نەخۆشخانەی (چارنتن)ەوە.<٣٣>

پێتەر ڤایس وەکو فۆرم و شێوازی نووسین بۆ بەرجەستە و وەدەرخستنی ڕووداوەکان تەکنیکی (شانۆی ناو شانۆ) بەکاردەهێنێت، ئەم شێوازەش چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسی ئیتالی (پیراندیللۆ) بۆ یەکەمجار، لە ساڵی ١٩٢١دا بە شێوەیەکی فراوان لە شانۆنامەی (شەش کارەکتەر بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن)دا وەک فۆرم و تەکنیکێکی نوێ بەکاریهێناوە.

پێتەر ڤایس ساڵی ١٩٧٩ لە چاوپێکەوتنێکدا بەم شێوەیە چیرۆکی نووسین و داهێنانی شانۆنامەی مارا — ساد دەگێڕێتەوە: (پاییزی ساڵی ١٩٦٢ من و کوڕە دوازدە ساڵانەکەم (میکاییل)، فیلمێکی فەڕەنسیمان بینی: Madame Sans Gene، ئەم فیلمە هانی دام مێژووی ئەو سەردەمە بخوێنمەوە، کە باسی ڕووداوەکانی فیلمەکەی دەکرد، لە کتێبێکی کۆندا بە ناوی (شۆڕشی فەڕەنسی) ستۆکهۆڵم ١٨٩٩، وێنەیەکی مارامان لە حەوزێکی خۆشتندا دۆزییەوە. بەر لەم قۆناغە، لە سەردەمی خوێندنمدا کارەکتەری مارا جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانم بووە، هەروەها هەر لەو قۆناغەشدا، ڕادیۆیەکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، داوای لێ کردبووم، کە زنجیرە وتارێک سەبارەت بە شۆڕشی فەڕەنسی بنووسم، بۆ

ئەو مەبەستە، بیرم لەوە کردەوە گەمەیەکی شانۆیی بۆ ئێزگە سەبارەت بە مارا و کۆردی بنووسم، بەڵام تەنها ئەو کوشتنە مێژووییە ئامانجەکەی نەدەپێکا. ئەوەی جێگەی باسە، من لە پەنجاکاندا بەرهەمەکانی ساد-م خوێندبۆوە، جیاوازییەکی ژیانی ئەم دوو کەسایەتییەش جێگەی سەرنج بوو، چیرۆک و باسەکە ئامادەبوو، بەڵام هێشتا بیرم لەو لایەنە لۆژیکییەی نەکردبووەوە، کە ئەم دوو کارەکتەرە کۆبکاتەوە. ئەم مەسەلەیەش درێژەی کێشا تا زستانی ساڵی ١٩٦٣/١٩٦٢ دوای گەڕان و پشکنینێکی قووڵ، لە کاتی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نووسەر و پسپۆڕ و سادناس (ئەلیکساندەر کۆڤاڵ) لە بەرلین ئەو بیرۆکە دراماتیکییەم بۆ هات. دەگونجا گفتوگۆی مارا و ساد لە نەخۆشخانەی (چارنتن)دا کۆبکەمەوە، ئەمەش لە شانۆیەکی ناو شانۆدا، کە بە بڕیارێکی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە لەلایەن مارکیز دی ساد-ێکی بە تەمەنەوە پێشکەش بکرێت. بەم شێوەیە دەکرێت دراماکە بنووسم.)<٣٤>

مارکیز دی ساد نەخۆشێکی بەندکراوی نەخۆشخانەی (چارنتن)ە و بە نووسین و کاری ڕیژی و ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی ئەو شانۆنامەیە هەستاوە. هەر لەم ڕووەوە نەخۆش و شێتە بەندکراوەکانی چارنتن دەبنە ئەکتەر و بینەری ئەو گەمە شانۆییە. مارکیز دی ساد، لە ڕاستیدا، بۆ نەخۆشەکانی ئەو نەخۆشخانەیە زۆر شانۆنامەی نووسیوە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە نەمایشی کردوون، لەم ڕێگەیەوە مارکیز دی ساد وەکو مرۆڤێکی زرنگ و هۆشیار، بە شێتیی خۆی جیهانێکی تایبەتی بۆ شێتە هاوەڵ و هاودەمەکانی خولقاندووە، بەمەش هەر یەکێک لەو کەسایەتییە

شێتانە، بە هەستی شێتیی خۆیانەوە، خۆیان لە ناوەوەی خۆیاندا دۆزیووەتەوە.

## بنەمای سیکۆچکەیەکی مێژوویی

پێتەر ڤایس لە دیدی پەیوەندییەکی سێکوچکەییەوە بنەماکانی شانۆنامەی (مارا- ساد) پێکدەهێنێت، لەم پەیوەندییە سێینەیەدا چەندین هێڵ و دارشتەی جیاوازی مێژوویی و فەنتازی، واقیع و ئەندێشە تێکەڵاو دەکات، بەم تێکەڵاوبوونە، وەک پرۆسەیەکی فیکری و هونەری زنجیرەیەکی ئاڵۆزی دژ بە یەک و لە هەمان کاتدا پێکەوە لکاوی دروست کردووە.

کەسایەتی و لۆژیکی مارا زۆر لە کەسایەتی و سیستم و لۆژیکی ساد دژ و جیاوازەترە، مارا لە ڕوانگەی چرکەزەمەنێکی هەڵچووی ناو شۆڕشێکی دژوارەوە دێت، کە پابەندە بە پرەنسیپ و سیستەمێکی شۆڕشگێڕی توندڕەوەوە. ئەو سیستەمە خوێناوی و توندوتیژە ئەڵتەرناتیڤی ئەو پانتاییانەیە، کە مارا گەرەکییەتی. کەواتە گۆڕانکاریی شتەکان لە دەروازەی بۆچوونێکی توندوتیژی شۆڕشگێڕانەوە نەبێت، ناگاتە هیچ بەرەنجامێک و دواجاریش هەموو تەقەلاکان لە سنوورێکی پەراوێزکراودا دەمێننەوە، بەڵام ئەم لۆژیکە لە لای ساد لۆژیکێکی نائاراستەیە و لە هیچ چرکەزەمەنێکدا نابێتە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو. بە پێچەوانەوە تاک لە لای ساد بونیاد و بنەما سەرەکییەکانە و لە دیدێکی فەلسەفییانەی تاکڕەوییەوە (تاکەوە) جیهانبینی شتەکان دەکات.

لە لایەکی دیکەشەوە (کۆردی) لە دیدێکی ترەوە دەیەوێت لە پێناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیدا، کودەتایەکی ڕاستەوخۆ بەرپا

بکات، ئەو کودەتایەش بە کوشتنی مارا نەبێت ناگاتە هیچ ئەنجامێک، ئەمەش هاوکێشەیەکی لاسەنگ و کێشەیەکی دژوارە.

پێتەر ڤایس ئەم سێ کارەکتەرە ڕاستەقینە مێژووییە کۆدەکاتەوە، بەکاریان دەهێنێت لە دروستکردنی بارودۆخ و هەڵوێستەیەکی گرینگی هاوچەرخدا و بەرجەستەی دیدێکی نوێ و هونەرییان دەکات. بەمەش مێژوو، واقیع و شانۆ کۆدەکاتەوە و دەیانکاتە سترکتوور و ئێستاتیکایەکی جیاوازی جیهانی شانۆ.

## مارا – ساد و پیتەر بروک

بروک لە دەسپێکی پرۆژەکەوە، بڕیاری ئەوە ئەدات کە سەر شانۆ و پانتایی نەمایشەکە دەبێت بە جۆرێک ئامادە بکرێت، ئەکتەرەکان، واتە (نەخۆشەکان)ی چارنتن بە شێوەیەکی سەربەست و بە بێ هیچ سنوور بۆ دانانێک، بەو شێوانەی کە خۆیان دەیانەوێت، بجوڵێنەوە. ئەمەش کاردەکاتە سەر پرۆسەی ڕیژی شانۆنامەکە.

پرۆڤەکانی پرۆژەکەش لە شانۆنامەکەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لە وۆرکشۆپێکەوە سەبارەت بە چەمکی (شێتی) و جۆرەکانی شێتبوون و بێگومان هۆکارەکانیشییەوە دەست پێ دەکات. بروک لەم ڕووەوە وتوویەتی (یەکەم تاکتیکی من ئەوە بوو ڕێگە بە ئەکتەرەکان بدەم لە دونیای شێتیدا بجوڵێنەوە، سەربەست بن و هەر شتێکیان دەوێت بە بێ هیچ بەربەستێک، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و بێ پلان بیکەن) هەنگاوی دووەمیش لە ڕێگەی بنەما تەقلیدییەکانی شانۆ و لەهەمانکاتیشدا مەشقی

ڕاگوزارییەوە، پاڵ بە ئەکتەرەکانەوە بنێت، وەکو تاک ئەو یادەوەرییانەیان، یاخود ئەو حاڵەتانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵیاندا ژیاون، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جۆرە ڕەگەزێکی شێتبوونیان لەخۆگرتووە بێتەوە یاد. بروک چەندین جار، لە شیکردنەوە و یادەوەرییەکانیدا، لە چەمکی شێتیدا ژیاوە و هەوڵی داوە، وەک ئەکتەرێک بەرجەستەی حاڵەتەکان بۆ ئەکتەرەکانی بکات، بۆ نموونە کە باسی چوار، یان پێنج حاڵەتی شێتیی بۆ ئەکتەرەکانی کردووە، هەوڵی داوە ئەو ئاستە لە ڕووی پراکتیکیشەوە بدۆزێتەوە، بە تایبەتی کە چ حاڵەتێکیان زیاتر لەوانی تر لە خۆیەوە نزیکە. بەم شێوەیە بروک لەو دەروازەیەوە دەستی پێ کردووە، کە جۆرە حاڵەتێک لە دەوروبەر و بارودۆخە شێتێتییەکەی خۆیەوە بدۆزێتەوە و لە خۆیەوە دەست پێ بکات.

بروک بە دوای وێنەی پڕ لە جووڵەی شێتێتیدا گەڕاوە، ئەو بارودۆخە فیزیکییەی کە لە هەڵسوکەوتی شیتەکاندا نزیک بووە، یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئاماژەی بەوە کردووە (ئێمە بە تەواوی لەو بڕوایەدا بووین، هەموومان لە کۆتاییدا شێت دەبین.)<٣٥>



بروک  لە کاتی وێنەگرتنی مارا _ ساد دا

لە ئەرشیفی تایبەتی خاتوو گونیلا ڤایس-ەوە

بروک دواتر لە یاداشتەکانیدا بەم شێوەیە ئاماژە بەو سەرەتا چڕەی کارەکەیان ئەدات و لە هەمان کاتدا دووپاتی چەمکەکانی شێتی لە نزیکبوونەوەی ڕۆڵەکاندا دەکات (سێ یەکی مەشقی مارا — ساد، وەکو پرۆسەیەکی دووفاق، هانی ئەکتەرەکان و خۆیشم ئەدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان و چڕ شت بەرهەم بهێنین، هەموو شتێک، باش و خراپ. ئەمەش زیاتر لەبەرئەوەی بابەتەکە لەسەر ئاستێکی بەرز دینامیکییەتێکی گەورە لەخۆبگرێت. بەم شێوەیەش بیروڕایەکی ئێجگار زۆری ئامادەنەکراومان کۆکردەوە. لە قۆناغی کۆتایی مەشقەکانیشماندا، کاری ئەکتەرەکان زیاتر بەرەو پانتاییە تاریکەکانی ژیانە ناوەکییە شاراوەکەی شانۆنامەکە بەڕێکەوت.)<٣٦>

بروک له پانتاییەکی بەتاڵدا هەوڵی دامەزراندنی دیدی نەمایشەکەی دەدات، پانتاییەکی بۆش سترکتورێکی هونەری بۆ سەرەتای دیمەنەکان دروست دەکات و هەر لەو سەرەتایەوە گەشتەکەی مارا و ساد دەست پێ دەکات: ئەو دیمەنە دەروازەی خانووبەرەیەکی بێ دەرگا و پەنجەرە بەرجەستە دەکات، ئەو بارستەیەش دەبێتە وێنەیەکی پراکتیزەکراوی ڕاستەوخۆی بیرۆکەی (پانتاییە بۆشەکان)، کە بروک لەو سەردەمەدا بانگەشەی بۆ دەکرد. کورسییە تەختەکانی نەخۆشخانەکە، شێوازێکی ساکار و باش بەکارهێنراوی لەخۆگرتووە و بە ئاسانی بە شێوەی جۆراوجۆر بەکارهێنراون. حەوزەکەی مارا زۆربەی کات لە بەشی پێشەوەی هێڵی ناوەڕاستی شانۆکەدا دانراوە، بەڵام بەردەوام توانای گوێزانەوە و جووڵاندنی هەبووە، بە تایبەتی بۆ لای ڕاستی بەشی سەرەوەی شانۆکە. حەوزەکەی مارا زیاتر گۆرانیبێژەکان و یاریزانە لێپووکئاساکان، لە ڕوانگەی چەندین جووڵانەوە، سەما و نەمایشی جۆراوجۆرەوە، گۆڕانکارییان بەسەردا هێناوە. لەهەمان لاوە بەڕێوەبەری بەندیخانە و خێزانەکەشی لەسەر شوێنێکی تایبەتی نزیک بە بەشی کۆتایی پێشەوەی تەختەی شانۆکە دادەنیشن.<٣٧>

بروک بە تەواوی سنوورەکانی نێوان پانتاییە شانۆییەکە و خودی شانۆ لەناو شانۆدا وەلاوە دەنێت، کە بینەرانیش دێنە ژوورەوە پانتاییە بەتاڵەکە بە تەواوی کراوەیە. هەندێک لەو بینەرانەی بلیتی شوێنە باش و تایبەتییەکانی پێشەوەیان کڕیوە، دەبینن جێگەکانیان گیراوە و بە گومانەوە سەیری ئەو کەسانە دەکەن، کە لە جێگەکانیان دانیشتوون. لەبری ئەوان کەسانی

چڵکن، پیر و چەماوە، نەخۆش و شێت دانیشتوون، پرسیارەکەش ئەوەیە، ئەوانە ئەکتەرن، یان خەڵکانێکی ترن و بەر لەوان بە هەر شێوەیەک بووە هاتوونەتە ژوورەوە و لە جێگەکانی ئەوان دانیشتوون، بینەران پارەیان داوە و هەر زوو لەگەڵ ئەو خەڵکە سەیر و سەمەرەیە دەکەونە دەمەقالێ، تا لە دواجاردا ئەو کەسانە، بە ناڕەزایەتییەوە ناچار دەبن جێگەکانیان بۆ بینەران چۆڵ بکەن و بە بێزارییەوە بچنە سەر تەختەی شانۆکە و جێگەکانی خۆیان ئامادە بکەن. لەو پانتاییەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان بینەران و زیندانییەکانی نەخۆشخانەی چارنتندا نابینرێت، بەڵکو ژووری ئەکتەرەکان، جێگە و ژووری بینەرانیشە. پانتایی شانۆکە، لە هەموو لایەکەوە و بە شێوەیەکی چونیەک لەژێر تیشکی ڕووناکیدا بووە. هیچ پەردەیەک لە نێوان بینەران و شانۆ و ئەکتەرەکاندا نەبووە. شوێنی دانیشتنی بینەرانیش بە درێژایی کاتی نەمایشەکە، هەروەک سەر شانۆکە ڕووناک کراوەتەوە.

ئەم تەکنیکە دواتر لە پرۆژەی US (ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بە شێوەیەکی تری هەمەلایەنە پەرە دەسەنێت. بروک لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: (پێتەر ڤایس تەنها شانۆیەکی سەراپاگیر بەکارناهێنێت، بەڵکو ئەو بیرۆکەیەش بەکاردەهێنێت، کە هەموو توخمەکانی تەختەی شانۆ لە خزمەتی شانۆییەکەیدا بێت. هێزی شانۆنامەکەش تەنها ناگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی شێوازە جۆراوجۆرەکان، بەڵکو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئەو قەیرانەی لە بەرەنجامی پێکداچوونی ئەو شێوازە دژانەدا ڕوودەدات. هەموو شتێک بەهۆی دژەکەیەوە لە جێگەی خۆیدا دانراوە، جیددی لە ڕێگەی

کۆمیدیاوە، پایە بەرزەکان لە ڕێگەی چەمکەکانی هونەرێکی میللییەوە، ئەدەبێکی باڵا لە ڕێگەی شتە نزم و بازاڕییەکانەوە، ڕۆشنبیریش لە ڕێگەی جەستەوە. بێگومان ئەمانەش بەهۆی وێنەکانی شانۆ و توانای تەختەی شانۆوە ژیانیان بە بەردا دەکرێت.)<٣٨>

## مارا، کۆردی و هاوکێشە مێژووییەکە

بروک لە ڕووداوە مێژووییەکانەوە، لە فاکتەرە ڕاستەقینەکانی ئەو ڕۆژگارە و بارودۆخی ڕووداوەکانەوە چارەسەرێکی هونەری بۆ ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی کۆردی و کوشتنی مارا ئەدۆزێتەوە و لە دیدێکی هونەری و بیرێکی ڕێژییەوە، مێژوو دەبەستێتەوە بە کات و ڕۆژگاری نەمایشەکە و مەسەلە سیاسییەکانیشەوە. لە لای بروک کۆردی مارا ناکوژێت. لەکاتێکدا کۆردی لە سەردانی سێیەمیدا خەنجەرەکەی دەستی بە شێوەیەکی نادڵنیا بە ڕووی سنگە ڕووتەکەی مارادا بەرز دەکاتەوە، مارا خۆی خەنجەرەکە لە دەستی کۆردی ڕادەپسکێنێت و دەیخاتە سەر سنگی خۆی. لە هەمان کاتدا، وەک کاردانەوەیەکی ئەو گەمە شانۆییەی چارنتن، لێپوکەکان ڕەنگی ڕەش لە سەتڵەکانەوە دەڕێژن، ئەمەش وەکو هێمایەک بۆ ئەوەی کە مارا قایلە بمرێت. کۆردی سێ جار لە دەرگا ئەدات و لە سەردانی سێیەمدا، لە سێیەم جاردا مارا دەکوژێت، ئەمەش لە ڕووی مێژووییەوە تەواو نەبووە. خۆی هیچ دەسەڵاتێکی نییە بۆ ئەوەی ڕێگە لەو مردنە بگرێت.

بروک هەرچەندە لێرەدا مێژوو دەگێڕێتەوە، بەڵام لە دیدێکی هونەری، لە بنەماکانی شانۆی ناو شانۆ، لە سترکتورە دەوڵەمەندەکەی دەقەکەی پێتەر ڤایس و لە مامەڵەکردنێکی جیاوازی هونەری نواندن و دۆزینەوەی جۆرە شێتییەک، بە تایبەتی لەلای کۆردی و ئەو نەخۆشییەی، کە تووشی هاتووە (خەولێکەوتن) ڕێگەیەکی دۆزیوەتەوە کە زیاتر نزیکە لە شانۆیەکی فیزیکییەوە.

بروک، کۆردی تووشی نەخۆشی خەولێکەوتنێکی هەمیشەیی دەکات، ئەمەش وای کردووە لە هەندێک شوێندا بە تەواوی وشەکانی بە دەم خەونەوە لێ بزر بێت. بەم شێوەیەش وتەکانی خۆی لەبیرچووەتەوە و لەسەر شانۆکە خەوی لێ کەوتووە، ساد وەک ڕیژیسۆری نەمایشەکە ناچاربووە، کە بەردەوام خەبەری بکاتەوە و بیخاتەوە ناو ڕووداوەکان.

چەقی ڕووداوەکانی شانۆنامەکەش کوشتنی مارا—یە لەلایەن کۆردییەوە، کۆردی کە لە سەردانی سێیەمیدا دەیەوێت مارا بکوژێت، هەموو کردارەکە، بە جووڵەیەکی خاو (سلۆمۆشن) بەرجەستەی جووڵەیەکی فیزیکی و خەونەئامێز دەکات و هەموو شتەکان لە چاوتروکانێکدا ڕوو دەدەن.

بروک ڕووداوەکانی دەقەکە دەکاتە هێزێکی بەرجەستەکراوی فیزیکی، ئەم شێوازە فیزیکییە توندوتیژە بە باشی لە جلوبەرگ و کەرەستە بەکارهێنراوەکانی کارەکتەری شێتەکان و گۆرانیبێژەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. بە گشتی، زمانی جەستە و وێنە شانۆییەکان لایەنێکی گرینگ و وزەیەکی دیار و ئاشکرای نەمایشەکە پێکدەهێنێت. هەست و سۆز دەبنە کۆمەڵێک وێنەی کۆنکرێتی.

وشه لەو تابلۆیەدا بەرجەستەی کۆمەڵێ جووڵەی ئێستاتیکی و فیزیکی دەکات. ئەم وێنە پڕ لە وزە و جەستە هەژێنراوە، بە تایبەتی لە دوا ساتەکانی کۆتایی نەمایشەکەدا، دەگاتە ئاستێکی گوزارشتئاسای بەرز. لەو تابلۆیەدا کارەکتەری شێتەکان یاخی دەبن، یاخیبوون و تێکئالآنێکی سێکسئامێز، دەروازەیەک بۆ بارودۆخێکی توندوتیژی شێتەکان دەکاتەوە. ئەو توندوتیژییە ڕووبەڕووی بینەرانیش دەبێتەوە.

لەو ڕووبەرە کراوە و فراوانەدا، هیچ سنوورێک بینەران و کارەکتەرەکان (شێتەکان) لە یەکتری جیاناکاتەوە، بەڵکو سینۆگرافیا و دیدی ڕیژی بروک، پانتایی شانۆکە، لەژێر ڕووناکییەکی بەهێزی سەرچاوەکانی ڕووناکیدا، بە هۆڵی دانیشتنی بینەرانەوە دەبەستێتەوە. لەو ڕابوونە توندوتیژەی شێتەکاندا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە هیچی بۆ ناکرێت، بەڵکو هەڵدێت و خۆی لەناو بینەراندا دەشارێتەوە، تەنانەت پاسەوانەکانیش بە گۆپاڵ و دارەکانی دەستییانەوە توانای دەست بەسەردا گرتن و دامرکاندنەوەی ڕابوونی شێتەکانیان نابێت. دوای هەڵهاتنی ئەوانیش تەکنیککار و کرێکارانی پشتەوەی شانۆ ناچار دەبن ئەو شالآوە توندوتیژەی شێتەکان و نەمایشەکەش ڕابگرن، بەڵام نەمایشەکە بەوە کۆتایی نایەت، بەڵکو دیمەنەکە بەوە کۆتایی دێت، کە شێتەکان کەلوپەل، جلوبەرگ و قژە دەستکردەکانیان فرێدەدەن، دووپاتی دەکەنەوە، کە ئەمە تەنها شانۆیە، دوای ئەوە چەپڵەڕێزانی بینەران بە چەپڵەیەکی گاڵتەئامێزی ئەکتەرەکان دەوەستێنرێت.

## ئێستاتیکا و دیدی ڕێژی

دیدی ڕێژی و پراکتیزەکردنی چەمکەکانی سینۆگرافیا و ئامادەکردنی مۆسیقا، ڕۆڵێکی گەورە لە دیاریکردنی پەیوەندییە هونەرییەکاندا دەگێڕن، پرۆسەی ئەو پەیوەندییەش یەکە فیکری، ئێستاتیکی و دیدە ئەزموونگەرییەکەی پرۆژەکە دەکاتە دەستپێکی پتەوی پێودانگە هونەرییەکان، بۆ نموونە بەکارهێنانی کۆمەڵێ هێمای بەرجەستەکراو لە داڕشتە ئاوێزانبووەکانی "مارا — ساد"دا دەبێتە ئاماژەیەکی سیمۆلۆژی و سترکتورە هونەرییەکان لە وێنە شانۆییەکاندا پێکدەهێنێت: کۆمەڵێ بارستەی شێوە پەنجەرەیی، بە جۆرێکی بازنەیی لە نێوەڕاستی پانتایی شانۆکەدا دانراوە، بەشەکانی ئەو دیکۆرە بازنەییە لە فۆرمێکی سێگۆشەیی پێکەوەلکاودا، شانۆیەکی خڕیان لە ناوەڕاستی شانۆکەدا دروست کردووە. نەمایشێکی گەورەی وێنەیی بەم بەشانە دروست دەبێت، هەندێک جار نەخۆشەکان لە ناویدان، هەندێک جاری تر بە تەواوی لە ژێریدا خۆیان دەشارنەوە و بزر دەبن، هەندێک جاریش تەنها سەریان بە دەرەوە دەبێت. ئەمە جگە لەوەی ئەو بارستانە لە کاتی پێویستدا، بە پێوە ڕادەگیرێن، یان پێکەوە بازنەیەک لە چەشنی شورایەک دروست دەکەن، لە کۆتاییشدا دەبنە بەندیخانە، هەروەها ئەو بارستە سێگۆشەییانە پێکەوە فۆرمێکی ئێستاتیکیی بزۆزیان لەخۆگرتووە، دەبنە بازنەیەک، بە شێوەیەک گوزارشت لە بزاڤێکی گەردوونی لە نێوان هێزەکانی بوون و نەبووندا بەرجەستە دەکەن، ئەمە جگە لەوەی ئەو بارستە سێگۆشەییانە بە ئاسانی لادەبرێن. لەژێر بارستەی هەر بەشێکیشدا چاڵێکی تایبەت هەیە،

ئەم چاڵانە دەبنە گۆڕی بە کۆمەڵ، بەندیخانەیەکی توندوتیژ، کە بە ئاسانی لە کاتی پێویستدا شێتەکان بە زەبری هێز تیایدا بەند دەکرێن، یان شوێنێک بۆ داڵدە و کرکەوتنی کاتی نەخۆشەکان. لەم دەروازەیەوە یاساکانی تاوان و سزای کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، دەبێتە ئاوێنەیەکی بەرجەستەکراوی مێژوویەکی توندوتیژی مرۆڤایەتی . خاتوو (گونیلا ڤایس)، کە سینۆگرافیای نەمایشەکەی و دیسان جلوبەرگی ئەکتەرەکانی کردووە، دەڵێت: (ئەو چاڵ و بارستە بازنەییە لە دووتوێی خەونێکی دۆزەخئاسای خۆمەوە سەرچاوەی گرتووە) هەروەها خاتوو گونیلا ڤایس لە وەڵامی پرسیارێکی ترمدا، گووتی (ڕۆژانی مەشق و پرۆسەی دامەزراندنی نەمایشەکە دوورودرێژ بوو، ئەمەش ئەو بوارەی بۆ من ڕەخساندبوو، هەموو ڕۆژێک، دوای ئەوەی گرفتە تەکنیکییەکانی خۆمم سەبارەت بە سینۆگرافیا و جلوبەرگ چارەسەر دەکرد، بەشداریی کاری پرۆڤەکانیشم دەکرد. ئەمە جگە لەوەی دوای هەموو ڕۆژێکی درێژی مەشق و پرۆڤەکان، پیتەر بروک و هەموو بەشدارانی پرۆژەکە، نزیکەی سەعاتێک گفتوگۆیان لەسەر مەشق و کارەکانی ئەو ڕۆژە دەکرد، بیری نوێ، پێشنیار و گۆڕانکارییەکانیان دەخستە ڕوو. ئەوانەی کە بە لامانەوە چاک بووایە، تاقی دەکرانەوە، پەسەند دەکران، یان هەڵدەگیران بۆ ڕۆژی دوایی. لە کاتی خودی پرۆڤەکانیشدا، بە هەموو شێوەیەک، هەموو جۆرە گفتوگۆیەک قەدەغە بوو.)<٣٩>

بروک هەر لە سەرەتاوە بەو مۆسیقایە قایل نابێت، کە بۆ نەمایشەکەی بەرلین دانرابوو، بەڵکو داوای مۆسیقایەکی تر و تایبەتمەندی نەمایشەکەی خۆی دەکات. ئەو مۆسیقا نوێیەش

یەکسەر لەگەڵ ڕۆژانی مەشق و پرۆڤەکاندا نووسراوە. R.C.Peaslyی کۆمپۆسیتۆری مۆسیقی ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و سەرلەنوێ مۆسیقایەکی تر بۆ نەمایشەکەی بروک لە لەندەن دادەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕۆژێک ئامادەی مەشق و پرۆسەی خوڵقاندن و بنیادنانی نەمایشەکە دەبێت. ئەم کۆمپۆسیتۆرە لەگەڵ بروک و جووڵانەوەی ئەکتەرەکان و دروستکردنی دیمەن و بەکارهێنانی کەلوپەلەکانیان مۆسیقاکەی ڕێک خستووە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەکتەرەکان ئاوازی گۆرانییەکانی داناوە. بەم شێوەیەش بووە بە بەشێک لە پرۆسەی کارەکە.

خاتوو گونیلا ڤایس دەڵێت: (Peaslyی کۆمپۆسیتۆر بە هاوکاریی ئەکتەرەکان توانیی ئەو ڕیتمە لە مۆسیقاکەیدا بدۆزێتەوە، کە لەگەڵ ئەوان و دەقەکەدا دەگونجان، هەروەها Adrian Mitchelی شاعیریش بەردەوام ئامادەی ڕۆژانی مەشق و پرۆڤەکان دەبوو، ئەویش بە بەشداریکردنێکی بەتین و پڕ لە وزە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپۆسیتۆرەکەدا، بێگومان بە بەشداریی ئەکتەرەکان و بروک، بە تێکستەکاندا دەچووەوە و گەر پێویست بووایە گۆڕانکاریی تێدا دەکردن، دایدەڕشتنەوە و ڕێکی دەخستنەوە.)<٤٠>

## بە فیلمکردنی مارا – ساد

بروک بە نەمایشی مارا – ساد دەرگایەکی تر بە ڕووی دید و تێڕوانین و ئەزموونەکانی شانۆدا دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی چەمکەکانی شانۆی ئەزموونگەریش، لە ڕووی تیۆر و پراکتیکەوە

دەگەیەنێتە ئاستێکی تر و قووڵبوونەوەیەکی هەمەلایەن. مارا — ساد لە لەندەن، پاریس و نیۆیۆرک بە سەرکەوتنێکی گەورەوە پێشکەش دەکرێت، بە پیرەوەچوونێکی چاوەڕواننەکراوی بینەران، چەمکەکانی شانۆی ئەزموونگەری، بازاڕ و سیاسەتی شانۆکانی ئەوکاتەی ڕۆژئاوا دەگۆڕێت. ئەم سەرکەوتنە وا لە بروک دەکات کە نەمایشەکە بکاتە فیلمێکی سینەماییش. ئەم هونەرمەندە لەم بارەیەوە گوتوویەتی (لە فیلمەکەدا وێنەی ئەوەم گرتووە، کە چاو دەیبینێت. ئەم پرۆسەیە لەسەر شانۆ بە پێچەوانەوەیە، بەڵکو لە بری چاوێک، هەزار کەس بە دوو چاوەوە دەڕواننە نەمایشەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەر هەمووشیان ڕووبەڕووی تێڕوانینێکی گشتی دەبنەوە.)<٤١>

فیلمەکە بە هەمان سەرکەوتنەوە لە زۆربەی هۆڵی سینەما تایبەتییەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی وڵاتە ئەوروپییەکانەوە بڵاودەکرێتەوە. خاتوو گونیلا ڤایس، کە وەکو سینۆگراف لە فیلمەکەشدا کاری کردووە، لەم بارەیەوە بە منی گووت (بۆ فیلمەکە دیوارێکم لە لای چەپی سینۆگرافیاکەدا لابردووە، بۆ ئەوەی کامێرا و ڕووناکی بتوانن بە سەربەستی کار بکەن. لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەشدا، کە لە وێنەگرتنی فیلمەکەدا کراوە، دەکرێت فیلمەکە بە دۆکیومینتێکی باشی هەردوو نەمایشەکەی لەندەن و نیویۆرک دابنرێت. دیمەنی کۆتایی لە فیلمەکەدا بە تەواوی شێوەیەکی تایبەت و سەربەخۆی جیاواز لە نەمایشە شانۆییەکان وەردەگرێت. لە فیلمەکەدا دیوارێکی شیشی پەنجەرەئاسا، هەروەک بەندیخانە، پانتایی شانۆ و هۆڵی بینەران لێک جیادەکاتەوە. لە شانۆییەکەدا، کە شێتەکان بە شێوەیەکی

تووڕە لە هەڵچوونێکی دەروونیدا، هێرش دەکەنە سەر بینەران، دیوارە ئاسنینە پەنجەرەئاساکە، بۆ ئەوەی ڕێیان لێ بگرێت، دێتە خوارەوە، بەڵام لە فیلمەکەدا لە بری ئەوە بە دیوارە پەنجەرەئاساکە، چارەسەر کراوە.)<٤٢>

***ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا..!***

***"مەسەلەکە تەنها تایبەت نییە بە بینەران، بەڵکو تایبەتە بە هەموومان، بە ئەکتەر و بینەران پێکەوە" بروک***

شانۆنامە و نەمایشی "مارا — ساد" یەکێکە لە نموونە بەرز و سەرکەوتووەکانی بروک لە بواری پراکتیزەکردنی شانۆی توندوتیژ و دید و بۆچوونەکانی ئەنتۆنین ئارتۆدا. ئەو سەرکەوتنەی پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٦٦دا بە نەمایشی (ئێمە و ئەمەریکا) و هەر لەسەر شانۆی دویک لە لەندەن بەردەوام دەبێت. ئەو بەردەوامییەش بەها و گرینگییەکی مەزن دەبەخشێتە بەردەوامی و ئەزموونەکانی بروک لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا.

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی شەستەکانی هەزارەی ڕابردوو لە جیهاندا، پەلاماردانی هێرشی دڕندانەی وڵاتێکی دەوڵەمەند و زەبەلاحی وەک ئەمەریکا بۆ سەر وڵاتیکی هەژار و بچووکی وەک ڤێتنام بوو. ئەو جەنگە خوێناوی و توندوتیژە چەندین ڕاوبۆچوون و دژە هاوار و ناڕەزایی بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وروژاندووە. بروک بە شانۆنامەی (ئێمە و ئەمەریکا) هەڵوێست و ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێت.

بروک سەبارەت بە سەرەتاکانی ئەم پرۆژەیە دەڵێت: (پێداویستییەکی گرینگی هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە جەنگی ڤێتنام، وای لێ کردین بیر لە پرۆژەی "ئێمە و ئەمەریکا" بکەینەوە، هەروەها ئێمە لەو بڕوایەشدابووین، کە هیچ پرۆژەیەکی هونەری سەبارەت بەم مەسەلەیە لە ئارادا نەبووە. دەشمانزانی ناکرێت بچین بۆ لای نووسەرێک و بڵێین دەقێکی شانۆییمان سەبارەت بە ڤێتنام دەوێت. بۆ ئەمەش، تەنها دوو ڕێگەمان لە بەردەمدا بوو: یەکەم دەبێت بە بێ هیچ کارێک بمێنینەوە، یان ئەوەتا بڵێین، با دەست پێ بکەین.)<٤٣>

پاییزی ساڵی ١٩٦٦، کە بروک لە نیویۆرکەوە بە شانۆنامەی مارا — سادەوە دەگەڕێتەوە، گروپێکی تایبەت لە خۆی کۆدەکاتەوە، ئەو گروپەش بریتی دەبێت لە: نووسەر، هەندێک لە هاوکارەکانی نەمایشی مارا — ساد، شاعیر و کۆمپۆسیتۆرێکی مۆسیقی.

بروک لە دەستپێکی کۆبوونەوەکانیدا باسی ئەوە دەکات، کە شانۆ دەتوانێت سەبارەت بەم مەسەلە هەنووکەییە، بەم جەنگە خوێناوییە و بەم تراجیدیایە چی بکات؟

بروک دەیزانی ڕاستیی ئەو ساتەوەختە، لە هەمان کاتدا ساتەوەختەی درامییەکانیشیان بووە، بەو ساتەوەختە درامییانە دەتوانن شتێکی جیاواز بکەن. هەر لە سەرەتاوە هەستی بەوە کردبوو، کە دەبێت ئەوەی ئەوان دەیکەن، بە شێوازێکی نوێ و جیاواز و لە هەمان کاتدا کاریگەریش بکرێت.

(هەموو لەو ڕاپۆرت و دەنگوباس و دکیومێنت و پرۆگرامە یەک لە دوای یەکەکانی تەلەفزیۆن بێزار بووبوون. وێنە

ترسێنەرەکانی جەنگ چیتر کاریگەرییان بەسەر خەڵکەوە نەمابوو، بەڵام لەسەر شانۆیەک، لە بارودۆخێکی ڕیتواڵئاسادا، دەکرێت تراجیدیا و کارەساتەکانی جەنگ بە شێوەیەکی تر ببینین.)<٤٤>

دواتر گروپەکە گەورەتر دەبێت و دەکەونە خۆئامادەکردن، بۆ ئەم مەبەستە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و هەمەلایەن لە مێژووی ڤێتنام، خودی ڕووداوەکانی جەنگەکە، مۆسیقای پۆپی ئەمەریکی، گۆرانی، وتاری سیاسەتمەدارەکان سەبارەت بە جەنگی ڤێتنام، وێنە، کتێبە سوورە بچووکەکەی ماو، چیرۆکە میللییەکانی ڤێتنام، گفتوگۆی سیناتۆرەکان سەبارەت بە چین و ڤێتنام... هتد کۆدەکەنەوە و دەکەونە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن.

بروک ئەم مەسەلەیە وەکو هەڵوێستێکی گرینگی سیاسی و هونەری وەردەگرێت و بەوپەڕی پێداگرتنەوە بە گروپەکەیان دەڵێت: (ئەمەریکا جێگەی گرینگیپێدانی ئێمەیە، لەبەرئەوەی بەشێکە لە ئێمە، تاوانەکانیشی بە ناوی ئێمە هەموومانەوە دەکات.)<٤٥>

هەر لەم ڕووەوە شانۆیەکی بەرهەڵستکار، وەکو ئەزموونێکی گرینگ و پرۆسەیەکی هونەری، بە تایبەتی دوای نەمایشکردنی مارا — ساد دەبێتە پێداویستییەکی مێژوویی.

پرۆژەکەش لە هەموو پرۆژەکانی تر جیاوازتر بووە. ئەمە بەرهەمهێنان و کارکردن لە هاملێت، شالیر، یان هەر شانۆنامەیەکی تر نەبوو، بەڵکو بە کارێک زمانێکی تایبەتی بەرهەم دەهێنرێت، ئەمەش خۆئامادەکردنێکی وەهای دەوێت، کە کارەکە لە بنەڕەتەوە، لە خاڵی سفرەوە، لە خودی خۆتەوە دەست پێ بکات.

شانۆنامەی (یو. ئێس) یان (ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) لەسەر شانۆی دویک دەبێتە یەکێک لە گرینگترین پرۆژە سیاسی و هونەرییەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو.

بروک بەم شێوەیە باسی هەڵوێستی سیاسی و مرۆڤانەی خۆی سەبارەت بەم پرۆژەیە دەکات (لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦دا کۆمەڵێ ئەکتەر و نووسەر و ڕیژیسۆر، لەگەڵ هونەرمەندی سینۆگراف و مۆسیقی لە شانۆی شاهانەی شەکسپیر کەوتنە کار. لە ئەنجامدا پرۆژەیەکی شانۆیی دروست بوو بە ناوی "ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا"وە ئەمەش تەنها کارێک نەبوو لەلایەن ئێمەوە، بەڵکو کاردانەوەیەکی پێویست بوو. کاردانەوەیەک سەبارەت بە جەنگی ڤێتنام، کە هەمیشە خۆی بە سەرماندا دەسەپاند، هیچ ڕێگەیەکی تر نەبوو، کۆمەڵێ وێنە هەمیشە لە بەرچاومان بوون، وێنەی پیاوێک لە ناوەڕاستی ڕێگەیەکدا دەکوژرێت و هیچ کەسێک لە پەنجەرەکانەوە ناجوڵێتەوە، هەوڵم دا لە شانۆنامەکەماندا دووپاتی ئەوە بکەینەوە، کە چیتر ئێمە نامانەوێت لە پەنجەرەکانەوە بە بێدەنگی سەیر بکەین.)<٤٦>

بروک لە هەمان کاتدا دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە، کە ئەوان هەوڵی ئەوە نادەن شانۆنامەیەکی دۆکیۆمێنتاری سەبارەت بە ڤێتنام بکەن، بەڵکو ئەوان مەبەستیان بووە لە ئەقڵییەتی خۆیان، وەکو ئەورووپی، بکۆڵنەوە و ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن، کە جەنگی ڤێتنام بە چ شێوەیەک کاری تێ کردوون.

بروک ئاماژەی بەو ڕەبەنە بودیستییانە کردووە، ئەو ڕەبەنانەی دژی شەڕەکە بەنزینیان کردووە بە خۆیاندا و لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکاندا خۆیان سووتاندووە. ئەمە وێنەیەکی بەهێز و

کاریگەر بووە و بروک ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە چ شتێک پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کارێکی ئاوەها بکات؟

کەواتە هەر لە سەرەتاوە پرۆژە شانۆییەکە تەنها ئەزموونێکی تری هونەری نابێت بۆ بروک، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک هەڵوێستێکی ڕاستەوخۆ دژی جەنگ، دژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و هاوسۆزییەکی تەواوی هونەرمەندێکی گەورەش بووە لەگەڵ گەلی ڤێتنامدا. بەهاکانی ئەو پرۆژەیە لەوەدایە، بروک ڕووداوێکی گرنگی جیهانیی ئەو ساتەوەختە دەکاتە پرۆژەیەکی شانۆیی. هونەر دەکاتە ئامرازێکی بەرهەڵستکار بۆ ڕیسواکردنی گەورەترین هێزەکانی جیهان.

بروک لە درێژەی وتەکانیدا سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت: (هەر لە سەرەتاوە مەسەلەکە ئەوە بووە، کە چۆن ڕووداوە هاوچەرخەکان بچنە ناو شانۆوە! ئێمە لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی جیهانی هاوچەرخماندا، گرینگی بە شانۆیەکی بەرهەڵستکار دەدەین، چ شتێکە کە ڕووبەڕووی شتێکی تر دەبێتەوە! کێ ڕووبەڕووی کێ دەبێتەوە؟ سەبارەت بە مەسەلەی ڤێتنام دەتوانین بڵێین، مەسەلەکە هەموو کەسێک و تاکێک دەگرێتەوە، هەروەها دەکرێت بڵێین، هیچ کەسێک و تاکێکیش ناگرێتەوە. گەر مرۆڤ توانیی (تەنها بۆ یەک ڕۆژ) ترس و توندوتیژیی ڕووداوەکانی ڤێتنام لە مێشکیدا هەڵبگرێت و لەگەڵ ئەو ژیانە هێمن و تایبەتەی خۆیدا بەراوردی بکات، کە تیایدا دەژی، شڵەژان و تێکچوون و پشێوییەکی گەورەی تێدا ڕوودەدات، کە زۆر ئەستەمە بەرگەی بگرێت.)<٤٧>

بروک دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە ئەکتەرەکان شانۆنامەکە نانووسن، هەرچەندە توخمێکی ڕاستەوخۆ و گرینگی دروستکردن و پێکهێنانی نەمایشەکەن، بەڵکو ئەکتەرەکان لە ڕوانگەی ئەو سەرچاوانەوە کە وەریان دەگرن، بە شێوەیەکی ڕاگوزاری کاردەکەن، شانۆنامەنووسێکیش ئەوەی کە ئەکتەرەکان دەیکەن و دەیڵێن لە فۆرمێکی نووسراودا، دادەڕێژێتەوە و ئامادەی دەکات.

هەروەها بروک داوای لە ئەکتەرەکانی دەکات، کە هەریەکە و بە جیا زانیاری و وێنە و بەسەرهاتی تایبەتی خۆی سەبارەت بە ڤێتنام کۆبکاتەوە. بروک (بە جیا و یەکە یەکە گفتوگۆی قووڵ و هەمەلایەنەی لەگەڵ ئەکتەرەکان، بە تایبەتی سەبارەت بە جەنگی ڤێتنام کردووە.)<٤٨> بروک بەم شێوەیە نەک تەنها لە ڕووی شانۆییەوە، بەڵکو لە ڕووی دەروونیشەوە ئەکتەرەکانی بۆ ئەو کارە ئامادەکردووە.

## گروپی ئەکتەر و جەنگی ڤێتنام

بیستوپێنج ئەکتەر لەو پرۆسەیەدا بەشدار دەبن و پەیوەندییەکی چڕو پتەوی بێوێنە کۆیان دەکاتەوە. بروک تیمی پرۆژەکە، بە تایبەتی ئەکتەرەکان بە (گروپی ئەکتەر) ناوزەد دەکات.

ئەکتەرەکان وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و وەرگرتنی هەڵوێست و تێڕوانین لە گرفتەکانی ئەو جەنگەی ڤێتنام دەست بەکار دەبن. لەبەرئەوەی هیچ شانۆنامەیەکی نووسراو، دەقێکی ئامادەکراو نەبووە، بروک بارودۆخ و ئەتمۆسفێری بۆ ئەکتەرەکان دروست کردووە، تا لەو

خاڵەوە، لەو سەرەتایەوە بکەونە کاری ڕاگوزاری. بروک (هانی ئەکتەرەکانی داوە، کە بە ڕیتمێکی بێ وشە و دوور لە پەیڤ و قسەکردن بکەونە پەیوەندیکردن بە یەکترەوە، هەروها لە ڕێگەی مەشقەکانی ئۆپێرای پەکین و فۆرمە وێنەییەکانی شانۆی چینییەوە مەشقی لەگەڵ کردوون.)<٤٩>

لە دەسپێکی ئەم پرۆژەیەدا، گروپەکە هیچ دەقێکی ئامادە و دیاریکراویان لە بەردەستدا نابێت، بەڵکو لە دەروازەی کۆمەڵێ مەشقی چڕوپڕی ڕاگوزارییەوە، وەکو پرۆسەیەکی هەرەوەزی، دەگەنە بەرەنجام و نووسینی شانۆنامەکەشیان، هەروەها بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ بەرەنجامەکانی خۆیاندا هەندێک لە تێکستەکانی شاعیری ئینگلیزی "تێد هیوز" Ted Hughesشیان بەکارهێناوە، کە بە تایبەتی بۆ ئەم کارەی دەنووسێت.

پرۆسەی (ئێمە و ئەمەریکا) زیاتر لە شەش مانگی خایاندووە، لە دوای پازدە هەفتەی یەکەمی مەشق و پرۆڤەیەکی چڕ و بەردەوام، هەموو ئەکتەرێک لەو (گروپی ئەکتەرە) ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ مێژووی ئەم وڵاتە، جەنگەکەی، گەلی ڤێتنام و مەسەلەکەشیدا دروستکردووە. ئەمەش بە ئاشکرا لە نەمایشەکە و تێڕوانینی ئەکتەرەکان و جووڵانەوە هاوبەشەکانیاندا، بە شێوەیەکی بەهێز ڕەنگی داوەتەوە. بروک وای لە ئەکتەرەکان کردووە، کە هەست و سۆزی ڤێتنامییە گوندنشینەکان، ئەو ڤێتنامییانەی گوندەکانیان بۆمباران کراون، بە شێوازێکی بەهێزی شانۆیی بخوڵقێنن،<٥٠> بێگومان بروک، وەک ڕیژیسۆر و بەرپرسیاری هونەری کارەکە، هەموو سەرچاوە کۆکراوەکانی ڕێکخستووە، ئامادەی کردوون و تێکەڵاوی بەڵگە و

شتە دۆکیومێنتارییەکانی کردوون و سەرلەنوێ بە زمانێکی شانۆیی بەکاری هێناونەتەوە.<٥١>

(گروپی ئەکتەر) جگە لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان و بەکارهێنانی هەموو جۆرە زانیارییەک بۆ دەوڵەمەندکردن و نزیکبوونەوە لەو کارەکتەرانەی، کە پلە بە پلە و بە هۆی مەشقە ڕاگوزەرییەکانەوە دروستیان دەکرد، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک مەشقی فیزیکیی گرانیش دەبنەوە. بۆ ئەم مەبەستە مەشقەکانی شانۆی هەژار و میتۆدەکانی گرۆتۆفسکی-یان بەکارهێناوە. بروک دوای چەند هەفتەیەک لە کارەکانیان، سەرلەنوێ گرۆتۆفسکی بانگهێشتی لەندەن دەکات، تا یارمەتییان بدات.

کار و مەشقەکانی گرۆتۆفسکی زنجیرە شۆکێکی (ڕاچڵەکان) جۆراوجۆر لە لای ئەکتەرەکان دروست دەکات: شۆکی ئەوەی کە بە ئامرازێکی ساکار گۆڕانکاریی گەورە دروست بکەیت، شۆکی ئەوەی کە بە قووڵی بەربەستە دەروونی و جەستەییەکانی خۆیان ببینن، بە تایبەتی کلێشەکاریی جەستە و بەکارهێنانی ئاستەکانی دەنگ، شۆکی ئەوەی کە دەتوانیت چەندین شت بە جەستەی خۆت بەکاربهێنیت، شۆکی ئەوەی مرۆڤ ناچار بکرێت، ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆی بکاتەوە، کە بۆچی پیشەی ئەکتەریی هەڵبژاردووە و بۆچی بووە بە ئەکتەر؟!<٥٢>

گرۆتۆفسکی چەندین دەرگا بۆ ئەکتەرەکان دەخاتە سەر پشت، ڕووبەڕووی چەندین تەنگژە و لە هەمان کاتدا مەشقی گرانیان دەکاتەوە، کە وا لە ئەکتەرەکان دەکات هەڵوەستە بکەن و بە قووڵی بە خودی خۆیاندا، بە ڕۆڵەکانیاندا، بە پرۆسەکەدا بچنەوە و بە تێگەیشتنێکی تر و لە دەروازەیەکی ترەوە بێنە دەرەوە.

## دەستپێک و پانتاییەکی بۆش

سەرەتای نەمایشەکە، پەردەی یەکەم و بانگەشەی جەنگی ڤێتنام لە پانتاییەکی بۆشدا دەستی پێ کردووە، بەڵام لە ناوەڕاستی شانۆکەدا شتومەکێکی زۆر کەڵەکە کراوە، وەکو پەیژەیەکی گەورە، کورسی، مێز، باڕێک، زەرفی کاغەز... هتد، لە هەمان کاتدا بووکەڵەیەکی گەورەی سەربازێکی ئەمەریکی-ش بە بەرزاییەکەوە، بە ساپیتەی شانۆکەوە هەڵواسراوە. لە سەرەتای نەمایشەکەدا، ئەکتەرەکان لە قووڵایی پشتەوەی شانۆکەوە، بە گۆرانی گوتن هاتوونەتە پێشەوە، دوای گۆرانییەکە زەرفە کاغەزەکانیان کردووەتە سەریان و بە هاواریی فریاکەوتنەوە هاتوونەتە خوارەوە بۆ ناو بینەران، هەوڵیان داوە ڕێگەی دەرەوە بدۆزنەوە و دەرباز ببن.

لە بەشی دووەمیش هەموو شت و کەرەسە شانۆییەکان، تەنانەت بووکەڵەی سەربازە ئەمریکییەکەش لادەبرێن و لەبری ئەوە پانتاییە بۆشەکەی سەر شانۆکە و پەیژەیەک دەبێتە چەقی ڕووداوەکان. لەم بەشەدا دیالۆگی نێوان ئەو پیاوەی دەیەوێت لەسەر پێپلیکانەکانی باڵێۆزخانەی ئەمەریکا لە لەندەن خۆی بسووتێنێت، لەگەڵ ئەو ئافرەتەی لە دواییدا ددان بەوەدا دەنێت، کە ئەو دەیەوێت شەڕەکە هەر بەردەوام بێت، بەرجەستە دەبێت.

بروک سوودێکی زۆر لە هەموو تەوژمە شانۆییەکان بۆ خوڵقاندن و بەدیهێنانی شانۆیەکی گشتگر و بەرهەڵستکار وەردەگرێت، بە تایبەتیش کاریگەریی شانۆی زیندووی (ژۆلیان بێک)، شانۆی توندوتیژی (ئەنتۆنین ئارتۆ)، شانۆی هەژاری

(گرۆتۆفسکی) و تەکنیک و شانۆی تۆماری (پێتەر ڤایس)ی بەسەرەوە بووە، بەڵام بروک توانیویەتی هەموو ئەو شێوازانە تێکەڵاو بکات و لە فۆرمێکی سەربەخۆدا کۆیان بکاتەوەو بیانخاتە خزمەتی بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی، سەبارەت بە خولْقاندنی شانۆیەکی بەرەنگار و ڕیسواکردنی هێرشە دڕندەکەی ئەوسای ئەمەریکا بۆ سەر ڤێتنام.

بروک دوای مەشقە فیزیکییە چڕ و گرانەکانی گرۆتۆفسکی، ڕوودەکاتە ئەکتەرەکانی و دەڵێت: (ئێستا ئێمە پێمان ناوەتە قۆناغێکی تری کارەکەمانەوە، دەتوانم بڵێم قۆناغی سێیەمە. لە قۆناغی یەکەمدا چەندە توانیتان دەروازە و دەرگاکانتان بە ڕووی جیهانێکی نادیاردا کردەوە، هەروەها لە نێو وێنەکان و ئەو زانیارییانەی دەمانزانی و ئەوانەشی نەماندەزانی بڵاوبووینەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ئێوە لەگەڵ گرۆتۆفسکی بە شێوەیەکی گران، قووڵ و چڕ لە پانتاییەکانی خودی خۆتانتان، بە تایبەتی لە جەستەی خۆتان وەکو ئەکتەر کۆڵیوەتەوە. ئێستاش لەم قۆناغی سێیەمەدا مەوداکانی تێگەیشتن و دیدی خۆمان سەرلەنوێ دەکەینەوە. من دەزانم زۆر لە ئێوە ماندوون، کارەکە گران و کارەساتئاسا دەبینن، ئێستا دەڵێم، ئەوەی دەیەوێت لە کارەکە بکشێتەوە، دەتوانێت هەر ئێستا و لەم ساتەدا بکشێتەوە.)<٥٣>

## کۆتایی و بێدەنگییەکی کاریگەر

هەموو نەمایشێکی (ئێمە و ئەمەریکا) لەگەڵ بینەراندا، بە بێدەنگییەکی کوشندە کۆتایی هاتووە. دوای نەمایشێکی بەهێز و پڕ لە ڕووداوی توندوتیژی بەرهەڵستکار، دڵتەزێن، وێناکردنی

جەنگێکی گەورە و خوێناوی، بێدەنگی باڵی بەسەر ئەکتەر و بینەراندا کێشاوە. بروک مەبەستی بووە بەو بێدەنگییە کۆتایی بە نەمایشەکە بهێنێت، دیمەنی کۆتایی بۆ گروپەکە، وەکو دەمێکی کراوە، سیمایەکی شڵەژاو وا بووە، نەک چاوێکی داخراو (من دەمەوێت ئێوە بیر لە بێدەنگی بکەنەوە، بیر لەو بێدەنگییە بکەنەوە، کە لە نێوان پەیوەندییەکانماندایە بە خودی بینەرانەوە، ئەوان دێنە ژوورەوە، لە شوێنەکانی خۆیان دادەنیشن و چاوەڕوانن، بە هەستی چاوەڕوانییەکی گەورەوە، چاوەڕوانییەکی پڕ لە بێدەنگی، چاوەڕوانیی ئەوەی بزانن ئێمە بە چ شێوەیەک پەردە لەسەر شەڕ و سیاسەتێک هەڵدەماڵین، کە ئەوان پێشوەخت، بەرلەوەی بێن بۆ بینینی نەمایشەکە، هەڵوێستێکی تایبەتییان وەرگرتووە. کاری ئێمە لەم پرۆژەیەدا، لەم شانۆنامەیەدا ئەوەیە بینەرەکانمان و هەروەها خۆیشمان، لە شێوەیەک لە شێوەکانی بێدەنگییەوە بەرەو بێدەنگییەکی تر ببەین: بێدەنگییەکی گەورەی وەها، کە گرینگی بە هەموو شتەکان بدات، بە تووڕەییمان، بە نائومێدیمان، بەو هەستەی کە ناتوانێت ئەو شەڕە ڕابگرێت.)<٥٤>

لە کۆتاییدا یەکێک لە ئەکتەرەکان بە مێزێکەوە کە چەکمەجەیەکی بچووکی پێوەیە، لەسەر شانۆکەوە دەچێتە خوارەوە. ئەکتەرەکە چەکمەجەکە دەکاتەوە، پەپوولەیەکی لێ دەردەهێنێت و بە هەوادا بەرەڵای دەکات، دوای ئەوە یەکێکی تر، بەڵام پەپوولەی سێیەمیان بە دەستێکییەوە دەگرێت و بە دەستەکەی تری چەرخێک لە گیرفانی دەردێنێ، پەپوولەکە دەسوتێنێت و چەرخەکە دەخاتەوە گیرفانی.<٥٥> هەموو شتێک

لەسەر شانۆکە بێدەنگ دەبێت، ڕووناکیی شانۆ و هۆڵی شانۆکەش دادەگیرسێن. گروپەکە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، بینەران بچنە دەرەوە و بڕۆن.<٥٦> بروک بەم ڕیتواڵە ویستوویەتی بینەران ناچار بکات، کە هەر لەوێدا هەڵوێست وەربگرن و بڕیارێک بدەن. بینەران و تەنانەت ڕۆژنامەنووسەکانیش بەرامبەر بەو چرکەساتە بێدەنگییە قورسە کاردانەوەی جۆراوجۆریان هەبووە، بەڵام بروک خۆی بەم شێوەیە ئەم مەسەلەیەی ڕوونکردووەتەوە (لە ئینگلیستان کۆتایی نەمایشەکە بێدەنگی بوو، ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان "وڵاتە یەکگرتووەکان" و "ئێمە": ڤێتنام و لەندەن. ئەکتەرەکان نواندنەکەیان دەوەستێنن و بە بێدەنگی دەمێننەوە. هەندێک لە بینەران لە هەڵوێستێکی دوژمنکارانە زیاتر، چ شتێکی تریان لەم بێدەنگییەدا نەدەبینی. لەو بڕوایەدابوون کە ئەوان لە کەسانی تر باشترن، بەڵام تاوانبار دەکرێن. هەندێکی تر ئەو بێدەنگییەیان بە جۆرێک لە سووکایەتی پێکردن دەزانی. کەسانێکیش بە ڕاکردن لە واقیع و هەڵوێستەکان، هەروەها هەندێکیش ئەو بێدەنگییەیان بە پڕوپاگەندەیەک دەزانی بۆ کۆمۆنیستەکان.<٥٧> بەڵام بروک خۆی بەم جۆرە وەڵامی هەموو ئەو کاردانەوانەی داوەتەوە (لە کاتێکدا ئەکتەرەکان لە کۆتایی هەموو نەمایشێکی "ئێمە و ئەمریکا" بە بێدەنگی دادەنیشتن، وەک هەندێک لێکیان دەدایەوە، گلەیی و تاوانبارکردنی بینەران نەبووە، بەڵکو ئەوەش دووبارە پرسیارکردنەوە بووە لە ئێمە، لە هەموو شەوێکدا سەبارەت بە هەڵوێستمان لەم چرکەساتەدا، ئێستا و لێرەدا، چی لە ناوەوەماندا، لە جیهاندا، لە چواردەورماندا

ڕوودەدات. ئەکتەرەکان لەو بارودۆخەدا و لەو ساتەدا زیاتر بە خۆیانەوە سەرقاڵبوون.)<٥٨>

نەمایشی (ئێمە و ئەمەریکا) لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە بانگهێشت دەکرێت، بەڵام بروک بە پێچەوانەی پرۆژەکانی ترییەوە، قایل نابێت نەمایشەکە لە شانۆی (دویک) لە لەندەن بگوێزێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بنەڕەتدا گروپەکە هیچ دەقێکی نووسراو و ئامادەیان لە بەردەستدا نەبووە، بەڵکو هەموو نەمایشەکە بۆ ئەو شانۆیە لە هونەری ڕاگوزارییەوە خوڵقاوە و بونیادنراوە، بەمەش پەیوەندییە تایبەتمەند و ڕاستەوخۆکانی ئەکتەر و بینەران چاوگێکی هاوبەش و گرینگ بووە بۆ سەرکەوتنی نەمایشەکە. <٥٩>

## *ئۆدیب*
## *لە نێوان میتافۆر و ڕیتواڵە سەرەتاییەکاندا*

بروک لە ساڵی ١٩٦٨دا بۆ شانۆی نەتەوایەتیی ئینگلیزی، بە هەمان ئاراستە و لە ژێر کاریگەریی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژدا، دوای پێشکەشکردنی (مارا- ساد) و (ئێمە و ئەمەریکا) شانۆنامەی (ئۆدیب)ی نووسەری ڕۆمانی سینیکا-ی ساڵەکانی ٤ پ.ز — ٦٥ د.ز نەمایش دەکات.<٦٠> بەم پرۆژەیەش ئەزموونەکانی بۆ پراکتیزەکردن و نزیکبوونەوە لە ئارتۆ-وە چڕ دەکاتەوە، زیاتر لە ڕیتواڵ و شانۆیەکی ئەزموونگەری نزیک دەبێتەوە و شانۆیەکی گەردوونیی تایبەت بە خۆی دەستەبەر دەکات.

بروک لەم هەوڵەیدا نووسەرێکی وەک سینیکا-ی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما هەڵدەبژێرێت، نەک سۆفۆکلی-ی گریکی، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شانۆنامەی (ئۆدیب) لە لای سینیکا زیاتر تەوژمێکی توندوتیژ و هەست و سۆزێکی چڕی ژیان لەخۆدەگرێت.<٦١>

ئەم تەوژمە توندوتیژەی سینیکا، کە سەرچاوەکانی لە فەلسەفە و چەمکی توندوتیژیی شارستانییەتی ڕۆماوە وەرگرتووە، لەگەڵ بەرئەنجامەکانی تاقیگە ئارتۆییەکەی بروک دەگونجێت و دەبێتە دەروازەیەکی پراکتیکی و بەردەوامییەکی دیدە فیزیکییەی، بەڵام ئۆدیبی سۆفۆکلیس زیاتر چەمکێکی هیومانیستی، پێودانگەکانی دیاریدەکات.

بروک لەم نەمایشەدا بە قووڵی لە وزە و تواناکانی مرۆڤ و چەمکەکانی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە، پرۆژەکەش تاقیکردنەوەیەکە بۆ ناسینی مرۆڤ تا ئەو ئاستەی، کە بزانرێت تا چەند دەتوانێت بەرگەی ئازار و زوڵم بگرێت، بەبێ ئەوەی لەناو بچێت، یان پێناسە و خودی خۆی لەدەست بدات. بێگومان ئەمەش وێنەیەکی تەواو جیاوازی بیرە ڕۆمانسییەکانە بۆ بوونی مرۆڤایەتی.

ئەم پرۆژەیە بە یەکێک لە گرینگترین هەوڵە بەراییە ئەزموونگەرییەکانی بروک دادەنرێت، بە تایبەتیش لە ڕووی بەکارهێنانی شێوازێکی ڕیتواڵی و بەرجەستەکردنێکی جیاوازی چەمکەکانی زمان و وشەوە.

## دەقی ئۆدیب و باڵادەستیی وشە

(ئۆدیب)ی سینیکا وەک دەقێکی ئەدەبی، شانۆنامەیەکە زیاتر پشت بە وشە و چڕکردنەوەی بیرێکی فەلسەفی دەبەستێت، لەم بنەمایەوە وشە و زمانێکی دەربڕینئاسا باڵادەستە و دوورە لە زمانی شانۆ و وێنە شانۆییەکانەوە. هەروەها وەک تێکستێکی فەلسەفیش پێشکەشکردنی لەسەر شانۆ زەحمەت و گرانە. ئەم شانۆنامەیە زیاتر بۆ خوێندنەوە دەشێت، نەک بۆ نەمایشکردن. بروک لە ژێر کاریگەریی هونەرمەندی فەڕەنسی (ژان لوی بارۆ) و میتۆدەکانی شانۆی توندوتیژی ئەنتۆنین ئارتۆدا، سینیکا و ئۆدیب دەکاتە پرۆژەیەکی ئەزموونگەری و لە دید و بنەماکانی شانۆی توندوتیژییەوە نزیک دەبێتەوە.

بروک تێکستەکەی سینیکا لە ڕووی سترکتور و بونیادی زمان و داڕشتە فیکری و هونەرییەکەیەوە هەڵدەوەشێنێت، سەرلەنوێ لە دەروازەی ڕیتواڵێکی نزیک لە کۆدەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە، لە دابونەریتە ئاینییەکانەوە و هەروەها لە گەڕانەوەش بۆ چەمکە ڕۆژهەڵاتییە دێرینەکانی شانۆوە، دادەڕێژێتەوە.

دەنگ لەم نەمایشەدا توخمێکی گرینگە، بەرجەستەکردنی (وشە)ش لەو بۆنەیەدا کراوەتە ئامرازێکی جیاوازتر لەوەی کە هەیە، بۆ نموونە وشە لە نەمایشی (ئۆدیب)دا بەها زمانەوانییە ڕاستەقینەکەی خۆی لەدەست داوە، لە بری ئەوە کۆمەڵێ ئاماژە و دەربڕینی جیاوازی بۆ دەنگی وشەکان بەکارهێناوە. ئەم بەکارهێنانەی دەنگ، بە تایبەتی لە ستروکتورە ڕیتواڵییەکەدا، بووەتە چەمک و پێودانگێکی گرینگی نەمایشەکە.

بروک پرۆژەکەی لە ڕوانگەی وێنەیەکی میتا-فۆرمی ئارتۆوە بەرجەستە دەکات. دیدی ڕیژی وابەستەی دەسەڵاتەکانی سینیکا و ئەو ڕۆژگارانەی ڕۆما دەبێت و هەر لەوێشەوە سەرچاوەی وێنە شانۆییەکانی وەردەگرێت. لەو وێنانەدا (وڵاتێک) بەهۆی بڵاوبوونەوەی تاعونەوە خاپوور بووە، نەمایشەکەش بە سەمایەک بۆ خواوەندی ڤینۆس کۆتایی دێت، بەڵام بروک لەبری ئەو سەمایە، سەمای مایۆرییەکانی Maori هۆزە سەرەتاییەکانی نیوزیلاند و ئوستورالیای بەکارهێناوە. دابونەریتە ڕیتواڵییەکانی ئەو هۆزانەش دەبێتە هێماگەلی ئەوەی چۆن بەسەر دوژمندا سەردەکەویت. خودی ئەم دابونەریتانەش فۆرمێکی فیزیکیی توورە و لە هەمان کاتدا ڕیتواڵئامێزیان هەیە، لە ڕیتمێکی خێرا و جووڵانەوەیەکی سەمائامێزی بەردەوامی ئەکتەرەکاندا فۆرمی خۆی وەرگرتووە، ئەمەش زیاتر لەگەڵ بونیاد و سترکتوری نەمایشەکەدا گونجاوە.

لەم دارشتەیەدا وشە و گفتوگۆ ئاوێتەی گۆرانییەکی سەمائامێز دەبن، بروک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو گۆرانییە ڕیتمئامێزەش، گۆرانیی جادووگەرە ئەفەریقاییەکانی بەکارهێناوە، هەروەها ڕیتمێکی ئەفەریقایی تێکەڵاوی ئاهەنگی ڕەبەنەکانی وڵاتی (تیبێت) و هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا دەکات. ئەمەش بووەتە هۆی خولقاندنی ڕیتمێکی تری بەهێز، ئەو ڕیتمەش زیاتر شێواز و فۆرمی جادووگەرانەی لەخۆگرتووە. بروک کە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی سەمای ماورییەکانی هۆزە بەراییەکانی نیوزیلاند و ئوستورالیا، ڕیتم و گۆرانیی جادووگەرە ئەفەریقاییەکان، ئاهەنگی پڕ لە ڕیتواڵی ڕەبەنە تیبێتەکان و هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا،

له ستركتوری كۆمەڵگە بەراییەكانی شارستانییەتی مرۆڤ نزیک دەبێتەوە. ڕیتواڵێكی جیاوازتر، كە لە بنەما هاوبەشەكانی ئەم پێكهاتە چڕە، فیزیكییە، گرانە، بەراییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، دروست دەكات و لە شانە پێكداچووەكانی مرۆڤ و شارستانییەتی هاوبەشی ئەمرۆمان نزیک دەبێتەوە. بروک بە شانۆنامەی ئۆدیب و لە ڕێگە دوورەدەستە فەلسەفییە ئەبستراكتەكەی سینیكاوە دابڕانێک دەخوڵقێنێت، تا لەوێوە پەیوەندییەكی تر، كە لەسەر بنەما هەستییەكانی مرۆڤ ڕۆنراوە، بەمرۆمانەوە دابمەزرێنێت. (ئەكتەرەكان پانتۆڵ و بلوزی ڕەشیان لەبەردا بووە و جووڵانەوەكانیان هیچ هەست و سۆزێكی تێدا نەبووە، هەموو جۆرە پەیوەندییەک سڕاونەتەوە و جووڵە و هەڵسوكەوتەكانیان زیاتر شێوازێكی ئەبستراكتی لەخۆگرتووە.)<٦٢>

بروک هەرچەندە ئۆدیبی لە شێوازە ئەبستراكتەكانەوە نزیک كردووەتەوە و نەمایشەكەی لە فۆرمێكی فیزیكی و شانۆیەكی وێنەییدا چڕكردووەتەوە، بەڵام هەوڵی داوە جەستە و ئامرازەكانی تری مرۆڤ بكاتە بنەمایەكی ڕاستەوخۆ و گرینگ بۆ گوزارشتكردن لە هەست و سۆزە مرۆڤایەتییەكان و خوڵقاندنی زمانێكی قووڵی هاوبەش.<٦٣>

دۆزینەوەی ئەو زمانە هاوبەشەش لە شانۆنامەیەكی وەک ئۆدیب-ی سینیكادا، كارێكی سانا نەبووە و ئەو فۆرم و شێوازەی بروک-یش، وەک ڕێڕی بۆ خوێندنەوەی شانۆنامەكە پێویستییەكی ڕەها بووە، تا بتوانێت كۆدەكان، ستركتورە ئەبستراكتەكە و زمانە چڕە فەلسەفییە بەكارهێنراوەكە بكاتە ڕیتواڵێكی زیندوو و جووڵانەوەیەكی فیزیكی و شانۆیەكی بینراو. بروک سەبارەت بە

شانۆنامەی (ئۆدیب) دەڵێت: (شانۆنامەی ئۆدیب هیچ ڕووداوێکی دەرەکی لەخۆ ناگرێت، هەرگیز لە ژیانی نووسەرەکەیدا پێشکەش نەکراوە. بەهەرحاڵ، ڕووداوەکانی لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕوونادات، کارەکتەرەکانیش خەڵکی ئاسایی نین، ڕووداوە زیندووەکەش —لە ڕوانگەی کۆمەڵێ وێنەی مەجازییەوە دەردەکەوێت— هەروەکو تەکنیکی سینەما، بەڵام بە سەربەستییەکی گەورەتر لە سەربەستیی سینەماوە بازدەدا بۆ پێشەوە و بۆ دواوە.)<٦٤>

هەروەها بروک ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە چۆن بە ئاراستەیەک کاریان کردووە، دوور بووە لە زمانی پەیڤین و دیالۆگەوە. زمانی جەستە، ڕیتواڵەکان و شانۆیەکی ئەزموونگەری کراوەتە بنەما گرینگەکانی ئەو پرۆژەیە، لە پێناوی ئەوەی شانۆ بگۆڕن بە جێگەیەکی پیرۆز، تا بتوانن تیایدا واقیعێکی مەزنتر لەوەی کە هەیە، بدۆزنەوە.

## ئەنتۆنین ئارتۆ/ پیتەر بروک
## دوا وێستگە و بەرەنجام

کاریگەریی میتۆد و شانۆ توندوتیژەکەی ئەنتۆنین ئارتۆ تەنها لەو چەند پرۆژەیەی بروکدا ڕەنگ ناداتەوە، کە لێرەدا باسمان کردووە، بەڵکو هەموو قۆناغی شەست و حەفتاکانی کار و پرۆژەکانی بروک بە شێوەیەک لە شێوەکان، مۆرک و شێوازەکانی شانۆی توندوتیژیی لەخۆگرتووە، ئەم کاریگەرییەش بە چەندین ئاستی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە. لەگەڵ هەر قۆناغێکدا ئارتۆ بۆ دید و فەلسەفە ئەزموونگەرییەکەی بروک دەبێتە فۆرمێکی جیاواز.

پەیوەندیکردن بە بینەران و مامەڵەکردن لەگەڵ پانتاییە بۆشەکاندا، خاڵێکی گرینگی ئەو شێوازانەش بووە، کە لە بەرئەنجامدا بروک زیاتر بۆچوونە پراکتیکییەکانی سەبارەت بە شانۆی توندوتیژی لە نەمایشکردنی شانۆنامەی (ئۆبۆی پادشا)ی نووسەری فەرەنسی (ئەلفرێد گاری)دا چڕدەکاتەوە.<٦٥>

بروک لەم نەمایشەدا شوێنپێی ژان لوی بارۆ هەڵدەگرێت و لە دیدێکی پشکنین و ئەزموونگەرییەوە دەگەڕێتەوە سەر ڕەگوڕیشە و سەرچاوەکانی شانۆیەکی میللیی لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە شانۆی توندوتیژی لە لای ئەنتۆنین ئارتۆ.

بروک ساڵی ١٩٧٧ شانۆنامەکانی ئەلفرێد گاری سەبارەت بە (ئۆبۆ) لە یەک نەمایشدا بە ناوی Ubu dans les Bouffes ئامادە دەکات، نەمایشەکە بە سەرکەوتنێکی گەورەوە لەسەر شانۆی بوف دو نور لە پاریس پێشکەش دەکرێت.<٦٦>

# پەراوێز و سەرچاوەکان

١.شانۆی ئەورووپی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ژێر کاریگەریی و ڕوانگەی دیدی (ئەنتۆنین ئارتۆ) و (بریتۆڵد برێشت)ەوە بنیادنراوە، لەسەر ئاستێکی گەورە و بەربڵاو هەموو گروپە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تیۆرە شانۆییەکانی ئەو دوو شانۆکارەوە.

بروک لە یەکەم کتێبیدا (پانتایی بۆش) ڕووبەرێکی فراوان بۆ ئەم دوو داهێنەرەی شانۆ تەرخان دەکات و بە وردی باسیان دەکات، بۆ نموونە بەم شێوەیە باسی بریتۆڵد برێشت دەکات: (زۆر سەختە باسی جۆرەکانی شانۆ بکرێت بە بێ وەستان لەسەر برێشت، کە یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین ناوەکانی ئەم چەرخە. زۆر گرانە بۆ هەر یەکێک، کە بە ڕاستی لە بواری شانۆدا کار دەکات، ئاوڕ لە برێشت نەداتەوە. برێشت کلیلی سەردەمەکەی بە دەستەوەیە، ئەمڕۆ هەموو کارێکی شانۆیی، لە خاڵێکی تایبەتیدا، دەگەڕێتەوە و پشت بە بیروڕاکانی ئەو دەبەستێت، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر وشەی (نامۆبوون)، کە برێشت خستییە ناو فەرهەنگی شانۆییمانەوە، برێشت لە دیدە مێژووییەکەیەوە داهێنەری ئەم چەمک و وشە شانۆییەیە. ئەم هونەرمەندە لە کاتێکدا دەستی کرد بە کاری شانۆیی، هەموو شانۆکانی ئەڵمانیا شانۆی ناتورالیزم یان شانۆ گەورە شێوە ئۆپێرالییەکان باڵیان بەسەردا کێشابوو. ئەم شانۆیانەش بە ئاراستەیەک کاریان دەکرد، کە بینەران پەلکێشی هەست و سۆزێکی گەورە بکەن، بە شێوەیەک بە تەواوەتی خۆیان لەبیر بچێتەوە، بڕوانە:

Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, Oversattning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterlingproduktion, Stockholm. 1969S.69

٢.ژان ئانوی یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی لە بواری شانۆدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە و شانۆنامەکانی شانبەشانی کەڵە نووسەرە جیهانییەکان لە بزووتنەوەی شانۆی فەڕەنسی و جیهانیشدا شوێنی تایبەتی و شایستەی خۆیان هەیە. بۆ نموونە لە گرنگترین شانۆنامەکانی ژان ئانوی: ئەنتیگۆن و ژان دارک.

٣.ژان کۆکتۆ لە خێزانێکی بۆرژوا لە پاریس لەدایک بووە. باوکی پارێزەرێکی ناسراو بووە. کۆکتۆ هەر لە سەرەتاوە وەک منداڵێکی نازدار پەروەردە دەکرێت. کەسێکی هەست ناسک و تووڕە بووە و لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بە جیهانی سێرک و دوای ئەوەش شانۆ ئاشنا بووە. شانۆنامەکانی ژان کۆکتۆ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە شانۆی فەڕەنسیدا بینیوە.

٤.ژان لوی بارۆ ١٩١٠- ١٩٩٤ ئەکتەر و ڕیژیسۆرێکی ناسراوی فەڕەنسییە و خۆی بە قوتابییەکی بە ئەمەکی ئەنتۆنین ئارتۆ داناوە. یەکێکە لە ناوە دیارەکانی شانۆی فەڕەنسی، ستایل و شێوازە شانۆییەکەی دەبەسترێتەوە بە هونەری میم و شانۆ سەراپاگیرییەکانەوە. ئەم هونەرمەندە لە نەمایشەکانیدا سوودێکی زۆری لە بنەما کولتوورییەکانی گەلانی ئاسیا وەرگرتووە، هەروەها لە بواری سینەماشدا کاری کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر و شارەزابوون سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ژان لوی بارۆ، بڕوانە: گرگنی بلیمەت، جان لوی بارۆ، وەرگێڕانی دانا ڕەئووف، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٨٤.

٥.ئارسەر میللەر (١٩١٠- ٢٠٠٥) یەکێکە لە گرنگترین نووسەرە شانۆییەکانی جیهان، چەندین خەڵاتی گرینگی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٤٧دا

شانۆنامەی    (هەموو کوڕەکانم) دەنووسێت، بەم شانۆگەرییە خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٤٩دا (مردنی دێوەرەیەک) دەنووسێت، ئەم شانۆگەرییە دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین دەقە شانۆییەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی و لە نیویۆرک لە ماوەیەکی کەمدا ٧٤٢ جار پێشکەش کراوە. ئارسەر میللەر جگە لە دەقی شانۆیی، کۆمەڵێ ڕۆمان و کورتە چیرۆکی نووسیوە.

٦.تێنسی ولیامز (١٩١٤ – ١٩٨٣) نووسەرێکی شانۆیی ئەمەریکییە. ئەم نووسەرە ژیانێکی سەخت و گرانی بردووەتە سەر، لە یەکێک لە ئوتێلەکانی ئەمەریکادا، وەکو بێلانەیەک ژیانی لەدەست داوە، ئەو ژیانە سەختە لە نووسین و شانۆنامەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

٧.بۆ زیاتر شارەزابوون لە شانۆی توندوتیژی و ئەنتۆنین ئارتۆ بە زمانی کوردی، دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کتێبی (شانۆی توندوتیژی لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا) نووسینی: دانا ڕەئووف، ساڵی ١٩٨٨.

٨.شانۆی گەلان Theatre des Nations : لە ساڵی ١٩٢٤دا هونەرمەندی شانۆیی Firmin Gemier دەستپێشخەریی دامەزراندنی شانۆیەک دەکات، تا ببێتە جێگەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی نێونەتەوەیی. دامەزراندنی ئەم شانۆیە هەر لە سەرەتاوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بەڵام هەر زوو بەهۆی جەنگی جیهانیی دووەمەوە بیرۆکەی شانۆی گەلان گۆڕەوشار دەبێت. لە ساڵی ١٩٥٤دا خولیای دامەزراندنی شانۆیەک بۆ چالاکیی نەتەوە جیاوازەکان سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە.

ئا. ئیم پولیان لە شانۆی سارا برنارد فێستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی ساز دەکات، بریتۆڵد برێشت و بێرلین ئێنسمبل دەبنە یەکەمین میوانی ئەو فێستیڤاڵە نێونەتەوەییە، سەرکەوتنێکی گەورەی نەمایشەکە و کاردانەوەی لەسەر تەوژمە شانۆییەکانی پاریس، دەبێتە هۆی پێداگرتن و

بەپیرەوەچوونی شانۆی گەلان، بەم شێوەیە فێستیڤاڵەکە دەبێتە چالاکییەکی ساڵانە و دەزگایەکی نەتەوەیی گرینگ بۆ میوانداریکردنی شانۆی گەلانی تر. شانۆی گەلان لەدایک دەبێت و گۆڕێکی بەهێزیش دەبەخشێتە بزووتنەوە و ڕەوتی شانۆی فەڕەنسی. بێرلین ئێنسمبل و برێشت سەرلەنوی لە ساڵی ١٩٥٥دا بانگهێشت دەکرێنەوە، هەروەها چەندین گرووپی سەرکەوتووی تری جیهانی، بۆ نموونە: شانۆی (نو)ی ژاپۆنی، ئۆپێرای پەکین و چەندین ڕیژیسۆری گەورەی وەکو ئینگمار بێرگمان و پیتەر بروک لەم شانۆیەدا کاردەکەن. دوای دە ساڵ بەسەر بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیە، ساڵی ١٩٥٩ ژان لوی بارۆ دەبێتە بەڕێوەبەری ئەم شانۆی گەلانە لە پاریس. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، ژان لوی بارۆ دەبێتە هاندەرێکی ڕاستەوخۆی بروک و ڕۆڵێکی گەورەش دەگێڕێت لە ناساندنی بە ناوەندە کولتووری و ڕەوتە شانۆییەکەی پاریس. شانۆی گەلان دەروازەیەکی کراوە دەبێت بۆ سەرەتای چالاکییەکانی بروکێکی گەنج لە پاریس.

٩.کاتی خۆی لە هەندێک نووسینی ترمدا سەبارەت بە بروک ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە، کە بروک کاریگەریی بەسەر ڕەوتی شانۆ و دیدی هونەرمەندی ئەمەریکی ژۆلیان بێک هەبووە، بەڵام ڕاستییەکەی تەواو بە پێچەوانەوەیە و من هەڵە بووم، بەڵکو ژۆلیان بێک کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر بروکەوە هەبووە، بە تایبەتیش لە شەستەکاندا.

١٠.بیرۆکەی (پانتایی بۆش)، کە بروک بانگەشەی بۆ دەکرد، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی بابەت و فەلسەفەی شێوە (فۆرم) و بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی هەموو شێواز و بیرۆکەیەک لە پێناوی بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی نەمایشێکی شانۆیی. بروک لەم لێکۆڵینەوە قووڵەی شێوەدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە یەکێک لە مەرجەکانی بەدەستهێنانی ئەو شانۆ، یان پانتاییە بۆشە ئەوەیە هەموو ئەو شتانەی هیچ پێویستییەک، یان

ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان لە بەکارهێنان و ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆک و بابەتە شانۆییەکەدا نییە، دەبێت وەلا بنرێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو تا ئاستێکی بەرز شانۆکە پاک بکرێتەوە لە هەموو جۆرە کەلوپەلێکی ناپێویست. هەر لەم ڕوانگەیەوە بروک لە شەستەکاندا وتی: (هەر پانتاییەکی بۆشم بدەیتێ، من شانۆیەکی ڕاستەقینەی لێ دروست دەکەم.)

١١.گلێندە یاکسۆن، کە ئەکتەرێکی سەرەکیی ئەم ئەزموونە دەبێت، لەگەڵ مۆسیقایەکی شەوانەی تیاترۆخانەکان، بە جلوبەرگێکی چەرمی ڕەش و جووتێک پێڵاوی بەرزەوە، بە بەرزاییەکەوە، بەسەر بینەرانەوە دێتە ژوورەوە. یەکێک لە دادوەرەکان ڕاپۆرتێک بە شێوازێکی شیعری دەخوێنێتەوە. لە هەمان کاتدا پیاوەکان داوای سێکسی لێ دەکەن و لەسەر ئەو شوێنەی کە شێوە حەوزێکی خۆشتنی لەخۆ گرتووە، بە ڕووتی پاڵی دەخەن. کە دواتر سەرلەنوێ دێتەوە دەرەوە. جلوبەرگی بەندیخانەی لەبەردایە و ئەمجارەیان بەسەر حەوزی خۆشتنەکەدا دەنووشتێتەوە، دەبێتە جەنازەکەی (کەنەدی) و مۆسیقای مارشی ماتەمینیی ئەتمۆسفێرەکە دەگۆڕێت. ئەو پیاوانەی لەوەوبەر داوای سێکسیان لەم ئافرەتە دەکرد و جووتبوون لەگەڵیدا، ئێستا دەیانەوێت چەند وشەیەکی خەمناک و یادەوەرییەکانی خۆیان لە دەفتەری بەخاکسپاردنەکەی کەنەدیدا تۆمار بکەن و بە ڕیز لە دوای تەرمەیەکەوە دەچنە دەرەوە.

١٢- Brook, Peter. Den tomma spelplatsen, Oversattning: Anita Dahl och Leif Zern. Grafisk formgivning: Leif Zetterling production, Stockholm, 1969, S.132

١٣.١٣- Brook, Peter, The Shifting point, 40 Years of theatrical exploration 1946-1987, First published in the United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.58

١٤. سادیزم Sadisme زاراوەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری فەڕەنسی (مارکیز دی ساد)، کە خۆشنوود بووە بە چێژوەرگرتن لە ئازاردانی خەڵکی، بە تایبەتی لە کاتی جووتبوون و پرۆسەی سێکسدا، هەروەها سادیزم لە فەرهەنگی زانستی دەروونناسی و پزیشکیدا، وەک نەخۆشییەک و لادانێک پێناسە دەکرێت. سادیست زیاتر بەو کەسانە دەگوترێت، کە حەز بە ئازاردانی خەڵکی دەکەن، دەشبێت ئەو چێژی ئازارە، ئازارێکی سێکسی یان ناسێکسیش بێت.

١٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٥٧

١٦.بروک بەردەوام لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا کۆتایی حەفتاکان گەڕاوەتەوە سەر ئارتۆ، متیۆد و تیۆرە توندوتیژەکەی، وەکو شانۆیەکی ناتەبا، لە پرۆژە و ئەزموونەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

١٧.شانۆنامەی "مارا — ساد" هەر لە سەرەتاوە دەبێتە جێگەی سەرنج و گفتوگۆیەکی هەمەلایەن، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چارەسەرە قووڵ و گشتگرەی پرسیارە سەرەکی و هەمەچەشنەکانی، کە سەبارەت بە بارودۆخی مرۆڤایەتی لەخۆی دەگرێت. دەقەکە تیشکێکی بابەتیانە دەخاتە سەر ململانێی (مارا)ی شۆڕشگێڕی فەڕەنسی، کە لە ساڵی ١٧٩٣دا دەکوژرێت، لەگەڵ نووسەری تاکڕەوی فەڕەنسی "مارکیز دی ساد".

١٨.پێتەر ڤایس ساڵی ١٩١٦ لە بەرلین لە خێزانێکی جوولەکە لە دایک بووە. لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا لە دەست نازییەکان هەڵدێت، ساڵی ١٩٣٩ وەک پەنابەرێک لە سوێد دەگیرسێتەوە و ساڵی ١٩٨٢ لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردووە.

١٩.لە نێوان ساڵانی ١٧٩٨- ١٨١١دا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی چارنتن، بە شێوەیەکی سیستماتیک نەمایشی شانۆیی وەکو بەشێک لە چارەسەری نەخۆشەکانی بەکارهێناوە. یەکێک لە نەخۆشەکانی ئەم نەخۆشخانە

دەروونییە، کە لە ساڵی ١٨١٩ تا ئەو ڕۆژەیهەر لەم نەخۆشخانەیەشدا دەمرێت، توندکراوە، ئەو نەخۆشە ناوی (مارکیز دی ساد) بووە و بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی نووسیوە و هەر خۆیشی بە کاری ڕاهێنانی نەخۆشەکانی تر و ڕیژی هەستاوە. ئەم جۆرە چارەسەرکردنە لە پاریس دەبێتە شێوازێکی مۆدێرن و خەڵکی لە دەرەوەی نەخۆشخانەکەوە دێن و وەکو بینەر سەیری ئەم نەمایشانە دەکەن. ئەم دۆکیومێنتە وەک فاکتەرێکی ڕاستەقینە و بەڵگەیەکی مێژوویی دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگی دەروازەکانی کاری پێتەر ڤایس، بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە.

٢٠.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٤٥- ٤٦

٢١- Directors in perspective, Peter Brook, By Albert Huny and Geoffrey Reeves. Cambridge University press, 1995.

٢٢.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٣٨

٢٣.لویجی پیراندیللۆ ١٨٦٧ – ١٩٣٦ نووسەرێکی گرینگ و بەناوبانگی ئیتاڵییە و لە ناوچەی ئەگریگۆنتۆی سەر بە هەرێمی سیسیلیا لەدایک بووە. لە پالێرمۆ، ڕۆم و بۆن زانستە مرۆڤایەتییەکانی خوێندووە. ساڵی ١٩٢٢ وانەی کولتوور و ئەدەبی وتووەتەوە، هەر لەم ساڵەشدا کۆمەڵێ پەخشان و ڕۆمان بڵاودەکاتەوە. دواجار بابەت و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی دەبنە ناوەندێکی گرینگی شانۆنامەکانی، هەروەها پیراندیللۆ کۆمەڵێ نۆڤێلتی میللییش بڵاودەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ شانۆنامەی (شەش کارەکتەر بەدوای نووسەرێکدا دەگەڕێن) ١٩٢١، (هێنریکی پێنجەم) ١٩٢٢، ناوبانگی پیراندیللۆ، وەکو نووسەرێکی شانۆیی، هەموو ئەورووپا دەگرێتەوە. پیراندیللۆ دوای ئەم شانۆنامانە، بە تەواوی خۆی بۆ شانۆ تەرخان دەکات.

٢٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٤٨

٢٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٤٧

٢٦.هەر لەو کاتەی، کە شانۆنامەی مارا — ساد بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی شیلەر Schiller Theater لە ساڵی ١٩٦٤دا لە شاری بەرلین پێشکەشکراوە، شانۆی شاهانەی شەکسپیرش بە شانۆیی (شالیر) لە ڕیژی بروک لە بەرلین، وەکو نەمایشێکی میوان پێشکەشکراوە. بروک ئەو نەمایشەی مارا- ساد دەبینێت و شانۆییەکە سەرنجی ڕادەکێشێت، دەستبەجێ پەیوەندی دەکات بە خاتوو (گونێلا ڤایس)ەوە، تا سەرلەنوێ سینۆگرافیا و جلوبەرگ بۆ نەمایشیکی تری مارا — ساد لە لەندەن بکاتەوە. خاتوو ڤایس دەڵێت: (پیتەر بروک لە یەکەم ڕۆژی پێشکەشکردنی نەمایشەکەدا لە بەرلین، لە ناو بینەراندا دانیشتبوو، دوای تەواوبوونی شانۆییەکە، لە کاتێکدا هەموو گروپەکە لە پشتەوەی شانۆکەدا خەریکی بیرە خواردنەوە و ئاهەنگگێڕان بووین، پیتەر بروک هاتە سەرەوە بۆ لامان، هەر لەوێدا و بە پێوە، دەسبەجێ داوەتی لەندەن و شانۆی Aldwych کراین) لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی خاتوو گونێلا ڤایس لەگەڵ دانا ڕەئووف.

دواتر مارا — ساد لە ڕیژی بروک لە ٢٠ی مانگی ئۆگۆستی ساڵی ١٩٦٤ نەمایش کراوە، لە مانگی یانیوەری ساڵی ١٩٦٦دا سەرلەنوێ لە نیویۆرک نەمایش کراوەتەوە.

٢٧.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢٦)

٢٨.ژان پۆل مارا شۆڕشگێڕێکی فەڕەنسی بووە، ساڵی ١٧٤٣ لە سویسرا لەدایک بووە، مارا بەرلەوەی بە کاری ڕامیارییەوە خەریک بێت، پزیشک بووە و بە کار و لێکۆڵینەوەی زانیارییەوە خەریک بووە. لە ساڵی ١٧٨٩دا ڕۆژنامەی (هاوڕێی گەل)ی دامەزراندووە و دژی ڕژێمی ئەوکاتەی فەڕەنسا وەستاوەتەوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ڕۆژنامەکەی دادەخەن و ئەویش لەبری ئەوە بە نهێنی بڵاوی دەکاتەوە، وتارەکانی لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٧٨٩دا ڕۆڵێکی گەورە و یەکالاییکەرەوە دەگێڕن.

مارا له كۆنگرەی نیشتمانیدا به ئەندام هەڵبژێردراوە و سەركردايەتی پارتی (كوردلییه)ی كردووه. پاش ئەوە مارا تووشی نەخۆشیی پێست بووە و پاشماوەی ژیانی لەناو حەوزی گەرماوێكدا بردووەتە سەر، دواتر له ساڵی ١٧٩٣دا، هەر لەو حەوزەدا شارلۆت كۆردی به خەنجەر كوشتوویەتی.

٢٩.كۆنت دۆنتیان ئۆلفۆس فرانسوا دی ساد ١٧٤٠-١٨١٤ سەربازێكی فەرەنسی و نووسەرێكی دیار بووە، زۆربەی ژیانی به داوێنپیسی بردووەتە سەر و ئەمەش له ئەدەبەكەیدا ڕەنگی داوەتەوە، نووسینەكانی به ناوی (ماركیز دی ساد)ەوە بڵاوكردووەتەوە. بەهۆی ئەو ڕەوشتە نابەجێ و چیرۆكە ئیرۆتیكی و ژیانە نائاساییەی خۆیەوە، بە تایبەتی لە ڕووی ژیانی سێكسییەوە، وەكو مرۆڤێكی (سێكسەناسان) زۆربەی ژیانی لە گرتووخانەی باستیل و نەخۆشخانە دەروونییەكاندا بەسەربردووە. لە چیرۆكەكانیشی: (كوێرەوەریی داوێنپاكی) و (گوڵی داوێنپیسی)، لەم چیرۆكانەیدا كارەكتەرەكانی بە جەربەزەییەوە خستوونەتە ڕوو، بە تایبەتی بۆ دامركاندنەوەی ئارەزووەكانیان لە ڕێی ئازاردانی خەڵكییەوە. ئەم ڕەوشتە ناتەبایەش لە ڕووی لێكدانەوەی سایكۆلۆژییەوە بە (پاڵپێوەنەرێكی ڕووخێنەر) ناسراوە. هەر لێرەوە (ساد) بووەتە هێماگەلێك بۆ هەموو لادانێكی ڕەوشتی و سێكسەناسازی، لە زانستی دەروونناسیشدا بە ناوی ڕاستەقینەی ساد-ەوە ناسراوە بە (سادی، سادیزم).

٣٠.شێرزاد حەسەن شانۆنامەی (مارا — ساد)ی له ئینگلیزییەوە كردووە بە كوردی و ساڵی ٢٠٠٧، لە ژمارە (٤)ی زنجیرەی شانۆی بیانی لە دەزگای ئاراس بڵاوكراوەتەوە.

Persson, Sven Hugo, Fran grymhetens till motstandets estetik, -٣١ skrifter utgivna av litteraturvetenskapliga institutionen vid Goteborg Universitet, 1979, S35

٣٢،شارلۆت کۆردی ساڵی ١٧٦٨ لەدایک بووە، یەکێک بووە لە لایەنگرەکانی (گیرۆندییەکان)، ئەمانەش کۆمەڵێک بوون لە کۆمارییەکانی فەرەنسا، ناوەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی گیرۆند، کە لە ساڵی ١٧٩١دا دروستبووە. مارا لە کۆنگرەی نیشتمانیدا دەریان دەکات و سەرکردەکەشیان لە سێدارە دەدات. ئەم گیرۆندییانە هانی کۆردی دەدەن بۆ کوشتنی مارا، دوای ئەوەی مارا دەکوژێت، لە سێدارە دراوە.

٣٢.تیپی شانۆی ئەزموونگەریی کوردی، لە ساڵی ١٩٨٨دا ئەم شانۆنامەیەی لە ڕیژی هونەرمەند (شەماڵ عومەر) پێسکەش کردووە. بۆ زیاتر شارەزابوون و قووڵبوونەوە لەو نەمایشەی تیپی شانۆی ئەزموونگەریی کوردی، بڕوانە کتێبی (گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا) نووسینی دانا ڕەئووف، ١٩٩٥، سوێد.

٣٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣١) لاپەڕە ٤٤

٣٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢١)

٣٦.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٤-٥

٣٧.بروک دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ئەوان لە پلانێکی ڕیالیزمییەوە دەستیان پێ کردووە، بۆ نموونە پەنایان بردووەتە بەر بەکارهێنانی ئەو شتە ساکارانەی، کە لەو بڕوایەدا بوون نەخۆشەکان لەو نەخۆشخانەیەدا بۆ نەمایشەکانی خۆیان دروستیان کردووە و بەکاریان هێناوە، هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە، کە بەرلەوەی دەست بکەن بە پرۆڤەکردن، بیریان لە بەکارهێنانی هەندێک کەلوپەل کردووەتەوە، وەکو گسکی کلکدرێژی کۆن، ڕۆژنامە، خاولیی کۆن و دڕاو، سەلکە کەلەرمی گەورە، تاوە و قاپوقاچاخ، بەڵام ئەم شتانە کە ئەکتەرەکان و لە کاتی پرۆڤەکاندا بەکاریان هێناوە، گەشەیان کردووە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و فۆرمی جیاوازی وەرگرتووە، کە لە خزمەتی نەمایشەکەدا بووە، هەروەها ئەکتەرەکانیش زۆر

شتی تریان داهێناوە، بۆ نموونە لە فلْچە و گسکی گەورەی دار بووکەڵەیان دروست کردووە.

٣٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٤٧- ٤٨

٣٩.خاتوو گونێلا ڤایس هونەرمەندێکی ناسراوی سینۆگرافیای سوێدییە. ئەم خانمە خێزانی پێتەر ڤایس-ە، ڕاستەوخۆ کاری سینۆگرافیا و ئامادەکردنی جلوبەرگی نەمایشەکانی ئەڵمانیا، لەندەن و ستۆکهۆڵمی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئەستۆ گرتووە. بۆ نووسینی ئەم بەشەی کتێبەکەم، جگە لەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵیدا کردوومە، چەند دۆکیومێنتێکی گرینگی خستووەتە بەردەستم، لەوانە: جگە لە خودی نەمایشی مارا — ساد، کە بە تۆمارکراوی پارێزراوە، فیلمێکی ڤیدیۆیی دۆکیومێنتاری تایبەت بە ڕۆژانی مەشق و پرۆڤەکانی مارا — ساد لە لەندەن و لە ڕیژی بروک. لەو دۆکیومێنتەدا گەلێک لە نهێنییەکانی چۆنیەتیی مامەڵە و کارکردنی بروک-م بۆ ڕوونبووەوە، بە تایبەتیش سەبارەت بە چۆنیەتیی کارکردنی لەگەڵ ئەکتەرەکانی. ئەم فیلمە هەرگیز بڵاونەکراوەتەوە و گونێلا ڤایس خۆی تۆماری کردووە.

٤٠.لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیدا لەگەڵ دانا ڕەئووف.

٤١.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ١٩٠

٤٢.لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ دانا ڕەئووف.

٤٣.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٦١

٤٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢١)

٤٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٢٠٨

٤٦.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٢٠٩

٤٧.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٦٢

٤٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢١)

٤٩.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢١)

٥٠.بروک، ڕیژیسۆرێکی ئەمەریکی بە ناوی Joe Chaikinەوە، لە سەرەتای چوار هەفتەی یەکەمدا بانگهێشت دەکات تا لەگەڵ گروپەکەی کار بکات. ئەم ڕیژیسۆرە، بە شێوازێکی ناتورالیستی و واقیعییەتێکی پڕ لە وردەکاریی ڕاستەقینەوە دەربارەی ژیانی ئەمەریکا و لە هەموو ڕووەکانییەوە، کاری لەگەڵ ئەکتەرەکان کردووە. میتۆدەکانی شانۆی ڕاگوزاری، بنەما سەرەکییەکانی کاری ئەم ڕیژیسۆرە بووە لەگەڵ ئەکتەرەکانی بروک بۆ کۆکردنەوە و ئاشنابوون بە ژیانی ئەمەریکا و بەرجەستەکردن و سوودلێوەرگرتنی لە کارەکەی خۆیاندا.

٥١.هەموو ڕۆژێک گروپەکە لەگەڵ پسپۆڕی بوارەکانی ڤێتنامدا کۆبوونەتەوە، بۆ نموونە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بە تەواوی شارەزای ڤێتنام بوون، ئەو مێژوونووسانەی، کە هەرگیز سەردانی ڤێتنامیان نەکردبوو، هەروەها لەگەڵ هەندێک لە ڕەبەنە پەناهەندە هەڵهاتووەکان کۆدەبوونەوە. مەبەستی بروک لەم دانیشتنانەش ئەوە بووە، کە یارمەتییەک بێت بۆ ئەکتەرەکانی تا لەو ڕێگەیەوە زیاتر قووڵ ببنەوە، سەرەداوێک بدۆزنەوە و لەوێشەوە بە دوای شتی نوێدا بگەڕێن.

٥٢.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢١)

٥٣.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢١)

٥٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢١)

٥٥. ئەو دوو پەپوولەیەی یەکەم کە ئەکتەرەکە بە ئاسماندا بەرەڵای دەکات و بەسەر بینەراندا دەفڕن، پەپوولەی ڕاستی بوون، بەڵام ئەو پەپوولەیەی کە دەیسووتێنێت، لە کاغەز دروستکراوە. پەپوولە لە کاغەز دروستکراوەکە هێندە لە پەپوولەیەکی ڕاستییەوە نزیک بووە، هیچ کەسێک لە بینەران هەستی بەوە نەکردووە، کە ئەوە پەپوولەیەکی دروست کراوە.

بەم شێوەیەش بروک فێڵی لە چاوی بینەران کردووە و ئەو کاریگەرییەی لە لای بینەران دروست کردووە، کە ئەو مەبەستی بووە. (بڕوانە هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢١)

٥٦.بروک بە چەند شەوێک بەر لە دەست پێ کردنی یەکەم نەمایشی (ئێمە و ئەمەریکا) بۆ بینەران، بیرۆکەی سووتاندنی پەپوولەکەی بۆ هاتووە، لەم ڕووەوە بروک وتوویەتی بینەران لە ماوەی چەند سەعاتێکدا سەیری ئەو ڕووداوانەیان کردووە، کە چۆن مرۆڤ دەسووتێنرێت، دوای ئەوە لە بەرچاوی خۆیان، شتێکی جوان دەبینن، پەپوولەیەک، کە بە ڕاستی دەسووتێت. ئەو بینەرانە چۆن و بە چ شێوەیەک کاردانەوەیان دەبێت؟ (بڕوانە هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢١)

٥٧. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٢٧٠

٥٨. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٦٢

٥٩. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٢) لاپەڕە ٢٠

٦٠.لوشیوس ئەنایۆس سینیکا (٤) پ.ز (٦٥) د.ز، بە یەکێک لە ڕابەرانی فەلسەفەی (ڕەواقی) دادەنرێت و مامۆستای (نیرۆن) بووە، کە لە دواییدا لە سێدارەی داوە. سینیکا گرینگییەکی تایبەتی داوە بە ڕێبازی (یەکبوون) بە تایبەتی لە لای ڕواقییە یۆنانییەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی گرفتە ئاکارییەکانی ڕوونکردووەتەوە و دووپاتی ئەوەشی کردووەتەوە گەر مرۆڤ بە جۆرێکی چاک چارەسەر بکرێت دەگاتە ترۆپکی گیانێکی هێمن. هەروەها سینیکا هەوڵی داوە بنەماکانی فەلسەفەی ئاکار بە کار و دامودەزگاکانی کۆمەڵ و وڵاتەوە ببەستێتەوە.

٦١.سۆفۆکلیس ٤٩٥- ٤٠٦ پ. ز، یەکێکە لە نووسەرە تراجیدیاکانی شانۆی کلاسیکی گرێکی. لەسەر دەستی سۆفۆکلیسدا، کە دوای ئێسخیلۆس دێت، تراجیدیای گرێکی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت، بۆ نموونە

ژمارەی ئەکتەرەکان لە دووانەوە دەکاتە سیان و ڕۆڵی کۆرس کەم دەکاتەوە. (ئۆدیبی پادشا) یەکێکە لە گرینگترین دەقە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە، کە بە تەواوی گەیشتووەتە دەستمان.

٦٢- Innes, Christopher, Avantgarde theatre, 1892-1992. Routledje – London and New York. 1993. S.134

٦٣. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٦٠) لاپەڕە ١٣٥

٦٤. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٣) لاپەڕە ٦٤

٦٥. ئەلفرێد گاری ١٨٧٣-١٩٠٧ نووسەرێکی فەڕەنسییە و هەر لە سەرەتاوە کارێکی گەورەی کردووەتە سەر بیروڕا و بۆچوونە شانۆییەکانی ئەنتۆنین ئارتۆ. ئەلفرێد گاری بە ڕابەرێکی گەورەی بزووتنەوەی شانۆی پێشڕەوی جیهانی دادەنرێت. بایەخی ئەلفرێد گاری لەوەدایە، کە ڕۆڵێکی گەورە و بەرفراوانی لە بوارەکانی ئەدەب و هونەری شانۆدا گێڕاوە و بووەتە سەرقافڵەی شانۆی پێشڕەو و ئەبسوردی جیهانی.

٦٦- Blom, Rune, Teater i London, Liber Forlag, Malmo, 1982, S. 62

# بەشی پێنجەم

## مەڵبەندێک بۆ شانۆیەکی نێونەتەوەیی



بروک لەگەڵ گروپەکەی لەکاتی یەکێک

لە نەمایشەکانی گەشتەکەی ئەفەریقا

بروک له سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا له هەستێکی قووڵی درککردن بە قەیران و گەوهەری گرفتە شانۆییەکان و ڕۆڵ و پێگەی شانۆ له لەندەن، هەڵوێست وەردەگرێت و به یەکجارەکی وڵاتی ئینگلیستان جێ دێڵێت. ئەم هەڵوێستوەرگرتنەی بروک له دامودەزگاکانی شانۆی ئینگلیزی تەنها هەڵوێست وەرگرتنێکی کاتی و ڕووکەش نەبووە، بەڵکو هەڵوێستوەرگرتن بووە دژی هەموو جۆرە ستایل و شێوازێکی باو و مردووی ناو شانۆ، بە تایبەتیش دامودەزگا فەرمییە گەورەکانی ئەو وڵاتە. هەر لەم ڕووەوە، ئەم دابڕانەی بروک له شانۆی ئینگلیزی و دوورکەوتنەوەی له لەندەن و شانۆی شاهانەی شەکسپیر، بە قۆناغێکی گرینگ و دەستپێکی تری پرۆژە و کارە شانۆییەکانی ئەم هونەرمەندە دادەنرێت. بروک دەمێک بوو ڕێگەی دوورکەوتنەوەی له شانۆی ئینگلیزی هەڵبژاردبوو، زەمینەسازیی بۆ کردبوو، له دەروازەی پرۆژە نێونەتەوەییەکانیشییەوە، چاوی بڕیبووە فەڕەنسا و له پاریس کەسانێکی بە توانای له دەوری خۆی کۆکردبووەوە. له کۆتایی شەستەکاندا چەندین جار له فەڕەنسا کاری کردبوو، بە تایبەتی کردنەوەی چەند تاقیگە و

ۆرکشۆپی شانۆیی و نەمایشکردنی شانۆنامەکانی "ژان ژینییە" ئەو زەمینەیەی بۆ سازکردبوو، کە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ گەورە شانۆکارەکانی ئەم وڵاتەدا دروست بکات. پاریس بە ئەتمۆسفێرە فرە کولتووری و چالاکییە چڕ و بەربڵاوە شانۆییەکەیەوە، ناوەندێکی نێونەتەوەیی بۆ هونەرمەندانی دونیا خولْقاندبوو، تا بتوانن لە بارودۆخێکی تەندروست و لەباردا، بە ئازادی کاربکەن و جیاوازی و سنووری سیاسی و ئەتنیکییەکان تێکبشکێنن.

بێگومان ئەتمۆسفێرە سیاسییەکەی ئەم وڵاتە، بە تایبەتی سیاسەتی کولتووری و کرانەوە بە ڕووی دونیادا، ڕێگەخۆشکەرێکی بەهێز و ڕاستەوخۆ بوون بۆ کەسێکی چالاکی وەک بروک، تا بتوانێت سەرلەنوێ، لە دەستپێکی ترەوە، بە بۆچوونێکی ترەوە، بە دید و هێزێکی ترەوە شانۆیەکی تر دروست بکات و جیهانیش لەو شانۆیەدا کۆبکاتەوە.

بروک دەڵێت: (ساڵی ١٩٧٠ گواستمەوە بۆ پاریس، ئەمەش بڕیارێکی کتوپڕ نەبوو. من لە ساڵی ١٩٦٨دا بۆ یەکەمجار لابورێکی شانۆییم لە پاریس کردەوە، کە "ژان لوی بارۆ" بانگهێشتی کردبووم، تا لە شانۆی (گەلان)دا کاربکەم. ئەوەش یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی من بوو لەگەڵ کۆمەڵێ ئەکتەری سەر بە کولتوورێکی جیاواز.) <١>

بروک پاریس دەکاتە مەڵبەندێکی گرینگ و دەروازەیەکی فراوانی لێکۆڵینەوە و مەشقی لابورئاسا و ناوەندێکی هەمیشەیی پشکنینی بەردەوامی سیستەم و مێتودی پرۆسێسە شانۆییەکەی. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٧١دا، بە هاوکاریی Micheline Rozan یەکەم مەڵبەندی شانۆیی بە ناوی Centre International de

بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی دادەمەزرێنن، Recherche Theatrale CIRT دواتر لە ساڵی ١٩٧٣دا ناوەندێکیش بۆ داهێنان بە ناوی Centre International de Creation Theatrale (مەڵبەندی نێونەتەوەیی بۆ داهێنانی شانۆیی) دەکەنەوە. ئەم دوو ناوەندە دەبنە بنەما و دەسپێکی پتەوی کۆمەڵێک پرۆسە و زنجیرە چالاکییەکی جۆراوجۆر و یەک بە دوای یەکتردا.

بروک لەمیانەی کردنەوەی ئەم دوو ناوەندە شانۆییەدا، وتویەتی (هەستمان بەوە کرد، لێکۆڵینەوە لە شانۆدا هەمیشە پێویستی بە لایەنێکی کردەیی هەیە، لایەنە کردەییەکەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام سەبارەت بە زەمەن و مەرجە سەرەکییەکانی هەیە.)<٢> ئەم دوو مەڵبەندە دەبنە تەواوکەری یەکتری، تیۆر و پراکتیک: گفتوگۆ، لێکۆڵینەوە و مەسەلە تیۆرییەکان زەمینەیەکی لەبار و گرینگ بۆ تاقیکردنەوە و ئەزموون و پرۆسە شانۆییەکان دەخوڵقێنن، بەمەش تاقیکردنەوەکانیان دەبنە پاڵپشتێکی تیۆری، لە هەمان کاتدا بنەما و مۆرکێکی لابورئاساش لەخۆ دەگرن و هەموو بەرەنجامێکیش هەنگاوێک بووە بۆ نزیکبوونەوەی سنوورە ڕەهاکانی شانۆیەکی ڕاستەقینە.

زۆربەی ئەزموون و مەشقی کردەیی و نەمایشەکانی ئەم مەڵبەندە شانۆییانە ئەکتەر و گۆرانیبێژی سەر بە کولتووری جیاوازن و لە هەموو سووچ و قوژبنێکی جیهانەوە هاتوون. بروک لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە چڕ و دووردرێژەکانیدا، لەگەڵ "دنیس بابلیە" و "جۆرج بانو"دا، بە بایەخەوە دەڕوانێتە کارەکانی ئەم مەڵبەندانە و دەڵێت: (مەڵبەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی، شتێکی زۆر

چڕ و گەورەیە. بێگومان ئێمە ئەزموون و لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەکتەر، پانتایی شانۆ، نەمایشێکی جێگیر، نەمایشی بزۆز، نەمایشی گەڕۆکدا هەیە، بەڵام بەو ئاراستەیەدا نا، کە ئەمە شتێکی ڕاستییە و گرینگی بدرێت بە یەک لایەن لەم لایەنانە، بەڵکو زیاتر لەگەڵ گروپێکی جیهانیدا، بە دەوری شتە پێویست و گرینگەکاندا دەسوڕێتەوە، کە ئەندامەکانی لە ژاپۆن، ئەفەریقا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا و ئەمریکاوە هاتوون. سەبارەت بە مەسەلە زمانەوانییەکانیش، لە مەڵبەندێکی جیهانیی وادا، کە ئەندامەکانی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە هاتوون تا لێرە کۆببنەوە، ناکرێت هەر وا بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دەبێت شێوازێک، یان جۆرێک لە پەیوەندیکردن بدۆزرێتەوە. دەکرێت کار لەسەر زارەکی و دەنگەکان، بە بێ ئەوەی گرینگییەکی تایبەتمەند بدەین بە یەکێک لە زمانەکان، گەر بە هەند و گرینگیشەوە بڕوانینە زمانێک لە زمانەکان. گەر ئەمە بە پێی هەلومەرجەکانمان شتێکی کردەیی بوو، دەبینین هەندێک کەس ناتوانن بە ڕووی زمانە بیانییەکاندا بکرێنەوە، کەواتە شێوازی ئەو شانۆیەی کە تەنها لەسەر یەک زمان ڕۆنراوە، کاتی بەسەرچووە. <٣>

کارەکانی بروک لەم مەڵبەندە و لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەی، کە لە کولتووری جیاوازەوە هاتوون، چەندین ئاراستەی هونەری لە هەمان کاتدا، ڕۆشنبیری لەخۆ دەگرێت، ئەکتەرەکانی تەنها بە زمانی جیاواز قسە ناکەن، بەڵکو هەریەکەیان خاوەنی کولتوور و دابونەریتی تایبەتمەندی خۆیەتی و لێرەشەوە پەیوەندییەکانیان، پرۆژەکانیان، تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەکانیشیان، لەگەڵ بینەراندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

بروک لەسەر ئەم تایبەتمەندێتییەی ئەکتەرە بە ڕەگەز جیاوازەکانی کاری کردووە، بنەمایەکی ڕۆشنبیری، تێگەیشتنێکی هەمەلایەن و شانۆیەکی سەراپاگریی دامەزراندووە، کە دواتر ئاوڕ لەم ئەزموونە دەداتەوە، بەم شێوەیە باسیان دەکات (مەڵبەندەکە خاڵی پێگەیشتنی نێوان کولتووری جیاواز بوو، هەروەها هەمیشە لە گەڕاندا بوو، گرووپە جیاوازەکانی بەرەو گەشتی دوورودرێژ دەبرد تا لەگەڵ کۆمەڵانێکدا پێکدا بچن، کە لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک ڕووی نەدابێت تیپێکی شانۆیی گەڕۆکیان بینیبێت — بڕیارمان دا بیرۆکەی سەرەکیمان دروستکردنی ڕۆشنبیری بێت— ڕۆشنبیرییەک بتوانێت شیرێکی پاک بکاتە کەرەیەکی پاڵێوراو، تا هەریەکە لە ئێمە بتوانێت هەوێنەکە بگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵێکی گەورەتر، بەم شێوەیە بەو هیوایە بووین ئەو هەلومەرجە باشەی بۆ کۆمەڵێکی دیاریکراو خوڵقاوە، لە کۆتاییدا لەگەڵ تەوژمێکی سەرەکیی شانۆدا یەک بگرێتەوە.)<٤>

بروک هەمیشە جەختی لەوەش کردووەتەوە، کە ئەم گروپە جیهانێکی بچووککراوە بووە، نەک کۆکردنەوەی کولتوورە جیاوازەکان، بیروڕا جیاوازەکان و ڕۆنانی بنەمایەکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا، بەڵکو لەسەر بنەمای دژ و جیاوازییەکان، تەنانەت لەگەڵ بینەرانیشدا دامەزراوە. (کە لەگەڵ ئەم گروپە دەستمان کرد بە کار، ڕاستەوخۆ هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی گروپەکەمانەوە گرینگییان بەم کارەی ئێمە دەدا، لەو بڕوایەدا بوون ئێمە دەمانەوێت هەوڵی ئەوە بدەین ئەم (ڕۆشنبیرییانە و ئەم جیاوازییانە) لەگەڵ یەکتریدا کۆبکەینەوە و هەموو ئەندامێک چی لە توێشەبەرەکەیدا هەبێت، بۆ ئێمەی هەڵ دەماڵێت، ئێمەش

ئەم ئاڵۆگۆڕی تەکنیکە کۆدەکەینەوە. ئەمەش بە هیچ شێوەیەک ئامانجی ئێمە نەبوو، هیچ جۆرە پێکەوەگرێدان، یان کۆکردنەوە و ئامادەکردنێکی لەم شێوەیەمان نەبووە، کە ئەم جیاوازییانە، لە پێناوی ئاڵوگۆڕ پێکردنی تەکنیک، یان ئەکتەرەکان بکەینە شتێکی تر، کۆبکاتەوە. ئێمە بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێین، کە خودی ڕۆشنبیری زیندوو دەکاتەوە، چالاکی دەکات و دەبێت شێواز و فۆرمەکانی ڕۆشنبیری، لە بنەڕەتدا چۆنە، هەر ئاوهاش وەریان بگرین، هەوڵ بدەین ئەو ئامرازانە بدۆزینەوە، کە ئەم شێوازە دەکاتە شتێکی زیندوو. لەم ڕووەوە پێویستە ئەکتەرەکان لە بنەما ڕۆشنبیرییەکانی خۆیان بچنە دەرەوە، یان بتوانن تا ڕادەیەک ڕزگاریان بێت لەو قاڵب و کلێشانەی ڕاهاتوون لەسەر دووبارەکردنەوەیان. کەواتە سەرەتای کارمان ئەوەیە لە چەمکە ڕۆشنبیرییەکانمان بچینە دەرەوە، بەڵام نەک بە ناوی گەڕان بە دوای بێلایەنیدا، بەڵکو لە پێناوی دۆزینەوەی جیاوازییەکی ڕەهادا، ئەمەش بە داماڵینی هەموو ئەو شتانەی، کە لە خودی دابونەریتەکانەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە، بە شێوەیەک چیتر ژاپۆنییەکە ژاپۆنی نەبێت، ئەفەریقیی ئەفەریقی نەبێت، بەم شێوەیەش دەگەینە ئاستێک، کە ئیتر شێوازەکان لە فۆرم و داڕشتەیەکی وەستاودا نامێنێتەوە. ڕەوشێکی تازە دەردەکەوێت و زەمینە بۆ کەسانێک خۆش دەکات، کە هەرچەندە نەژاد و ڕەگوڕیشەی جیاوازیان هەیە، بەڵام کردارێکی تازە و جیاواز بخوڵقێنن، ئەم کەسانە دەتوانن پێکەوە داهێنەر بن، ئەوەشی پێکەوە دەیخوڵقێنن، ڕەنگێکی تر لەخۆدەگرێت. ئەمەش لە دیاردە مۆسیقییەکان دەچێت، لەو ڕووەوەی هەموو دەنگەکان لە ڕووی

تایبەتمەندی خۆیانەوە جیاوازن، بەڵام لە یەک تۆندا کۆدەبنەوە، یەک دەگرن بۆ ئەوەی شتێکی تازە بخوڵقێنن. ئەگەر لە داهێناندا توانیمان بگەینە ئەم ئاستە، ئەوا لۆژیکێکمان دەستەبەرکردووە: لەم جیهان و کۆمەڵگە بچووکەماندا، ئەو زەمینە لەبارەمان بۆ دەڕەخسێت، تا لەسەر ئاستێکی قووڵ پەیوەندییەکانمان دروست بکەین. بەم شێوەیەش ئەو دەروازەیە بۆ ئەو کەسانەی زمانێک و دابونەریتێکی هاوبەشیان (مەسەلە فۆلکلۆرییەکان، شتە ڕۆژانەییەکان) لەگەڵ ئەوانی تردا نییە بە شێوەیەکی زیاتر واقیعییانە، بەهۆی ئامرازە غەریزەییەکانی مرۆڤەوە، پەیوەندی دروست بکەن، بەڵام کارەکەمان ئەوەی بۆ سەلماندین، کە ئێمە ناتوانین بگەینە ئامانجەکانی خۆمان، ئەگەر کۆمەڵێک هەلومەرجمان بۆ کۆنەبێتەوە: دیقەت و وردبینییەکی چڕتر، هەندێک دڵسۆزی، هەندێک خوڵقاندن و داهێنان. کەواتە ئەم جیهانە بچووکەی ئێمە، کە لە دوانزە کەس پێکهاتووە، دەتوانن بە شێوەیەکی هەرەوەزی و بە هاوکاریی یەکتری بگەنە داهێنان. ئەو بەرهەمەی ئەم دوانزە کەسەش پێشکەشی دەکەن، دەکرێت بگاتە ئەو ئاستەی، یان بە هەمان شێوە لەلایەن کەسانی ترەوە پێشوازیی لێ بکرێت. ئامانجی من ئەوەیە بە پێچەوانەی تەوژمەکانی ترەوە بڕۆین. لە شانۆدا گەڕان بە دوای ئەمەدا، لەوانەیە وەکو مۆسیقا وابێت؛ مۆسیقا پێویستی بەوە نییە کە لە شوێنێکی تایبەتمەندا جێگیر بکرێت: مۆسیقایەکی باش لە هەموو شوێنێک کاردانەوەیەکی باشی دەبێت، بە بێ گوێدانە تەمەن، مەسەلەی چینایەتی، بارودۆخی دەروونیی ئەو کەسانەی گوێی لێ دەگرن.

هەموو مۆسیقایەکی زیندوو دەتوانێت کار بکاتە سەر دڵ و دەروونی هەموو کەسێک، بەم شێوەیەش کاریگەرییەکانی خۆی فەراهەم دەکات. ئێمە لە شانۆدا بە دوای ئەم دیاردەیەدا، نەک تەنها سەبارەت بە مۆسیقای شانۆیی، بەڵکو لە شێوازەکان، لە ئاماژەکان، لە جووڵانەوەکان، لە پەیوەندیی نێوان دوو، یان سێ، یان دوانزە بوونەوەردا دەگەڕێین<٥>

بروک بۆ دەستەبەرکردنی ئەم جیهانە بچووکە، بۆ خولْقاندنی ئەو کۆمەڵگە شانۆییە، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی گەردوونی بە بینەرەکانییەوە، سوودی لە هەموو دیدو ستایل و تەکنیکە شانۆییەکان، لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئەفەریقا وەرگرتووە. بۆ نموونە، ئەم هونەرمەندە لەم مەڵبەندە نێونەتەوەییەدا بە هاوکاریی ئەکتەرەکانی، بە سەرنجێکی قووڵ و بۆچوونێکی سەراپاگیرەوە بنەماکانی شانۆی (نو)ی ژاپۆنی، کولتوور و سەمای ئەفەریقی، دید و تەکنیکی سێرک، کولتوور و شانۆی میلليی فارسی، تەکنیکی سینەما و نەمایشە مۆسیقییەکان دەکاتە سەرچاوەیەکی گرینگی میتۆد و تاقیکردنەوەکانی. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بروک گەڕاوەتەوە سەر دراماتۆرگی و دابونەریتی دەقە شانۆییە دێرین و نوێیەکانیش و سوودێکی زۆری لێ وەرگرتوون.<٦>

لەبەر ئەوە ئەو ناوەندە چەندە خاڵێکی گرینگی گۆڕانکارییەکان، پێگەیشتنی ڕۆشنبیری و کولتوورە جیاوازەکان بووە، هێندەش تاقیگەیەک بووە بۆ پراکتیزەکردن و تاقیکردنەوەی هەموو شێواز و تەکنیکە شانۆییەکانی دونیا. بێگومان ئامانجی ئەم هونەرمەندە لە سوودوەرگرتن لەو هەموو گەشتە بەردەوام و

کولتوور و فۆرمانەی شانۆ و تاقیکردنەوەکانیان، تەنها بۆ ئەوە بووە، کە (شانۆیەکی سەراپاگیریی تەواو) بدۆزێتەوە، بۆ نەژاد و سەرچاوە بەرایی و سەرەکییەکانی شانۆ بگەڕێتەوە.

بروک ئەکتەر و هونەرمەند و گروپە جۆراوجۆرەکانی بەرەو گەشتی هونەریی درێژ بردووە، تا لەگەڵ کەسانێک و کۆمەڵگەیەک ڕووبەڕووببنەوە، کە بە هیچ شێوەیەک لەوەوبەر شانۆیان نەبینیوە. ئەمەش هەنگاوێکی گرینگ بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانییەتی جیاواز و لە هەمان کاتدا دروستکردن و بەدیهێنانی جۆرە ڕۆشنبیری و هۆشیارییەک بۆ ئەو خەڵکە ساکارە و بۆ خودی خۆشیان. بروک سەبارەت بەم مەسەلە گرینگە دەڵێت (ئێمە لە خودی چەمکەکانی ڕۆشنبیریمان نەدەکۆڵییەوە، بەڵکو لە پاشخانەکەی. لەبەرئەوە لەسەر ئەکتەرەکان پێویست بوو، کە هەنگاوێک بگەڕێنەوە بۆ دواوە، هەنگاوێک زۆر دوور لە کولتوور و ڕۆشنبیرییە تایبەتمەندەکەی خۆیان.)<٧>

پرۆژەکانی ئەم مەڵبەندە شێوازێکی چڕ لە مەشق، پشکنین و بەدواداچوونێکی قووڵی لەخۆ گرتووە، لەم کارە گرانەدا ئەکتەرە بە نەژاد جیاوازەکان، ئەو زەمینەیەیان سازکردووە بۆ بەرئەنجامەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران. بروک بە هۆی ئەم ئەکتەرە جیاوازانەوە مامەڵەکردن، بە شێوەیەکی فەلسەفی لەگەڵ خودی ئەو کولتوورانەدا، پێداگرتن و ڕێگەچارەیەک بووە بۆ دۆزینەوە و نزیکبوونەوەیەکی تەواوی لە هەمەڕەنگیی خودی بینەران.

ئەم کارانەش پێویستی بە دیدێکی ئەزموونگەری و نەفەسێکی درێژ و لابورئاسای بەردەوام کردووە، تا بەرئەنجامەکان، چ بۆ

خودی مەڵبەندەکە و چ بۆ بروک و گروپەکە و لە دواییشدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران بگاتە ئەو خاڵی بەرکەوتنەی، کە بتوانێت هەموو ڕەنگە جیاوازەکان لە ئاهەنگێکی هونەریدا کۆبکاتەوە.

زۆربەی گروپە شانۆییەکانی ئەمڕۆ بە بڕوای "بروک" لە پانتاییەکی وەستاو و مردوودا کار دەکەن، لەبەرئەوەی ئەو گروپانە لە خەڵکانی هاوشێوە و هاوچین پێکهاتوون. هەموویان لە یەک پانتاییدا دەسووڕێنەوە و هەمان دید و بۆچوون و ئاواتیان هەیە، بەڵام مەڵبەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی؛ لەسەر بنەمایەکی تەواو پێچەوانە ڕۆنراوە.

لەو مەڵبەندەدا کۆمەڵێ ئەکتەر کۆبوونەتەوە، کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە، نە زمانێکی هاوبەش، نە دابونەریتێکی هاوبەش، نە کۆدێکی کۆمەڵایەتیی هاوبەش و تەنانەت نە خەندە و پێکەنینێکی هاوبەشیش. بروک لەم جیاوازییانەوە ئەکتەرەکانی کۆدەکاتەوە، زمانێکی هاوبەش، جەستەیەکی هاوبەش و دابونەریتێکی شانۆیی هاوبەش، بەڵام بە شێوە و فۆرمێکی جیاوازیان بۆ دەخوڵقێنێت. ئەو ئەکتەرانەی لەگەڵ ئەم ڕیژیسۆرە کاریان کردووە، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە بروک خاوەنی ئەفسوونێکی تایبەتمەندە، هەر دوای ماوەیەک لە پرۆسە و مەشقی شانۆیی، بەبێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن، یان بزانن چۆن و بە چ ڕێگەیەک، کتوپڕ بۆیان دەرکەوتووە، کە بوونەتە خاوەنی وزە و توانایەکی بەهێز.

ئەکتەرێکی بە ئەزموونی وەک (یۆشی ئۆدیا)، کە لە شەستەکانەوە لەگەڵ بروک کاردەکات، دەڵێت: (بروک بۆ

فراوانکردنی ئەندێشە، گەلێک بابەت دەخاتە بەردەم ئەکتەرەوە، هەموو جۆرە بابەتێک: وێنە، مۆسیقا، مێژوو، خوێندنەوەی یادەوەری، ئەزموونی ڕاستەوخۆ. ئیدی بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت، لە ڕێی ئەو زانیارییانەوە بە دونیای شانۆییەکە ئاشنابوویت. دواتر هەر ئەوەندەی کە لە دیمەنە هەقیقییەکاندا دەستت بە کارکردن کرد، هەرچۆنێک بووە ئەو بابەتانەی کە پێشتر تیایدا قاڵ بوویت و دەربارەیان خوێندنەوەت هەبووە؛ بەبێ ئەوەی پێویستت بەوە بێت، کە بیریان لێ بکەیتەوە، هەڵدەقوڵێن و دێنەوە ئاراوە. هەست بەوە دەکەیت، کە دەزانیت چی ڕوو دەدات. لەبەرئەوە کارت بەوەوە نییە بە هیچ جۆرێک نیگەرانی ئەوە بیت، کە چۆن دیمەنەکان کایە بکەیت. زۆر بە سادەیی تۆ لەوێیت، لەنێو دیمەنەکاندایت. شتێک لە ناخدا دەبزوێت، لە دەرەنجامدا هەست بەوە دەکەیت، کە نواندن وەکو مەشقێکی ڕاگوزاری وایە. بێگومان تۆ هەمیشە بە شوێن دەقەکەوەیت و ڕێز لە ئاراستەکانی تەختەی شانۆ دەگریت، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە قووڵی هەست بەوە دەکەیت، کە دەزانیت چی ڕوو دەدات.)<٨>

بروک لە سەرەتای دەست پێ کردنی هەموو پرۆژە شانۆییەکانیدا، سەربەستییەکی ڕەها و گەورە دەبەخشێتە ئەکتەرەکانی، بە تایبەتی لە بواری هونەری ڕاگوزاریدا، ئەمەش نزیکیان دەخاتەوە لە کارەکتەرەکانیان، هەستێکی قووڵیشیان سەبارەت بە گرفت و نهێنییەکانی پرۆژەکە لە لا دروست دەکات. کاری ڕیژیسۆر لە لای بروک بە شێوەیەکی بەردەوام، هەڵکۆڵینێکی پڕ لە زانیارییە لە یادەوەری و هەست و نەستی

ئەکتەرەکاندا. بروک زۆرجار لەم مەڵبەندەدا، بە کەرەستەیەکی کەم و بە بێ هیچ جۆرە سینۆگرافیا و پێداویستییەکانی تری نەمایشی شانۆیی، پرۆژەکانی بە ئەنجام گەیاندووە. لەم ڕووەوە گەڕاوەتەوە بۆ نەژادە دێرینەکەی شانۆ و پانتاییە بەتاڵەکەی، ئەمە جگە لە پشتبەستن بە توانا و جەستەی ئەکتەر، وەکو توخمێکی سەرەکیی ستروکتورە هونەرییەکە. لەم مەڵبەندە نێونەتەوەییە شانۆییەدا، بایەخ و گرینگیی بینینی (بینەر) هەمیشە جێگەی سەرنج و تێڕوانینی بروک بووە، بۆ نموونە لە هەردوو ڕووی "تیۆری و پراکتیک" ەوە، کاردانەوەی بینەران بۆ پرۆژە شانۆییەکان و کاریگەریی ئەو وزە و ڕووبەڕووبوونەوەیەش لەسەر "چۆنیەتیی" نەمایشەکە، یەکێک بووە لە خاڵە گرینگەکانی پرۆژەکانی بروک.<٩>

هەڵبەت ئەم کاردانەوەیەش لە ڕوانگەی ئەو بینینە دروست دەبێت، کە بینەر لە ئەنجامی بینینی نەمایشەکەوە لە لای گەڵاڵە دەبێت.

چۆنیەتی و ئاستی نەمایشەکانیش لە لای ئەو، مەبەست لە باشی و خراپیی پرۆژەکە نییە، هێندەی مەبەستی ڕۆح و ژیانە لەو پرۆژە هونەرییانەدا، بە تایبەتی لەو چرکەساتەی نەمایشەکەی تێدا پێشکەش دەکرێت. هەر لەبەر ئەوەشە هیچ نەمایشێکی بروک فۆرم و شێوەیەکی جێگیر لەگەڵ پێشکەشکردنی نەمایشەکەدا لەخۆ ناگرێت، بەڵکو بەردەوام، تا دوارۆژی نەمایشەکە، ڕۆژانە کاری تیا دەکات، گۆڕانکاریی جۆراوجۆر، هەندێک جار بنەڕەتیی بەسەردا دێت.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە کە بروک لەم مەڵبەندەدا و لەگەڵ ئەم گروپە نێونەتەوەییەدا، بە هیچ جۆرێک مەبەستی ئەوە نەبووە، کە جۆرێک لە شێوازێکی نێونەتەوەیی تایبەت بە شانۆ، یان "بە خۆی" وەکو ڕیژیسۆر و شانۆکارێکی گەورە بخوڵقێنێت، هەروەها مەبەستیشی نەبووە قوتابخانەیەکی دیاریکراوی "هونەری نواندن" بەرەو پێشەوە بەرێت، بەڵکو مەبەست لە ئاڵوگۆڕی کولتووری و سوودوەرگرتن بووە لە توانا جیاوازەکانی یەکتری، بەمەش ئەزموون و پرۆژە شانۆییەکان دەوڵەمەندتر بوون و بە پرۆسەیەکی چڕی شارستانییەتە جیاوازەکاندا ڕۆیشتوون، نەمایشەکەش بەهایەکی تری فەلسەفیی لەخۆ گرتووە. بەمەش هاوکێشە گرینگەکانی شانۆ نزیک بووەتەوە لە ڕەگەز و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە و توانیویەتی زمانێکی جیهانی سەقامگیر بکات. بروک گەرەکی بووە زمانێکی تایبەت بخوڵقێنێت، دوور لە هەموو ڕێسا و بنەما دیاریکراوەکانی مانای "وشە و دەنگەکان" لەو فۆرمە نوێیەی "زمان"دا تۆن و دەنگ لە "وشە و ماناکان" گرینگترە.<١٠>

تۆنە دەنگییەکان دەبنە هێماگەلی گلوبالی، کۆدە مرۆڤایەتییەکان لەخۆ دەگرن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی جیهانی لەگەڵ چین و ڕەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دروست دەکەن.

بروک لەم ڕووەوە دەڵێت: (بابەتی کار و پشکنینی ساڵی یەکەمی ناوەندی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی بریتی بوو لە ڕاڤە و شیکردنەوەی چۆنیەتیی دەنگەکان، ئامانجیشمان لەم

لێکۆڵینەوەیەمان —بە تەواوی— چۆنیەتیی دەربڕینێکی زیندوو بوو.)<١١>

گومان لەوەدا نییە، وەکو لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، کارکردن لەگەڵ ئەکتەری سەر بە زمان و کولتووری دوور لە یەک و جیاواز، گیروگرفتی چڕ و قووڵ دەخولڤێنیت، لە سەروو هەمووشیانەوە کێشەی لە یەک حاڵیی نەبوون. بروک ئەو گرفتەی وەک توخمێکی گرینگ بۆ دروستبوونی زمانێکی نوێ و جیاوازی شانۆ بەکارهێناوە. لەو زمانە هاوبەشەدا، ئاماژە سیمۆلۆژییەکان، هێما، زمانی جەستە، تۆنی دەنگ و پەیوەندییە نەبینراوەکان، دەبنە ناوەند و بنەمای کۆکردنەوەی نەژاد و شارستانییەتە جیاوازەکان. ئەمەش دەبێتە ستروکتوری داڕشتنەوەی میتۆلۆژیایەکی نوێ و شانۆیەکی فیزیکی و تاقیگەیی هاوبەش.

## بەرەو شانۆیەکی میتۆلۆژی

هەر لە دەستپێکی دامەزراندنی ئەم ناوەندە نێونەتەوایەتییە و کۆکردنەوەی کولتوورە جیاوزەکانەوە، کۆمەڵێ میتۆلۆژیای گەورە، دەوڵەمەند و جیاواز، دەبێتە زەمینەیەکی لەبار بۆ بروک و بۆ کۆکردنەوەی ئەکتەرە نێونەتەوەیی و بە نەژاد جیاوازەکانی. ئەوەی ئەم گروپەش کۆدەکاتەوە؛ ئامانجێکی هاوبەش و خەونێکی هاوبەشە.

بەریەککەوتن و پێگەیشتنی ئەم شارستانییە جیاوازانەش، لە زەمینە و دونیا پڕ لە هێماگەلی، ئەفسانە، فەلسەفە، خەون و ئەندێشەکانی میتۆلۆژیاکانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر لەم

ڕێگەیەشەوە دەیانەوێت بنەما گەوهەرییەکانی مرۆڤایەتی لە یەکەیەکی هونەریدا، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بەو میتۆلۆژیایانەوە، بە بینەرانەوە بدۆزنەوە و زمانێکی هاوبەش و پەیوەندییەکی پتەویش لەگەڵ یەکتریدا، لەسەر هەموو ئاستەکان بونیاد بنێن.

بروک فەلسەفەی ئەم شانە میتۆلۆژیانە، لە ڕوانگە و دەروازەکانی کاری ئەکتەرە ئەوروپی، ئەفەریقی، ئاسیایی و ڕۆژهەلاتییەکانەوە، دەکاتە بنەمایەکی گرینگ و پتەوی خوێندنەوە جیاوازەکانی بۆ کولتووری ڕۆژهەلات و دامەزراندنی کولتوورێکی تری گشتگیر و جیهانی.

مرۆڤ لەم کیشورەی بروکدا ناوەند و چەقی هەموو شتەکانە. مرۆڤی ئەم سەردەمە پاڵەوانی میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخە و بە ئاسانی سنوورەکان بوونیان نامێنێت، هەروەها پێوانەیەکی تری داستانی دەبێتە زەمینە و هاوشێوەیەکی تری ژیانە واقیعییە ڕۆژانەکەمان. چەمکەکانی میتۆلۆژیا دەبێتە زاراوەی کۆمەڵێ ڕووداو و وێنەی مەجازی و زمانێکی جیاواز، لە هەمان کاتدا زمانێکی هاوبەشیش لەگەڵ بینەرەکانیدا دروست دەکات.

پرۆژەکانی بروک لەم بوارەدا، بە تایبەتی: ئۆرگاست، کۆنفرانسی باڵندەکان و مەهابەهاراتا، چەند نموونەیەکن لەو شانۆ میتۆلۆژییە. بروک توانیی لەم پرۆژانەدا، بە ئامرازەکانی شانۆ، بە بەشانۆکردنی میتۆلۆژیا، بە شیکردنەوەی هێماکان، بە نزیکبوونەوەی شتە نادیارەکان، زەمینەیەکی هاوبەش لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتدا دروست بکات. ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەلات نزیک بخاتەوە و خەون و ئەندێشەکانی مرۆڤی ڕۆژئاوا لە داستان و

ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتدا بدۆزێتەوە. بروک بۆ یەکەمجار لە مێژووی شانۆدا، توانیی لەمڕۆدا ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوادا بخوێنێتەوە.

## ئۆرگاست

بروک لە مەڵبەندە نێونەتەوەییە ئەزموونگەرییەکەیدا، بە هاوکاریی شاعیری ئینگلیزی "تێد هیوز" یەکەم تەقەلا میتۆلۆژییەکانی تۆمار دەکات.<۱۲>

کتێبی "ئاڤێستا"ی زەردەشت، داستان و میتۆلۆژیای "پرۆمێسیۆس"ی گریکی، دەقی شانۆیی "فارسەکان"ی ئێسخیلۆس، چەردەیەک لە تێکستە فەلسەفییەکانی "سینکا" و "هیرۆکلیس" دەبنە سەرچاوە و بەشێکی گرینگی دەقێکی شانۆیی تازە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەو دەقە، کە بە (ئۆرگاست) ناوزەد دەکرێت، بە زمانێکی تایبەتمەند، زمانێکی نوێی بروک و تێد هیوز دەیخوڵقێنن، دەنووسرێت و نەمایش دەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش (مەبەست داهێنانی ئەو زمانە نوێیەیە) گەڕاونەتەوە سەر بەکارهێنانی نەژادی زمانە کۆنەکانی لاتینی و ئەو زمانەی کە "ئاڤێستای زەردەشتی" پێ نووسراوە.<۱۳>

لێکۆڵینەوە و پشکنینەکانی ئەم دوو کەسە (بروک و هیوز) بە نێو پانتاییەکانی دەقێکی پڕ لە ڕیتواڵی، وەکو "ئاڤێستا" و میتۆلۆژیا دێرینەکانی گریکی و لەم ڕێگەیەشەوە چەمکەکانی (زمان) گەشتێکی سەرسوڕهێنەر پێک دەهێنێت. گەشتێک، کە وشە، دەستەواژە، دەنگ و فۆنەتیکێکی نوێی تیا لەدایک بووە،

زمانێک لەوەوبەر بوونی نەبووە، زمانی مەملەکەتێکی نەبینراوی ئەندێشەساز. بروک و هیوز لە زمانە بەراییەکانی شارستانییەتی مرۆڤ نزیک دەبنەوە، زمانێکی بارگاویکراو بە ئاماژە، دەنگ و هیماگەلێکی بینراو. لەم زمانەدا جەستە زیاتر لە وشە دەدوێت، ڕیتواڵەکان دەبنە بەشێکی پشتەوەی زمانێک، کە ڕەنگە دووسەد هەزار ساڵ، یان زیاتر، بە شێوەیەک لە شێوەکان بەکارهاتبێت. ئەکتەر لەم پرۆسە چڕەدا بەشێکی گرینگە و لە جەستەی ئەکتەرەوە، لە ئاماژە و دەنگەکانەوە، لە گۆرانی و سروودە ئایینی، ئاهەنگە میللی و سوونەتییەکانەوە زمانێکی تریان بۆ گفتوگۆ خوڵقاندووە. "ئەنێس کریستۆڤەر" لە کتێبی (شانۆی ئەڤانگارد) لە نێوان سالآنی ١٨٩٢ — ١٩٩٢دا دەڵێت: (پیتەر بروک زمانە مردوو و لەبیرکراوەکان دەکاتە بەشێک لە ڕیتواڵێکی دینی، بەمەش تۆنێکی نوێ و تایبەتمەندی لە دەنگەکان بەدەست هێناوە. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێ ڕیتمی جیاوازی ئەفریقایی، بەبێ ئەوەی هیچ مانایەک ببەخشن. بروک بەم شێوەیە هەوڵی داوە جیهانێک لە پشتی بنەما و ڕێسا لۆژیکییەکانەوە بۆ پەیوەندیکردن دروست بکات.)<١٤>

لەو جیهانەدا دەنگەکان و فۆنەتیکی وشەکان مەودایەکی تایبەت بەدەست دەهێنن. هەر لەم دەروازەیەوە "تێد هیوز" گەڕاوەتەوە سەر ڕەگوڕیشەکانی زمان، بە وردی کاری لەسەر نەژادی وشە و دەنگەکان کردووە، بەمەش جۆرە دەنگێکی تایبەتی خوڵقاندووە کە زیاتر لە مۆسیقاوە نزیک بووە. ئەم شاعیرە لەگەڵ بروک هاوڕا و کۆک بووە لەسەر ئەوەی، کە دەبێت زمانە تازەکەیان، بە هەموو شێوەیەک لە ژیانی ناوەوەی مرۆڤەوە نزیک ببێتەوە.



پیتەر بروک و تێد هیوز لە ئێران ساڵی ١٩٧١

مەبەست لە دروستکردنی ئەو زمانە، خولْقاندنی گفتوگۆیەکی فیکری فەلسەفی نەبووە، هێندەی دروستکردنی جۆرە کاریگەرییەکی حسی، نزیک لە هەست و هۆشەوە بووە، تا بتوانن پەیوەندی لەگەڵ ژیانی ناوەوەی مرۆڤدا دروست بکەن. (ئەم هونەرمەند و شاعیرە دووهەزار وشەی نامۆ و جیاوازیان داهێناوە، هەموو وشەیەکیش مانایەکی تایبەتی هەبووە، لەم ڕێگەیەوە هەوڵیان داوە لاسایی دەنگی وشەکان بکەنەوە. بەم شێوەیە دەنگی وشەکانیان ناوناوە لە خودی وشەکەش، دەنگی شتەکان بۆتە ناوی وشە بەکارهێنراوەکان، ئەو وشانەش بە هیچ شێوەیەک لە فەرهەنگی زاراوەی زمانە ئەورووپییەکاندا نەبووە.)<١٥>

بروک و هیوز لە سەرەتا بەراییەکانی پرۆژەی (ئۆرگاست) بەر لە گەڕانەوە بۆ تێکستە دێرینەکانی گرێک، هەڵوێستە لەسەر "ئاڤێستا" دەکەن. زمانی زەردەشتییەکانی زیاتر لە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، ئەو دەروازەیەیان بۆ دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی تر، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی زمانە دێرینەکان ببنەوە. (لە ئاڤێستادا ڕووبەڕووی هەندێک لە شێوازەکانی دەنگ بووینەوە، کە کۆمەڵێ هێماگەلی نادیاری لەخۆ دەگرت، ئەو هێماگەلەش هێمای ڕۆحی و شیعریی زەردەشتی بووە.)<١٦>

بروک و هیوز زمانە نوێیەکەیان ناودەنێن (ئۆرگاست) Orghast. بەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی ئەم دوو پسپۆڕە، هونەرمەند/ شاعیر، دەقێکی شانۆیی بە هەمان ناوەوە لەخۆ دەگرێت، دەقەکە بەو زمانە نوێیە (ئۆرگاست) نووسراوە. ئەو زمانە هیچ چەمکێک لە ڕیسا ئاسایی و باوەکانی زمانی لەخۆ نەگرتووە، تەنانەت کەسیش لەو زمانە نوێیە نەگەیشتووە. مەبەستی بروک و هیوز، بە شێوەیەکی گشتی لەو پرۆژەیە، ئەوە بووە بزانرێت لە ئەزموونێکی ئاوهادا، تا چ ئاستێک زمان و بەکارهێنانی وشەکان گرینگن، تا چ ئاستێک دەتوانرێت بە زمانێکی جیاواز و نادیار پەیوەندی بە یەکترییەوە بکرێت و چیرۆکێک بگێڕدرێتەوە. (وشەی "ئۆرگاست" تێد هیوزی شاعیر دایهێناوە. ئەو وشەیەش بۆ ئەو مانای پاراستنی ئاگر، ئاگری ژیان، یاخود <ڕۆژ>ی گەیاندووە. ئۆرگاست وشەیەکی لێکدراوە: Org مانای ژیان و Ghastیش کڵپەی ئاگر، یان ڕۆح دەگەیەنێت.)<١٧>

تێد هیوز بۆ خوڵقاندنی ئەم میتۆلۆژیا هاوچەرخە و دروستکردنی ئەو زمانە نوێیە، پشت بە تێزەکانی "لیڤی شتراوس"

سەبارەت بە چەمکەکانی زمان دەبەستێت.<١٨> لەم ڕووەوە "لیڤی شتراوس" ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (میتۆلۆژیا بەردەوام لەلای مرۆڤ بوونی هەبووە و هەیە، بە بێ ئەوەی ئێمە هەستی پێ بکەین.)<١٩>

ئەم بوونەش واتە میتۆلۆژیای مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا، دەبێتە شاکارێکی هونەری و دامەزراندنی شانۆیەکی میتۆلۆژی. دواجار "ئۆرگاست" وەکو نەمایشێکی ئەزموونگەریی دەوڵەمەند پێشکەش دەکرێت. بروک لەم نەمایشەدا یەکێک لە هەنگاوە گرینگەکانی دامەزراندنی تێڕوانین و شێوازی پرۆژەکانی خۆی لە حەفتاکاندا دەستنیشان دەکات.

## ئۆرگاست لە ئێران


"ئۆرگاست" بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٧١، دوای زیاتر لە ساڵێک خۆئامادەکردن و مەشقی بەردەوام، لە دەرەوەی سنوورەکانی پاریس و ئەورووپاوە، لە فێستیڤاڵێکی شانۆییدا لە ئێران پێشکەش دەکرێت. پێشکەشکردنی "ئۆرگاست" دەبێتە ڕووداوێکی گرینگی شانۆیی و چەندین لێکۆڵینەوە و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەری، نامیلکە و کتێبی لە سەرانسەری جیهاندا لە بارەوەی دەنووسرێت. بروک ئێران وەکو وێستگەی یەکەمی نەمایشکردنی ئۆرگاست هەڵدەبژێرێت، بەو پێیەی نەمایشەکە لە زەردەشتەوە وزەی خۆی وەرگرتووە، ئێرانیش وڵات و شوێنی بڵاوبوونەوەی "ئاڤێستا" و ڕۆحی زەردەشتە. (پیتەر بروک ئۆرگاست لە پاشماوەی شوێنێکی کۆنی ئارکیۆلۆژی لە نزیک شاری ئەسفەهانەوە پێشکەش دەکات.

بەشێکی زۆری بینەرانی ئەو نەمایشە خەڵکانێکی گوندنشین و ساکاری ئەو ناوچانە دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نەمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت و بینەران کاردانەوەیەکی ئەرێنی و باشیان دەبێت.)<٢٠>

بەمەش بروک یەکێک لە گرینگترین ئامانجەکانی خۆی لە دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرێکی نامۆ و ساکاری نەخوێنەواری دەڤەرەکەدا پێکاوە. ئەمەش بەر لە هەر شتێک دەگەڕێتەوە بۆ بابەت، شێوازی نەمایش و شوێنەکە؛ ئەم توخمانەش پێکەوە، یەکەیەکی تایبەت و گشتگریان پێکهێناوە: نە زمان ئاستەنگ بووە، نە ڕووداوەکانی نەمایشەکە. جەستەی ئەکتەرەکان، بنەما داستانی و میتۆلۆژییەکەی نەمایشەکە، زمانە نامۆ و تایبەتمەندە "ئۆرگاستییەکە" و خودی شوێنی نەمایشەکە بەشێک بوون لەو بینەرانەی لەو شوێنەدا کۆبوونەتەوە. (شوێنەکە، کە زیاتر لە پاشماوەی شارێکی کۆنی بەجێ هێڵراو دەچوو، هێزێکی گەورەی بەخشیوەتە وزە ڕیتواڵییەکانی نەمایش و میتۆلۆژیاکە.)<٢١> بەمەش ڕۆحی نەمایش و پریشکە مێژوویی و داستانییەکان، بازنەیەکی بزۆز لەگەڵ بوونی ساکار و کاردانەوە خۆڕسک و سروشتییەکانی بینەراندا دروست دەکات.

چەند پەرستگایەکی دێرین، پاشماوەی مەنزڵگەی پادشا و میرنشینەکان، بوونەتە بەشێک لە شوێنی خولقاندنی ڕیتواڵێکی "کۆ" لە نێوان نەمایش و ئەکتەرەکان لە لایەک، بینەران، نەمایش و شوێنەکەش لە لایەکی ترەوە. لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرە شانۆییەکان، سەرکەوتنی "ئۆرگاست" لە ئێران دەگەڕێننەوە بۆ (بەها و گرینگیی شوێنەکە لەگەڵ میتۆلۆژیا و ناوەڕۆکی

نەمایشەکە یەکی گرتبووەوە، ئاڤێستا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی ئەو کولتوورە دەکات، هەروەها دەقی فارسەکانی ئێسخیلۆس-یش هەر پەیوەستە بەو شوێن و کولتوورەوە.)<٢٢>



یەکێک لە پرۆڤەکانی ئۆرگاست لە ئێران ساڵی ١٩٧١

ئێسخیلۆس شانۆنامەی "فارسەکان"ی لە ساڵی ٤٧٢ پ. زدا نووسیوە و باسی جەنگی نێوان گریکەکان و فارسەکان دەکات، وێنەیەکی ڕاستگۆ و ڕوونی فارسەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو. ئێسخیلۆس خۆی بەشداریی لەو جەنگەدا کردووە و لە نزیکەوە ئاگای لە هێرش و تێکشکانی لەشکری فارسەکان بووە.

نەمایشی ئۆرگاست بریتی بووە لە دوو بەش: بەشی یەکەمی لەگەڵ خۆرئاوابوون دەستی پێ کردووە، بەشی دووەمیش لەگەڵ

خۆرهەڵاتندا کۆتایی هاتووە، ئاگریشیان بەکارهێناوە، وەکو سەرچاوەیەکی ڕووناکی. ئەمەش گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ "ئاگر" وەک سەرچاوەیەکی سەرەتایی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی "ڕووناکی"، ئەمە جگە لەوەی، کە ئاگر چەمکێکی پیرۆز، سەرەکی و گرینگی کتێبی "ئاڤێستا" و ئایینی زەردەشتییەکان بووە.

دواتر "ئۆرگاست" لە پاریس و لە شانۆی "بوف دی نور" بۆ بینەرێکی ڕۆشنبیر و شارستانیی ئەورووپی نەمایش دەکرێت، بەڵام هەمان سەرکەوتن و کاردانەوەی نەمایشەکەی ئێرانی نابێت. نەمایشەکە لە پاریس کۆد و شانە میتۆلۆژییەکانی خۆی لەدەست داوە، ناتوانێت بە هەمان شێوە، بە هەمان هێز و وزەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بینەرە ئەورووپییەکەدا دروست بکات، بەڵام نەمایشەکە بە یەکێک لە گرینگترین پرۆژەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەروەها بە یەکێک لە تەقەلا ئەزموونگەرییە بە بەهاکانی بروک لە ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا دادەنرێت.

Irvin Wardle یەکێک بووە لە ڕەخنەگرە دیارەکانی شانۆیی ئەودەمە و لە Times Kritiker کاری کردووە، سەبارەت بە "ئۆرگاست" گووتویەتی (ئەم نەمایشە شانۆییە تەنها بۆ "پیتەر بروک" شتێکی نوێ نەبووە، بەڵکو هاوتەریب لەسەر ئاستی مێژووی شانۆی جیهانیشدا دادەنرێت بە پرۆژەیەکی نوێ. گرینگیی داهێنانی ئەو شێوازە لە پرۆسەی ئەو نەمایشەدا، دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ و ئاشنابوونێکی گشتگر و سەراپاگیری مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی هەموو گۆی زەوی.)<٢٣>

## ئۆرگاست و ئاڤێستا

کتێبی "ئاڤێستا" بەشێکی گرینگ و سەرەکیی شانەکانی نەمایشی "ئۆرگاست" پێک دەهێنێت، بۆ نموونە "ئاگر" و "ڕۆژ" وەکو دوو بنەمای گرینگی ئاڤێستا دەبنە هێماگەلی ژیان، سیماکانی ڕیتواڵێکی زەردەشتی، چەمکەکانی دەنگ، وشەی نامۆ و بەکارهێنانی زمانێکی جەستەیی سەمائامێزیش، ڕیتمێکی تایبەتمەند دەبەخشنە نەمایشەکە.

گەردوونێکی پڕ لە نهێنی مەودا و سترکتورە ڕیتواڵی و ئایینییەکە بەرجەستە دەکات، فەلسەفە و پەیامە ئایینییەکەی "ئاڤێستا" ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند دەبەخشنە نەمایشەکە و دیدی بروکیش دەگەیەننە ئاستی ترۆپک. بروک خۆی سەبارەت بە نرخ و بەهاکانی "ئاڤێستا" دەڵێت: (ئەم کتێبە نزیکەی بەر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەرکەوتووە. کتێبەکە لەوەدا بێوێنەیە، کە بە زمانێکی ڕیتواڵی و ئاهەنگئامێز نووسراوە، ئەو زمانە بەهایەکی پیرۆزی هەبووە. پیتەکانی "ئاڤێستا" لە ناوەوەیدا هەڵگری کۆمەڵێ هێماگەلی نهێنییە، کە زۆر تایبەتە بە دەنگەکانی، لە کاتێکیشدا کە پەیڕەوی ئەو ئاماژانە دەکرێت، مانا قووڵەکانی بەدەردەکەون، لە ئاڤێستادا بە هیچ شێوەیەک بوارێک لە نێوان دەنگ و ناوەڕۆکدا نییە. لە کاتێکدا مرۆڤ گوێ لە ئاڤێستا ڕادەگرێت، بە هیچ شێوەیەک پێویستی بەوە نییە بزانێت باسی چی دەکات و چی دەگەیەنێت. وەرگێڕانی ئەم جۆرە تێکستانە مرۆڤ بەرەو کۆمەڵێ کلێشەسازیی ئایینی بێتام و چێژ دەبات، بەڵام لە کاتێکدا وەک خۆی دەگوترێت، دەبێتە پارچەیەکی پڕ لە

مانا و ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە بنەماکانی کردەی قسەکردنەوە. "ئاڤێستا" بۆی دووپات کردینەوە ئەوەی بۆی دەگەڕێی، دەکرێت بوونی هەبێت، بەڵام دەبێت بە هەستێکی قووڵ و وریاییەکی زۆرەوە لێی نزیک ببینەوە، لە هەمان کاتدا ئەوە شتێک نییە کۆپی، یان دووبارە بکرێتەوە، بەڵکو تەنها دەبێت بدۆزرێتەوە. ئەو گەڕان و دۆزینەوەیە تیشکی خستە سەر ئەو پرسیارانەی ساڵێک لەگەڵماندا ژیاوە.)<٢٤>

لەم وتەیەی بروکەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە "ئاڤێستا" دەروازەیەکی گەورەی "ئۆرگاست" و ئەو زمانە نوێیەی بروک و هیوز بووە، لە "ئاڤێستا"وە، لە دەنگەکانی ئەو ڕیتواڵە پیرۆزەوە، لە بنەما ئاهەنگسازییەکەیەوە گەییشتوونەتە دیدێکی قووڵ، ڕوون و ئاشکرا بۆ زمانێک، کە لەوەوبەر بوونی نەبووە، بۆ میللەتێک کە لەگەڵ شانۆنامەکە لەدایک دەبێت و بۆ بینەرێک کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەمایشەکە، جووڵەی ئەکتەر، ئاماژەی ڕووداوەکان و ئەتمۆسفێرەکە زمانی دەپژێت.

لە "ئۆرگاست"دا، وەک زۆر لە پرۆژە و پرۆسە شانۆییەکانی تری بروک، پەیوەندییەکان لە کاتی نەمایشکردن و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا: ئەکتەر، بابەت و بینەران هاوکێشە سەرەکی و گرینگەکانێتی، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆژانی مەشق و داهێنان پەیوەندییەکان، ئەکتەر، بابەت و ڕیژیسۆر هاوکێشەکانی پێک دەهێنێت. بروک هەر لە سەرەتاوە، بە تایبەتی لە شەستەکاندا، بەم ئاراستەیە کاری کردووە، هەروەها لە کتێبەکەشیدا (پانتایی بۆش) ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات و دەڵێت (لە کاتی نەمایشکردنی شانۆنامەیەکدا پەیوەندییەکان ئەکتەر/ بابەت/


بینەرە، لەکاتی پرۆڤەکردنیشدا ئەکتەر/ بابەت/ ڕیژیسۆرە، پەیوەندییە سەرەتاییەکانیش ڕیژیسۆر/ بابەت/ سینۆگرافە.)<٢٥> ئەمەش ئەو پرۆسێسەیە، کە بروک دەیەوێت دەسەڵاتی ڕیژی بکاتە بنەما بۆ دارشتنەوەیەکی سەراپاگیر لە خوڵقاندنی پانتاییەکی نوێ و نیشاندانی دید و بیری دەسەڵاتی کردەی "ریژی"دا. "ئۆرگاست" گەشتیکی درێژ و چڕوپڕ بووە بۆ بروک، لە هەمان کاتیشدا بۆ شانۆی هاوچەرخی جیهانیش پرۆژەیەکی مەزن بووە.

## گەشتێک بۆ کیشوەرە ڕەشەکان

بروک لە ژێر چاودێریی مەڵبەندی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی لە پاریس لە یەکی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٢دا، دوای پرۆژە و نەمایشی "ئۆرگاست" لەگەڵ گروپێکی گەورە لە شاعیر، نووسەر و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان، هەروەها ئەکتەر، سینۆگراف و شارەزایانی بوارەکانی شانۆ، گەشتێکی سێ مانگی بە ناو شەش وڵاتی ئەفریقادا دەکەن. ئەم گروپە گەورەیە تیمێکی سینەمایی، تەلەفزیۆن، وێنەگر و ڕۆژنامەنووسیشیان لەگەڵ دەبێت.<٢٦>

لەو وڵاتە ئەفەریقییانەدا هیچ کام لە ئەکتەرەکان زمانی خەڵکی ئەو وڵات و ناوچانەیان نەزانیوە، کە کاریان تێدا کردووە. لەوی زیاتر بە شێوازی ڕاگوزاری و مەشق و گەمەی جۆراوجۆر شانۆییەکانیان پێشکەش بەو خەڵکە ساکار و سەرەتاییانە کردووە. بروک و گروپەکەی مەبەستیان لەم گەشتە کاردانەوەی

بینەرانی ئەفەریقا بووە، هێندەی هەستکردنیان بە ئەگەری پەیوەندییە ناوەکیەکانی هەست و سۆزی ئەو بینەرانە بووە. ئەمە جگە لەوەی بروک بە پێداگرییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە مەبەستی ئەم گەشتە، لە پێش هەموو شتێکەوە دروستکردنی خۆیان، لە بارێکی زۆر چڕ و گراندا بووە، خۆیان سەرلەنوێ، لە هەلومەرجێکی تر و لە ڕەوشێکی گراندا دروست بکەنەوە و بە ئەزموونێکی ترەوە بگەڕێنەوە.



دیمەنێک لە گەشتەکەی ئەفەریقا

بروک لەو گەشتەدا خۆی و ئەکتەرەکانی ڕووبەڕووی چەندین تەنگژە، کولتوور، زمان و مەزهەبی ئایینیی جیاواز دەکاتەوە، بۆ نموونە موسوڵمانە ڕەشپێستەکان و کاتۆلیکە مەسیحییەکان دوو نموونەی ئەو جیاوازی و تێکەڵە کولتوورییە بوون، هەروەها هەموو تیرە، هۆز و ناوچەیەکیش زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە، ئەمەش تەنگژەیەکی تری بۆ دروست کردوون، بەڵام خودی سەردانەکە بۆ مامەڵەکردن بووە لەگەڵ ئەو تەنگژانە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆیان.

بروک بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو خەڵکە ئاساییانەدا کردووە، لە هەندێک لەو لادێ دوورانەی بیابانەکانی ئەفریقادا، بە سەرۆک خێڵەکانی گووتوە (هەندێک خەڵک لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە هاتوونەتە ئێرە، تا بزانن دەتوانن جۆرێک لە پەیوەندیی مرۆڤایەتی بگونجێنن، لە ڕێگەی شێوازێکی تایبەتییەوە، کە پێی دەڵێن شانۆ، بە بێ بوونی زمانێکی هاوبەش.)<٢٧>

بروک و گروپەکەی لە دەستپێکی ئەم گەشتانەیاندا، کە هاتوونەتە ئەو ناوچە دوورەدەستانەوە، باسی ئەوەیان نەکردووە؛ کە ئێمە هاتووین شانۆ، یان نەمایشی شانۆییتان پێشکەش بکەین، چونکە ئەو خەڵکە لە چەمکی شانۆ نەگەیشتوون و هەرگیز شانۆیان نەدیوە، لەبری ئەوە گووتویانە (ئێمە هاتووین چیرۆکێکتان بۆ بگێڕینەوە، مۆسیقاتان بۆ بژەنین و گۆرانیتان بۆ بڵێین.)

بروک لە زۆر بۆنەدا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە لەو گەشتەدا، بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ گروپەکەی ڕێک کەوتوون، کە بە هیچ شێوەیەک پشت بە هیچ ئەزموون و تیۆرێکی شانۆیی

نەبەستن. ئەمەش زەمینەیەکی تری بۆ گروپەکە و بۆ بروکیش خوڵقاندووە، تا ڕووبەڕووی هەڵوێستە و بارە شانۆییەکان لە ڕوانگەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو چرکەساتەوە ببنەوە.

لەم ڕووەوە بروک دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە، کە ئەوان ناڕۆن بۆ ئەفەریقا تا لە مۆلیێر بکۆڵنەوە، یان تراجیدیای گریکی و ترادیشونی شانۆی ئەورووپی پێشکەش بکەن، بەڵکو ئەوان دەڕۆن بۆ ئەویێ تا ئەو توخمانە، ئەو شانۆیە و ئەو مەشقانەی کە بەرلەوەی بڕۆن، خۆیان لە ڕوانگەی کارەکانیانەوە ئامادەکارییان بۆ کردووە و خوڵقاندوویانن، تاقی بکەنەوە. لەبەرئەوەی ئەو مەشق و کارانە بەشێک بوون لەوان، لە کار و بۆچوونەکانیان، ئەو شتانەی کە بەلای ئەوانەوە گرینگ، زیندوو و واقیعی بووە. هەر لەبەر ئەوەیە، ئەوان بەرلەوەی بڕۆن؛ خەریکی خۆئامادەکردنی شتگەلێک بوون، کە بە تایبەتی بۆ ئەو سەفەرە ئامادەیان کردووە. خودی گەشتەکەش دەروازەیەک بووە بۆ نزیکبوونەوە و پەیوەندیکردن بە کەسانێکەوە، کە دوور بوون لە گوزەران و مەرجەکانی ژیانی مرۆڤی ڕۆژئاواوە. لەم ڕووەوە بروک دەڵێت: (کارەکانی ئێمە پشت بەو فاکتانەوە دەبەستێت، کە دەتوانێت بە هۆی دەنگ و جووڵەی جەستەی مرۆڤ خۆیەوە، پەردە لە ڕووی هەندێک لە قووڵترین هەڵوێستەکانی مرۆڤایەتی هەڵماڵێت. بە شێوەیەک، کە کاریگەرییەکی گەورە و ڕاستەوخۆی دەبێت لە ناوەوەی هەموو بینەرێکدا، بەبێ جیاوازیی کولتوور، زمان و نەژادە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی.)<٢٨>

گەشتەکە زۆر لە ئامانجەکانی دید و تێڕوانینە کردەیی و ئەزموونگەرییەکانی بروک دەپێکێت، لەسەر ئاستە جیاوازەکان؛

پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا دروست دەکات.
ئەو گەشتەش لە مێژووی شانۆی جیهانیدا، بە یەکێک لە گەشتە زۆر دەگمەن و نموونەییەکانی بواری لێکۆڵینەوە، پشکنین و ئەزموونگەری دادەنرێت. بێگومان مەسەلەی ئەزموونگەری یەکێک بووە لە ناوەند و شانە گرینگەکانی ئەو گەشتە. بروک دەڵێت:
(بەشی یەکەمی بیابانەکانمان بڕی بوو، دوای ئەوەی خۆمان لە شارێکی بچووکدا بینییەوە، هیچ کەس ئامادە نەبوو پێشوازیمان لێ بکات، بەڵام ئێمە هاتبووین، بەیانی بوو، بازاڕێکی بچووک لەو شارەدا هەبوو، لە پڕ گوتم: "با بۆ یەکەم جار لێرەدا گەمەیەک بکەین..." هەموو قاییل بوون، لەبەرئەوەی جێگەکەمان خۆش ویست. چووینە دەرەوە، جێگەمان ڕاخست و دانیشتین. بە خێرایی بینەران لە دەورمان کۆبوونەوە، شتێکی کاریگەر، بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو، لە ناوەوەماندا دەجووڵا، لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی بارێکی زۆر نادیار بووبووینەوە، هیچ شتێکمان نەدەزانی بەرەو بەردەوامیمان ببات، هیچ شتێکیش کە نەمانبات. هەموو ئەو شتانەی، کە لەو شوێنەدا بۆمان ڕوون بووەوە، ئەوە بوو کە لەوەوبەر هیچ شتێکی لەم چەشنە لەم بازاڕەدا ڕووی نەدابوو، هەرگیز ئەکتەرێکی گەڕۆک نەهاتبووە ئەو شوێنە، هیچ ڕاگوزارییەکی بچووک پێشکەش نەکرابوو. هیچ سەرەتایەک لەم بارەیەوە نەبوو، جۆرە ئاگادارییەکی ساکار و سەراپاگیر هەبوو، هەروەها تێگەیشتنێکیش، کە خۆشحاڵیی دەکردین. شتێک ڕووی دا —لەوانەیە لە ماوەی یەک چرکەدا بووبێت— وای لە ئەکتەرەکان کرد تێگەییشتنی خۆیان بگۆڕن سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان بە بینەرانەوە.)<٢٩>

ئەکتەری بە نەژاد ژاپۆنی "یۆشی ئۆدیا" کە لەم گەشتەدا رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە و زیاتر لە سی ساڵە لەگەڵ بروکدا کاردەکات، بەم شێوەیە بەشێک لە کارەکانی خۆی لە بیابانەکانی ئەفەریقا و یادەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە (ئەو کاتەی لەگەڵ پیتەر بروک لە ئەفەریقا بووم، چەند رۆژێکمان بۆ گەڕان بە نێو بیاباندا بەسەر برد. لە ناوچەیەکدا، کە هیچ دار و درەختێک، شاخێک، ماڵێک، زیندەوەرێک، یان نیشانێکی ئاوەدانیی لێ نەبوو. لە هەر رووکارێکەوە تەماشات بکردایە تەنیا ئاسمان و زەمینێکی ڕووت و قووتت دەبینی، کە وەک دوو هێڵی ئاسۆیی درێژ بووبوونەوە. هەوڵم دا هەست بەوە بکەم، کە لەم جیهانە گەورە و فراوانەی چواردەوری خۆم دابڕاوم. دەستم بە هەندێک ئەزموون کرد و هەوڵم دا شێوازێک بۆ جەستەم بدۆزمەوە و بە جۆرێکی وای دانێم، کە لە نێو ئەو بەتاڵییە فراوانەدا هەست بە بوونی خۆم بکەم. ڕاوەستان نەک هەر هیچ کەڵکێکی نەبوو، بەڵکو هەستم دەکرد شتێکی دروست نەبێت. ئەوجا هەوڵم دا لەسەر ڕووی زەمین ڕاکشێم، ئەو زەمینەی کە پڕ بوو لە وردە بەرد و لە ئاسمانیان دەڕوانی. ڕاکشانێک بەو جۆرە، کە هەستم بەوە دەکرد بوومەتە گردێک لە لمی بیابان و وەک پیاوێکی مردوو لە ناو خاکدا تۆواومەتەوە. وەک کەسێکی زیندوو بە هیچ جۆرێک بوونم نەمابوو. سەرەنجام هەوڵم دا ڕێکوڕەوان لەسەر ئەرزەکە دابنیشم و هەموو وزەی خۆم لەسەر (هارا)ی خۆم کۆبکەمەوە. لەو چرکەساتەدا لە پڕێکدا هەستم بەوە کرد، کە هەروەک ئەوەی چووبێتمە ناو بوونێکی تازەوە، لە نێوان زەمین و ئاسماندا

شۆڕبووبێتمەوە و وەک پردێک زەمین و ئاسمان بگەیەنمە یەکدی.)<٣٠>

بروک لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا، فۆرم و تەکنیکەکانی شانۆی ڕاگوزاری بەرەو پێشەوە دەبەن و بەکاری دەهێنن بۆ پەیوەندیکردن و نزیکبوونەوە لە بینەرە ساکار و نامۆکانی ئەو ناوچانەوە. بنەماکانی شانۆی ڕاگوزاریش، بە درێژایی زیاتر لە پەنجا ساڵ، یەکێک بووە لە میتۆدە سەرەکییەکانی کار و پرۆژەکانی بروک، هەروەها لە ماوەیەکی درێژی مێژووییدا، ئەم فۆرمە لە لای بروک گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرەو پێشەوە چووە. بروک بەم شێوەیە باسی ئەو فۆرمە گرینگەی شانۆ دەکات (ئێمە فێری ئەوە بووین، کە ڕاگوزاری تەکنیکێکی زۆر گرانە، جیاوازیشە لەو بۆچوونەی، کە دەڵێت ڕاگوزاری تەنها بریتییە لە "ڕووداوێک"، یان "هەڵوێستەیەکی" ساکاری کتوپڕ. بەڵکو ڕاگوزاری لە هەموو بوارەکانی شانۆدا، پێویستی بە ئەکتەری بە توانا، مەشقێکی تایبەتی، هەروەها وزە و توانایەکی گەورەی بەخشین و هەستێکی پڕ لە خەندە و پێکەنین هەیە. ڕاگوزارییەکی ڕەسەنیش؛ کە هەڵدەکشێت بۆ ئاستە بڵندەکانی ڕاستی، ئەمەش نایەتە دی؛ ئەگەر بینەران هەست نەکەن جێگەی ڕێز و خۆشەویستیی ئەکتەرەکانن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو فێری ئەوە بووین، کە شانۆی ڕاگوزاری پێویستە خۆی بچێت بۆ لای خەڵکی لەو شوێنانەی تیا دەژین، هەروەها فێری ئەوەش بووین، کە کۆمەڵە خەڵکانێک لەسەر ئاستی جیاواز لە کۆمەڵگەکاندا دابڕاون و لە پەراوێز و تەنیاییەکی تەواو ڕەهادا دەژین، هەروەکو بێگانەکانی فەرەنسا. ئەم خەڵکانە تووشی سەرسوڕمان دەبن و دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، لە کاتێکدا

ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی ساکارانە دەچن بۆ لایان و لە شوێنەکانی ئەواندا، شانۆییەکانیان پێشکەش دەکەن. لێرەدا دەبێت ئەوپەڕی ئاگادار و هۆشیار بین، تا بینەران هەست بەوە نەکەن، کە تایبەتمەندیەتیی ئەوانمان داگیرکردووە. ئامانجیش ئەوەیە، کە کۆمەڵە خەڵکێک دەیانەوێت بەردەوام بن لە مامەڵەکردن و پەیوەندیکردندا لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا، لێرەدا شانۆ بە شێوەیەکی چڕ دەبێتە ژیان.)<٣١>

پێگەی بینەر، چۆنیەتیی بەکارهێنانی فۆرم و خوڵقاندنی شێوازێکی ئاهەنگئاسا و جیاواز، لەم گەشتە بێوێنەیەی ئەفەریقادا، فەلسەفەی کار و لێکۆڵینەوەکانیان بووە .<٣٢>

بینەر و پەیوەندیکردن بە پرۆسەی شانۆوە؛ یەکێک بووە لە خاڵ و هاوکێشە گرینگەکان. لەم پرۆسەیەدا بینەر توخمێکی زیندووە، کارەکتەرەکان بە کاردانەوەی بینەرانەوە دەوڵەمەند دەبن، ئەکتەرەکانیش لە کاردانەوەکانەوە، لە بەشداریی بینەرانەوە فۆرم و مەوداکانی خۆیان لە خۆ دەگرن. (مەبەست لە گەشتەکەی ئەفەریقامان ئەوە بوو بچین بۆ لای بینەرێکی جیاواز و نموونەیی، ئەو بینەرانەی خاوەنی ئەو کاردانەوە دەوڵەمەندانەن، کە پڕە لە ژیان، بە چەشنێکی تەواو کراوەن بۆ هەموو شێوەیەک، ئەو خەڵکە بە هیچ جۆرێک وابەستەی مەرجە ڕۆژئاواییەکان نەبوون.)<٣٣> ئەو گەشتە کاریگەرییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی بەسەر دید و تێڕوانینی بروکەوە بەجێ هێشتووە.

پرۆژە جۆراوجۆرەکانی حەفتاکانی دوای ئەم گەشتەی ئەفەریقا، ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی بەسەرەوە دەبێت، هەر بۆ نموونە کە دەگەڕێتەوە بۆ پاریس،

دەکەونە خۆئامادەکردنی نەمایشی "کۆنفرانسی باڵندەکان" ، کە بەشێک لە دید و تێڕوانینەکانی لە ئەفەریقا گەشە دەکات. بروک لەم پرۆژەیەدا ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، لە ئاسمانێکی بێلایەندا کۆدەکاتەوە و جیهانێکی تری چوارەم بۆ مرۆڤایەتی دەخولقێنێت.

## کۆنفرانسی باڵندەکان

بەشێک لەو خۆئامادەکردنانەی کە بروک و گروپەکەی ئەنجامیان داوە، بەرلەوەی بەرەو ئەفەریقا بەڕێ بکەون، کارکردن بووە لەگەڵ زمانی باڵندە، ژیانی باڵندە، جووڵەی باڵندە، شەڕەدەنووکی باڵندە و تەنانەت فڕینی باڵندەش. هەر لە ئەفەریقاش بۆ یەکەمجار بەشێک لە تێکستەکانی کۆنفرانسی باڵندەی "فەریدەدین عەتار"، کە شیعرێکی درێژە و گەشتێکی بە کۆمەڵی باڵندەکان لە ئاسماندا دەکاتە هێماگەلی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، بەکاردەهێنن. لە هەندێک لە نەمایشەکانی بیابانەکانی ئەفەریقادا، هەموو گروپەکە پێکەوە دەچنە نێو کەشی ژیان و گەشت و شەڕی باڵندەکانەوە.

بروک دوای گەشتەکەی ئەفەریقای، گروپەکەی دەپێچێتەوە، بە چەشنی باڵندەکان بەرەو ئەمەریکا دەفڕن. ئەم گروپە نێونەتەوەییە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٢دا دەگەنە شارۆچکەی San Juan Bautista ، کە نزیکە لە شاری "سان فرانسیسکۆ" وە.

لەم شارە بچووکەدا، گروپێکی شانۆیی بە ناوی (تیاترۆ کامباسینا) واتە "شانۆی جوتیاران" هەبووە، کە بروک لەوەوبەر لە فەرەنسا ناسیونی. ئەم گروپە لە مامەڵەی ناشیرین و نامرۆڤانە

لەگەڵ هاووڵاتییە ئیسپانی زمانەکانی ئەمەریکاوە دروست بووە، بە تایبەتی لە کێشەی جووتیار و کرێکارەکان لە شاری "سان فرانسیسیکۆ" و دەوروبەرەکەی. "تیاترۆ کامباسینا" وەکو پێویستییەکی بەهێزی هەنووکەیی، وەکو پەرچەکردارێکی خۆڕسک و پڕ لە هێز و وزە، لەسەر شەقامەکان، دەردەکەون. ئەم شانۆیە بە نەمایشی کورتی توندوتیژ، لەسەر شەقام، باخچە و شوێنە گشتییەکاندا، بەرگری لە کرێکار، جوتیار و کەسە مافخوراوەکان دەکەن و شانۆکەشیان دەبێتە جۆرە شانۆیەکی سەرشەقامی بەهێز. نەژادی ئەندامەکانی ئەم گروپە گەڕاوەتەوە سەر هیندییە سوورەکان، ژیانی ڕیتواڵی ئەم گەلەش، تێڕوانینی سیاسی و دابونەریتەکانیان لە نەمایشەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

که بروک و گروپەکەی دەگەنە ئەم شارۆچکەیە، پێکەوە کار دەکەن، بۆ نموونە شانۆنامەکانی خۆیان بۆ یەکتر نەمایش دەکەن، مەشقەکانی یەکتری بەکاردەهێنن و بەشداریی نەمایشە ڕاگوزارییەکانی یەکتری دەکەن. بروک دەقە شیعرییەکەی "کۆنفرانسی باڵندەکان" بەکاردەهێنێت و هەر ئەم کۆنفرانسەش هەردوو گروپەکە کۆدەکاتەوە.<٣٤> زمانی پەیوەندیی ئەم دوو گروپە دەبێتە زمانێکی شانۆیی. بە ڕاگوزاری، گفتوگۆ، بەکارهێنانی ئەفسانە، خولْقاندنی زمانێکی تایبەت بە خۆیان، مۆسیقا، بۆچوون و دیدە سیاسییەکان، تێکەڵاو دەبن و لە دەروازەکانی ئەو تێکەڵاوبوونەوە "کۆنفرانسی باڵندەکان" هەموو جیاوازییەکان کۆدەکاتەوە و یەکەیەکی تری هونەری دەبەخشێت بە هەردوو گروپەکە.

بروک دەڵێت: (دوای دوو ساڵ، لە کالیفۆرنیا بە هاوکاریی تیپی "تیاترۆ کامباسینا" کۆنفرانسی باڵندەکانمان لە باخچەیەکی گشتیدا، بۆ بینەرێکی زۆر لە کرێکاران پێشکەش کرد. شیعرێکی سۆفیزم لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر فەڕەنسی، لە فەڕەنسییەوە بۆ ئینگلیزی، لە ئینگلیزیشەوە بۆ ئیسپانی، لە نواندنی کۆمەڵێ ئەکتەری ڕەگەز جیاوازیش. شاکارەکەش کە بەر لە چەندین سەدە نووسراوە، دانانرێت بە شاکارێکی کلاسیکی و نامۆ، بەڵکو مانایەکی تازەی لەخۆگرت، مانایەک هەڵوێستەکانی ئەو ساتەوەختەی تێدا بەرجەستە کرابوو.)<٣٥>

دوانمایشی ئەم کۆنفرانسە شانۆییە، بە زمانی باڵندەکان و بە هەستێکی پڕ لە ژیانی دونیایەکی تەباوە، بە تایبەتی لە خۆ نزیک بوونەوەیەکی قووڵی فەلسەفییانەوە، لە یەکێک لە شەوەکانی ناوچەی "بروکلین" لە شاری نیویۆرک کۆتایی هاتووە. لەو شەوەدا، نەمایشەکە گەیشتووەتە ئاستێکی باڵا و بە سێ شێواز و سترکتوری جیاوازەوە، پێشکەش کراوە. (یەکەمیان لە دوای سەعات هەشتی ئێوارەوە دەستی پێ کردووە، ئەم نەمایشەیان لە فۆرمێکی زبر، بەڵام پڕ لە پێکەنین و ژیانەوە نزیک بووە، دووەمیان لە نیوەشەودا، وەک هێماگەلێکی گەڕان بە دوای بەها پیرۆزەکاندا، دەستی پێ کردووە، ئەم نەمایشەیان نزیک بووە لە بینەرانەوە، فۆرمێکی ڕیتواڵی لەخۆ گرتووە و لەژێر ڕووناکی مۆم و تریفەی مانگەشەودا پێشکەش کراوە. دوا فۆرمیش لە تاریک و ڕوونی بەرەبەیاندا دەستی پێ کردووە و لەگەڵ هاڵهاتنی خۆردا کۆتایی هاتووە. ئەم نەمایشەیان لە فۆرم و شێوازەکانی کۆڕاڵ نزیک بووەتەوە.)<٣٦>

بروک ساتەکانی شەوێک، لە نێوان تاریکوڕووندا دابەش دەکات و نەمایشە سێ بەشەکەشی لەو کاتانەدا، لە تاریکییە شەوەزەنگەکەی نیوەشەودا، لە تاریکوڕوون و کازیوەی بەربەیاندا، وەک گەشتێکی ئەفسوناوی، بۆ باڵندەکان، بۆ مرۆڤەکان و بۆ خولْقاندنی زەمەنێکی میتۆلۆژی دەخولْقێنێت. هەموو شتێک لە ڕێگەی گۆڕانکارییە ڕاگوزەرییەکانەوە، وەک زنجیرە ڕووداوێکی پێکەوە بەستراو، ڕوویان داوە. لەم پرۆسەیەدا هونەری ڕاگوزاری ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە. بروک میتۆدەکانی بە جۆرێک لە "ڕاگوزارییەکی ئازاد"دا بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەموو بینەرە هەمە چەشنە بگونجێت و کاردانەوەیان بۆی هەبێت، ئەمەش لە بنەماکانی یەک هۆکار و ئامانجی ساکارەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بروک بەم شێوەیە، بە کورتی ڕوونی دەکاتەوە: (لە ئاستێکی باشدا، لە ڕاست و دروستیی شێوەیەک لە شێوەکان بگەین، بۆ چۆنیەتیی وەرگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران.)<٣٧> بێگومان ستایلی نواندن، فۆرمێکی گەمەئامێز، ڕیتمێکی خێرا، سترکتوری نەمایشەکە و ئەتمۆسفێری شوێنەکەش ڕۆڵێکی گەورە و گرینگیان لە پەیوەندیکردن بە بینەرانەوە گێڕاوە.



دیمەنێک کۆنفرانسی باڵندەکان لەسەر شانۆی بۆف دی نور /پاریس

ساڵی ١٩٧٩

## سەرلەنوێ "کۆنفرانسی باڵندەکان"

بروک دوای حەوت ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەر "کۆنفرانسی باڵندەکان". سەرەتا لە ئەفەریقا کار لەسەر تەکنیکی باڵندە دەکەن، بەشێک لە تێکستەکەی بەکار دەهێنن و لە ئەمریکاش، لە ڕێگەی میتۆدەکانی شانۆی ڕاگوزارییەوە، لە باخچە و شوێنە گشتییەکاندا، باڵندەکان لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەیی گەورەدا بۆ بینەران نەمایش دەکەن. لە فەڕەنسا دوای ئەو هەموو ساڵە، ئەم تێکستە بروک ناچار دەکات بگەڕێتەوە سەری. بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر و نووسەرێکی وەکو "ژان- کلۆد کارییر"، کە لەوەوبەر چەندین جار لەگەڵ بروک کاری کردووە، ئامادەکردن و نووسینی دەقەکە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. بروک سەبارەت بەم هەوڵە تازەیەیان دەڵێت: (چەندین ساڵ تێپەڕی، بەرلەوەی بزانین جارێکی تر دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەر عطار، ئەمجارەیان دوو ئامانجمان هەبوون: شێوازی ڕاگوزاری بگۆڕین بە نەمایشێک کە بە تەواوەتی جێگیر نەبێت، بەڵام هێندەش جێگیر بێت، کە هەر کاتێک ویستمان بتوانین ڕێکی بخەینەوە. دوای ئەوە ئەو بەشە کورت و پچڕپچڕانەی، کە لەوەوبەر بەکارمان هێنابوون، بگۆڕین، هەوڵ بدەین لە هەموو شیعرەکە بگەین بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی بە تەواوی بگێڕینەوە.)<٣٨>

بروک و ژان- کلۆد کارییر لە پرۆسەیەکی چڕدا، دەکەونە کاری ئامادەکردن و نووسین، مەشقی ڕاگوزاری و ڕاهێنانی ئەکتەرەکانیش دەبێتە دەستپێکی ئەو پرۆژەیە. ژان — کلۆد کارییر ڕۆژانە ئامادەی ئەو مەشقانە دەبێت، بەشداریی پرۆڤەکان دەکات، هاریکاریی ئەکتەرەکان دەکات و تێکستی کورت کورت بۆ مەشقەکانیان دەنووسێت. هەروەها لەگەڵ بروک، ئەکتەرەکان و هەموو تیمی کارەکە لە گفتوگۆیەکی بەردەوامیشدا دەبێت.<٣٩>

ژان — کلۆد کارییر سەبارەت بە ئامادەکردنی دەقەکە دەڵێت: (تەنها شەش مانگمان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نەمایشەکە لەبەردەستدا بوو، ئەمەش گرەوێکی شێتانە بوو، نەک تەنها سەبارەت بە نووسینی شانۆنامەکە، بەڵکو لە ڕووی هەڵبژاردنی ئامرازەکانی بەرجەستەکردنی کارە شانۆییەکەشەوە. هەموومان لەو بڕوایەدا بووین، کە ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵێ ئامرازی نوێیە، دەمامک، بووکەڵە و شتی تر، کە لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک بەکارمان نەهێنابن.)<٤٠>

بروک و ژان — کلۆد کارییر بۆ پرۆژەکەی ئەمجارەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەر خودی شاکارە دێرینەکەی "فریدالدین عطار"ی سۆفیستەوە، لەو شاکارە دێرینەوە دەگەنە بەرئەنجامێک، کە مرۆڤی زەمەنێکی هاوچەرخ لە گەشتێکی بەردەوامی گەڕان بە دوای پێناسی تاکگەرایی خۆیدایە.<٤١>

"فریدالدین عطار"یش سەر بە کولتوورێکە، کە خۆی تێدەکۆشێت تا ڕاستییەک پێشکەش بکات، زۆر گەورەترە لە هزر و ئەندێشەی خۆی، لە تواناکانی ئەو زەمەنەی تیایدا دەژی و ئەویش بە دوای ڕاستیگەلێکدا دەگەڕێت، کە لە پشت دونیا تەومژاوییە سۆفیستەکەیدا خۆی شاردۆتەوە. ئەم سۆفیگەراییە لە شاکارێکی وەک "کۆنفرانسی باڵندەکان"دا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو ئەندێشە قووڵانە لە گەردوونێکدا بەرجەستە بکات، کە خۆی دەمێکە تێی پەڕاندوون. گەردوونێک کە سەر بە بوار و پانتاییەکی زۆر دوورە. لەم شاکارەدا زەمەن هەڵدەگێردرێتەوە و دەبێتە زەمەنێکی مەجازی، خواستراو و لە هەمان کاتدا هەڵکشاو.



"کۆنفرانسی باڵندەکان" لە پورتوگال

"کۆنفرانسی باڵندەکان" پرۆژەیەکە؛ بوون و ئاستێکی جیـاواز و بێـسنووری هەیە، ئۆقیانووسـێکە، کە بـروک واتەنـی (ئـێمە زۆر پێویستمان پێیەتی.)<٤٢>

(ئەوەی بینیم لە جەستەیەکی تردا بینیم. هیچ شتێکم گوێ لێ نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێکم گوێ لێ بوو. هیچ شتێکم نەدیوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتێکم دیوە.)<٤٣>

بروک هەمیشە گرینگیی داوە بە گوتاری جیاواز، هەمیشە گەڕاوە بە دوای جیهانە نادیار و نامۆکاندا. گەشتەکانی بروک بەشێک بوون لە گەشتی باڵندەکان. "کۆنفرانسی باڵندەکان"، یان "گەشتێک بەرەو خود" نزیکەی دە ساڵ دید و هزر و تێڕوانینەکانی داگیردەکات و لە سێ کیشوەردا، لە ئەفەریقاوە بۆ ئەمەریکا و لە ئەمەریکاوە بۆ ئەورووپا، لەگەڵ باڵندەکان دەفڕێت. بروک هەر دوای نەمایشی "ئۆرگاست" کۆنفرانسی باڵندەکان دەکاتە دەستپێکی تری ئەو بەها مەزنەی گوتاری خۆرهەڵات، بەو پێیەی خۆرهەڵات پانتاییەکی جیاوازی هەیە، بەو کارانەشی هەوڵی داوە، لە خۆرئاوا، وەکو مەڵبەند و چەقی بنەما فیکرییەکان دوور بکەوێتەوە، تا ڕێگە بدات بە گوتارەکانی ڕۆژهەڵات لە پەراوێزەوە بێنە چەقەوە، لە گومانەوە ببنە باوەڕ و لە ئەندێشەوە ببنە واقیعێکی زیندوو و هەست پێ کراو.

بروک لە نەمایشی "کۆنفرانسی باڵندەکان"دا وێنەی جیهانێکی بینراو و هەست پێ کراو، لە شێوەی گەردوونێکی ئەندێشەئاسادا بەرجەستە دەکات، ئەمەش هەمان هزرە لە شانۆدا؛ شانۆ بۆ خۆی جیهانێکە لە وێنەکان، جوانیی شانۆش، بە بۆچوونی بروک لە ئامادەکردنی ئەندێشەکاندایە، گەر جیهانیش ئەندێشە بێت، ئەوە شانۆ ئەندێشەیە لەناو ئەندێشەدا.

## ئەکتەر و دەمامک لە کۆنفرانسی باڵندەکان-دا

ئەکتەرەکان بە یارمەتی و بە هۆی بەکارهێنانی بووکەڵە و جۆرە دەمامکێکی پڕ لە فەنتازیاوە، ڕۆڵی باڵندەکانیان بینیوە، هەروەها هەندێک جوڵانەوەی فیزیکییان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی جەستەی باڵندەکان. هەرچەندە بروک هەرگیز لەوەوبەر دەمامکی لە نەمایشەکانیدا بەکارنەهێناوە، بەڵام لەم نەمایشەدا، دەمامک بوونێکی پیرۆز و کەرەستەیەکی زیندوو و ئامرازێکی بەهێزی گوزارشتئامێز بووە. ئەکتەرەکانی بروک، بووکەڵە و دەمامکەکانیان بە تایبەتی لە دورگەی "بالی" لە ئەندۆنیسیاوە بۆ هاتووە.

جۆری کولتوور، مێژوو، ڕیتواڵ و شانۆیەکی فیزیکیی دەوڵەمەندی دورگەی "بالی" و وەکو گوتارێکی جیاواز، جۆرێک لە پیرۆزی، بەها، بەردەوامی و قووڵبوونەوەیەکی بەخشیوە بە "دەمامک"ەکان.<٤٤> ئەمانەش هەموویان پێکەوە جۆرە ئارەزوویەکی تریان بە ئەکتەرەکان بەخشیوە، هانی داون بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی جیاوازتر، وەک لەوەی کە هەیە، ئەو دەمامکانە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ناجوڵێنەوە و وێنەیەکی نەبزواویان هەیە، لێرەدا بە سیمای ئەکتەرەکانەوە، وەک ئەوە وا بووە هەناسەی ژیان هەڵمژن و ژیانی خۆیان، لە ڕۆڵەکاندا، لەگەڵ ئەکتەرەکاندا و لە نەمایشەکەدا ژیاون.

بروک دەڵێت: (گریمان ئەکتەرێک چەند هەنگاوێکی ناوە بۆ پێشەوە، بەڵام لەو چرکەساتەدا، کە دەمامکەکە دەپۆشێت، دەبێتە بوونەوەرێکی تر و لە چەندین ڕێگەی تری جیاوازدا دەژی.)<٤٥>

له بەشی یەکەمی نەمایشەکەدا، بووکەڵەکان بە تەنها ڕۆڵی باڵندەکان دەبینن، بەڵام لە بەشی دووەمدا ئەکتەرەکان جێگەی بووکەڵەکان دەگرنەوە؛ بەم شێوەیەش نەمایشەکان حاڵەت و بارودۆخەکان دەکاتە شانۆیەکی وێنەیی، لە هەمان کاتدا بەرجەستەی ئەو ماوەیەش دەکات، کە باڵندەکان بڕیویانە. بروک بەم تەکنیکە ئەو بوارەمان بۆ بەجێ دێڵێت تا لەوە بگەین: ئەوەی پێویستە لە کۆنفرانسی باڵندەکاندا، ئەو هاوکێشە دوو جەمسەرەیە، کە مرۆڤ و باڵندە کۆدەکاتەوە. <٤٦>

نەمایشەکە توانایەکی گەورەی "شانۆی داستان" و هێزێکی میتۆلۆژی لەخۆ دەگرێت، ئەو پەیوەندییە چڕە پێکداچووەی بووکەڵەکان و جەستەی مرۆڤ هەیەتی، دەبێتە وزەیەکی گەورەی گێڕانەوەی ئەو گەشتە سەرسوڕهێنەرە. بووکەڵەکان لە لای بروک مانایەکی دیاریکراو لەخۆ ناگرن، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بەو توخمانەوە، کە لە دابونەریتە میللییەکاندا هەن، لەبەرئەوە بووکەڵەکان، وەکو ئامرازێکی بەکارهێنراوی دەربڕین، دەبنە بارێکی تایبەت لە نێوان داهێنان و یادەوەریی کولتووریدا.

هونەری ڕیژی و میتۆدە بەکارهێنراوەکانی بروک، کۆمەڵێ ئامرازی بەرجەستەن و تێڕوانینی خۆرئاوا لەخۆ دەگرێت، ئەمەش ئەو سیستەمە ئایدیۆلۆژییەیە، کە بروک بۆ ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی چەمکەکانی گوتاری خۆرهەڵات بەکاری دەهێنێت.

"کۆنفرانسی باڵندەکان"، کە شاکارێکی دێرینی فارسی "زمانی مەل"، یاخود "زمانی باڵندەکان"ە، کە بە ئینگلیزی بە "کۆنفرانسی باڵندەکان" ناوزەد کراوە، دەکاتە زەمینەیەکی لەبار بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنینەکانی، نەمایشەکەش دەبێتە گەشتێکی

ده‌وڵه‌مه‌ند بۆ هونه‌ری نواندن، پرۆژه‌یه‌ك كه‌ زیاتر به‌ شانۆی ئه‌كته‌ر ئاماژه‌ی بۆ ده‌كرێت.

ئه‌كته‌ره‌كان ده‌بنه‌ كۆمه‌ڵێك سه‌مازانی به‌ سه‌لیقه‌، ده‌بنه‌ مه‌ل و به‌ ناو پانتایی شانۆكه‌دا ده‌فڕن. به‌كارهێنانی ده‌مامك وه‌كو له‌وه‌وبه‌ر ئاماژه‌مان بۆ كرد، فۆرمێكی جیاواز و گرینگی ده‌ربڕین ده‌به‌خشێته‌ جووڵه‌ و ده‌نگی ئه‌كته‌ره‌كان. ده‌مامك له‌م كۆنفرانسی باڵندانه‌دا به‌هایه‌كی بێوێنه‌ به‌ده‌ست دێنێت و فۆرمێكی نوێ ده‌به‌خشێته‌ نه‌مایشه‌كه‌ به‌ گشتی و ئه‌كته‌ره‌كان و تێكڕای ستركتوره‌ هونه‌رییه‌كه‌ به‌ تایبه‌تی.<٤٧>

بروك خۆی به‌م شێوه‌یه‌ باسی به‌ها و گرینگیی ده‌مامك له‌ "كۆنفرانسی باڵنده‌كان"دا ده‌كات: (له‌ كاتێكدا ئه‌كته‌رێك ده‌ڵێت: ڕۆژێك له‌ ڕۆژان لێره‌دا ده‌روێشێكی پیر هه‌بوو... دوای ئه‌وه‌ هه‌وڵ ده‌دات ئه‌م وێنه‌یه‌ بگه‌یه‌نێته‌ مێشكی بینه‌ر، له‌ ڕێگه‌ی ئه‌وه‌وه‌؛ كه‌ ده‌موچاوی خۆی بكاته‌ ده‌موچاوی ئه‌و ده‌روێشه‌ پیره‌. له‌م ڕووه‌وه‌ ته‌نها یه‌ك هه‌نگاو ده‌توانێت به‌ره‌و پێشه‌وه‌ بچێت، به‌ڵام له‌ كاتێكدا ده‌مامكی ده‌روێشه‌كه‌ به‌كارده‌هێنێت، هێنده‌ی یه‌ك ساڵی ته‌واوی ڕووناكی ده‌چێته‌ پێشه‌وه‌.)<٤٨>

زمانی باڵداره‌كان شاكارێكی سۆفیزمه‌، بروك له‌و ڕوانگه‌ سۆفیزمه‌ دێرینه‌وه‌، ده‌روازه‌یه‌كی پڕ له‌ مه‌شق و ئه‌زموونێكی قووڵ و گه‌وره‌ ده‌خاته‌ سه‌رپشت، دیالۆگێكی فیكریش له‌ نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهه‌ڵات له‌سه‌ر ئاستێكی به‌رز دروست ده‌كات.

## کۆنفرانسی باڵندەکان باسی چی دەکات؟

پۆلە مەلێک ڕێ دەکەن، کە بە ڕێبەرایەتیی پەپووسلێمانکە (هودهود) بکەونە ڕێ، بۆ گەیشتن بە سیمرغ لە لووتکەی کێوی قاف. لە ڕێگە بەشێکی زۆری مەلەکان، هەریەکە بە بیانوویەک خۆیان دەدزنەوە و واز لە سەفەر دەهێنن، چونکە بەرگەی سەختی و نارەحەتیی ڕێگە ناگرن. لەم سەفەرەدا حەوت دۆڵی گەورە و ترسناک دەبڕن: دۆڵی داواکردن، دۆڵی عەشق، دۆڵی زانیاری، دۆڵی یەککگرتن، دۆڵی حەپەسان و دۆڵی مەرگ. لە دواییدا تەنها سی مەلیان دەمێنێتەوە و دەگەنە مەبەستی خۆیان. کە دەگەنە خزمەتی سیمرغ، خۆیان لەودا دەبیننەوە و تێدەگەن کە سیمرغ، سی مەل "سی مرغ"ە، نیشانەکان ئاشکران: مەلەکان "سالکان"، واتە ڕێبوارانی ڕێگەی حەقیقەت "ڕاستی". پەپووسلێمانکەی پیر "شێخ" و ڕێبەرە، ڕێگەکە و حەوت دۆڵەکە، ڕێگەی سەختی پاکبوونەوەی ڕۆحە و حەوت مەقامی سۆفییەکانە، سیمرغ زاتی پیرۆزی خودایە، خۆ بینینیش لە زاتی سیمرغدا، یەکێتیی وجودە، کە مەقامی تواندنەوەی مرۆڤی سۆفییە لە جوانی و تاقانەیی خودادا.<٤٩>

ئەم چیرۆکە سۆفییانەیە لە لای بروک بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: (ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو باڵندەکانی دونیا، بە سەرکردایەتیی پەپووسلێمانکە، لە کۆنفرانسێکدا کۆدەبنەوە. دوای ئەوەی هەموو ئامادە دەبن، پەپووسلێمانکە ڕوویان تێ دەکات و دەڵێت: باڵندە خۆشەویستەکان، من زۆر شپرزە و نائارامم. سەیری هەر لایەک دەکەم، جیهان لە تەمومژ و نائارامیدا دەبینم.

هەوری ڕەش، وشکبوونی سەوزایی، پچڕاندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئاسمان و زەوی، نێوان خوشک و برا... تەنها شەڕ و ناکۆکی لە ناو خۆماندا دەبینم. بۆ پارچە زەوییەک، بۆ چەند دەنکە گەنمێک، بۆ چەند دڵۆپە ئاوێک، لە هەموو شوێنێک هەر ماڵوێرانی و دڵشکاندنە. ئەم ڕەوشە نابێت بەم شێوەیە بەردەوام بێت. ئێمە هەموو زەرەرمەند دەبین و تیادەچین. چەندین ساڵە من بە ئاسمان و زەویدا دەگەڕێم، بەسەر کێڵگە هەرە گەورەکاندا فڕیوم و زۆربەی نهێنییەکانم بۆ ئاشکرا بووە. گوێم لێ بگرن، ئێمە پادشایەکمان هەیە. ئێمە پێویستە بڕۆین بە دوای ئەودا بگەڕێین، ئەگینا دۆڕاوین.)<٥٠>

بروک شانۆی فیزیکی، گەمەی ئەکتەر و بەکارهێنانی جەستە تێکەڵاوی تەکنیکی گێڕانەوە دەکات، کارەکتەری حیکایەتخوان دروست دەکات و بە دەمامکێکی دوورگەی "بالی"یەوە دێتە سەر شانۆ، لە ئەکتەرەکان ورد دەبێتەوە، کۆیان دەکاتەوە و لەگەڵیان دەدوێ و چاودێریی گەشتەکەیان دەکات. هەر ئەم حیکایەتخوانە، دوای بڕینی حەوت دۆڵەکە دەڵێت: (دەروازەکەیان بۆ دەکرێتەوە. سەد پەردە بە ڕوویاندا لادەبرێت. تیشکێکی بەهێز دەدرەوشێتەوە. لە کۆتاییدا ئەوان توانییان سیمرغ ببینن، ئەوان بۆیان دەرکەوت کە خۆیان سیمرغن — ئەوان سیمرغ بوون، کە ئەوان هەر هەموویان هەمان زیندەوەر بوون. سێبەر و تاریکی لە نێو تیشکی ڕۆژەکەدا توایەوە، لەوە زیاتر هیچی تر نەبوو. ڕێگەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام چیتر هیچ ڕێبەر و ڕێگەپیشاندەرێک نییە.)<٥١>

## زەمەنی میتۆلۆژیایەکی هاوچەرخ

که بروک لەو شاکارە گەورانەی شارستانییەت و ڕۆشنبیری و کولتووری تری مرۆڤایەتی نزیک دەبێتەوە، بە هزر و بیروباوەڕێکی دیاریکراوی تایبەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات، یان بە قاڵب و کلێشەیەکی ئامادەکراوەوە، تا چیرۆک و ئەفسانەکانی تیا ڕاڤە و یەخسیر بکات، بەڵکو لە ڕوانگەی ڕێز و خۆشەویستییەوە، بۆ تێگەیشتن لە نهێنی و لۆژیکە ناوەکییەکانی ئەو ئەفسانانە، کە ڕەگیان بۆ زەمەنێکی دووری میتۆلۆژی و کولتوورێکی کۆن و تایبەت درێژ بووەتەوە.

بروک بەم شێوەیە ددان بە بوونی کولتوورێکی تری جیاوازدا دەنێت، هەروەها وەکو پرۆسێسێکی فەلسەفی بۆ تێگەیشتن و ناسینی خود، لە دەروازەکانی چەمک و میتۆلۆژیایەکی ترەوە بەکاریان دەهێنێت. هەر لەبەر ئەوەشە لە کۆنفرانسی باڵندەکاندا "شوێن" ناکاتە دارشتەیەک، یان پانتاییەک بۆ هەست و سۆزێکی هەڵچوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە "شوێن" دەبێتە ڕووبەرێک بۆ ژیان، بۆ بەردەوامی و میکانیزمی پەیوەندییەکان. پەیوەندییەکان بەها و ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە؛ پەیوەندی لەسەر ئاستە فیزیکییە بینراوەکان، لەسەر ئاستە ڕۆحی و نەبینراوەکان، لە نێوان مرۆڤەکان بە یەکەوە و لە ناو یەکتریدا، لە نێوان باڵندەکاندا، هەروەها لە نێوان مرۆڤ و باڵندەکانیشدا. ئەم پەیوەندییانە و بە هەموو ئاستەکانییەوە بە بینەرانەوە. ئەم پەیوەندییانە لە یەکەی نەمایشەکەدا پەیوەستن بە شوێنەکانەوە، شوێنیش بە هەمان شێوەی پەیوەندییەکان لەسەر چەندین ئاست و مەداری هەمە

چەشنەدا دەسوڕێنەوە. هەر لەم ڕووەوە نەمایشەکە بە سێ شوێنی جیاوازدا تێدەپەڕێت (سەرەتا لە شارێکی قەرەباڵغدا بەرەو بیابانە بەرینەکان، دوای ئەوە بۆ ئەودیو سنووری بیابانەکان و جێگەیەکی تر، کە زیاتر سروشتێکی "ڕۆحانیی" تایبەت لەخۆ دەگرێت.)<٥٢>

بروک لە قۆناغی کۆتایی گەشتەکەدا، دوای بڕینی ڕێگە دوورەکە و حەوت دۆڵەکە، بە تەواوی باڵندەکان لا دەبات، لەو چرکەساتەوە، لەبری ئەوە تەنها ناوی باڵندەکان دەمێنێتەوە. بروک لەم پانتاییە ڕۆحانییە پیرۆزەدا، لە نێو هێماگەلەکانی ئەو گەشتە سەختەدا: دەنووک، باڵ و بووکەڵەکان، ئامرازی بەرجەستەکردنی باڵندەکان، لا دەبات. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها مرۆڤە، مرۆڤێکی تەنهاو ڕووتوقووت، ڕووبەڕووی "سیمرغ" دەبێتەوە. وەڵامی یەکەمی پرسیارەکان لە باڵندەکانەوە، کە بۆ کۆبوونەوەکەی "پەپووسلێمانکە" دەچن، دەست پێ دەکات. دەنگەکان وردە وردە نزیک دەبنەوە. ئەوەش ڕێگەیەکی ترە بۆ دەرخستنی هێزی هاوار و دەنگە جۆراوجۆرەکان؛ دەنگدانەوەی ئەو دەنگانەش لە شیو و دۆڵەکاندا، مەودایەکی زەمەنی و فەلسەفی دەبەخشێتە چەمکی گەشتەکە. لە بەرەنجامیشدا تەنها دەنگی مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی "سیمرغ"دا دەبیسترێت.

"کۆنفرانسی باڵندەکان" لە سروشتی مرۆڤی خۆرهەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە، پشت بە کۆمەڵێ سەرگوزەشتەی جۆراوجۆر دەبەستێت، چیرۆکە گشتییەکە کۆنفرانسی باڵندەکانە، بەڵام لە ناواخنیدا کۆمەڵێ کورتە چیرۆک و بەسەرهاتی تر لەخۆ دەگرێت. کارەکتەری "پەپووسلێمانکە" هێڵەکانی ئەو چیرۆکە و

بەسەرهاتەکان دیاری دەکات، ڕێکیان دەخات و لەگەڵ چیرۆکە سەرەکییەکەدا تێهەڵکێشیان دەکات.

## ئامرازە خۆرهەڵاتییەکان

بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی کۆمەڵێ ئامراز و کەرەستەی خۆرهەڵاتی لە بنەما هونەرییەکەی سترکتوری نەمایشەکەدا، دەبێتە زمانێکی هاوبەش و فۆرمێکی جیاواز بۆ دیدی بروک، بەکارهێنان و پێکداچوون و لێک نزیک بوونەوەی ئەو ئامرازە خۆرهەڵاتییانە، لەگەڵ کەرەستە و تەکنیک و ئامرازە خۆرئاواییەکاندا، زەمینەیەکی تری تەبا، لە هەمان کاتدا ناتەباش بۆ پرۆژەکە دەخولقێنێت. بە تایبەتی لە ڕووی نزیکبوونەوە و کرانەوەی بە ڕووی کولتووری خۆرهەڵات و کردنەوەی کۆدەکانەوە. (پیتەر بروک بۆ بەرجەستەکردن و نزیکبوونەوە لەو جیهانە خۆرهەڵاتییەوە، سێ بەرماڵی گەورەی بەکارهێناوە، پانتایی شانۆکەشی بەسەر دوو بەشی گەورەدا دابەشکردووە، بەرماڵێکیان لەو دوو بەشەدا ڕاخراوە، ئەوی تریشیان بە دیواری پێشەوەی شانۆکەوە هەڵواسراوە.)<٥٣>

بروک بە بەکارهێنانی ئەم بەرماڵانە و ڕیتواڵی نوێژکردن، گەڕاوەتەوە بۆ سەر هێماگەل و کۆدەکانی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵات و نزیکبوونەوە لە ئاماژەکانی ئیسلامەوە، بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوە و دروستکردنی کارەکتەری حیکایەتخوانیش، وەکو ترادیشیونێکی کۆنی کۆمەڵگە دێرینەکانی خۆرهەڵات و دیوەخانەکان، خاڵێکی تری دیدی بروک بووە بۆ نزیکبوونەوە لە

ڕۆحە سۆفیستەکانەوە. خودی بەرماڵەکان دەبنە هێمایەک، ئامرازێک بۆ کردنەوەی کۆدەکان و گفتوگۆ، لە هەمان کاتدا / جێگەیەک / بۆ گێڕانەوە و گەڕانێکی بەردەوام بە دوای نهێنییە سۆفیگەراکانەوە. ئەمەش کەرەستە و ئامرازێکی گونجاوە بۆ نزیکبوونەوە و بەرجەستەکردنی جیهانی "فریدالدین عطار" بە تایبەتی لەو ڕووەوەی، کە بەرماڵ دەبێتە هێمایەکی ڕاستەوخۆی ئیمان و خواپەرستی. بەکارهێنانی ئەو بەرماڵانەش زەمینەیەکی لەبار و گەورە و فراوانی بۆ ئەکتەرەکان خوڵقاندووە، دیمەنی گەشتەکانیش تەنها لەسەر بەرماڵەکان بەرجەستە دەکرێن، لەو ڕووەوەی بەرماڵ ئامرازی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤ و هێزە نادیارە ئاسمانییەکاندا، لە نێوان مرۆڤ و خودادا.

بروک بەم شێوەیە ئاماژە بۆ چۆنیەتیی بەرەو پێشەوە چوونی نەمایشی "کۆنفرانسی باڵندەکان" دەکات (پرۆژەکە لە گەشەکردنێکی بەردەوامدا بوو، هەندێک لە شێوازەکانی ئەو پرۆژەیەمان لە ئەفەریقا، هەندێکی تر لە پاریس، بەشێکی زۆریشی لە ئەمەریکا نەمایش کردووە، لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو بەرەنجامەی، کە هەموو شەوێک گروپی ئەکتەرەکان بگۆڕین، بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لەم گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا هەموو ئەندامێک لەو گروپە تێگەیشتنێکی نوێ و جیاوازی بۆ هەر یەکێک لەو کارەکتەرانە هەبێت، ئەمەش کاری کردە سەر بەرەو پێشەوە چوونی تەواوی پرۆژەکە. لە هەفتەی کۆتاییدا حەوت گروپی جیاوازمان هەبوو، کە بەرپرسیار بوون لە حەوت شێوازی جیاوازی کارەکە. شەوی کۆتاییش سێ نەمایشی جیاوازی لەخۆ گرت: یەکەمیان لە سەعات هەشتی ئێوارەوە دەستی پێ دەکرد،

دووەمیان لە نیوەشەودا، سێیەمیشیان لە کازیوەی بەرەبەیاندا. یەکەم نەمایشیان ڕاگوزاری، دووەمیان هێمن و پابەند بوو بە کرۆکی خودی دەقەکە و سێیەمیشیان زیاتر مۆرکێکی ئاهەنگسازیی لەخۆ دەگرت. هەرسێ نەمایشەکەش هاوکارییان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد، تا پێکەوە ببنە هەڵگری هەڵوێستێک بۆ دەربڕینی ئەو کارە سێ ساڵییە. ئەمەش گرێی ئەو نهێنییەی بۆ کردینەوە: ئەوەی بۆی دەگەڕێن، دەکرێ بیگەینێ، بەرەنجامی کۆتایی نییە، هەموو ڕێبازەکان دەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام بگۆڕدرێن.)<٥٤>

دواتر بروک لە هەشتاکاندا، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە سەر کولتوور و داستانە دێرینەکانی خۆرهەڵات، ئەمجارەیان لەگەڵ بیستودوو ئەکتەری سەر بە وڵات و نەتەوەی جیاواز، شەش مۆسیقاژەن، کە ڕاستەوخۆ بەشداری لە ڕووداوەکانی نەمایشەکەدا دەکەن و بە هاوکاریی "ژان — کلۆد کارێر" میتۆلۆژیای "مەهابەهاراتا" دەکاتە گەشتێکی شانۆیی. ئەو نەمایشە میتۆلۆژییە نۆ سەعات دەخایەنێت و بە یەکێک لە گرینگترین پرۆژە شانۆییەکانی هەزارەی ڕابردوو دادەنرێت. "مەهابەهاراتا" کاریگەرییەکی گەورە بەسەر تێکڕای ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە دەکات، نەمایشەکەش بە "پرۆژەی سەدەیەک" ئاماژەی بۆ دەکرێت.

لەم چیرۆکە میتۆلۆژیا خواوەندییەدا، بە پێی خوێندنەوەکانی بروک، زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەکتەرێکی ڕەشپێستی درێژی ئەفەریقی، ببێتە کوڕەی ئافرەتێکی باڵاکورتی پێستسپی ژاپۆنی.



دیمەنێک لە"مەهابەهاراتا" ، پاریس ، شانۆی بۆف دی نورد

بروک له سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٤ەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر، ئەکتەر، سینۆگراف و پسپۆڕی بوارە جیاوازەکانی سەر بە شازدە وڵات، دەکەونە خۆئامادەکردن بۆ پرۆژەیەکی گەورە. سەرلەنوێ لەو پرۆژەیەدا ئەفسوونی "خۆرهەڵات" وەکو کیشوەرێکی نامۆ بە ڕۆژئاوا، بە دابونەریتە ڕۆژئاواییەکان، بە زمان و کولتوور، دەکاتە هێماگەلێکی تری میتۆلۆژی بۆ خوێندنەوەو پشکنین و نزیکبوونەوەش لە کولتوورێکی تر. بروک بە "مەهابەهاراتا"، هەروەک "ئۆرگاست" و "کۆنفرانسی باڵندەکان" بە زمانێکی شانۆیی، دەروازەیەکی فراوان بە ڕووی دیالۆگی نێوان شارستانییەتەکاندا دەکاتەوە. "مەهابەهاراتا" وەکو داستانە شیعرێکی نەفەسدرێژی گەلی هیندستان و میتۆلۆژیایەکی مەزنی خۆرهەڵات، دەبێتە زەمینەی ئەو گەشتە پڕ لە خەون و فەنتازییەی هونەرمەندێکی وەکو "بروک". (لەبەرئەوەی پیتەر بروک بەشێکی زۆری ژیانی لەگەڵ مەهابەهاراتا و بۆ مەهابەهاراتا تەرخان کردبوو، هەر بۆیە ئەم نەمایشە پێگە و شوێنێکی تایبەتمەند و گەورەی لە لای بروک هەیە. ژان — کلۆد کارێر بە هاوکاری و ڕێنومایی بروک، تێکستەکەی بە فەڕەنسی نووسی بوو، بروک خۆی وەریگێڕابووە سەر ئینگلیزی.)<٥٥>

ئامانجی ئەو پرۆژەیە، بۆ بروک و گروپە نێونەتەوەییەکەی، تاقیکردنەوە و بەرەو پێشەوە بردنی پرۆگرام و سیستەمە هونەری و فۆرمە ئەزموونگەرییەکەیان دەبێت، نەمایشەکە هەر وەک "ئۆرگاست" لەگەڵ خۆرئاوابوون دەستی پێ کردووە، لەگەڵ کازیوە و خۆرهەڵاتن کۆتایی هاتووە.<٥٦>

بە بۆچوونی زۆربەی ڕەخنەگر و پسپۆڕانی شانۆ، نەمایشی "مەهابەهاراتا" بە تەقەلایەک بۆ گەڕاندنەوەی وزە و هێزی لە دەستدراوی شانۆ دادەنرێت، بۆ سەرەتا بەرایییەکانی هونەری شانۆ و بۆ ئەفسوونی شانۆ. لەم پرۆژەیەدا، بروک هەوڵی داوە زمانێکی گەردوونی بۆ شانۆ دەستەبەر بکات و هەموو ڕێسا و مۆتیڤە شانۆییەکان، لە فۆرمەکانی شانۆی دێرینی گرێکییەوە بۆ شانۆ پڕ لە ڕاز و نیازەکانی چاخەکانی ناوەڕاست، شانۆی ئەلیزابیسی و تا دەگاتە فۆرمە میللییەکانی شانۆی تیا کۆبکاتەوە، بەڵام بەشێک لە ڕۆشنبیر و شانۆکارەکانی هیندستان، بەوپەڕی تواناوە دژی ئەم پرۆژەیەی بروک بوون، هەوڵیان دەدا ڕووکارە ساکارەکانی دەستنیشان بکەن و ڕەخنەی توندیان لە دەزگاکانی هیندستان و چینە ڕۆشنبیر و ڕەخنەگرەکانی ڕۆژئاوا دەگرت، کە لە نەزانییەوە بەرگرییان لە بروک و پرۆژەکەی دەکرد.<٥٧> بەڵام هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو ڕاستییە لەبەر چاو نەگرێت، کە "مەهابەهاراتا" وەکو پرۆژەیەکی شانۆیی، پانتایی و پەیوەندییەکی گرینگی هەمەچەشنەی میکانیزمی دەوڵەمەند، لەسەر هەموو ئاستەکان دروست دەکات، شانۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ گەوهەر و بنەما بنەڕەتی و سەرەتاییەکانی. لەم هاوکێشە و پرۆسە چڕ و پڕەدا، پەیوەندییەکانی ئەکتەر بە دارشتەی نەمایش و بینەرانەوە دەکرێتە وزە و هێزێکی گرینگی چاوەڕواننەکراو. لە هەمان کاتدا خودی نەمایشەکە تەقەلایەکە بۆ زیندووکردنەوەی پەیوەندییە قووڵەکانی مرۆڤایەتی بە بەهاکانی سروشت و هونەری شانۆ لە لایەک و بۆ ڕیتواڵە پیرۆز و کەرنەڤاڵە هەستییەکانی هێڵە هاوبەشەکانی مرۆڤ لەلایەکی ترەوە. لەم پرۆژەیەدا خانەکانی میتۆلۆژیایەکی


دێرین بە هەموو توخمەکانییەوە: سەما، وێنە، هونەری پەیکەرتاشی، دین، ئەنترۆپۆلۆژی، ئابووری، هونەرەکانی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردن، سیاسەت و ئەدەبێکی بەرز؛ بە کورتییەکەی هەموو مێژووی ژیان و ئەدەبی هیندستان، بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانێکی تر و سەردەمێکی هاوچەرخەوە، دەبێتە چەقی ڕووداوەکان. ئەم پەیوەندییەش لە خودی ڕیتواڵ و پەیوەندییە ئەبەدییەکانی ناوەوەی مرۆڤ و هێزی داستانەکانەوە، شانە چڕەکانی میتۆلۆژیاکەوە و ئەفسونی هونەری شانۆوە، سەرچاوە دەگرێت.

یەکەم هەنگاوی لۆژیکی و کردەیی بۆ نزیک بوونەوە لە ڕۆحی ئەم داستانە گەورەیە، ئەوەیە کە بروک و گروپەکەی و هەموو "مەڵبەندی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی" لە پاریس، ڕوو بکەنە هیندستان. بروک لەو گەشتەیاندا ئاماژە بەو ڕێز و خۆشەویستییە گەورەیەی هیندییەکان دەکات، کە بۆ داستانی "مەهابەهاراتا" هەیانە (ئەوەی زیاتر لە هیندستان یارمەتیی داین ئەو کولتووورە دەوڵەمەندە بوو، لەوێ لە هەموو جۆرە تەکنیکە هاوبەشەکان نزیک بووینەوە، کە بوونێکی ڕاستەوخۆی لە نێو هەموو کولتوور و هونەری گەلاندا هەیە. ئەو تەکنیکانەی چەندین ساڵە ئێمە لە پرۆژە و لێکۆڵینەوەکانماندا، لە ڕێگەی هونەری ڕاگوزارییەوە خەریکی دۆزینەوەی بووین. لە هیندستان بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە گەڕاینەوە، کارەکەمان بووە پرۆژەیەکی سەراپاگیر و لەبەرچاو، نەک تەقلید و دووبارەکردنەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی —گەر بکرێت بڵێین بەرەنجام— پرۆژەکە تەنها بەهایەکی شانۆیی، هونەری و ڕۆشنبیری لەخۆ ناگرێت،

بەڵکو دەکرێت بڵێین بەها و سیمایەکی مرۆڤدۆستانەی گەورە لەخۆ دەگرێت.)<٥٨>

دواجار بروک زەمەن و زمانی میتۆلۆژی و فۆرمی گێڕانەوەی شانۆیی لە داستانی "مەهابەهاراتا"دا دەدۆزێتەوە، زەمەن و زمانە میتۆلۆژییەکە، لە زەمەن و میتۆلۆژیایەکی مۆدێرنەوە ڕووبەڕووی ئەمڕۆمان دەکاتەوە، ئەم دۆزینەوەیەش هەوڵەکانی بروک دەگەیەنێتە دواوێستگەکانی شانۆیەکی ئەزموونگەری و جیاواز. لەم هەوڵەدا میتۆلۆژیا دەبێتە شانۆ، شانۆیەک سەبارەت بە جەنگ، بە پرسیارە ئەزەلییەکان و بە چرکەساتەکانی ئەمڕۆمان.<٥٩>

"مەهابەهاراتا" یەکێکە لە گەورەترین و مەزنترین کتێبە دێرینەکانی جیهان. داستانێکی شیعریی گەورەی گەلی هیندستانە. لە هەمان کاتدا میتۆلۆژیایەکی مەزنی گەلانی خۆرهەڵات و دونیاشە. ئەم شاکارە بە زمانی سانسکریتی نووسراوە، بە درێژترین چیرۆکەشیعر دادەنرێت، کە تاکوو ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نووسرابێت. لە سەد هەزار بەیت زیاتر پێکهاتووە و لە هەژدە کتێبی گەورەدا کۆکراونەتەوە. ئەم داستانە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا جێگەی ڕامان و لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی جیهان بووە.







"مەهابەهاراتا"، شانۆی بۆف دی نورد ، پاریس

## "مەهابەهاراتا" ماناى چی دەگەیەنێت؟

"مەهابەهاراتا" وشەیەکی مەجازی کۆنی سانسکریتی/هیندییە، بەهایەکی ئەفسونی، داستانی، میتۆلۆژیایەکی دێرینی هەیە و زۆربەی نهێنییەکانی داستانەکەش لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا وەکو وشەیەکی لێکدراو، ماناکانی ئەو داستانە دەدات بە دەستەوە: "مەها" بە پێی نەژادی زمانە دێرینەکانی هیند و سانسکریتی ماناى مەزن، یاخود گشتگر و تەواوی دەگەیەنێت، هەر لێرەوە تێڕوانینێکی گەورە، یان بنەمایەکی بێسنوور، سەرەتای ڕووداوەکانی ئەو میتۆلۆژیایە بەرجەستە دەکات، "مەهارایا"ش بە مانای پادشایەکی مەزن، خاوەن دەسەڵات و بە زەبروزەنگ دێت، پادشایەک کە دەسەڵاتی هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت، توانا و وزەیەکی خواوەندیی هەبێت. "بەهاراتا" زیاتر پێناسەیەکی ناوە ئەفسانەییەکان، لە ستروکتوری داستانەکەدا دەکات. ئەم ناونیشانەش بەخشراوە بە یەکێک لەو هۆزە گەورانەی دەسەڵاتیان لەو ناوچانەدا هەبووە.

بروک بەم شێوەیە پێناسەی وشەکەمان بۆ دەکات (مەهابەهاراتا وشەیەکی لێکدراوی کۆنی هیندییە، مەها لە زمانی سانسکریتیدا مانای "گەورە"، یاخود "تەواویی" دەگەیەنێت، "مەهارایاها" بە مانای پادشایەکی گەورە دێت، "بەهاراتا"ش زیاتر بەرجەستەی ناوێکی ئەفسانەییە.)<٦٠>

دەکرێت ئەو ناونیشانە بەم شێوەیەش بخوێنرێتەوە: "مێژووی بەهارتای گەورە و مەزن" یاخود "مێژوویەکی گەورە و مەزنی مرۆڤایەتی". ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی وشەی "بەهارتا"،

چونکە لە هەندێک خوێندنەوەی تردا، مانای هیدۆ / نەژاد دەگەیەنێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەمکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، لە دیدێکی فراوانەوە دەبەخشێت. مەوداکانی مەهابەهاراتا، وەک داستانێکی میتۆلۆژیی زۆر فراوان و چڕە، جگە لەوەی پێکداچوونێکی ئاڵۆز کۆیان دەکاتەوە و چەندین بەش و لقوپۆپیان لێ دەبێتەوە، بەڵام یەکەیەکی داستانی، فیکریی گشتگر چەمکەکانی کۆدەکاتەوە. مێژووی یەکەم دەستنووسی "مەهابەهاراتا" دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەم، یان پێنجەمی پێش لەدایکبوونی مەسیح، بەڵام ئەم داستانە دواشێواز و فۆرمی کۆتایی و تەواوی خۆی بۆ ئەو دەمە ناگەڕێتەوە، بەڵکو دوای ئەو مێژووە، بە بەردەوام لە حەوت، یاخود هەشت هەزارساڵی تردا، داڕشتن و نووسینەوەی هەر بەردەوام بووە، تا سەدەی سێیەم، یاخود چوارەمی دوای لەدایک بوونی مەسیح. لەو مێژووە بە دواوە "مەهابەهاراتا" زیاتر ستركتور، فۆرم و شێوازێکی کۆتایی و تەواوی خۆی وەرگرتووە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کە بە درێژایی مێژووی نووسینی ئەم داستانە، بە پێی ترادیشێون و خوێندنەوەی جیاوازی ئەو هەرێمانەی ئەم داستانەیان تیادا نووسراوەتەوە، یان بە پێی گروپی ئەو نووسەرانەی داستانەکەیان نووسیووەتەوە، گۆڕانکاری بەسەر شێوازی نووسین و ناوەڕۆک و بونیادەکانی داستانەکەدا هاتووە. بروک بەم شێوەیە باسی یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی خۆی لە تەک داستانی "مەهابەهاراتا"دا دەکات:

(بۆ یەکەمجار نەمایشێکم لە نەمایشەکانی "کاتاکالی" بینی، لێرەدا گوێم لە وشەی "مەهابەهاراتا" بوو، کە پێشتر گوێم لێ نەبووبوو. سەمازانێک بە سەمایەکی خواوەندییەوە دیمەنێکی لەم

کارە پێشکەش دەکرد، یەکەم دەرکەوتنیشی لە پشت پەردەکەوە، خورپەیەک دایگرتم، کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە. جلەکانی سوور و ئاڵتوونی بوون، دەموچاوی سەوز و سوور، لووتێکی خڕی سپی، هەروەک تۆپی بلیارد، لەبری ڕیش و سمێڵ شتێکی وەکو دوو مانگی سپی لە شێوەی هیلالدا، لە دەمییەوە هاتبوونە دەرێ، پەنجەکانیشی کۆمەڵێک شێواز و ئاماژەی شفرەئاسای نامۆیان هەبوو. لە ڕوانگەی جووڵە بەهێز و توندەکانییەوە، هەستم بەوە کرد چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، بەڵام چ چیرۆکێک؟ لەوە زیاتر گەشتێکی ئەفسانەیی و دوور و سەر بە کولتوورێکی جیاواز بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی منەوە نەبوو! دواجار لە ڕێگەی کۆمەڵێک سیمیناری گرینگ و نزیکبوونەوە و گوێگرتن لە پسپۆڕەکانی زمانی سانسکریتی، لەوە تێگەیشتم؛ کە ئەم بەرهەمە یەکێکە لە مەزنترین کارەکانی مرۆڤایەتی —وەکو هەموو پرۆژەیەکی مەزنی تر— زۆر لێمانەوە دوورە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا زۆر نزیکە.)<٦١>

دواتر ئەو داستانە بۆ بروک دەبێتە دەروازەیەکی دەوڵەمەند بۆ پرۆژەیەک، کە ستروکتورە مێژووییەکەی سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە. بروک بۆ چڕکردنەوە و دەست بەسەرداگرتنی ئەم پرۆژەیە، هۆز و خێزانەکانی ناو ئەم داستانە گەورەیە کەم دەکاتەوە. بەمەش گەوهەر و ناوەڕۆکی میتۆلۆژیاکەش لە سنوورێکی دیاریکراودا کۆدەکاتەوە.<٦٢> بروک سەبارەت بە گەورەیی ئەم داستانە شیعرییە دەڵێت: (شاکارێک تەنها "هیند" توانیویەتی بیخوڵقێنێت، بەڵام دەنگدانەوەی خۆی بە هەموو مرۆڤایەتیدا بڵاودەکاتەوە.)<٦٣>

## چیرۆکەکانی مەهابەهاراتا

چیرۆکەکانی "مەهابەهاراتا" کۆمەڵێ بەها و پێگەی گرینگی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئاکاری، فەلسەفی، ئایینی و موراڵ لەخۆ دەگرێت، هەروەها چیرۆکێکی دژوار و ڕاستەوخۆی دەسەڵات و فەرمانەکانی پادشایەتی، بە هەموو بوارەکانییەوە، لە مێژوویەکی دوورودرێژی مرۆڤایەتیدا، دەگێڕێتەوە. "مەهابەهاراتا" وەکو میتۆلۆژیایەکی چڕ و گەورە، مێژووی شەڕێکی دوورودرێژی خوێناوی لە نێوان بەرەی بە ڕەچەڵەک ئامۆزا دەگێڕێتەوە: پانداڤاس، کە پێنج برا بوون، لەگەڵ کاریۆڤاس، سەد کەس بوون. ئەم شەڕی بنەماڵە و خێزانە لەسەر ئەوە بووە، کە کامیان دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەو ناکۆکییەش بە جەنگێکی گەورە و خوێناوی کۆتایی هاتووە، جەنگێکی وەها کە تێکڕا چارەنووسی جیهان و مرۆڤایەتی دەچێتە تەرازووی بەرئەنجامەکانی ئەو جەنگەوە.<٦٤>

لەم داستانە شیعرییەدا شازدە کارەکتەری سەرەکی هەن، هەر یەکە لەو کارەکتەرانە پێناسەیەکی ئاشکرا و خودێکی چڕ و گران لەخۆ دەگرێت. هەر یەک لەو کەسایەتییانە ڕووداو و گێڕانەوەی تایبەت بە خۆی هەیە. بێگومان ڕووداوی هەر یەک لەو کارەکتەرانەش بەشێکە لە ڕووداوە گەورە سەرەکییەکە.

## لە دەسپێکی مێژوودا

سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی لە ئەفسانە و میتۆلۆژیاکانەوە دەست پێ دەکات. ئەم سەرەتایە دەروازە بە ڕووی بەسەرهات و گێڕانەوەی داستان و چیرۆکەکاندا دەکاتەوە، کە لە فەنتازیاوە، لە وڵاتی خەیاڵ و هەست و نەستی بە کۆمەڵمانەوە دێتە ژیانمانەوە، سوودی لێ وەردەگرین و دەبێت بە بەشێک لە گوزەرانمان.

سەرەتاکانی "مەهابەهاراتا"ش، دەروازەیەکی واڵا بە ڕووی چۆنیەتیی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا دەکاتەوە. کوڕێکی گەنج و شاعیرێکی ڕدێنسپی، وەکو نوێنەری دوو نەوەی جیاواز، پەیوەندی بە "گانیشا"ی خواوەندەوە دەکەن بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی "مەهابەهاراتا" بنووسنەوە. سەری فیلێکیش دەبێتە ئامرازی بەستنەوە و هێماگەلی هێزە خواوەندییەکانی هیند بۆ گێڕانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێز و وزە ئەفسونییە میتۆلۆژییە. جەستەی ئەکتەریش دەبێتە چەقێکی گرینگ بۆ بەستنەوەو گەمەی نێوان ئەفسانە، مۆسیقا و چوار تووخمەکەی گەردوون: ئاگر، خۆڵ، هەوا و ئاو.

بروک لەم ئەفسانەیەوە، نەمایشێک پێشکەش دەکات، کە فۆرمی خۆی لەو چیرۆکانەوە وەردەگرێت، کە "ڤیەسە" شاعیرە ڕدێنسپییەکە بۆ کوڕە گەنجەکەی دەگێڕێتەوە. "گانیشا"ی خواوەند هەر لە سەرەتاوە بۆ نووسینەوەی چیرۆکەکە، بە جەستەی مرۆڤ و سەری فیلەوە دەردەکەوێت.<٦٥>

(کوڕێکی گەنج ڕووبەڕووی شاعیرێکی ڕدێنسپی "ڤیەسە" دەبێتەوە، ئەم شاعیرە ڕدێنسپییە، دەیەوێت چیرۆکی

بنەماڵەکەیان بۆ ئەو کوڕە گەنجە بگێڕێتەوە "مێژووی چیرۆکە شیعری مرۆڤایەتی" گانیشای خواوەندیش بە سەری فیلێکەوە دەردەکەوێت و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت؛ تا چیرۆکەکە بۆ شاعیرە ڕدێنسپییەکە بنووسێتەوە. لە یەکەم زنجیرەی ئەم بەسەرهاتانەدا، وەکو دەروازەیەک بۆ ئەفسانەکە، ڤیەسە، باسی لەدایک بوونی خۆی و عەشقی (شاسەنتەنیس) بۆ خواوەندی دەریا دەکات.)<٦٦>

زۆربەی پسپۆڕ و شارەزایان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو ڕووداوانەی لە "مەهابەهاراتا"دا دەگێڕدرێنەوە، بنەمایەکی مێژووییان هەیە، لە لایەکی تریشەوە هەندێکی تر دەڵێن، سەد دەر سەدی ئەو داستانە تەنها ئەفسانە و بەسەرهاتێکی میتۆلۆژییە و ئەندێشەی مرۆڤ خوڵقاندوویەتی، بەڵام ئایا داستانێکی شیعریی وەها گەورە و مەزن، چۆن لە پرۆژەیەکی شانۆییدا بەرجەستە دەبێت؟

هاریکار و نووسەر و ئامادەکاری پرۆژە و دەقەکە، ژان — کلۆد کارێر سەبارەت بەو پرۆسێسە، کە لەو نامیلکە تایبەتەی لەگەڵ بروک سەبارەت بە بەفیلمکردنی پرۆژەکە دەریان کردووە، دەڵێت: (کە مەشق و پرۆڤەکان لە سێپتێمبەری ساڵی ١٩٨٤دا دەستی پێ کرد، دەقەکە ئامادە کرابوو، بەڵام هیچ کۆتایی و بەرەنجامێکی دیاریکراوی لەخۆ نەگرتبوو، هەموو شتێک بە پێی ئەو نۆ مانگەی مەشقی تێدا کراوە، بە شێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بۆ ماوەیەکی درێژ ئێمە نەماندەزانی دەقەکە چەند دەخایەنێت، چەند سەعات نەمایشکردن پێویست دەبێت، یان بە شێوەیەکی گشتی چەند دەق بەکار دەهێنرێت.)<٦٧>

بروک هەر خۆی ئەم دەقە فەرەنسییەی "مەهابەهاراتا" وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. "مەهابەهاراتا" بۆ یەکەمجار بە ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٨٧دا، لە سویسرا و لە کەناری دەریایەکی گەورەدا نەمایش کراوە.

## سێینەی "مەهابەهاراتا"

بروک ئەم داستانە گەورەیە لە نەمایشێکی نۆ سەعاتی و لە سێ بەشدا، وەکو سێینەیەکی درامی تێهەڵکێش و پێکەوە بەستراو، پێشکەش دەکات. دارشتتەی فۆرم و شێوازی شانۆییەکە، لە پانتاییەکدا، کە ئەفسوونی مۆسیقای ڕۆژهەڵات، سەما و جلوبەرگێکی ڕەنگین لەخۆ دەگرێت، دەکرێتە زەمەنێک بۆ بەرجەستەکردنی ئەو داستانە ئەندێشەدارە، زەمەنێکی تایبەتمەند؛ کە دەکرێت بە زەمەنی نەمایشەکە ئاماژەی بۆ بکەین. بروک بۆ بەفیلمکردنی ئەم نەمایشە داستانئامێزە دوورودرێژە، سەرلەنوێ دەقەکە لە خودی ئەو سێ بەشەی، کە باسمان کرد، ئامادە دەکاتەوە. "مەهابەهاراتا" لە فیلمێکی پێنج سەعاتیدا، بە چاوی کامێرا، داستان و میتۆلۆژیاکەمان بە شێوەیەکی تر، بەڵام نزیک لە خودی نەمایشەکەوە بۆ دەگێڕێتەوە. لەو سێینە شانۆییەدا؛ کە بریتیین لە:

١.یاریی زار.
٢.پەناهەندە لە دارستاندا.
٣.جەنگ.

ناوەرۆكی داستانەكە دەبێتە ناوەندێكی گرینگ و دەربڕی هەموو فۆرم و شێوازەكان، خودی ستایل و فۆرمەكانیش لەو ناوەندە دەوڵەمەندەوە سەرچاوەكانی خۆیان وەردەگرن.

لە "یاری زار"دا ئاراستەی گەمەكان دیاری دەكرێت، كە "پەناهەندە لە دارستاندا" دێت، لە شەش بەشی تردا ڕووداوەكان كۆدەكاتەوە، هەروەها "جەنگ"، كە دوابەشە لەو سێینەیەدا، لە دە بەشی تر پێك هاتووە. بروك گرینگییەكی زۆر دەبەخشێت بە چەمكەكانی "جەنگ" و بۆ ئەم مەبەستە چەندین تەكنیكی شەڕ، لە شانۆی كۆنی سانسكریتی، شانۆی (نو)ی ژاپۆنی و شانۆی چینی بەكار دەهێنێت. بێگومان بەر لەم سێ بەشەشدا، دەستپێك و چەند بەشێكی تر هەن، لەوانە: پەنداڤێرنە و كەێرە ڤێرنە، گەنجێتی، ژن و ژنخوازی و پادشایەتی. دواتر بە دوو دیمەنی تر، كە داستانەكە كۆدەكاتەوە، كۆتایی بەو سێینە میتۆلۆژییە دێت.

مۆسیقاش لایەنێكی بە بەها و گرینگی بەرجەستە و خوێندنەوە هونەرییەكەی ئەم نەمایشە پێك دەهێنێت. بروك ئاوازی مۆسیقا و خودی مۆسیقاژەنەكان دەكاتە بەشێك و یەكەیەكی گرینگی ستروكتوری داستان و هێزە میتۆلۆژییەكان.

(پێنج مۆسیقاژەن لە نێوان كەڵەكە بەرد و لە ناو لمەكەدا دانیشتوون، هیچ شتێك هێندەی گەمەی ئەكتەرەكان و مۆسیقای مۆسیقاژەنەكان ئامادەتر نییە. مۆسیقا تەنها ئاوازێكی دانراو نییە، بەڵكو كارەكتەرێكی زیندووە و لە گفتوگۆیەكی بەردەوامدایە لەگەڵ جەستە و دەنگی ئەكتەرەكاندا. هەندێك جار ئەكتەرێك لەناو مۆسیقاژەنەكاندا دادەنیشێت، بەشێوەیەك كە لەگەڵ ڕۆڵەكەیدا بگونجێت، یەكێك لە ئامێرە مۆسیقییەكان بەكاردەهێنێت،

"کریشنا" هەروەک شوان فلوت دەژەنێت. هیچ سنووریکی دیاریکراو لە نێوان مۆسیقا و نواندندا نییە، هەروەک چۆن هیچ سنوورێک لە نێوان مۆسیقاژەن و ئەکتەرەکاندا نییە. هەموو شتێک، ڕیتم و دیالۆگ، لە یەکەیەکی هونەریی یەکگرتوودان.)<٦٨>

بروک بەم ئەزموونەی، سەرلەنوێ هەوڵی دروستکردنی جۆرە شانۆیەکی پیرۆز، لە هەمان کاتدا چەمکێکی میللی و نزیک لە جەماوەرەوە دەدات، بەمەش جەماوەرێکی میللی لە نەمایشەکەی کۆدەکاتەوە. (بینەرێکی میللی کاردانەوەیەکی زیندووتری هەیە لە بینەرێکی سەر بە چینی مامناوەندی، سەرلەنوێ دووبارەی دەکەمەوە، کە کارێکی هۆشیارانەیە، لە ڕێگەی زمانێکی میللییەوە جەماوەرێکی میللی کۆبکەیتەوە.)<٦٩>

ئەو شانۆ "پیرۆزە"ی بروک لە کتێبی "پانتایی بۆش"دا باسی لێوە دەکات، لەتەک ئەو شێوازە "جەماوەر"ییەی، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەکسپیر، بروک بە بایەخ و ستایشەوە تێی دەڕوانێت، دەبێتە بنەمایەکی گرینگ و زەمینەیەکی لەباری دارشتنەکانی نەمایشی "مەهابەهاراتا". بروک پێی وایە ئەو شانۆ شیعرئامێزە بەرزەی شەکسپیر، نەفەسێکی قووڵی جەماوەرییش لەخۆدەگرێت.

## "مەهابەهاراتا" و چەمکەکانی "جەنگ"

لەم ڕۆژگارەماندا بەهۆی بەربڵاوی و تواناکانی میدیای سەردەمەوە، ڕۆژانە بە هەزارەها شێوە و شێواز جەنگ دەبینین: شانۆنامە، ڕۆمان، ڕیپۆرتاژ، فیلم، گەمەی کۆمپیوتەرو... هتد،

سەبارەت بە جەنگ و کارەساتەکانی جەنگ بەرهەم دەهێنرێن. ئەم تەوژمی میدیای جەنگە و لەم زەمەنی جەنگەی ئێمەدا، هەندێکجار تووشی نائومێدی، ڕەشبینی و تەنانەت داڕمانیشمان دەکات و بارێکی دەروونیی خراپ و نالەبار لە لای مرۆڤ دروست دەکات. بەڵام ئەو جەنگ و پێکدادانەی لە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی "مەهابەهاراتا"دا باس دەکرێن، یان ڕوو دەدەن و بەرجەستەش دەکرێن، مەودا و فەلسەفەیەکی تر و جیاواز لەخۆ دەگرن. شەڕ و جەنگەکانی "مەهابەهاراتا" ئەو هەست و سۆزە ڕەش و خەمۆکییەمان لە لا دروست ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، جەنگە خوێناوییەکانی ئەم داستانە، دەمانخاتە بەردەم مانا و بنەما دژ بەیەکەکان، سترکتوری ئاراستە جیاواز و دژایەتییەکان، لە ئەتمۆسفێرێکی تردا کۆدەکاتەوە. "مەهابەهاراتا" ئەوەمان پیشان دەدات، کە خولانەوەی چەرخی زەمەن و ڕەڕەوەی مێژوو، کارەسات و ڕووداوە گەورە و دڵتەزێنەکان، بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بەریان پێ بگیرێت، بەڵام لەگەڵ هەموو چاوتروکانێکدا، دەکرێت بارودۆخێکی تر، جیاواز و نوێ، دەرگاکانی بە ڕووی ژیان و مرۆڤایەتیدا بکاتەوە. دەکرێت ژیانیش لە دوای هەموو کەوتن و هەستانەوەیەکدا، بە باشترین شێوە ببرێتە سەر. "مەهابەهاراتا" ئەوەمان فێر دەکات، کە بتوانین بژین و لە ئەزموونەکانمانەوە فێربین، هەروەها یارمەتیی ئەوەمان دەدات، کە بە نێو چاخە ڕەشەکانی زەمەندا ڕێ بکەین و لێیان تێبگەین.

بروک لەم ڕووەوە دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە، کە (زەمەن ئەو چەمکە هەرە ئەبستراکت و گرینگەیە؛ کە هزری ئێمە دەتوانێت تێی بگات، بەڵام نەمری و جاویدان لە مێژە سنووری

تواناکانمان تێدەپەڕێنن.)<٧٠> گرینگیی گەڕانەوەش بۆ داستانێکی وەکو "مەهابەهاراتا" دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وانە مەزنەی، کە لە "مەهابەهاراتا"ەوە فێری دەبین، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جیاوازتر و هۆشمەندانەی چەمکەکانی زەمەن، بۆ ڕامان لە ئاکامەکانی شەڕ و بۆ خۆ دۆزینەوە لەم زەمەنەی ئێستاماندا.

## "مەهابەهاراتا"... دەروازەیەک بۆ مەرگی کریشنا

بروک دوای نۆزدە ساڵ بەسەر نەمایشکردنی "مەهابەهاراتا"دا، لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەگەڕێتەوە سەر ئەم داستانە و تەنها دوابەش و مەرگی کریشنای خواوەند لە نەمایش و شانۆنامەیەکی بچووکدا بەسەر دەکاتەوە.<٧١>

مەرگی کریشنا دوابەشی داستانی "مەهابەهاراتا"یە و لەم چارەسەرە مۆدێرنەشدا، گفتوگۆیەکی مەسەلە ئەزەلییەکانی وەکو زەمەن، مرۆڤایەتی، جەنگ، دەسەڵات و گەردوون دەکات.

کریشنا بە هەڵە لە لایەن ڕاوچییەکەوە دەپێکرێت، بەڵام بەرلەوەی بمرێت، دەتوانێت ئەو منداڵە ڕزگار بکات، کە لە سکی بێوەژنەکەی "ئابهیمەنییس" دایە، هەر لە ڕێگەی ئەم منداڵەشەوە هەموو بەسەرهاتەکانی ئەم چیرۆک و ڕووداوە گەورەیە ژیانی بە بەردا دەکرێت. سی و شەش ساڵ تێپەڕیوە، پادشا کوێرەکە "گاندە هەری" و "کونتی" لە گوێ ڕووبارەکاندا باسی ڕابردوو دەکەن، باسی ئەو جەنگە دەکەن، کە هەرگیز بیریان ناچێتەوە. پادشا داوا لە ژنەکەی دەکات، کە ئەو پەڕۆیەی بە چاوەکانییەوە بەستراوە، لابەرێت، دوای ئەوە هەرسێکیان دەچنە دارستانە ئاگراوییەکەوە، بە ویستی خۆیان بەرەو مەرگی خۆیان دەڕۆن.

## کریشنا و کولتووری خۆرئاوا

کریشنا لە مێژە ئاشنایە بە کولتوور و ترادیشونی خۆرئاوا. زۆر جار کە کریشنا لەو وێنە وەهمییانەدا، وەک جەنگاوەرێکی بەهێز و توندوتیژ دەرکەوتووە، مەسیحییەکانی ئەورووپای ترساندووە. هەمیشە لە نێوان هێزەکانی ئاسمان و زەویدا، ململانێیەکی گەورە و گێرمەوکێشەیەکی ناکۆتا و ئەبەدی هەیە، یان بە مانایەکی تر لە نێوان (هێزە ماتریاڵی و ڕۆحانییەکاندا.)

ڕۆڵی کریشنا لە نێوان ئەم دوو هێزەدا ئەوەیە، کە هەر جارێک یەکێک لەم هێزانە هێرش دەکاتە سەر ئەوی تریان و دەیەوێت بە سەریدا زاڵ بێت، ئەوا کریشنا دێتە سەر زەمین و تەرازووی نێوانیان هاوسەنگ و ڕێک دەکاتەوە.

کریشنا دێتە ناومانەوە تا ئەو ڕووناکییەی لە نێوانماندا هەیە بپارێزێت. ئەو مانا قووڵ و هێزە بێسنوورەی کریشناش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کریشنا، لە یەک کاتدا خواوەندە و چارەنووسی گەردوونی بەسەر شانەوەیە، لە هەمان کاتدا مرۆڤیشە؛ کریشنای مرۆڤ هەموو تواناکانی لە پێناوی ئەوەی بەر بە هەموو ئاژاوە و شەڕەکانمان بگرێت، دێتەوە سەر زەوی، هەرچەندە باشیش دەزانێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو کارەساتانە، ئەو کێشە و ناکۆکییانە هەر ڕوو دەدەن.

بروک ئەم پەیامەی کریشنا لەم نەمایشە بچووکەدا دەکاتە بنەمای خوێندنەوەکەی، ئافرەتێکی بە تەمەنی بە ڕەگەز هیندی، بە جلوبەرگە ڕەنگ زەق و گەرمەکانییەوە، بە ئامێری "هارپا" تۆنەکانی بە نێو دەقەکەدا دەگەیەنێتە کریشنا. کریشنا بە هێمنی

لەسەر سەرینە گەورەکانی دانیشتووە، لە ئاسمانەوە چاودێریی ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی لە سەر زەوی دەکات. هەر بە هێز و وزەی ئاواز و تۆن و دەنگی هارپەکەوە، دێتە خوارەوە، دەبێتە مرۆڤ و لە نەمایشێکی ساکاردا مەزنیی "مەهابەهاراتا"مان دێنێتەوە یاد.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١. Brook, Peter . The Shifting Point, 40 years of theatrical exploration 1946 – 1987, first published in The United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S.105

٢. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٠٥

٣.بنسياننا شكسپير يمكن العثور عليه ثانيه، بيتر بروک مع دنيس بابليه و جورج بانو، ل ٢٦. ترجمه د. محمد سيف.

٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٠٥

٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣) ل٢٦—٢٨

٦. Blom, Rune. Teater i London, Liberforlag, 1982, Malmo, S. 61

٧.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٠٦

٨.ئەکتەری نەبینراو، یۆشی ئۆدیا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، فاروق هۆمەر، بڵاوکراوەکانی زنجیرەی کتێبی گۆڤاری شانۆ. کتێبی ژمارە (٢٥) ساڵی ٢٠١١، ل١٨٣—١٨٤

٩.ئەم مەسەلەیە، بەها و گرینگیی ڕۆڵی بینەران لە لای هەندێک لە هونەرمەندەکانی شانۆ، تێڕوانینێکی تری لەخۆ گرتووە، بۆ نموونە ئەو پرۆسێسە لە لای گرۆتۆڤسکی بەم شێوەیە کەوتووەتەوە: ئەکتەر و هونەری نواندن، نەک "بینەران" هاوکێشەیەکی فەلسەفی و گەلێ بە بەها و گرینگی بواری لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و چڕ بووە. هاوکێشەی دیدی و شانۆ و پشکنینی فەلسەفەی ئێستاتیکا و داڕشتەی نەمایش لە لای ئەم دوو هونەرمەندە، دوو ئاراستەی جیاوازی لەخۆ گرتووە. کارەکانی گرۆتۆڤسکی لەسەر کاری ڕیژیسۆر و ئەکتەر ڕۆنراوە، بەڵام لە لای بروک ئاراستەکە

فراوانتره و تەنها کاری ڕیژیسۆر و ئەکتەر ناگرێتەوە، بەڵکو لەو هاوکێشەیەدا "بینەران"یش لایەنێکی گرینگی ئەو پرۆسێسەن.

١٠.مەسەلەکانی "زمان" و بەکارهێنانی وشە، مەسەلەگەلێکی گرینگ و بنەڕەتیی هەموو تەوژمە ئەزموونگەرییەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانییە. مامەڵەکردن لە تەک زمان؛ شێوازێکی ناتەبا و جیاوازی لەخۆ گرتووە، نەک هەر هێندە، بەڵکو مەسەلەی بەکارهێنانی زمان بووە بە ستركتور و بنەمایەکی گرینگی دیدی ڕیژی و ئێستاتیکای هونەری شانۆ.

ئەنتۆنین ئارتۆ یەکێکە لەو پێشڕەوانەی کە لە دیدی شانۆ توندوتیژەکەیدا، زمان و وشە بەهای خۆیان نامێنێت، بەڵکو لەبری ئەوە ئەفسوون، ڕیتواڵ، شیعرییەتی ڕووداو و شوێن، دەسەڵات و پانتایی داڕشتە هونەرییەکە دەگرێتەوە.

بێگومان بروک لەم بوارەدا هەنگاوی گرینگی ناوە، بەڵام بروک ڕای وایە کە گرۆتۆڤسکی گەورەترین قۆناغی لە بواری زمان، بەکارهێنانی وشە، ئامادەکردنی دەق و پانتایی شانۆدا هێناوەتە ئاراوە. لە شانۆ هەژارەکەی گرۆتۆڤسکیدا، هەموو شتێک دەچێتە پەراوێزەوە، شانۆی هەژار، شانۆی جەستەیە، جەستە دەبێتە زمانی دەربڕین و وێناکردنی دونیابینییەکەی. ئەم شانۆیە بۆ ساڵانێکی دووردرێژ و لەو دیدە میتافیزیکییە ڕووت و چڕ و قووڵە بێسنوورەیدا، دەوڵەمەندترین تەوژمەکانی شانۆ بووە لە جیهاندا.

١١.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٠٨

١٢.تێد هیوز Ted Hughes ١٩٣٠ — ١٩٩٨ یەکێکە لە شاعیرە گەورە و گرینگەکانی ئەدەبی ئینگلیزی. ئەم شاعیرە لە ناوچەیYorkshire لە بەریتانیا لەدایک بووە، چەندە لە بەریتانیا ناسراو بووە، هێندەش لە ئەمەریکا بە چاوی ڕێز و ستایشەوە سەیر کراوە. شیعرەکانی "تێد هیوز" تەوژمێکی هەست لە پانتاییەکی چڕکراوەی بەهێزدا دەسوڕێنەوە. ئەم

شاعیره، جگە لە شیعر، چەندین کتێبیشی بۆ منداڵان نووسیوه، هەروەها ڕەخنەی ئەدەبی، وتار و وەرگێڕان. تێد هیوز لە بواری وەرگێڕاندا چەندین ئەزموونی گرینگی هەیە و لەم بوارەدا دادەنرێت بە تازەکەرەوەی زمانی ئینگلیزی. یەکێک لە کارە ناوازەکانی لە بواری وەرگێڕاندا، سێینە مەزنەکەی ئێسخیلیۆس (ئۆرێستیێیا)یە، کە ڕاستەوخۆ لە گرێکی کۆنەوە کردوویەتی بە ئینگلیزی.

١٣.ئەوەی جێگەی داخە بروک مامەڵەی لەگەڵ "ئاڤێستا" وەک کولتوورێکی بەرز و دێرینی فارس دەکات و ناوی کورد ناهێنێت. زۆربەی سەرچاوە و لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکانیش، ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە "ئاڤێستا" کولتوورێکی دێرینی فارسەکانە. هەندێک سەرچاوەی سوێدی ئاڤێستا بە "ئەفغانی" دادەنێن، نەک بە فارسی.

١٤. Innes, Christopher, Avantgard theatre, 1892 – 1992. Routledje – London and New York, 1993, S.138

١٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٣٧

١٦.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٣٠

١٧.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٣٨

١٨.لیڤی شتراوس فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، ساڵی ١٩٠٨ لەدایک بووە، بە یەکێک لە فەیلەسوفە گرینگەکانیستروکتورالیزم دادەنرێت.

١٩.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٣٩

٢٠.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٣٧—١٣٨

٢١.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٣٨

٢٢.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٣٨

٢٣.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٣٩

٢٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١١٠

٢٥. Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, Oversattning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling production, Stockholm, 1969, S.99

٢٦.بروک سێ گەشتی گەورەی لەم چەشنە کردووە. یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧١دا بۆ ئێران و نەمایشکردنی "ئۆرگاست" لە ئەسفەهان، دووەمیان لە ساڵی ١٩٧٢دا بۆ ئەفەریقا و سێیەمیشیان ساڵی ١٩٧٣ بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەم سێ گەشتە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئەزموونەکانی بروک بەجێ هێشتووە و بە هەمان شێوە کاردانەوەیەکی گەورەشی بەسەر تێڕوانینی کار و ئەزموونی شانۆوە، لە هەموو جیهاندا هەبووە.

٢٧.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٢٠

٢٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٤٢

٢٩.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١١٥

٣٠.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٨) ل٤٢—٤٣

٣١.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١١٢

٣٢.بروک بۆ ئەم مەبەستە، وەکو هەموو پرۆژە و کارەکانی تری، هەوڵی داوە ئەکتەر و بینەران لەو مۆرک و کلێشەسازییانەی بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ڕووت بکاتەوە، کە بە دەمامکێکی کولتووری ئەستوور دروست بووە. ئەم دەمامکە کولتوورییانەش لە ژیانی ناوەوەی خۆمان وەک تاکێک دوورمان دەخاتەوە. بروک بۆ ئەم مەبەستە، وشە و ئاماژەکان، وەکو سیما کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، لەو کلێشەسازییە کوولتوورییانە ئازاد دەکات.

٣٣. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٢٧-١٢٨

Estreen, Richard. Teater – motstans kraft och frihetslangtan. .٣٤
Carlsson, 2012, Stockholm. S 203, 204

٣٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٣١

٣٦.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٣٤

٣٧.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٥٢

٣٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٥٤

٣٩.بروک لە ساڵی ١٩٧٩دا بە نەمایشی "کۆنفرانسی باڵندەکان" لە فێستیڤاڵی ئەڤینیوندا بەشداری دەکات، هەروەها لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ و سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٠دا لەسەر شانۆی "بۆف دی نور" لە پاریس نەمایش دەکرێتەوە. دوای ئەوە گەشتەکەیان بە جیهاندا دەست پێ دەکات.

٤٠.بيتر بروک يخرج منطق الطير، ترجمه: عبدالله عويشق، الحياه المسرحيه، العدد (٢٨،٢٩) ١٩٨٧، ل١٦٨

٤١.فريدالدين ابو حامد محمد کوڕی ابوبکر ابراهيم عطار نيشاپوری، دەگوترێت لە نێوان ساڵانی ٥٣٧ تا ٥٤٠ی کۆچیدا لەدایک بووە. کۆمەڵێ بەرهەمی نایابی نووسیون، کە یەکێکیان "منطق الطير"ە، واتە لۆژیکی باڵندە. هەموو بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە سەر بە دونیای سۆفیگەرین.

٤٢.هەندێک لە کتێبەکانی "فريدالدين العطار" هەر لە زووەوە بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە لەوانە: کتێبی "خواوەند" پاریس ١٩٥٨، "زاکیرەی پیاوچاکان" پاریس ١٩٧٠، "کتێبی نهێنییەکان" پاریس ١٩٨١، "زمانی مەل" زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی و بڵاوکراوەتەوە.

٤٣.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤٠) ل١٥٩

٤٤.دوورگەی "بالی" ناوچەیەکی زۆر بچووکە لە وڵاتی "ئەندۆنیسیا" و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی "جاوا"وە. "بالی" لە ڕووە ئایینییەکەیەوە

درێژبوونەوەیەکی دێرینی ئیمپراتۆرییەتی "هیندۆسییەکانە" و ئەمڕۆش تاقە وڵاتێکی هیندۆسە لە دەرەوەی سنووری "هیند"ەوە.

٤٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل٢١٨

٤٦.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤٠) ل١٥١

٤٧.بروک لە لاپەڕە ٢٢٣ی کتێبی "خاڵی گۆڕانکارییەکاندا" بەم شێوەیە هۆکارەکانی بەکارهێنانی "دەمامک" شی دەکاتەوە: (بۆچی دەبێت دەمامک بەکاربهێنین؟ ئێمە هەمیشە هەوڵمانداوە لە بەکارهێنانی دەمامک خۆمان دوور بخەینەوە. من لە شانۆدا قێزم لە بەکارهێنانی دەمامک دەبێتەوە، بە هیچ شێوەیەک لەوەوبەر دەمامکم بەکار نەهێناوە، لەبەر ئەوەی لە هەر کاتێکدا دەستم لە دەمامکێکەوە دابێت، یان ئەوەتا دەمامکێکی ڕۆژئاوایی دەستکرد بووە، یاخود بیرۆکەیەکم بە کەسێک گوتووە تا دەمامکێکی وەک ئەوەمان بۆ دروست بکات. من هەمیشە دوور کەوتوومەتەوە لەوەی خود بخەمە سەر خود، چونکە ئەمە بەرەو هیچ ئەنجامێکمان نابات. لەبەر ئەوە، هەمیشە لەبری دەمامک، هەموو شتێکمان بە دەموچاو و سیمای ئەکتەر خۆی دروست کردووە. بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا ئەوەی وای لێ کردین ڕوو بکەینە بەکارهێنانی دەمامک ئەوەیە: خاڵێک هەیە لە تەنیایی، کە تەنها خودی ئەکتەر دەیگاتێ، ئەو خاڵەش لە دژی سنووری مرۆڤایەتی خۆی دەوەستێتەوە.)

٤٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل٢٢٤

٤٩.لە نامەیەکی تایبەتی کاک "فەرهاد شاکەلی"یەوە بۆ دانا ڕەئووف.

٥٠.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣٤) ل٢٠٤

٥١.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣٤) ل٢٠٤

٥٢.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤٠) ل١٦٩

٥٣.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٤) ل١٤٢

٥٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٣٣

٥٥. Directors in perspective, Peter Brook, by Albert Huny and Geoffrey Reeves. Cambirdge University Press, 1995

٥٦."مەهابەهاراتا" بۆ یەکەم جار لە فێستیڤاڵی ئەڤینیون لە ساڵی ١٩٨٥دا نەمایش کراوە. بە دوو شێوە توانراوە ئەم نەمایشە ببینرێت، یەکەمیان بە سێ شەو، هەر شەوەی سێ سەعات بووە، نەمایش کراوە. دووەمیان لە سەعات هەشتی شەوەوە دەستی پێ کردووە و لەگەڵ کازیوەی بەربەیان، بە ژەمە خواردنێک کۆتایی هاتووە. لەو ژەمە خواردنەدا ئەکتەر و بینەران، بە دەم گفتوگۆوە نانیان خواردەووە و وەڵامی پرسیارەکانی بینەرانیشیان داوەتەوە. دواتر نەمایشەکە گوێزراوەتەوە بۆ شانۆی "بۆف دی نور" لەوێش بە هەمان فۆرمەوە پێشکەش کراوەتەوە.

٥٧.رۆستەم بهارۆشا، نووسەر و بیرمەندێکی هیندییە، لە کتێبی (الاداء و فن السیاسە الثقافیە)دا دەڵێت: (ئینگلیزەکان لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی، بیرۆکە و چەمکی سەرمایەکاری و ئابووریی هیندستانیان بەکارهێناوە. ماددە خاوەکانی ئێمەیان بردووە و لە کارگەکانی خۆیاندا کەلوپەلیان لێ دروست کردووە، دواتر بە شێوەیەکی بێشەرمانە بە خۆمانیان فرۆشتووەتەوە. پیتەر بروک هەمان شتی کردووە، ئەم تەنها کەلوپەل و سەرمایەکەمانی نەبردووە، بەڵکو دەستی بەسەر یەکێک لە تێکستە گرینگ و پیرۆزەکانماندا گرتووە، لە هەموو مێژووی خۆی دایماڵیوە، تا بتوانێت لە رۆژئاوا بە بینەرەکانی بیفرۆشێتەوە. لە چەند شوێنێکی تردا دەگەڕێینەوە سەر ئەم کتێبە و نموونە لە بیروبۆچوونەکانی نووسەرەکەی دەهێنینەوە.

٥٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٦٢

٥٩."ڕۆستەم بهاروشا" لەم ڕووەشەوە ڕەخنەیەکی توند لە بروک دەگرێت و دەڵێت: (زەمەن بە تەواوی کورت کراوەتەوە، بووەتە چەند بەشێک لە

جووڵانەوە و دیمەن و بەشەکان، کە سەرەتایان هەیە، بەڵام کۆتاییەکانیان دیاری نەکراوە... دەبووایە لەم کارەدا هەستمان بە پێگەیشتن و چوونە نێو یەکی ڕابردوو، لەگەڵ ئێستا و ئایندەدا بکرایە. لە گێڕانەوە هیندییەکەدا، بە هیچ شێوەیەک هێڵێکی دیاریکراوی ڕووداوەکان، لە دەستپێکەوە بۆ گرێ و هەڵچوون و چارەسەر نییە. دیمەنی شەڕ و پێکدادانەکان، لە لای بروک هەمووی دەرەکی بوون و هیچ دەنگدانەوەیەکیان نییە، مەبەست ئەو دەنگدانەوانەی کە وەکو کۆدی بەها تایبەتییەکانی ناوەوەیان وان. (هەمان سەرچاوەی ژمارە "٥٧")

٦٠. Carriere, Jean – Claude and Peter Brook, The Mahabharata, Connoisseur video, London, 1989. S.4

٦١. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٦٠

٦٢.ڕۆستەم بهاروشا لەسەر ئەم ئامادەکردنەی بروک، لە کتێبەکەیدا، بە توندی ڕەخنە لە بروک دەگرێت و دەڵێت: (کارەکتەرە ئەفسوونییەکانی هێندە ئاسان کردووەتەوە، لە نێو چوارچێوەکانی نواندندا هیچ بەهایەکی بۆ نەهێشتوونەتەوە، زۆر جار بوونەتە وێنەی کاریکاتۆری، هەندێک جاریش کارەکتەرەکان بە بێ هیچ بنەما و پاشخانێکی ئەو کەشە ڕیتواڵییە ئەفسووناوییەکانی خۆیانەوە، دەردەکەون و لە ڕوانگەی چەند چرکەساتێکەوە بزر دەبن، بە بێ ئەوەی هیچ شتێک بخەنە سەر بەرەو پێشەوە چوونی پێودانگە درامییەکە، هەروەها هەندێک جار کارەکتەرەکان خودی خۆیان لە زمانەکەی دابڕیوە، دەنگی شتێک دەڵێن، بەڵام جەستەی شتێکی تر بەرجەستە دەکەن. (هەمان سەرچاوەی ژمارە " ٥٧")

٦٣.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل١٦٢

٦٤.مەسەلەی دەسەڵات وەکو بابەتێکی سەرەکیی ئەم داستانە میتۆلۆژییە، دەبێتە جێگەی سەرنج و تێڕوانینی بروک، لەم ڕووەوە چەمک و

سیمایەکی هاوچەرخانە دەبەخشێتە ناوەڕۆک و فەلسەفەی دەسەڵات، ڕژێم و حوکمداری. جەنگێکی خوێناوی دەبێتە بەشێکی گەورەی ئەو ململانێیەی دەسەڵات، بە هەمان شێوە بروک هاوکێشەی ئەو جەنگانە بە مەترسییەکانی ئەمڕۆ و جەنگە یەک لە دوای یەکەکانی جیهانەوە دەبەستێتەوە. ئەم خوێندنەوەیە و ڕاڤەکردنەی شەڕ و بەرجەستەکردنی تەکنیکەکانی شەڕ لە لای بروک و لە مەهابەهاراتادا، بیرمەند و ڕەخنەگرێکی هیندیی وەک (ڕۆستەم بهارۆشا) قەناعەت پێ ناکات، یان نایەوێت تێی بگات، ئەو دەیەوێت "مەهابەهاراتا" لە بەرگە میتۆلۆژییەکەی خۆیدا، وەک کولتوورێکی هیندی، بە بێ هیچ خوێندنەوەیەکی مۆدێرنەوە بخرێتە ڕوو.

٦٥.ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی "گانیشا" دەبینێت، دواتر سەری فیلەکە لادەبات، دەبێت بە "کریشنا"، کە یەکێکە لە کارەکتەرە گرینگەکانی داستانەکە.

٦٦.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٦٠) ل٧

٦٧.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٦٠) ل٤

٦٨. Enckell, Johanna, Skarvor av Artaud, en essa om fransk teater efter Befrielsen, Like, Helsingfors, 2003. S. 125


٦٩.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢٥) ل١٣٣

٧٠.مەرگی کریشنا، ژان – کلۆد کارێر، ماری هێلین ئێستیان، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە، مستەفا قەسیم، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە (٨) دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٧

٧١.مەرگی کریشنا ساڵی ٢٠٠٣ لە پاریس، لەسەر شانۆی "بۆف دی نور" پێشکەش دەکرێت و دواجار لە گەشتێکی هونەریدا، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیدا نەمایش دەکرێتەوە. من خۆم ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت، کە ئەم نەمایشە دوو جار ببینم، یەکەمیان لە پاریس، لەسەر شانۆی "بوف دی نور" و دووەمیشیان لە وڵاتی بەلجیکا، لە سەنتەری شانۆی (جان ڤیلار).

# بەشی شەشەم

## پیتەر بروک و هونەری ئۆپێرا



شمشاڵێکی ئەفسووناوی، خوێندنەوەیەکی جودا

شانۆی بۆف دی نورد

ئۆپێرا ڕەنگێکی تری شانۆیە، بەڵام لەم ڕەنگەدا مۆسیقا و گۆرانی توخمێکی گرینگ و فۆرمێکی جیاواز دەبەخشنە ئەو ڕەنگەی شانۆ و هونەرەکانی تریش لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. ئۆپێراش، هەروەک شانۆ مێژوویەکی دێرینی هەیە، بە چەندین قۆناغ و شێوازی جیاوازدا تێپەڕیوە، تا فۆرمە کلاسیکییەکەی خۆی وەرگرتووە.

ئۆپێرا، بە پێچەوانەی شانۆوە، هەمیشە لە بارودۆخێکی کلاسیکی و لە خانووبەرەی گەورەی تایبەتمەنددا نەمایش کراوە. ئەمە جگە لەوەی بەرهەمهێنانی پرۆژە و نەمایشەکانی ئۆپێرا، داراییەکی ئێجگار گەورە و لەشکرێک لە هونەرمەند، گۆرانیبێژ، مۆسیقاژەن و تەکنیککارانی دەوێت.

تێپەڕاندن و گۆڕانکارییەکان لە بواری ئۆپێرادا، زۆر بە شێوەیەکی سست و مردوو بەڕێوە دەچن. ڕێساکانی ئەم هونەرە بووەتە کۆمەڵێ یاسای پیرۆز و پتەو و نەگۆڕ، کە هیچ کەس بۆی نییە گۆڕانکارییان تێدابکات. بروک لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئۆپێرای کلاسیکی شانۆیەکی مردووە، زیندەخەونێکە لە توندوتیژییەکی دوژمنکارانەی پڕ لە وردەکاری، جۆرێکە لە چیرۆکە سوریالییەکان،

هەموو لەو بڕوایەدان کە هیچ شتێک پێویستی بە گۆڕان نییە. پێویستە هەموو شتێک لە ئۆپێرادا بگۆڕدرێت، بەڵام لە ناو خودی ئۆپێرادا هەموو گۆڕانکارییەکان زەحمەت کراوە.)<١>

بروک وەک ئەزموونکارێکی بە سەلیقە، هەر لە سەرەتاوە لەم بوارەشدا هەوڵی گۆڕانکاریی گەورەی داوە، لە سەرەتای سالآنی ١٩٥٠کاندا، کە لە ئۆپێرای Coven Garden Opera House کار دەکات، دوای ئەوەی بە شێوازێکی ناتەبا و جیاواز ئۆپێرای "سالومی" نەمایش دەکات، دەردەکرێت. گۆڕانکارییەکانی هێندە ڕادیکاڵ دەبێت، چ گۆرانیبێژەکان و چ بەڕێوەبەری هونەری و دەستەی کارگێڕی ئەو ئۆپێرایە، بڕوا بەو فۆرمە ناهێنن، کە بروک "سالومی" پێ پێشکەش دەکات، لە بەرئەنجامدا هەموو گفتوگۆکان دەگەنە ڕێگەیەکی داخراو و تاکە چارەش دەرکردنی بروک دەبێت. ئەم ڕووداوە بروک تووشی نشووستی و گۆشەگیری ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دوورخستنەوەی لەو دەزگا ئۆپێرالییە گرینگە، زیاتر پاڵی پێوە دەنێت، کە پێداگری بکات و بە شێوازێکی جیاواز بیر لە هونەری ئۆپێرا و گۆڕانکارییەکانی بکاتەوە.

بەو شێوەیەش نەمایشی ئۆپێرای "سالومی" دەبێتە دەستپێکی گرینگ و خاڵی وەرچەرخانی گەشتێکی دووروودرێژ. بروک هەر لە سەرەتاوە، درک بە ئاڵۆزیی سیستەم و بارودۆخەکانی ئەم دەزگا دژوار و گەورەیە دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە، کە بە نیازی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و سەرتاسەرییەوە دێتە پێشەوە.

## گەڕانەوەیەکی مێژوویی

ئۆپێرا جۆرێکە لە گۆرانیی شانۆیی و بە یارمەتیی ئۆرکیسترایەکی گەورە پێشکەش دەکرێت. ئەم هونەرە لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە و سەرەتاکانی سەدەی شازدەدا لە شاری "فلۆرەنسا" لە ئیتاڵیا، وەک تەقەلایەک بۆ بوژاندنەوەی درامای گرێکی سەری هەڵداوە. لە دەوروبەری ساڵانی ١٧٠٠ەکاندا، ئۆپێرا و گۆرانیی ئۆپێرا لە فۆرم و شێوازە کلاسیکییەکەی نزیک دەبێتەوە و زیاتر چەمک و مۆرکە تایبەتمەند و هونەرییەکانی دەردەکەون. دوای ئەوە ئۆپێرا لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا پەرە دەسێنێت و نەمایشەکانی ئۆپێرا دەبنە سیمایەکی گرینگی چالاکییە مۆسیقی و شانۆییەکانی ئەم وڵاتانە. ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە، کە ئۆپێرا و بابەتەکانی ئۆپێرا هەر لە سەرەتاوە، سیمایەکی تراجیدییان لەخۆگرتووە، بابەت و ڕووداوەکانی ئۆپێراکان لەو ئەتمۆسفێرە تراجیدییەدا پێشکەش کراون، ئەمەش شتێکی ناتەریب نەبووە لەگەڵ سروشتی ئۆپێرادا، چونکە ئەم هونەرە هەر لە سەرەتاوە بۆ بوژاندنەوە و بەرزڕاگرتنی دراما و تراجیدیای گرێکی بووە، بەڵام دواتر هەر لە ئیتاڵیا، لە دەوروبەری کۆتاییەکانی ١٧٠٠ەکاندا جۆرە ئۆپێرایەکی کۆمیدی دروست دەبێت، ئەو ئۆپێرا کۆمیدییە بە "بیۆفە" Buffa ئاماژەی بۆ کراوە.

ئەم شێوازەی ئۆپێرا لە شێوازی پێشاندانی کارەکتەرە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە، لە ئۆپێراکانی بەر لە خۆی جیا دەکرایەوە، هەروەها ناوەڕۆکەکانیشی زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو، بابەتی دڵداری، داوێنپیسی،

ئاغا و وەرزێر... هتد لەخۆ گرتووە. لە فەڕەنسا لە هەمان قۆناغی مێژووییدا ئۆپێرایەکی کۆمیدی سەرهەڵدەدات. "مۆزارت" ١٧٥٦–١٧٩١ گەشە بەو ئۆپێرا کۆمیدییە دەدات و لە ئاستێکی بەرزدا فۆرم و بنەما سەرەکییەکانی دیاری دەکات. لە ساڵانی ١٨٠٠ەکان بە دواوە، ئۆپێرای ڕۆمانسی و ئۆپێرای مێژوویی لە شێوازێکی گەورە و فراواندا دەردەکەون، بەڵام ئۆپێرا لەسەر دەستی "ڕیچارد ڤاگنەر" ١٨١٣ – ١٨٨٣ گەلێک گۆڕانکاریی گرینگی بەسەردا دێت، لەوانە مەسەلەی بەها و گرینگیی دراما و بەرجەستەکردنی هونەرێکی گشتگر. لە لای ڤاگنەر، ئۆپێرا تەنها گۆرانیی ئۆپێرالی نییە، بەڵکو هونەرێکی تێکەڵاو و سەراپاگیرە.

ڤاگنەر شێوازی ئۆپێراکەی خۆی بە "هونەری ئایندە" ناوزەد دەکات؛ هونەری ئایندەش وێنەیەکی چڕ و تێکەڵاوی نموونەییە بۆ هونەر و هەموو توخمە شانۆییەکانی تیا کۆدەبێتەوە. هونەری ئۆپێرا لە لای ڤاگنەر زیاتر بووە بە "درامای وشە و ئاواز". لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییە گرینگانەی، کە بەسەر هونەری ئۆپێرادا هاتوون، ئۆپێرا تا ئێستاش فۆرم و شێوازە کلاسیکییەکەی خۆی هەر پاراستووە. لەم فۆرم و شێوازەدا "گۆرانیی ئۆپێرا" یەکێکە لە توخمە هەرە گرینگ و سەرەکییەکانی ئەم هونەرە، تێکڕای لایەن و بوارەکانی تری بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی ئۆپێرایی لە خزمەتی ئەو لایەنەدان، واتە "گۆرانیی ئۆپێرایی".

گەنجینەی مۆسیقا و فەرهەنگی کلاسیکی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئۆپێرای مەزنی بۆ پاراستووین، بەرهەمەکانی مۆزارت، ڤێردی، ڤاگنەر، شتراوس، پیسێت، ئالبان باری، ستراڤێسکی، چایکۆڤسکی... هتد، ساڵانە وەکو نەریت و کولتوورێکی بەرزی کلاسیکی لەسەر هەموو شانۆ جیهانییەکان نەمایش دەکرێن.

## بروک پێناسەی ئۆپێرا دەکات

بە پێی هەندێک لە بیروبۆچوونەکان، مێژووی هونەری ئۆپێرا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی و دەستپێکی سەرهەڵدانی شارستانییەتی دێرینی مرۆڤ. بروک یەکێکە لەو کەسانەی ئەو بڕوا پتەوەی بە سەرەتاکانی ئەم هونەرە، بە تایبەتی لە چاخەکانی بەر لە مێژوودا هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستەشی لە کتێبی "خاڵی گۆڕانکارییەکان" The Shifting Point، کە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوی کردووەتەوە، بەم شێوەیە پێناسەی ئۆپێرا دەکات (ئۆپێرا پەنجا هەزار ساڵ لەمەوبەر لەدایک بووە. لەو کاتەدا مرۆڤ لە کونە ئەشکەوتەکانی خۆیاندا هاتنە دەرەوە و لە خۆوە هاوار و دەنگیان لێوە هاتووە، لەو هاوار و دەنگانەوە ڤێردی و پۆچینی و ڤاگنەر لەدایک بوون. دەنگێک بۆ ترس، یەکێکی تر بۆ خۆشەویستی، بۆ بەختیاری، یان بۆ هەڵچوون و تووڕەبوون هەبوون. تێکڕا ئەو دەنگانە بەر لە دیاریکردنی تۆن و سۆزی ئاوازەکان، تۆنێکی ئۆپێرایی بوون. ئا لەوێدا، لەو سات و ئانەدا هەموو شتەکان پێکەوە دەستیان پێ کردووە. فۆرمی هەست دەربڕینێکی سروشتییانەی مرۆڤ دەبێتە گۆرانی. ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، ئەو پرۆسێسە دەبێتە یاسایەکی دیاریکراو و ستروکتورئاسا، ئەو ستروکتورەش گۆڕانی بەسەردا هات و بووە هونەر.)<٢>

ئەم چەند وشەیەی بروک خوێندنەوەیەکی چڕ و پێناسەیەکی وردی سەراپای مێژووی سەرهەڵدانی ئۆپێرایە، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی هۆشیاری ئەو پرۆسێسە ئاڵۆزەشە. لە لای بروک هەست و هۆش، بە شێوەیەکی بەهێز لە جەستەوە دێنە

دەرەوە، لە جەستەوە دەست پێدەکەن و دەبنە تۆن و گۆرانی. هەر لەبەرئەوەشە بروک لە سەرەتاوە گرینگیی بە هونەری ئۆپێرا داوە. لەو بوارەدا لە نیویۆرک و لەندەن و پاریس چەندین نەمایشی ئۆپێرای پێشکەش کردوون.<٣>

بەڵام وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، بروک بە شێوەیەکی تر ڕووبەڕووی ئامرازەکانی ئەم هونەرە دەبێتەوە. گۆڕانکارییەکانی ئەم هونەرمەندە بە کۆمەڵێک قۆناغی جۆراوجۆردا تێدەپەڕن، دەتوانێت تێڕوانین و توخمەکانی شانۆیەکی ئەزموونگەری بۆ پانتایی و بنەماکانی هونەری ئۆپێرا بگوێزێتەوە.

گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی بروک هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئۆپێرا دەگرێتەوە، لە کۆشک و خانووبەرە تەقلیدییەکانی ئۆپێرا بە تەواوی دوور دەکەوێتەوە. لەبری ئەوە، ئۆپێراکانی لە هۆڵە ئەزموونگەرییەکاندا، لە فۆرم و شێوازێکی ساکاردا پێشکەش دەکات، هەروەها ئۆرکێسترا گەورە مۆسیقییەکانیش لادەبات و لەبری ئەوە بە چەند ئامێرێکی مۆسیقی؛ وەهمی نەمایشە ئۆپێراییە کلاسیکییە گەورەکان دەشکێنێت. بروک بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ئەو ئامێرە کلاسیکییە گەورەیە دەبێتەوە و دەڵێت: (ئۆرکێسترا هێزێکی گەورەیە بەرامبەر بە دەنگی مرۆڤ، ئەمەش بەرەو ئەنجامێکی نابەجێمان دەبات: پێویستە گۆرانیبێژ پەیوەست بێت بە بنەما ناتەباکانەوە، بۆ ئەوەی دەنگیش ببیسترێت، دەبێت نزیک لە بەردەمی شانۆکەوە، ڕووبەڕووی هۆڵەکە ڕاوەستێت. گۆرانیبێژەکان ناتوانن باڕودۆخێکی جیاواز وەربگرن و بە شێوەیەکی سەربەست بجوڵێنەوە، کە سەقامگیر بێت لەگەڵ ڕۆحییەتی دراماکەدا. بە شێوەیەکی گشتی چۆنیەتیی ئەندازەی خانووبەرەکان، شێوازی

نەمایشی ئۆپێراکە دەسەپێنێت. دوای ئەوە ڕێژیسۆر، هەروەها شکۆمەندیی هونەرمەندە مۆسیقاییەکانیش کەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا دەخرێتە چاڵێکی ژێرزەمینەکەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەوژمە کۆنەکانی سەدەی حەڤدەهەمە: میرەکان لە سەرەوە، بەردەست و کەنیزەکەکانیش بۆ خوارەوە. یەکێک لە سەرچاوەکانی جوانیی شانۆی ژاپۆنی ئەوەیە، کە مۆسیقییەکان هەموویان لە بەرچاون، چاودێریی ڕووداوەکان دەکەن و بەشداریی تێدا دەکەن، لە کاتێکدا پەنجا مۆسیقاژەن پێکەوە، هەر وەکو ئەوەی تەنها یەک کەس بن، تەپڵەکانیان لێ دەدەن، ڕایدەگەیەنن؛ کە شتێک ڕوودەدات.)<٤>

هونەری ئۆپێرا بۆ بروک دەبێتە دارڕشتەیەکی گرینگیش بۆ کەرەستە و نەمایشە شانۆییەکانی. شانۆ و ئۆپێرا تێکهەڵکێش دەکرێن و فۆرمێکی هاوبەش، دیدێکی هاوبەش و تەکنیکی جیاواز دەچەسپێنن. فۆرمی ئۆپێرا دەبێتە دیدێکی گرینگی سەرهەڵدان و لەدایک بوونی فۆرمێکی جیاوازی شانۆ و بە پێچەوانەشەوە. تێکهەڵکێشکردنی شێواز و فۆرمەکانی ئەم دوو هونەرە زەمینەیەکی لەباری تر بۆ داهێنانەکانی بروک خۆش دەکەن، بروک لەم بارەیەوە دەڵێت: (هەموو ئەو شتانەی لە ڕووی تەکنیکەوە، لە پرۆژە ئۆپێراییەکاندا فێریان بووم، دواتر سوودێکی گەورەم بۆ ئامادەکردنی پرۆژە شانۆییەکانم لێ بینین.)<٥>

بروک هەر زوو هەست بەوە دەکات کە بەرهەمهێنانی نەمایشە ئۆپێراییەکان، دەچنە ژێر باری کۆمەڵێ هەلومەرجی سەخت و نەگونجاوەوە، لەبەرئەوە لەناو پانتایی شانۆ ئەزموونگەرییەکەی خۆیدا، هەوڵی ئەوەی داوە ئەو مەرجە سەخت و دژوارانە لابەرێت. بۆ ئەو مەبەستە مەرجەکانی پرۆڤەکردن، شێوازی نەمایش و

نرخی بلیتی نەمایشە ئۆپێراییەکان دەگۆڕێت. گۆڕانکارییەکانیش لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ و بنەڕەتی دەبێت، بەوەش دابڕانێکی گەورە لە بەردەم ڕەوتی هونەری ئۆپێرای جیهانیدا دروست دەکات. هەروەها بروک بۆ ئەوەی سەربەستییەکی ڕەها و تەواو لە پرۆژە ئۆپێراییەکانیدا بەدەست بهێنێت، لەبری گروپی گەورە، لەگەڵ گروپی بچووکدا کاری کردووە. بەمەش لە لایەکەوە لە دید و سترکتوری نەمایشە ئۆپێراییەکاندا گەییشتووەتە ئاستێکی بەرزی ئەزموونگەری، لە لایەکی تریشەوە بە دارایییەکی کەم ئەنجامەکانی خۆی بەدەست هێناوە. یەکێک لە تەقەلاکانی تری بروک، ئەوەیە: هونەری ئۆپێرا، وەک فۆرمێکی تری شانۆ، بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و ئاسان لە بینەرانەوە نزیک دەکاتەوە. (گەورەترین کۆسپ، کە ئێستا لەم سەردەمەدا، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، چۆن بیری هونەرمەندان و بینەران سەبارەت بە ئۆپێرا، لە شتێکی گران و ناسروشتییەوە بگۆڕین، بۆ شتێکی ئاسان و سروشتی.)<٦>

لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابردوودا، بروک ئۆپێرای "کارمن"ی کۆمپۆسیتۆری فەرەنسی "گوێرگێ بیزێت" ١٨٣٧ — ١٨٧٥ بە ناوی "تراجیدیای کارمن"ەوە پێشکەش دەکات.<٧> ئەم ئۆپێرایە بە شێوەیەکی جیاواز و سەرسوڕهێنەر نەمایش دەکات و دەتوانێت بەهۆی میتۆدێکی ساکاری پراکتیزەکراوەوە، بەرگە کلاسیکییە تەقلیدییەکەی ئۆپێراکە بە تەواوی داماڵێت و کارمن— مان لە فۆرم و شێوازێکی تردا، زیاتر نزیک لە شانۆوە، نزیک لە شەکسپیر و نزیک لە ڕۆحی گوێرگێ بێزێت— ەوە پێشکەش بکات.

# تراجیدیای کارمن



ئۆپێرای تراجیدیای کارمن

شانۆی بۆف دی نورد

ئۆپێرای کارمن یەکێکە لەو شاکارانەی، کە هەزارەها جار بە شێوازی جیاواز لە هەموو جیهاندا پێشکەش کراوە. ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستە بەرزەی ناوەڕۆکە درامییەکەی، لەگەڵ ئەو مۆسیقا بە چێژەی کە لە یەکەیەکی هونەریی سەرکەوتوودا، ئۆپێراکە پێک دەهێنێت.

بروک هەموو ئۆپێرای کارمن تەنها بە پێنج گۆرانیبێژ و دوو ئەکتەر نەمایش دەکات، بەڵام سێ گۆرانیبێژی جیاواز، وەک سێ

کاست، هەر ڕۆژەی یەکێکیان ڕۆڵی "کارمن"یان بینیوە، هەر گۆرانیبێژەش شێوازی جیاواز و تایبەت بە خۆی بەخشیوەتە نەمایشەکە. ژمارەی ئەندامەکانی ئۆرکیستراکەش بۆ تەنها پازدە مۆسیقاژەن کەم دەکاتەوە، کۆرس و گۆرانییە کۆرالییەکانیشی بە تەواوی لابردووە. بەمەش پێودانگە درامی و هێڵە تراجیدییەکەی لە سیما تەقلیدی و مێژووییەکەی هونەری ئۆپێرا ڕزگار کردووە.

بروک بۆ ئەو مەبەستە زیاتر گەڕاوەتەوە بۆ سەر بنەما سەرەکییەکانی نووسەری ئۆپێراکە "گوێرگێ بیزێت"، کە ناچاربووە لەژێر گوشار و کاریگەرییەکی نابابەتییانەی بۆچوونە دواکەوتووەکانی ئەو ڕۆژگارەی خۆرئاوا لایان ببات، هەروەها گەڕانەوە بۆ سەر خودی چیرۆک و نۆڤێلتەکەی "مێرمێدێس"، کە ئۆپێراکەی لێوە وەرگیراوە.

## کارمن باسی چی دەکات؟

کارمن چیرۆکێکی دڵتەزێن و توندوتیژی خۆشەویستییە: ئاگری خۆشەویستییەکی بەتین، وا لە "خوسێ" دەکات وەک سەربازێکی بەوەفا، بنکەکەی خۆی لە پێناوی خۆشەویستیدا جێ بهێڵێت، بەڵام کارمن، کە ئافرەتێکی قەرەجە، بەر لە هەموو شتێک عاشقی سەربەستییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکۆکییەکی توندوتیژ لە نێوان کارمن و خوسێ، بە تایبەتی لەو ڕووەوەی، کە خوسێ دەیەوێت کارمن بکاتە موڵکی خۆی. عەشق و ئیرەیی وا لە خوسێی سەرباز دەکات بە کوشتنی کارمن کۆتایی بەو پەیوەندی و عەشقە تراجیدییە بهێنێت. ئۆپێراکە بەوە دەست پێ دەکات: خوسێ بە

تاوانی ئاژاوە و چەقۆ وەشاندن، کارمن بەند دەکات، کارمن لەگەڵ کۆمەڵێ ئافرەتی تر لە کارگەیەکی جگەرەدا کاردەکەن، بەڵام دەتوانێت بە ناز و عیشوەیەکی فێڵبازانە وا لە خوسێ بکات، دەرگای زیندانەکە بکاتەوە بۆ ئەوەی هەڵبێت، هەروەها کارمن بە تەڵەی عەشق هانی خوسێ — یش دەدات دەستبەرداری کارەکەی بێت، تا پێکەوە ڕابکەن؛ خوسێ واز لە هەموو شتێک، لە کارەکەی وەک سەرباز، لە بنەماڵە و کەسوکار دەهێنێت و دوای کارمن دەکەوێت، بەڵام کارمن هەر زوو پشتی تێ دەکات و عەشقی خۆی بۆ "ئێسکامیلۆ"ی یاریزانی گا شۆقوەشێنەکان دەردەبڕێت.

## کارمن و بروک

بروک دوای دابڕانێکی دوورودرێژ لە جیهانی ئۆپێرا، بە "تراجیدیای کارمن" سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ جیهانە چڕ و ئاڵۆزەکەی ئەم هونەرە. گەڕانەوەی بروک، گەڕانەوەیەکی ئاسایی نابێت، بەڵکو بەر لە گەڕانەوەکەی بڕیاری گۆڕانکارییەکی تەواو و بنەڕەتی دەدات، گۆڕانکاریش تاکە مەرجی ئەم هونەرمەندە ئەزموونگەرە دەبێت بۆ داهێنان و نوێکردنەوە. گۆڕانکاری و نوێخوازیش لە بواری ئۆپێرایەکی کلاسیکی و چەمکە تەقلیدی و پەیڕەوکراوەکانی ئەم هونەرەدا کارێکی ئاسان نەبووە، بە تایبەتی بروک هەر لە سەرەتاوە، گەرەکی بووە ڕووبەڕووی ئەم گۆڕانکارییانە ببێتەوە. لەم ڕووەوە بروک دەڵێت: (لەم کاتەدا، گەڕانەوە بۆ جیهانی ئۆپێرا شتێکی گونجاوە، لەبەرئەوەی دەتوانین هەموو مەرجەکانی شانۆکەمان بگۆڕین؛ لە ڕووی چۆنیەتیی مەشق

و پرۆژەکانمانەوە، لە ڕووی نەمایش و نرخی بلێت و هەموو پێکهێنەر و شتەکانی ترەوە، بە شێوەیەکی تر دەتوانین جۆری پەیوەندییەکانمان بە بینەران و پانتایی شانۆوە بگۆڕین. ئێمە تەنها دە مانگ مەشقمان لەسەر کارمن کردووە، دوای ئەوە نزیکەی سەد نەمایشمان پێشکەش کردووە، مەشق قۆناغی ئامادەکردنە، بەڵام نەمایشەکە سەرەتای پرۆسەیەکی نوێی گەمەکردنە بەرامبەر بە بینەران، ئۆپێراکان تەنها پێنج، یان شەش جار نەمایش دەکرێن، لەو کاتەدا کە گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکان وردە وردە هەست بە دڵنیایی دەکەن و دەکەونە دۆزینەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ بینەراندا، هەموو شتەکان کۆتاییان پێ دێت. "پرۆژە ئۆپێراییە کلاسیکییەکان، دارایی و کاتێکی زۆریان دەوێت، لەشکرێکی گەورە لە هونەرمەند و گۆرانیبێژ، ڕێژیسۆر و سەدەها کرێکاری شانۆ و تەکنیککاران کاری تیادەکەن، لە ئەنجامیشدا تەنها سێ، یان چوار نەمایش دەکرێن. "دانا ڕەووف" ئەم هەستە وام لێ دەکات کە سوور بم لەسەر ئەوەی ئێمە، بە پێچەوانەی ڕێپۆرتواری ئۆپێرا تەقلیدییەکانەوە، زنجیرەیەکی درێژ لە هەمان کار پێشکەش بکەین. لە هەمان کاتدا، بە درێژایی ڕۆژیش بەردەوام بین لەسەر مەشق و پرۆڤە کردن.)<٨>

بروک پانتاییەکی بۆش دەکاتە دەستپێکی پەیوەندییەکی هاودەم و نزیک لەگەڵ بینەراندا، کارمن— ی وەک نەمایشێکی شانۆیی لە پانتاییەکی بۆشی بە "لم" داپۆشراودا بەرجەستە کردووە. ناوەرۆکی ئۆپێراکەش لە چوار سەعاتەوە دەبێتە تەنها سەعات و نیوێک، بەمەش پەیوەندییەکی چڕ لەو ناوەرۆکە

کورتکراوەیەدا بە گرووپێکی بچووک لە گۆرانیبێژ و ئەکتەرەکان دروست دەکات. ئۆرکیستراکەش دەخاتە پشتی شانۆکەوە تا ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان بینەران و ئەکتەرەکان نەمرێت.

بروک بەم چڕکردنەوەیەی مەودا و پەیوەندییەکان، ئۆپێراکەی لە سروشتی تراجیدیای گرێکی نزیک کردووەتەوە. وەلانانی دیکۆر و بنیادنانی پانتاییەکی بۆش، پارێزگاری لە پەیوەندییە بەهێزەکانی شانە تراجیدییەکە دەکات. لە هەمان کاتدا نەمایشی ئۆپێراکە لەو خوێندنەوە جیاوازەدا، جگە لە مەوداکانی تراجیدیای گرێکی، ئەتمۆسفێر و کەشوهەوای تراجیدیاکانی شەکسپیریش لەخۆ دەگرێت. لەو بارودۆخە ئەفسووناوییەدا ئاواز و تۆنەکان، گۆرانی و مۆسیقا ئۆپێراییەکەش شێوازێکی تر و ژیانێکی تری لەخۆ گرتووە. کارەکتەرە گۆرانیبێژەکان ڕاستەوخۆ لە پانتاییەکی کراوەدا، ڕوو دەکەنە بینەران، سنووری پەیوەندییەکانی ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان بە خۆیانەوە، بە بینەرانەوە نزیک دەبێتەوە. هەموو شتەکان مەودایەکی چڕ لەخۆ دەگرن، بەمەش پرۆسێسە ئۆپێراییەکە دەبێتە یەکەیەکی یەکگرتووی، سروشتی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامادەبوونێکی جیاوازتری بینەراندا. بەم چەشنە جوانترین پارچە مۆسیقایان بەدەست هێناوە، ئەم هێزی مۆسیقایەش بە ئاسانی کار دەکاتە سەر بینەران، ئەو کارتێکردنەش هێندە بەهێزە، دەتوانێت بینەران بەرەو جیهانە نهێنی و شاراوە تایبەتییەکەی خۆی ڕابکێشێت. بروک لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا، سەبارەت بە ئۆپێرای کارمن دەڵێت: (پاککردنەوە و کورتکردنەوەی کارمن لە لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی، کە ئەو ئۆپێرا بەناوبانگەی لەسەر ڕۆنراوە. ناوەڕۆکی کارمن لە

ڕوانگەی دوو بەرهەمی جیاوازەوە پێکهاتووە، یەکەمیان بریتییە لەو ئۆپێرا پاک و ساکارەی، من لەو بڕوایەدام "بیزێت" لە چیرۆکەکەی "مێرمێدێس"ەوە، کە بە شێوەیەکی بەهێز کاری تێ کردووە، نووسیوە. لە سەروو ئەمەشەوە ئێمە بەرهەمێکی ترمان هەیە، بەرهەمێک زیاتر شوێنپێی ڕێسا و دابونەریتە کۆنەکانی ئەم سەردەمە دەکەوێت. ئێمە هەوڵمان داوە لەم پرۆژەیەی خۆماندا، بە نەرمی و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ "کارمن"دا بکەین، تا بتوانین ئەو بیرۆکە پاک و ساکارەی نەژاد و بنەمای ئۆپێراکە بدۆزینەوە، بەرجەستەی بکەین و لە هەموو جۆرە ئاڵۆزی، زیادەڕۆیی و زەخرەفەکارییەکی پاک بکەینەوە.)<٩>

ئەم بۆچوونەی بروک دووپاتکردنەوەیەکی ئەو هونەرمەندەیە بۆ بە هاوچەرخکردنی ئۆپێراکە. بروک ئۆپێرای کارمن زۆر بە ئاسانی دەخاتە چواچێوەی ئەم زەمەنەوە، بەبێ ئەوەی تووشی شڵەژان و بزربوون بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کارمن لەم سەردەمەدا و لە تێڕوانینەکانی بروکدا ژیانێکی تازەی بە بەردا دەکرێت. ئەم هەوڵەی بروک بە مۆدێرنەکردنی چەمک و ڕێسا تەقلیدییەکانی ئۆپێرا و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی تر دادەنرێت ، کە بۆ ئێستاتیکا و تێگەیشتنی ئۆپێرای کلاسیکی دەبێتە ڕێگە چارەیەکی سەرتاسەری. بروک لە هەمان چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیدا، لەسەر قسەکانی سەبارەت بە کارمن بەردەوام دەبێت: (زەمەنێکە لەسەر شانۆ ئۆپێراییە گەورە و جیاوازەکانی جیهاندا، لە ڕوانگەی پێشکەشکردنی نەمایشی ئۆپێرایی زۆر گەورە و بریقەدارەوە، ناپاکی لە نەژاد و بیرۆکەی ئەم ئۆپێرایە دەکرێت. ئۆپێرای کارمن بووەتە پرۆژەیەکی تری جیاوازی پڕ لە دیمەن و

تابلۆی جۆراوجۆر و بەکارهێنانی جلوبەرگێکی باقوبریقی مۆدەئاسا، بەمەش نەمایشێکی تر و زەبەلاحی پڕ لە هاتوهاواریان خولقاندووە. بێگومان هیچ هەڵەیەک لە نەمایشێکی گەورە و کەرنەڤاڵئاسادا نییە، بەڵام ئەوە کارمن نییە، ئەمەش گوناهێکە لە "بیزێت" و ئۆپێراکەی دەکرێت. بیزێت خۆی درامایەکی مۆسیقیی گەورەی خولقاندووە، لەو مۆسیقایەدا، لەسەر ئاستێکی بەرز پێکداچوونێکی مەزن لە نێوان وشە و ئاوازدا هەیە. وشە و مۆسیقا پێکەوە، بە شێوەیەکی ڕەسەن و ساکار گوزارشت لە هەستی مرۆڤ دەکەن.)<١٠>

نەمایشی "تراجیدیای کارمن" وەک شۆڕشێکی هونەری و ئەزموونگەری وایە، مێژوویەکی نوێ و دەستپێکێکی تر بە سەراپای سترکتوری هونەری ئۆپێرا لە جیهاندا دەبەخشێت. بروک لە تێڕوانینێکی خەونئامێز و دونیایەکی ئەفسووناوی و بنەمایەکی ڕیتواڵییەوە، سەرلەنوێ کارمن – مان لە دەروازەکانی زەماوەندی عەشقێکی دڵتەزێن و ترسناک و خوێناویدا پێ دەناسێنێتەوە. کارمن لە لای بروک هەر لە شانۆی کۆنی گریکی و شەکسپیرەوە نزیک نابێتەوە، بەڵکو لە دونیا شیعرییەکەی "لۆرکا"ش نزیک دەبێتەوە، دەبێتە شیعرێکی درامیی درێژی لۆرکا و سەرلەنوێ لە زەمەنێکی تردا دەگەڕێتەوە. ئۆپێرای کارمن–ی بروک دەرگایەکی گرینگ بە ڕووی ڕەخنەگر، لێکۆڵەرەوان و مێژووی شانۆ و ئۆپێرای جیهانیدا دەکاتەوە، تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە،ناميلكە، وتار و کتێبی لە بارەوە نووسراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەها و گرینگیی ئەو ئەزموونە، لە ڕووی ئەو گۆڕانکارییە گەوهەری و بنەڕەتییانەوە، کە لە بواری ئۆپێرادا بە دەستی هێناون.

بروک خۆی لە ساڵی دوو هەزاردا، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەرییدا لە هێلسینکیی پایتەختی فینلاند، ڕوو دەکاتە گەنجەکان و سەبارەت بە هەلە ئەزموونگەری و میتۆدە بەکارهێنراوەکانی کارمن دەڵێت: (پێویستە لە سەرەتاوە بە چەندەها دید و بۆچوونەوە دەست پێ بکەیت و لە هیچ شتێک سڵ نەکەیتەوە. بیرۆکەی گێلانە، یان بە هەڵە حاڵیبوون و تێڕوانینی پڕ لە تەمومژ گرینگ نییە. دوای ئەوەی هەموو ئەوانەت تاقیکردەوە، دەتوانیت لەسەرخۆ شت لابەریت، بۆ نموونە، کە ئێمە دەستمان کرد بە ئۆپێرای "کارمن" چەندین هەڵەی زەق و بیرۆکەی نابەجێ و گێلانەمان دەکرد. گۆرانیبێژە ئۆپێرالییەکان لە سەرەتادا تووشی خورپە هاتبوون، بەڵام دوایی لەو گێژاو و پشێوییەدا، لەنێو چەندین تێڕوانین و دیدی گراندا، سەربەستیمان دۆزییەوە، ئەکتەر و گۆرانیبێژە ئۆپێرالییەکانیش لەو گەشتە پڕ لە گەمەیە گەییشتن.)<١١>

گۆڕانکارییەکانی بروک بەر لە هەموو شتێک ڕێگەخۆشکردنێکی گرینگ بوون بۆ ئاسانکردن و بەرهەمهێنانی پرۆژە ئۆپێرالییەکان لە بارودۆخێکی جیاوازتردا. بروک خۆیشی بەردەوام دەبێت. کارمن لە گەشتێکی جیهانیدا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا نەمایش دەکرێت، هەندێک پرۆژەی ئۆپێرایی تریش سنوورە تەقلیدی و جیهانە کلاسیکییەکەی ئۆپێرا بە تەواوی دەڕوخێنێت.<١٢> بەم چەشنە بروک ئۆپێرایەکی نوێ بۆ زەمەن و جیهانێکی هاوچەرخ و مۆدێرن دەخوڵقێنێت، دوا پرۆژە ئۆپێراییەکانی تریشی لە ساڵی ١٩٩٨ و ٢٠١٠دا، بە هەمان نەفەسی ئەزموونگەرییەوە، بە هەمان ئاڕاستەو دیدی مۆدێرن و

هەستی هەنووکەیدا، پێشکەش دەکات. بەر لە تێپەڕاندنی سەدەی ڕابردوو، بروک سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەر بلیمەتێکی گەورەی وەک "مۆزارت" و شاکارەکانی، "دۆن جیۆڤانی" و "شمشاڵی ئەفسووناوی"مان پێشکەش دەکات.

## دۆن جیۆڤانی

بروک لە ساڵ ١٩٩٨دا ئۆپێرای "دۆن جیۆڤانی"<١٣> لە فێستیڤاڵی ئۆپێرا لە Aix – en Provence پێشکەش دەکات.<١٤> ئەم ئۆپێرایەی "مۆزارت"<١٥> دەبێتە یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەو فێستیڤاڵە. بروک سەرلەنوێ بە ئۆپێرایەکی تر دووپاتی گرینگیی گۆڕانکارییەکان لە بواری ئۆپێرادا دەکاتەوە. هەر لە هەمان ساڵدا ئەو پرۆژە ئۆپێراییە نوێیەی بروک، بە بۆنەی چالاکییەکانی "ستۆکهۆڵم پایتەختی کولتووری ئەورووپا" لە ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێتەوە.<١٦>

## داستانی دۆن خوان

"دۆن خوان" وەک کارەکتەرێک، بووەتە داستان و ئەفسانەیەکی هەتاهەتایی نەمر، بەڵام ئایا دۆن خوان، ئەم کەسایەتییە پڕ لە ڕاز و نیازە، ئەم کەسایەتییەی کە جێگەی سەرنجی مێژوونووسان، مێژووی ئەدەب، سینەما و شانۆ بووە، کێیە؟ ئایا کەسایەتییەکی ڕاستەقینە، یان زادەی ئەندێشە و پاڵەوانی داستانەکانە؟ هیچ وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا سەبارەت بەم پرسیارانە نییە! بەڵام بە پێی سەرچاوەکان چیرۆکی "دۆن خوان" لە سەردەمی ڕێنیسانسی وڵاتی ئیسپانیادا سەری هەڵداوە. ساڵی ١٦١٣ یەکەم بەرهەمی

درامی سەبارەت بەم کەسایەتییە نووسراوە، دوای ئەوە دۆن خوان دەبێتە سەرچاوەیەکی بە پیت و گرینگی گەلێک شاکاری ئەدەبی و هونەری.

مۆزارت لە ساڵی ۱۷۸۷دا ئۆپێرای "دۆن جیۆڤانی" نووسیوە، ئۆپێراکەی مۆزارت بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی نییە بە ڕووداوەکانی ساڵانی ۱٦۰۰-ەکانی ئیسپانیاوە، بەڵکو دۆن جیۆڤانی لە لای مۆزارت، بەر لە هەموو شتێک مرۆڤە. <۱۷>

بە مرۆڤ بوون، لە هەموو ڕووەکانییەوە دەبێتە کرۆک و بزوێنەری ڕووداوەکان و هەموو شتەکانی تر دەچنە پەراوێزەوە، یان هەموو شتەکانی تر بۆ دووپاتکردنەوەی بوونی دۆن جیۆڤانی— یە، وەک مرۆڤ، ئەمەش گرینگی و بەهایەکی تایبەتمەندی بە ئۆپێراکە بەخشیوە و کارەکتەرەکەشی لە ژیانی خەڵکی ئاسایی و واقیعی ژیانی ڕۆژانەدا نزیک کردووەتەوە.

مۆزارت بۆ نووسینی ئەو ئۆپێرایە کەڵکێکی زۆری لە تەوژمی هیومۆریستەکان وەرگرتووە و توانیویەتی بە شێوازێکی ئەفسووناوی پەی بە جیهانە شاراوەکەی ناوەوەی مرۆڤ ببات، لە زۆر ڕووەوە هەست و هۆشی کارەکتەرەکان بە تایبەتی "دۆن جیۆڤانی" چڕ بکاتەوە و مەودا دەروونییەکان و پەیوەندییەکان و زەمەنی ئۆپێراکە بکاتە زەمەنێکی بزۆز. (هەر لە سەرەتاوە مۆزارت کەرەستە و سامانێکی ئێجگار زۆری بۆ دەربڕین سەبارەت بە ژیانی مرۆڤایەتی کۆکردووەتەوە، تەنها لە ڕووکارە ساکارەکەیەوە نا، کە چاودێرییەکی وردی خەڵکی بکات، بەڵکو لە ڕێگەی شۆڕبوونەوە بە ناوەوەی ژیانی خۆشیدا.)<۱۸>



ئۆپێرای "دۆن جیۆڤانی"

شانۆی بۆف دی نورد

مۆزارت له پشت پەردەیەکی تەنکەوە (هیوا، خواست و گومان)ی مرۆڤ بە ڕوونی بەرجەستەی مۆسیقایەکی بەرز دەکات، گرینگیی ئەم مۆسیقایەش لەوەدایە کە زۆر ڕاستەوخۆ هەوڵ دەدات گوزارشت لەو جیهانە هەستپێکراوەی ئەندێشەکانی مرۆڤ دەدات. لەبەرئەوە هەر ڕاستەوخۆش ڕووبەڕووی مرۆڤ و هەست و سۆزەکانی دەبێتەوە. بروک سەبارەت بەم پرۆسە مۆسیقییەی مۆزارت دەڵێت: (مۆزارت مۆسیقاکەی دەنووسێت، ئێمەش خۆمانی لێ نزیک دەکەینەوە و پێکەوە لەگەڵ ئەودا بەسەر چیایەکدا هەڵدەگەڕێین.)<١٩>

بە درێژایی مێژوو ئەو کەسایەتییە بووەتە جێگەی سەرنجی مرۆڤ، جەماوەر هەمیشە بە پەرۆشەوە ویستوویانە ئەو "شەیتانە" لەسەر شانۆکان ببینن و گرینگیی ئەم چیرۆکەش و ئەم کەسایەتییە، تەنها بۆ مەسەلەی ئافرەت، خۆشەویستی، سێکس و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان ژن و پیاو ناگەڕێتەوە. بەڵکو لە پاڵ هەموو ئەمانەدا کەسایەتیی دۆن خوان بە دوا ئەرستۆکرات و یەکەمین مرۆڤی یاخی دادەنرێت.

دۆن خوان زۆر ئازایانە پشت دەکاتە هەموو یاساکانی کۆمەڵگەکەی خۆی: یاسا ئایینییەکان، کڵێسا، ئاکار و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بە دوای پێناس و خودی خۆیدا دەگەڕێت، بەمەش هێڵێکی درامیی چڕ و دژوار، مەودایەکی فراوانتری بەو کارەکتەرە و دواتریش بە هەموو خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە جیاوازەکان بەخشیوە.

## بەسەرهاتی دۆن جیۆڤانی

ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی بریتییە لە دوو بەش، ڕووداوەکانی لە شاری "سڤیلە" لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٦٠٠ەکاندا ڕوودەدات.

### بەشی یەکەم

دۆن جیوڤانی هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵی "دۆنە ئانە" و دەیەوێت پەلاماری بدات، بەردەستەکەشی "لێپۆرێلۆ" پاسەوانیی دەرگاکەی بۆ دەکات، دۆنە ئانە هاواری لێ هەڵدەستێت و ڕادەکاتە دەرەوە. باوکی دۆنە ئانە بە دەنگ کچەکەیەوە دێت، دۆن جیۆڤانی هەر لەوێدا و دەستبەجێ باوکی دەکوژێت و ڕادەکات. دوای ئەوە دۆنە ئانە و دۆن ئۆتاڤیۆ دێنە شوێنی ڕووداوەکە، دۆنە ئانە هەر لەوێدا بڕیار ئەدات تۆڵەی باوکی بسەنێتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە، دۆنە ئێلڤێرەی کۆنە دۆستی دۆن جیۆڤانی باسی ئەوە دەکات، کە دۆن جیۆڤانی دەستی بڕیوە، بەڵام لێپۆرێلۆ دڵخۆشیی دەداتەوە بەوەی، ئەو تەنها کەسێک نییە و نەبووە، کە دۆن جیۆڤانی دەستی بڕیبێت. لە لایەکی ترەوە شایی و زەماوەندێکی گەورە دەگێڕدرێت، دۆن جیۆڤانی خۆی دەگەیەنێتە شاییەکە و مرخی خۆی لە بووکەکە خۆش دەکات. هەموو بەشدارانی ئاهەنگەکە بۆ کۆشکەکەی خۆی بانگ دەکات، ئەمەش وا لە زاوا "مەسێتۆ" دەکات بە گومانەوە بڕوانێتە ئەم خزمەتگوزاری و دڵفراوانییەی دۆن جیۆڤانی. دوای ئەوە دۆن جیۆڤانی ئاهەنگێکی گەورە لە کۆشکەکەی خۆیدا ساز دەکات، هەموو دانیشتووانی گوندەکە بۆ

شەرابخواردنەوە بانگ دەکات؛ دۆنە ئانە، دۆنە ئێلڤیرە و دۆن ئۆتاڤیۆس، بە دەمامکەوە ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبن.

لە ئاهەنگەکەدا دۆن جیۆڤانی بووکەکە لە پەناوە دەباتە ژوورێکی ترەوە تا دەستی لێ بوەشێنێت، بوکێ هاواری لێ هەڵدەستێت، دەستبەجێ زاوا و هەر سێ میوانە دەمامک پۆشەکان دەگەنە سەر دۆن جیۆڤانی و تاوانباری دەکەن، بەڵام دۆن جیۆڤانی لە بری خۆی، بەردەستەکەی "لێپۆرێلۆ" تاوانبار دەکات و خۆی لە مەسەلەکە ڕزگار دەکات.

### بەشی دووەم

دۆن جیۆڤانی بە پارە و دیاری لێپۆرێلۆ قایبل دەکات جلوبەرگەکانیان بگۆڕنەوە، لێپۆرێلۆ لە جلوبەرگەکانی دۆن جیوڤانیدا سەرلەنوێ دۆنە ئێلڤێرە لە خشتە دەبات. دۆن جیۆڤانی خۆیشی کەنیزەکەی دۆنە ئێلڤیرە هەڵدەخەڵەتێنێت. دوای کۆمەڵێک ڕووداوی تر، لێپۆرێلۆ ناچار دەبێت، کە هەموو کردەوە نابەجێکانی دۆن جێۆڤانی بۆ هەموان بگێڕێتەوە، پەردە لە سەر ڕووی ڕاستەقینەی دۆن جیۆڤانی هەڵدەماڵێت، هەموان بەو گێڕانەوەیە ڕازی دەبن و بڕوا بە قسەکانی لێپۆرێلۆ دەکەن. دۆن ئانە زەماوەند لەگەڵ دۆن ئۆتاڤیۆ دەکات، دۆنە ئێلڤێرەش بڕیار دەدات لە یەکێک لە کڵێساکاندا ببێتە دێوانە، بووک و زاواش دەگەڕێنەوە بۆ یەک و لێپۆرێلۆش دەگەڕێت تا هەلی کاری لەلای ئاغایەکی باشتر دەست کەوێت.

## پیتەر بروک و مۆزارت

مۆزارت هەر وەک شەکسپیر هاوکێشەی پرۆسەیەکی بەردەوام و یەکگرتوون لە لای بروک، دەیەوێت بەردەوام بگەڕێتەوە سەریان و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. لەم ڕووەوە مۆزارت بەهایەکی ئێجگار گرینگی هەیە، هەروەها بە ڕاوبۆچوونی بروک، جیهانی مۆزارت نزیکە لە جیهانی شەکسپیرەوە، هەردووکیان دەربڕی پرۆسەیەکی گرینگی ڕۆحی مرۆڤایەتین.

بروک دەیەوێت لە مۆزارتدا شەکسپیر و لە شەکسپیردا مۆزارت بدۆزێتەوە، لە شەکسپیردا ڕۆحی مۆسیقا و لە مۆزارتدا ئەفسوونی وشەیەکی ساکار، بەڵام قووڵ ئاڵوگۆر پێ بکات، کۆیان بکاتەوە، بیان کات بە ناو یەکتردا و مۆزارتێکی شەکسپیری و شەکسپیرێکی مۆزارتیمان پێشکەش بکات. ئەم کارەشی دەچێتە دووتوێی خوێندنەوەکانی، چ بۆ شەکسپیر و چ بۆ مۆزارت و بەشێکی گرینگن لە پرۆسە شانۆییەکەی بروک.

بروک لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا سەرقاڵی ئەزموون و لێکۆڵینەوەی شانۆیە، بۆ نموونە بەکارهێنانی پانتاییە بۆشەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکتەر بە سترکتوورەکانی "وشە و زمانەوە" بە ئەکتەرەکانی تری سەر شانۆ و بە بینەرانەوە، بوونەتە خەونێکی گەورە، هونەری ئۆپێراش لەو خەون، پرۆژە، ئەزموون و لێکۆڵینەوەیەدا بێبەش نەبووە.

دۆن جیۆڤانی بۆ بروک سەرلەنوێ دەبێتە وێستگەیەکی تری ئەزموونگەری، لەم وێستگەیەدا پانتاییە بۆشەکان و هونەری ڕاگوزاری و مەشقی ئەکتەر و بەکارهێنانی ئامرازە شانۆییەکان

دەبنە سەرچاوەیەکی گرینگ. کۆمەڵێ ئەکتەری گۆرانیبێژی گەنج، ئازایانە دەبنە ئەو کەرەستە گرینگە. بروک و گروپەکە بۆ ماوەیەک لە دارِشتەکانی شانۆیەکی ڕاگوزارییەوە مەشقیان لەسەر دۆن جیۆڤانی کردووە. میتۆدەکانی شانۆی ڕاگوزاری دەبێتە فۆرمێکی خۆئامادەکردن بۆ پرۆسێسەکە، لەم ڕووەوە لە هەڵوێستە جیاوازەکانی دەقەکە، تۆنەکان، گۆرانی، کارەکتەرەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان، لە ماوەی مەشق و پرۆڤەکردندا دەکۆڵنەوە. <۲۰>

بروک لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت: (هاواری ئاژەڵ بە شێوەیەکی سەرەتایی و پاشکەوتە گوزارشت لە هەست و سۆز دەکات، کە لە جەستەوە، لە فۆرمی دەنگ و سەدایەکی چریکەئاسادا دێتە دەرەوە. بەر لەوەی مرۆڤی چاخە سەرەتاییەکان فریای دەربڕینی بیر و چەمکەکان بکەون، ئاژەڵەکان لە ڕێگەی جۆرە دەنگ و هاوارێکەوە گوزارشتیان لە ژیان و باری هەست و هۆشیان کردووە. جۆرە هاوارێک بۆ ئازار هەبووە، هەروەها بۆ پەژارە و ئاگادارکردنەوە و بۆ خۆشی. دواتر تەنها وشەی "دڵخۆش"، یان "بەختیار" بەشی گوزارشتکردنی نەکردووە لە دڵخۆشییەکی بێسنووری گەورە. دەنگێک بەر لەو هەستە، مرۆڤی ڕووە و ئەو دڵخۆشییە بێسنوورە بردووە، دەنگێک لەگەڵ و لە دوای وشەکەوە. منیش کە لەگەڵ ئەکتەرەکانمدا کار دەکەم، دەتوانین سەیری ئەوە بکەین، کە چۆن پێویستیی گوزارشتکردنێک لە تەنها یەک تۆن پەیدا دەبێت، تۆنێکی تەواو ڕەهای پێویست. دوای ئەوە، هەر وەکو میلۆدییە پاشکەوتە سەرەتاییەکان، دەربڕینێکی تر بە دوو تۆنەوە دێت، دوای ئەوە

سێ تۆن. فۆرمێک بە ڕێگەوەیە بۆ دروستبوون. هیچ جۆرە شتێکی ناسروشتی بەسەر پێشکەوتنی ئەم فۆرمەوە نییە، کە ئێمە بە ئۆپێرای ناو دەبەین، بە پێچەوانەوە ئەوە بە تەواوی سروشتییە، واتای یەک وشە بەرز بکرێتەوە، کە لەوانەیە گوزارشت لەو هەموو هەستە نەکات، کە دەیانەوێت بیبینین. مۆزارت لە دۆن جیۆڤانیدا گوزارشتی لە ڕەنگە جیاوازە شاراوەکان کردووە، کە لە پشت وشەکانەوە بوون.)<٢١>

لەم داڕشتەیەدا بە بێ زەخرەفەکاری، بە بێ کۆراڵ و لەشکرێکی گەورەی کۆرس، بە بێ ئۆرکیسترا، بە بێ خانووبەرە تەقلیدییەکانی ئۆپێراکان و لە پانتاییەکی بەتاڵ و لە بەرگێکی دەربڕینئاسای ساکاردا، بروک وێنەیەکی بەرزی مۆزارت بەرجەستە دەکات. ئەم هونەرمەندە سەبارەت بەم ئۆپێرایە دەڵێت: (دۆن جێۆڤانی ئۆپێرایەکە لێوانلێوە لە ژیان. ئۆپێرایەکە زۆر ستەمە فۆرمی کۆن و شێوازی تەقلیدی لەخۆبگرێت، دۆن جێۆڤانی وەک هەموو بەرهەمەکانی تری مۆزارت، هەروەک ئەوە وایەو کە ژیان خۆی بدوێت.)<٢٢>

بەر لە هەموو شتێک گۆرانغی ئۆپێرایی لە دۆن جیۆڤانیدا گۆڕانکارییەکی زۆری بە سەردا دێت، گۆرانییە ئۆپێراییەکان لەم پرۆژەیەدا، لە نێوان خوێندنەوەیەکی شیعرئاسای گۆرانییەکان و بە ئاوازکردنی وشەکاندا دەبێتە فۆرمێکی نوێ. لەو فۆرمەدا مۆزارت و هونەری مۆسیقا پاکژ دەبنەوە و دەبنە ڕووبارێکی سازگار، وێنەکان لە چاوتروکاندنێکدا لە دایک دەبن و لە چاوتروکاندنێکیشدا بزر دەبن، وێنەی تر سەرلەنوێ دەخولقێنێت، دۆخێکی پڕ لە ئەفراندن تێکڕای پانتاییەکە دەگرێتەوە. (کلیلی

نەمایشێکی شانۆیی باش لە چاوتروکاندندایە. ژیان لە چاوتروکاندنێکدا. هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت کارەکتەری دۆن جیۆڤانی لە لایەن گۆرانیبێژێکەوە بەرجەستە بکرێت، کە لە هەمان کاتدا ئەکتەرێکی چاکیش بێت، بۆ ئەوەی کارەکتەری دۆن جیۆڤانی پێشکەش بکەیت، تەنها بە جوانی سیما و شێوە و دەنگێکی خۆش کۆتایی نایەت. هونەری نواندن، هەروەک دەنگ و هەستی مۆسیقی گرینگە، ئەوەی پێویستە ئەکتەرێکە توانای گۆڕان و خۆگونجاندنی هەبێت، کەسێک کە بتوانێت لە چاوتروکانێکەوە بۆ ئەوی تر لە کەسایەتیی دۆن جیۆڤانیدا بژی.)<۲۳>

خوێندنەوەکەی بروک بۆ دۆن جیۆڤانی دەبێتە کۆمەڵێ بیرۆکە، دید و هزری پێکداچوو. زۆر گرینگە بزانین کە مۆزارت لە ئۆپێراکەیدا "دۆن جیۆڤانی"یەکمان پێشکەش دەکات، کە لە دوا ساتەکانی ژیانیدایە، داڕمان و کەوتن و چارەنووسێکی ڕەش و مەرگ لەسەر ڕێگەیدا وەستاون، بەڵام ژیانی بەر لە ئێستا و ئەو ساتەوەختە، ژیانێکی پڕ لە خۆشگوزەرانی و سەرکەوتن بووە.

ئاشکرایە دۆن جیۆڤانی لە ژیانی ڕابردوویدا چەندین ئافرەتی ئاسوودە و دڵشاد و بەختەوەر کردووە. (کە دۆن جیۆڤانی باسی ئافرەت دەکات، تەنها باسی شەهوەت و ئیرۆتیک ناکات، بەڵکو باسی خۆشەویستی دەکات. ئا لەم چاوتروکانەدا، کە باسی خۆشەویستی دەکات، خۆی دەدات بە دەست جەستە و ڕۆحەوە.)<۲٤>

بەڵام دۆن جیۆڤانی لە دواساتەکانی تەمەنیدا هیچ شتێکی خۆش و بە کەڵکی لە ژیانیدا نەماوە. ژیان گەیشتووەتە

دواوێستگەکانی کۆتایی، ڕۆحی تێکشکاوە، هاوسەنگی هەست و هۆشی لە دەست داوە و لە کرۆکەوە شێواوە. بروک ئەو کۆتاییە لە ژیانی دۆن جیۆڤانیدا دەکاتە کەرنەڤاڵێکی ڕەنگ، گەمەیەکی ڕەش، ئاواز و گۆرانییەکی نوێی ئۆپێرایی. یادەوەرییەکان لە ئێستادا زیندوو دەبنەوە، ئایندە بەرەو کۆتایی دەڕوات و مەرگ چاوەڕوانە. لەم ساتانەدا دۆن جیۆڤانی مرۆڤ لە هەموو سیفەتەکانی، لە گەشتە ئەفسوونییەکەی، لە تارماییە هەتاهەتاییەکەی ئافرەت، لە هەموو شتێک دادەبڕێت، وەک بوونەوەرێکی ڕووتوقووت ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە. بروک دۆن جیۆڤانی دەکاتە مەسەلەیەکی گشتی و بە چارەنووسی هەموو ئەو کەسانەشەوە دەیبەستێتەوە، کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

(مۆزارت ئۆپێراکەی ناو ناوە "دۆن جیۆڤانی"، بەڵام لە ڕاستیدا ئۆپێراکە بەسەرهاتی چیرۆکی هەموو ئەو مرۆڤانەشە، کە ڕووبەڕووی دۆن جیۆڤانی دەبنەوە، ئەمەش تەنها بەشێکە لە مێژوویەک، لە چیرۆکێک کە بە مردنی "دۆن جیۆڤانی" کۆتایی دێت.)<٢٥>

## ئۆپێرای "دۆن جیۆڤانی" لە پانتاییەکی بۆشدا

بروک لە شەستەکاندا بانگەشەی "پانتاییە بۆشەکان"ی وەک فەلسەفەیەکی شانۆیی و دیدێکی ئێستاتیکیی کردووە، بەڵام ئەم فەلسەفە شانۆییە، لە دۆخێکی وەستاو و چەقبەستوودا نەماوەتەوە، بەڵکو بە درێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو، لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا گۆڕانکاریی زۆری بە سەردا هاتووە، لەگەڵ

هەر نەمایش و پرۆژەیەکی نوێشدا بە شێوازی جۆراوجۆر بەرەو پێشەوە چووە. لە دۆن جیۆڤانیدا، وەکو پرۆژەیەکی تری ئەزموونگەریی لە بواری ئۆپێرادا، پانتاییە بۆشەکان فۆرم و تەکنیکێکی تر لەخۆ دەگرێت.

ڕووبەر و پانتاییەکی بۆش بەرامبەر بە بینەران، لەسەر تەختەی شانۆکەوە درێژ بووەتەوە، کۆمەڵێ عەمودی لە دار دروستکراو، لە پشتەوە بە پێوە وەستاون، لە کاتی پێویستدا ئەو عەمودانە و مێزێک، هەندێک سەرین، سێ بارستەی بچووکی سەوز، سوور، شین، وەک ئەفسوون دێنە پێشەوە، لە جوڵانەوەیەکی خێرادا، وەک گەمەی زار گۆڕانکارییەک ڕوودەدات و بەمەش بەرجەستەی دیمەنێکی نوێ دەکەن.

سینۆگرافیا شێوە گەمەیەکی بزۆز، لە ڕۆنان و سترکتوری دیمەنەکاندا، لە بەستنەوەی بەش و پەردەکاندا دەکات، بەکارهێنانی ڕەنگی تۆخ و بیرۆکەی "پانتایی بۆش" فۆرمێکی ئێستاتیکی دەبەخشێت بە نەمایشەکە. لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی جلوبەرگی ئەمڕۆ و کۆمەڵێ کەرەستەی زۆر ساکار دەبنە هێماگەلێکی ڕاستەوخۆی فۆرمی ئۆپێرایەکی مۆدێرن. هەڵوێستەی کتوپڕ و گەمەی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان وەک شانەیەکی گرینگی بەرجەستەکردنی ئۆپێراکە دەردەکەون، لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا، وەک هەر گەمەیەکی تری شانۆیی، ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان لە بەرچاوی بینەرانەوە، لەملاولای پانتاییە بۆشەکەی شانۆوە دێنە ژوورەوە، هەموو ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان هەر لە سەرەتاوە چاودێرییەکی وردی یەکتری و گەمەکە دەکەن. وزەی ئەکتەرەکان، پانتاییە بۆشەکە و سەرلەنوێ

به گۆرانی کردنەوەی گۆرانییە ئۆپێراییەکان، بە شێوەیەکی جیاواز و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی فۆرمە تەقلیدی و تەباکانی جیهانی ئۆپێراوە، فۆرمێکی تری ئەزموونگەری دەبەخشێتە ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی. لەو فۆرمە ئەزموونگەرییەی ئۆپێراکەدا، هەندێک جار بە تەواوی ئۆرکێسترا گەورەکە بوونی نامێنێت.

بروک لە هەندێک هەڵوێستە و دیمەنی جیاوازدا، هەموو ئۆرکێستراکە بێدەنگ دەکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ لادانێکە لە یەکێک لە گرینگترین بنەما سەرەکییەکانی بەرجەستەکردنی هونەری ئۆپێرا. لەبری ئەوە ئامێری "شێمبالی"، یان "شەمبەلۆ" بەکاردەهێنێت. ئەمەش ئامێرێکی کۆنە و زیاتر لە ساڵەکانی ١٧٠٠ەکانی سەردەمی باروکدا بەکارهاتووە، لە شێوە و فۆرمی پیانۆیەکی بچووکدایە، بەڵام بە تۆن و ئاوازێکی ترەوە.

لەسەر شانۆ و پانتاییە بۆشەکە، ئەو ئامێرە مۆسیقییە بووبووە بەشێکی گرینگی سینۆگرافیا و گەمە شانۆییەکە. تەنها یەک ئامێری مۆسیقی وەها لەسەر شانۆکە، بەو دەنگە جیاوازەوە جێگەی ئۆرکێسترایەکی گەورە دەگرێتەوە. بەکارهێنانی کتوپڕی گروپێکی مۆسیقی، کە لە پانتاییە بۆشەکەدا دەردەکەون، چەمکێکی کۆمیدیای دیلارتی سەردەمی ڕێنیسانس و شانۆیەکی میللیی دێرینی ئەورووپی بەرجەستە دەکەن. بەم شێوەیەش لە ڕۆڵی مۆزارت نزیک دەبنەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەو گروپە مۆسیقییە دەبێتە بەشێکی گرینگی گەمە ئۆپێراییەکە، پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان و سترکتورە هونەرییەکە و تێکڕای نەمایشەکە دروست دەکات.

دۆن جیۆڤانی لە لای بروک تەنها نابێتە خوێندنەوەیەکی ئیرۆتیکیی، ئالۆش و حەزێکی بەردەوامی جەستەی ئافرەت، بەڵکو لە پاڵ ئەو حەزەدا ڕۆحێکی بێ ئارامی تەنهاشمان پیشان دەدات، دووپاتکردنەوەی تەنهایی، ئازاری ڕۆح و ژیانێکی تەمومژاوی دەبنە دیدێکی ئاشکرای خوێندنەوەی ئۆپێراکە. <٢٦> بروک بە دێڕێک پێناسەی کارەکتەری دۆن جیۆڤانی دەکات و دەڵێت: (دۆن جیۆڤانی ڕۆحێکی دۆڕاوە، بە بێ ئەوەی ئەو خۆی هەستی پێ بکات.)<٢٧>

بروک لەم نەمایشەدا، مەبەستیەتی مامەڵە لەگەڵ تەنهایی مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئەورووپا، دڵەڕاوکێ و دابڕانی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکات. لە هەموو وێنەیەکدا، لە هەموو هەڵوێستەیەکدا، تۆنی دەنگ و بە ئاوازکردنەوەی گۆرانییەکان، بە ئاشکرا هەڵپەی مرۆڤ بۆ خۆشەویستی و پێکەوەژیان بەرجەستە دەکات، بێگومان ئازارەکانی مرۆڤ و بزربوونی لە واقیعێکی نادیاردا، لەو هەڵپە و ڕاکردنەدا، وەکو بوونەوەرێکی تەنها دەبێتە چەقی وێنە و ڕووداوەکان.

بروک بە مەبەستی دابڕان و بە نامۆییکردنی چەمکی ئۆپێرا، گۆرانییە ئۆپێراییەکانی زۆر جار، وەک لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، کردووەتە دیالۆگێکی پڕ لە ئاواز، یان دیالۆگێکی نزیک لە گۆرانی، بەمەش زیاتر کارەکتەرەکانی لە ئاستەکانی ژیانی ڕۆژانە و واقیعەوە نزیک کردووەتەوە، کە گۆرانیی ئۆپێرا دەبێتە خوێندنەوەی شیعرێک، گۆرانیبێژەکەش چیتر گۆرانیبێژ نییە، لە واقیعێکی تر و لەسەر بنەمایەکی تری هونەرییەوە، بە شێوەیەکی تر دەردەکەوێتەوە.

ئەم گەمەکردنە بە گۆرانیی ئۆپێراکە، مۆرکێکی قووڵ، جووڵەیەکی جیاوازتر دەبەخشێتە جەستە و دەنگی گۆرانیبێژ / ئەکتەر.

بروک ئەم تەکنیکەی وەک چارەسەرێکی هونەری، لە هەمان کاتدا دیدێکی فیکریی بۆ خوێندنەوەی ئۆپێراکە بەکارهێناوە.

## مەرگ وەک هاوکێشەیەکی گرینگی ژیان

بروک هەر لە سەرەتاوە ترس و چەمکی مەرگ دەکاتە سەرچاوەیەکی گرینگی چارەنووسی ئەو مرۆڤە تەنهایانە، مەرگ لەو گەمەیەدا بوونێکی ترسناکی هەیە، چارەسەر و بەرجەستەکردنی ئەو چەمکە، لە چاوتروکانێکدا دەبێتە ڕووناکییەکی سپیی بەهێز. مەرگ لە دوا دیمەندا دەبێتە پەیکەر، دەبێتە تارمایی کۆمەڵێ مرۆڤی ڕەشپۆش. بە ڕادەیەک لە دەمامکێکی سپیی سیمای ڕوخسار و دەموچاوی ئەو مرۆڤە تارماییئاسایانە زیاتر هیچی تر نابینرێت. دەمامکەکانیش وێنەیەکی گوزارشتئامێزی بوونی مەرگە، مەرگ هیچ بەزەییەکی نییە، جیاوازی لە نێوان هیچ کەسێکدا ناکات و لە تاوانەکانی مرۆڤایەتیش خۆش نابێت. لەو وێنەیەدا هونەری ڕووناکی، هێزی جەستەیەکی ڕەشپۆش و دەمامکێکی سپی، ترسێکی گەورەی مەرگ بەرجەستە دەکات، هەر ئەو ترسە گەورەیەش لە چاوتروکانێکدا تۆڵەی خۆی لە دۆن جیۆڤانی دەکاتەوە. دۆن جیۆڤانی بە تەنها لە دورگەیەکی ترسناکدا ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە.

بروک ئەو دیمەنە ترسناکە دەکاتە گەمە و وێنەیەکی شانۆیی کاریگەر، هونەری ڕووناکی، بەکارهێنانی دەمامک، بە شانۆکردنی شانەکانی ئۆپێراکە و هونەری مۆسیقا، بەرجەستەی تەنهایی دۆن جیۆڤانی و دەسەڵاتی مەرگمان بۆ دەکات. (مۆزارت هەمیشە بە مۆسیقاکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەم بنەما ئامادەییەی مەرگ، هەموو کۆمپۆسیتۆرەکانی سەبارەت بەم دوو لایەنەیە: دڵخۆشی بە ژیان و ڕێزێکی بێپایان لە مەرگ.)<٢٨>

بەهای ئەو هەوڵە ئۆپێراییانەی بروک لەو دیدە ئەزموونگەرییەدا دەگەڕێتەوە بۆ بەشانۆکردنی ئۆپێرا، بە شانۆکردنێک بە بێ ئەوەی بنەما و چەمکەکانی هونەری ئۆپێرا وەلاوە بنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەو هەوڵانەدا ڕێساکانی ئۆپێرایەکی تەقلیدی پاکژ دەبێتەوە، هەناسەیەکی نوێ و فۆرمێکی جیاوازی شانۆیی لەخۆ دەگرێت، بەمەش فۆرمێکی بچووکتر، جیاواز لەوەی تا ئێستا لە ئۆپێرای مۆزارتدا پەیڕەو دەکرێت، دەخوڵقێنێت.

## شمشاڵێکی ئەفسووناوی، خوێندنەوەیەکی جودا

بروک لە ساڵی ٢٠١٠دا سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەر دونیای مۆزارت و ئۆپێرای "شمشاڵی ئەفسووناوی" پێشکەش دەکات، لە هەمانکاتیشدا لەسەر گۆڕانکارییە ڕادیکالییەکانیشی لە بواری هونەری ئۆپێرادا بەردەوام دەبێت.

بروک نەمایشەکەی ناو دەنێت "شمشاڵێکی ئەفسوونی، خوێندنەوەیەکی جودا"، بەم ناونیشانەش ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە ئۆپێراکەی بە شێوەیەکی جیاواز و دوور لە ڕێسا

بنەڕەتییە نەگۆڕەکانی هونەری ئۆپێراوە خوێندووەتەوە، هەر لە سەرەتاشەوە، بەو ناونیشانە بینەران ئامادەی ئەو خوێندنەوە جیاوازەی خۆی دەکات.<٢٩>

بروک چیرۆک و بەسەرهاتی ئۆپێراکەی چڕکردووەتەوە، هەموو لقوپۆپە زیادەکانی قرتاندووە و کارەکتەرەکانی لە گروپێکی بچووکدا کۆکردووەتەوە، بەم شێوەیەش بەسەرهاتێکی بە گۆرانیکراوی هاودەم و نزیکمان بۆ دەگێڕێتەوە.

## شمشاڵی ئەفسووناوی و سترکتوریێکی میتۆلۆژی

شمشاڵی ئەفسووناوی سترکتورێکی ئەفسانەئامێز و فۆرمی داستانە دێرینەکان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەیەکی لۆژیکی هێڵی گشتیی چیرۆکەکە و کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان کۆ دەکاتەوە، هەروەها ئەفسانەکە سەرەتاو ناوەند و کۆتایی هەیە و کارەکتەرەکان، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەو هێڵە گشتییەدا دەڕۆن.

کە "تامینۆ"ی شازادە دەچێتە دەرەوە بۆ ڕاووشکار، ئەژدیهایەکی ئێجگار گەورەی لێ پەیدا دەبێت. لە دواساتەکانی مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئەژدیهایەدا، لە لایەن سێ خانمەوە ڕزگار دەکرێت. هەر زوو دەردەکەوێت کە ئەو سێ خانمە لە لای "شاژنی شەو"ەوە نێردراون و کەنیزەکانی ئەون. ئەو سێ خانمە تامینۆ دەبەن بۆ کۆشکی شاژنی شەو، شاژنی شەویش دەکەوێتە گێڕانەوەی چیرۆکی فڕاندنی کچەکەی (پەمینا) لەلایەن "سەرەسترۆ"ی بەدڕەفتار و کینە لە دڵەوە. تامینۆش وەک

شازادەیەکی گەنج و ئازا، بەڵێن بە شاژنی شەو دەدات، کە پەمینای کچی لە دەست سەرەسترۆ ڕزگار بکات. تامینۆ ملی ڕێگە دەگرێت، بەڵام "پاپەگینۆ"ی دڵخۆش بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ خۆی دەبات. تامینۆ و پاپەگینۆ، هەریەکە و ئامێرێکی مۆسیقی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن: شمشاڵێک و زەنگێک، کە دەتوانن ئاهەنگ و کۆنسێرتی جۆراوجۆری ئەفسووناویی پێ ساز بدەن، کە لە ئەنجامیشدا دەگەنە پەرستگاکەی سەرەسترۆ، بۆیان دەردەکەوێت، ئەو پیاوێکی زۆر میهرەبان و باشە، بەڵام کەسێکی تا بڵێیت بەدبەختە. بەدبەختیی سەرەسترۆ لەوەدایە، کە ئەو لە خزمەتی "مۆنۆستەتۆس"ی گومڕا و شەڕەنگێزدایە. سەرەسترۆ هەوڵ دەدات بە پێی پەیمانێکی برایانە، خۆی تامینۆ و پەمینا بە یەک بگەیەنێت، بۆ ئەوەی ئەم بە یەکگەیشتنەش بگاتە ئەنجامێکی باش و تەواو، دەبێت ئەم دووانە، واتە تامینۆ و پەمینا ڕێگەیەکی سەخت ببڕن.

بروک لەم ئۆپێرایەشدا، بە چەشنی ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی هەموو ئۆرکیسترا و کۆرسی کۆرانیبێژەکانی بە تەواوی لابردووە، لە بری ئەوە تەنها "پیانۆیەکی گەورە"ی داناوە، کە دەبێتە ڕێگەپیشاندەری ئەکتەر و گۆرانیبێژەکان، لە هەمان کاتدا بە مۆسیقاکردنی نەمایشەکە / ئۆپێراکە بە فۆرم و شێوازێکی تر.

بروک لەم کارەیدا گرینگیی زیاتر بە کەسایەتییەکان و ئامادەبوونێکی چڕ و بەهێزیان لەسەر شانۆ و پەیوەندییەکانیان بە یەکترەوە، زیاتر لە مەسەلەکانی دەنگ و چۆنیەتیی گۆرانی گوتنی گۆرانیبێژەکان دەدات.

هەموو گروپەکەی ئەم شمشاڵی ئەفسوونییە جیاوازە، بریتییە لە حەوت گۆرانیبێژی گەنج و دوو ئەکتەر، بە پێیپەتی لەسەر پانتاییە بەتاڵەکەی شانۆی بوف دی نور و لە پەیوەندییەکی نزیک بە بینەرانەوە، لە گەمەیەکی ئەفسوونی ئەو شمشاڵە ئەفسوونییە جیاوازەدان.

دیوارە سوورەکانی شانۆکە، بانیژەکانی ئەملاولای و شانۆ ڕووتەکەی بوف دی نور و ستركتورە دێرینەکەی دەبنە تەنها سینۆگرافیای نەمایشەکە. هەموو کەلوپەلە بەکارهێنراوەکانیش بریتین لە تەنها چەند دارحەیزەرانێک، کە زۆر بە ئاسانی ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێت، بۆ نموونە دەبنە درەخت، دەوەن، دەرگای پەرستگایەک، یان هەر زۆر بە ئاسانی و بە شێوەیەکی ساکار دەبنە سنوورەکانی سەکۆیەکی بچووک، یان پانتاییەکی دیاریکراو بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنێک.

ئەم خوێندنەوە نوێیەی بروک بۆ ئەم شمشاڵە ئەفسوونییە، نزیکە لە ڕۆح و ستركتور و خوێندنەوەکانی تری بروکەوە بۆ شەکسپیر. بروک سەرلەنوێ لە مۆزارتدا شەکسپیر دەدۆزرێتەوە، نەفەسێکی ئەو سەردەمە ئێلیزابیسییە و ئەتمۆسفێرە شەکسپیرییەکە بەرجەستەی ئاماژە و ڕۆح و ستركتورە مۆزارتییەکە دەکات. هەندێک لەو ڕەخنەگرانەی کە شوێنپێی بروک کەوتوون و ئاگاداری ڕەوتە شانۆییەکەی ئەو سی ساڵەی ئەم هونەرمەندەن، دووپاتی ئەوەیان کردووەتەوە، کە چەندین هێڵی هاوبەش و هاوتەریب لە نێوان ئەم شمشاڵە ئەفسوونییە و پرۆژەکانی تری بروک، بە تایبەتیش "گەرداوەکە"ی شەکسپیردا هەیە. بروک سێ جار کاری لەسەر ئەم شانۆنامەیەی شەکسپیردا

کردووە: ١٩٥٧، ١٩٦٨ و ١٩٩٠ بە شێوەیەک لە شێوەکان هەمان تەکنیک و فۆرمی ئەو کارانەی، بە تایبەتی نەمایشەکەی ساڵی ١٩٩٠ سەرلەنوێ لە "شمشاڵێکی ئەفسوونی، خوێندنەوەیەکی جودا"دا بەکارهێناوەتەوە. بروک لەم نەمایشە ئۆپێراییەدا، یەکێک لە ئەکتەرەکانی کردووە بە سەرکردەی گەمەی نەمایشەکە، ئەم ئەکتەرە؛ ئەکتەرەکانی تر دەجووڵێنێت، ئاراستەیان دەکات، تێکەڵاوی یەکتریان دەکات و دەیانکات بە بەشێک لە بەسەرهاتەکە، بە کورتی وەک فرۆکەوانێک ئەو فرۆکەیە بە ئاسمانی شانۆ و نەمایشەکەدا، بەرەو گەشتێکی ئەفسوونی دەبات.

ئەم سەرکردەیە ئەکتەرێکی ڕەشپێستی فەرەنسییە و لەوەوبەر چەندین جار لەگەڵ بروکدا کاری کردووە، لەبەرئەوە ئاماژەکان و دیدی بروک بە دڵنیاییەوە دەخوێنێتەوە و خۆیشی دەبێتە بەشێک لەو گەمەیە.

ئەو ئەکتەرە بە گەمەیەکی لێزانانە سەرکردایەتی ئەکتەرە گۆرانیبێژەکان دەکات، بە بێ ئەوەی ڕۆڵی خۆی وەک بەشێک لە گەمەکە لەبیر بکات و بە بەردەوامی لەناو گەمەکە و لە دەرەوەی گەمەکەشدایە. لە دەستپێکی کردنەوەی مۆسیقا و سەرەتای نەمایشەکدا، ئەم ئەکتەرە ڕەشپێستە، شمشاڵە ئەفسوونییەکە لەسەر زەوییەکە هەڵدەگرێت، بەم شێوەیەش ئەو گەشتە ئەفسوونییەی مۆزارت و شمشاڵەکەی دەست پێ دەکات.

ئەم سەرکردەیە بە هاوکاریی ئەکتەرێکی تری ئەفەریقی، ئاراستەکانی بەسەرهاتەکە دادەڕێژن، ڕۆڵەکان دابەش دەکەن و گەمەکە دەست پێ دەکات.

ئەو ئەکتەرەی ئاراستەکانی گەمەکەی بە دەستەوەیە و هێڵی گشتی بەسەرهاتەکەی ڕاگرتووە و ڕۆڵەکانی تری دەستنیشان کردووە، لە سەرەتای هەموو دیمەنێکدا گەمەیەکی جادووکارانە دەکات، یان بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز ناواخنی دیمەنەکە دەگێڕێتەوە. سەرەتای ئەم دیمەنانە پەیوەندییەکانی نەمایشەکە بە بینەرانەوە بەهێز دەکات، جۆرە نامۆبوونێکی "برێشتی" لە نێوان هۆڵی بینەران و سەر تەختەی شانۆکەدا دروست دەکات، بوار بۆ بینەران دەڕەخسێنێت بۆچوونی خۆیان بەرامبەر بە دیمەنەکان هەبێت و ئەوەیان لەیاد نەچێت، کە ئەوان سەیری نەمایشێکی شانۆیی دەکەنو هەروەها بروک هەندێک جار یەکێک لە گۆرانییە ئۆپێراییەکان، بە هێزێکی گەورەی ئاواز و تۆن و میلۆدی گۆرانییەکی ڕاستەقینەی ئۆپێرایی، ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە بینەران، لە هێڵی پێشەوەی شانۆکەدا پێشکەش دەکات.

"شمشاڵێکی ئەفسوونی، خوێندنەوەیەکی جودا" بەردەوامییەکی لۆژیکیی "تراجیدیای کارمن" و "دۆن جیۆڤانی"یە، هەوڵێکی ترە بۆ پاکژکردنەوە و تەکاندنی تۆزی کەڵەکەبووی هەزار ساڵەی هونەری ئۆپێرا، کە بە ترادیشونێکی چوارسەد ساڵەیی بارگاوی کراوە و لە بۆتەیەکی گرانی هونەریدا جێگیر کراوە.

# پەراوێز و سەرچاوەکان


١. Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, oversattning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterling production, Stockholm, 1969. S.13.

٢. Brook, Peter, The Shifting Point, 40 years of theatrical exploration 1946 – 1987, first published in the United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S169.

٣. دیارترین پرۆژە ئۆپێراییەکانی بروک بریتین لە: بۆریس گۆدۆنۆڤ "پۆشکین"، لابۆهیمی "پۆژینی"، زەماوەندی فیگارۆ، دۆن جیۆڤانی، شمشاڵێکی ئەفسوونی، خوێندنەوەیەکی جودا "مۆزارت"، کاریگەریی پیلیاس "دیپوسی"، سالومی "شتراوس" و تراجیدیای کارمن " گوێرگی بیزێت ".

٤.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢) ل١٧٩

٥.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢) ل١٨٠

٦.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢) ل١٦٩

٧.گوێرگێ بیزێت ١٨٣٨-١٨٧٥ کۆمپۆسیتۆرێکی فەرەنسییە، لە کۆنسێرڤاتۆرییەت "کۆمپۆسیتۆری" خوێندووە. بە ئۆپێرای "کارمن" نەمریی هەتاهەتایی بۆ خۆی تۆمار دەکات، بەڵام گوێرگێ بیزێت خۆی لە ژیانیدا ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی ئۆپێراکەی نابینێت. ئەم هونەرمەندە تەنها دوای سێ مانگ بەسەر یەکەم پێشکەشکردنی ئۆپێرای کارمن-دا لە پاریس و لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢) ل١

٩. SVT, K-specil: Carmen, dekomentar, 2001.

تەلەفزیۆنی سوێد، کەناڵی یەک، ساڵی ٢٠٠١

١٠. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٩)

١١. Skawonius, Betty, Det enkla ska borja ioverflod, Dagens Nyheter, 11 september, 2000

١٢. بروک لە ساڵی ١٩٨٣دا بە ئۆپێرای "تراجیدیای کارمن" سەردانی وڵاتی سوێد دەکات، لە گۆڕەپانی "سێرک" لە ستۆکهۆڵم، کارمن پێشکەش دەکات.

١٣.دۆن جیۆڤانی، دۆن خوان، یان دۆن جوان، بەڵام ناوەکە لە بنەڕەتدا بە ئیتاڵی "دۆن گیڤانی"یە، کە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر دەبێتە "دۆن خوان". ئۆپێراکە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئیتاڵی نووسراوە.

١٤.بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٦) بەشی دووەم.

١٥.مۆزارت ١٧٥٦ — ١٧٩١ هەر لە منداڵییەوە بەهرەیەکی گەورەی مۆسیقیی تیا دەرکەوتووە. باوکی کەمانچەژەنێکی لێهاتوو، کۆمپۆسیتۆر و نووسەر بووە. هەر لەم ڕووەوە پەروەردەیەکی مۆسیقی ڕاستەوخۆی مۆزارت دەکات. هەروەها باوکی هەموو ژیانی لە گەشتی هونەریدا بەسەر بردووە، لە ڕوانگەی ئەو گەشتە هونەرییانەشەوە مۆزارتی ئاشنای گرنگترین شێواز و سەنتەرە مۆسیقییەکان کردووە. گەشتەکانیان: ڤێنا ١٧٦٧، ئیتاڵیا لە نێوان ساڵانی ١٧٦٩ — ١٧٧١ دا، هەر لەم ماوەیەدا سەردانی ڕۆم، میلانۆ، فلۆرێنس و نیاپل دەکات. مۆزارت بەرلەوەی بگەڕێتەوە بۆ شاری سالزبۆرگ، بە ڕاسپاردە یەکەم بەرهەمی ئۆپێرایی خۆی نووسیوە، لە ساڵی ١٧٧١دا بۆ جاری دووەم، لە ساڵی ١٧٧٣دا بۆ جاری سێیەم سەردانی ئیتاڵیا دەکاتەوە. ڕاسپاردەی نووسینی کۆمەڵێک ئۆپێرای تری پێ دەدرێت، بۆ نموونە: لە ساڵی ١٧٧٣دا لە ڤێنا، لە نێوان ساڵانی ١٧٧٤-١٧٧٥ لە میونش، ١٧٧٧-١٧٧٩ لە پاریس، سەرلەنوێ لە نێوان ساڵانی ١٧٨٠-١٧٨١ لە میونش هەمان ڕاسپاردەی نووسینی ئۆپێرای پێ دەدرێت.

مۆزارت ساڵی ١٧٨١ دەست لە کارەکەی لە شاری سالزبۆرگ هەڵدەگرێت و دەچێتە ڤێننا، تا وەک هونەرمەندێکی سەربەست کاربکات.

ساڵی ١٧٨٢ ژن دەهێنێت، پەیوەندییەکانی بە باوکییەوە وردە وردە بەرەو بارێکی ئاڵۆز و ناهەموار دەڕوات. دوای ئەوە باوکی لە ساڵی ١٧٨٧دا دەمرێت و "یوسیف سیزەری دووەم" گرینگییەکی زۆر بە مۆزارت دەدات، لە کۆشکەکەی خۆیدا دایدەمەزرێنێت، لە ساڵی ١٧٩٠دا، لە دوای مردنی سیزەرەوە، مۆزارت تووشی کۆمەڵێ گرفتی گەورەی دارایی و دەروونی دەبێت. ساڵی ١٧٩١ زۆر بە هەژاری کۆچی دوایی دەکات.

١٦.ئۆپێرای دۆن جیۆڤانی، جگە لە ستۆکهۆڵم، لە فەرەنسا، ئیتاڵیا، بەلجیکا و ژاپۆن نەمایشکراوە.

١٧.ئۆپێرای دۆن جیوڤانی بۆ یەکەم جار ساڵی ١٧٨٧ لە پراگ پێشکەش کراوە. ئەو نەمایشە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە، هەروەها مۆزارت خۆی سەرکردایەتیی ئۆرکیسترا و تیپە مۆسیقییەکەی کردووە.

١٨. Feneyrou, Laurent, samtal med Peter Brook, oversattning: Eva Sjostrand, Kungliga Operan, 1998, S.10

١٩.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٨) ل٢٢

٢٠.بروک لە کتێبی "پانتایی بۆش"دا سەبارەت بە مەشقەکانی ڕاگوزاری دەڵێت: مەبەست لە ڕاگوزاری لە کاتی پرۆڤەکردندا، هەروەها مەبەست لە مەشقی تر هەمووی هەر یەکێکە: ئەوەیە، کە دوور بکەویتەوە لە شانۆ مردووەکانەوە، ئەوە تەنها پرسیارێک نییە سەبارەت بە سەماکردن بە چواردەوری شتێکدا، بە مەبەستی خۆخەریککردن، وەک خەڵکانی دەرەوەی کارەکە بۆی دەچن، مەبەست لەمە دووبارە و دووبارە ئەوەیە، کە ئەکتەرەکان ناچار بکەیت بگەنە ئەو بەربەستانەی ڕێگەیان لێ دەگرێت، تا بگەنە ئەو خاڵانەی کە لەوێدا لە بری حەقیقەتێکی نادیار چارەسەرێک بدۆزنەوە. ئەکتەرێک لە دیمەنێکی گەورەدا بە شێوەیەکی نارەسەن دەورەکەی دەبینێت، بە هەمان شێوە کاریگەرییەکی نابەجێ و دژواریش لە لای بینەران بەجێ دەهێڵێت، لەبەرئەوەی چرکە لە دوای چرکە، لە دوای بەجێهێشتنی هەموو جووڵە و ئاماژەیەک لە کارەکتەرەکە، لە بری وردەکاری

ڕەسەن، شتی نابەجێ بەجێدەهێڵێت: مەبەستیش لە مەشقکردن ئەوەیە، کە دیمەنەکان ڕووت بکەیتەوە و شتەکانی چاک بکەیتەوە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١) ل١١٣

٢١. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٨) ل٢٤

٢٢. Waaranpera, Ingegard, Vagen in I manniskans sjal, Dagens Nyheter, Kultur, 3 augusti, 1998.

٢٣. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٨) ل١٧

٢٤. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٨) ل١٧

٢٥. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢٢)

٢٦. عەشق و دڵداری ناوەرۆکێکی گرینگ و سەرەکییە لە ئۆپێراکانی مۆزارتدا، بەڵام ئەو عەشقە هەمیشە شێوە و شێوازی جیاواز لەخۆ دەگرێت و لە چەندەها دارشتەی لێک نەچوودا بەرجەستە دەبێت. ئیرۆتیک لەلای زۆربەی ئەو کارەکتەرانە هێزێکی بزوێنەر و وزەبەخشێکی گەورەیە.

٢٧. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٨) ل٢١

٢٨. هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٨) ل١٠

٢٩. بروک بۆ ئەم کارەی لەگەڵ کۆمپۆسیتۆر فرانک کراوزیکی و دراماتۆرگ ماری هێلین ئێستیان، کە لەوەوبەر چەندین جار کاری لەگەڵ کردوون، مۆزارتێکی شەکسپیرییان خوڵقاندووە.

# بەشی حەوتەم

# فۆرمێکی ساکار و قۆناغێکی نوێی کارکردن



دیمەنێک لە نمایشی کۆستیم

شانۆی بۆف دی نورد

ئەمڕۆ بروک دوای تەمەن و ئەزموونێکی درێژ و داهێنانی چەندین پرۆژەی گەورە و سەفەری هونەری بە کیشوەرەکانی دونیادا، بە شێوازێکی تر و لە ئاراستەیەکی جیاوازترەوە کاردەکات. ئێستا بروک پرۆژە و نەمایشەکانی ساکارن و دوورن لە هەموو جۆرە شتێکی ئاڵۆز و تەمومژاوییەوە.

پانتاییە بۆشەکەی بووەتە فۆرمێکی ئێستاتیکیی ساکار، لەو فۆرمەدا: تەکنیک، پەیوەندییەکان، چیرۆک، بەها مرۆڤایەتییەکان و تەنانەت هەڵبژاردنی دەقەکانیش بوونەتە یەکەیەکی فەلسەفی و هونەری و ئاستێکی ڕوونیان لە دەربڕیندا هەیە.

ساکاریی ئەم فۆرم و تەکنیکەش لە دونیابینیی بروک و فراوانکردنی چەمکە هونەری و فەلسەفییەکانی، لە شانۆیەکی ئەزموونگەریدا، وەرچەرخانێکی گرینگە. بە ساکارکردنی ئەم فۆرمانە لەم ئەزموونە شانۆییەدا، هاوکێشەیەکی فیکریی وەها دروست دەکات، کە وێنە شانۆییەکان سەقامگیرتر و ئاشکراتر بەرجەستە دەبن. زۆربەی ڕەخنەگرە شانۆییەکانی ئەورووپا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن؛ کە نەمایشەکانی ئەمڕۆی بروک ئەو دینامیکییەی جارانیان لە دەست داوە، ئەو پریشکە بەهێز و ئەفسوونییەی کە پانتاییە بۆشەکانی دەکردە دۆزەخێکی گەورە، ئەمڕۆ بە تەواوی

بزر بووە، بەڵام بروک خۆی بەم شێوەیە گوزارشت لەم قۆناغەی دەکات و بەرگری لەو فۆرم و تەکنیکە ساکارەی کارەکانی دەکات:
(ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێین زۆر ساکارە، بەڵام سەختە تێی بگەین، بە واتایەکی تر، چۆن لە شێوازی ساکار دەگەین لە شانۆدا، کە لە ساکارییەکەیدا ڕوون و ئاشکرایە و لە هەمان کاتیشدا پڕ لە مانایە.)<١>

ئەو مانا قووڵانەی بروک بە دوایاندا دەگەڕێت، لە فۆرم و شێوازێکی ساکاری هونەریدا دەیاندۆزیتەوە. بازنەی پەیوەندییەکان، دەسەڵات و ئامادەبوونی بینەر و نزیکبوونەوە لە شتە گەوهەرییەکانی دەروونی مرۆڤ، لەو فۆرمە ساکارەدا دەبێتە خاڵی دەست پێ کردن و پرۆسیسێکی گرانی دۆزینەوە و کارکردن.

بروک ساڵی دوو هەزار، لە سیمینارێکی گرینگیدا لە شاری هێلسینکیی پایتەختی فینلاند لە نزیکەوە لە پێکهێنەرەکانی فۆرمە ساکارەکەی و پانتاییە بۆشەکان دەدوێت، هەروەها سەرلەنوێ بە قووڵی سەبارەت بە هونەری شانۆ و سیما گرینگەکانی، ئێستاتیکا و تێڕوانینە نوێکان و ڕۆڵی شانۆ لە ژیان و کۆمەڵگە و گروپە نێونەتەوەییەکەی ڕوون دەکاتەوە.

قسەکانی بروک لەو سیمینارەدا دووپاتکردنەوەیەکی تەقەلاکانییەتی، بە تایبەتی لە شەستەکانەوە، لە قۆناغی ئەزموونگەری و دۆزینەوەی نهێنییە شاراوەکانی شانۆ، تا دەگاتە ئێستا و فۆرمە ساکارەکەی. لە هەموو ئەم بوار و قۆناغانەدا تێز و چەمکەکانی پانتاییە بۆشەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، مرۆڤ و جوڵانەوە هەمیشەییەکانی گەردوون و مەسەلە

شارستانییەتییەکان دەبنە تەوەری سەرەکیی تاقیکردنەوە و پرۆژەکانی. بێگومان گروپە نێونەتەوەییەکەی، ناوەند و بەهایەکی گرینگی ئەو پرۆسێسە دوورودرێژە بووە، خۆیشی وەکو ڕیژیسۆر و فەرماندەی ئەو کار و پرۆژە هونەرییانە و بزوێنەری هەموو ڕووداوەکان بووە.

ڕیژیسۆر لە لای بروک پێویستە وەک ئەرکیۆلۆژێکی زیرەک وابێت، کە بە دوای گەنجینە نەدۆزراوەکاندا بگەڕێت، لەو گەنجینەیەدا لە تەنها چەمکێک زیاتر پێویستی بە شتی تر نەبێت و ئەو چەمکەش بەر لە هەموو شتێک دەبێت لە "ژیان"دا بدۆزرێتەوە، نەک لە هونەر و مەسەلە تیۆرییەکاندا، ئەمەش لە ڕێگەی قووڵبوونەوە و تێڕوانینێکی ورد و وەڵامدانەوەی پرسیارە گەورەکانەوە دەست دەکەوێت.

نەمایشەکانی ئەم بیست ساڵەی دوایی بروک؛ زیاتر لە پارچە نەمایشی بچووک بچووکەوە نزیکن، نەک پرۆژەی گەورە و نەمایشی دوورودرێژ، بەڵام ئەم پارچە بچووکانە گیانێکی ئەزموونگەرییان لەخۆ گرتووە و وەک زنجیرە کارێکی پێکەوە بەستراو، یەکتر تەواو دەکەن. ئەم نەمایشە کورتانە وەک پارچە شیعرێکی کورت لە چڕبوونەوەیەکی بەردەوامی فرەمانادان و چەندە بیرۆکە و هزری دەق و دیدی ڕیژی گرینگە، هێندەش هونەری نواندن، بە هەموو ماناکانییەوە، جێگەی بایەخ و گرینگی پێدانە.

بروک بەوپەڕی پێداگرییەوە دووپاتی گرینگیی ئەم قۆناغەی ژیانی هونەریی خۆی دەکاتەوە و لە دیدێکی هونەریی بە ئەزموونەوە دەڵێت: (ئەمڕۆ گەشە و بەرەو پێش چوونی هونەری

ڕیژی، نەمایشی گەورە و پرۆژەی فراوان جێگەی تێڕامان و سەرنجی من نین، ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو. لە سەرەتای دەستکردنم بە کاری شانۆ، زۆر بە لامەوە گرینگ بووە هەموو شێوازەکان بەکاربهێنم، فۆرمەکان تاقی بکەمەوە و کار لەو دەقانەدا بکەم کە بەها تایبەتمەندەکانی خۆیان لە دەست دابوو.)<٢>

بروک لەم کارانەیدا، بە وردی کار لەسەر ئەکتەر و هونەری نواندن، مەودا و ئامرازە بەکارهێنراوەکانی شانۆ، تێکست و هەڵوێستە جیاوازەکان، کاردانەوەی بینەران دەکات و دەیانخاتە ژێر پشکنین و لێکۆڵینەوەیەکی وردی کردەیی و ئێستاتیکییەوە. لەم پرۆسێسەیەدا، بە ناواخنی پرسیار و شێوازەکاندا دەگەڕێت، بە دوای ستایلی تری نواندن و ترادیشۆن و فۆرمی پێگەیشتنەکاندا وێڵە. بروک ئەکتەرەکانی لە ناوەوەڕا گەمارۆ دەدات و لە ناوەوەڕا ڕووتیان دەکاتەوە و دەیانپشکنێت، یەکە یەکە توێکڵە کولتووری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان دادەماڵێت و ڕووبەڕووی ڕاستییەکی ڕەهایان دەکاتەوە و ڕایاندەچڵەکێنێت. ڕاستگۆیی لە نواندن و ڕووناککردنەوەی دیوە تاریکەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی خود، پێودانگی سەرەکیی مەشقی ئەکتەرە. نەمایشە کورت و ساکارەکانیشی بۆ ئەکتەرەکانی و بۆ بروک خۆیشی وەک ڕیژیسۆر، گەڕان و دۆزینەوە و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی گەردوونێکی گەورەی پڕ لە دژوارییە.

بروک بە یارمەتیی گروپێک لە ئەکتەرە نێونەتەوەیی و چەند دراماتورگ و نووسەرێکی نزیک لە خۆیەوە، بە هۆی ئەم فۆرمە ساکارەوە، لە چەند مەسەلەیەکی تایبەتی دەکۆڵێتەوە، بە ڕای

بروک لە ژیان گەیشتن یەکێکە لەو مەسەلە گرینگانە. تێڕامان و قووڵبوونەوە لە هەموو ڕوویەکەوە، بە نێو نهێنییەکانی دونیادا، یەکێکە لەو خاڵانەی کە بووەتە ناوەندێکی ڕاستەوخۆی کارەکانی ئەم بیست ساڵەی.

(قووڵبوونەوە و لە ژیان تێگەیشتن لە ڕوانگە و دەروازەکانی شانۆ، بە ڕێگەیەکی زۆر ئاساییدا منیان لە نەمایشی گەورە و پرۆژە زەبەلاحەکان لاتەریک کرد و بەرەو ناو ئەو پانتاییە بچووکانەیان بردم، کە دەکرێت تەنها لە ڕوانگەی مرۆڤێکەوە بدۆزرێنەوە. لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیەش باس لە هونەرێکی ساکار، یان ساکاری لە هونەردا ناکات، هێندەی باسی ئەو شێواز و فۆرمە دەکات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان جێگەی سەرنج و بایەخپێدانی من بووە و ئێستا بەهای جارانیان نەماوە. من ئێستا بە ئاراستەی ساکاری و پاکژی کار ناکەم، ساکاری وەک فۆرمێک هەڵبژێریت کارێکی ترسناکە، ناکرێت لە فۆرمەوە دەست پێ بکەین. من زۆر بە وردییەوە دەمەوێت ڕیژیسۆرە لاوەکان ئاگادار بکەمەوە، کە لە شێوازێکی ساکاردا کار نەکەن، چونکە گەر ساکاری بکرێتە ئامانج، ئەوا خۆت لە هەلومەرجێکی وشک و ناخۆشدا دەبینیتەوە. من خۆم بەو هەڵەیەدا تێپەڕیوم.)<٣>

بروک مەبەستی لەم وتانە ئەوەیە؛ کە ناکرێت ساکاری وەک دید و فۆرمێک هەڵبژێردرێت و بەکار بهێنرێت، یان بکرێتە ئامانجی پرۆژەیەکی شانۆیی، بەڵکو ساکاری دەبێت لە خۆیەوە، لە تێگەیشتن و قووڵبوونەوەوە دروست ببێت. هزر و بۆچوونەکانی زۆر لایەن و بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەری شانۆ، مرۆڤایەتی، مەشق و پەروەردەکردنی ئەکتەر دەگرێتەوە. لە لای بروک فۆرم

تەنها هزر و کۆمەڵێک بیروبۆچوون نییە تا بە زۆر خۆی بەسەر نەمایشەکەدا بسەپێنێت، بەڵکو فۆرمەکان لە دووتوێی وێنە شانۆییەکاندا دەبنە ئەو توخمەی نەمایشەکە ڕوون دەکاتەوە، ناواخن و نهێنییەکانی دەقەکە ئاشکرا دەکات و چارەسەرەکانیان بۆ دەدۆزێتەوە. شانۆگەرییەکی ڕووناکیش لە کۆتاییدا لە (فۆرم) زیاتر هیچ شتێکی تر نییە! (بەم شێوەیە سەرەتای پرۆڤەکانمان دەست پێ دەکات، لەوانەیە بە ئاهەنگێک دەست پێ بکەین، بە هەر شێوە و شێوازێک دەست پێ بکەین گرینگ نییە، بەڵام هەرگیز بە هزر و بیروباوەڕ دەست پێ ناکەین.)<٤>

بروک لە تێڕوانینێکی جیاوازەوە کێشەکانی فۆرم و ناوەرۆک چارەسەر دەکات، هەندێک جاریش لە یەک دیدی یەکگرتووی سەراپاگیرەوە، پرۆسە و کێشە ئێستاتیکییەکان بە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی فۆرم لە دیمەنە شانۆییەکاندا دەبەستێتەوە (لە کاتی پرۆڤەکردندا پێویستە فۆرم و ناوەرۆک پێکەوە شی بکرێنەوە، هەندێک جاریش هەر یەکەیان بە تەنها، هەندێک جار شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی فۆرم، کتوپڕ ئەو دیدەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە فۆرمەکەی خوڵقاندووە. هەندێک جار شیکردنەوەیەکی نزیک و هاودەمی ناوەڕۆک تێڕوانینێکی نوێمان سەبارەت بە ڕیتم پێ دەبەخشێت.)<٥>

دووبارە بنیادنانەوەی فۆرمەکانیش، یەک لە دوای یەک دەچێتە نەخشەکانی خوڵقاندن و شانۆیەکی پیرۆزەوە، بە پێی دید و فۆرمۆلەکانی بروک بۆ شانۆیەکی پیرۆز.

بە لای بروکەوە گرینگە کە فۆرمەکان سەرلەنوێ لە شێواز و فۆرمی جیاوازدا دروست بکرێنەوە. (لە شانۆدا هەموو فۆرمێکی

تازە لەدایک بوو، مردووە، هەموو فۆرمێک پێویستە سەرلەنوێ بخولقێنرێتەوە، کە سەرلەنوێ خولقایەوە، ئەوە لە هەموو ڕووەکانییەوە دەربڕینی جیاواز لەخۆ دەگرێت.)<٦>

فۆرمە ساکارەکەی بروک و بە پێی ڕەوتە شانۆییەکەی و بە بەراورد لەگەڵ کارەکانی تریدا، تەواوبوونی بازنە و سووڕی مێژوویەکی زیاتر لە شەست ساڵەی کار و پرۆژەکانی ئەم هونەرمەندەیە.

لەم بەشەشدا چەند نموونەیەک لەو نەمایشانەی، کە دەکەونە بواری ستایلە ساکارەکەی بروکەوە، بەسەر دەکەینەوە. هەندێکیان بە کورتی و شیکردنەوەی تەواویش بۆ چەند کارێکی دەکەین، فۆرم و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم تەکنیکەدا ڕوون دەکەینەوە و هەوڵ دەدەین بیانبەستینەوە بە ڕەوتە چڕ و درێژەکەی بروکەوە و لەژێر ئەو ڕەوتەدا، وەک بەرەنجامێکی سروشتی کارەکانی ڕاڤە و خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

## ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک

بروک نەمایشی (ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک) بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٣دا لەسەر شانۆی بوف دی نورد پێشکەش کردووە، ئەم ئەزموونەی بروک گرینگە و یەکەم سەرەتاکانی فۆرمە ساکارەکەی تیا دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی قووڵ، کە تیادا پەردەی لەسەر دیوە شاراوەکانی هەست و نەستی مرۆڤدا داماڵیوە، کاری لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا کردووە. ئەم نەمایشە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت و دواجار لە ساڵی ١٩٩٧ و لە ساڵی ٢٠٠١دا سەرلەنوێ نەمایش

دەکرێتەوە. بروک دەقەکەی لەسەر گێڕانەوەکانی (ئۆلیڤەر ساکس)ەوە ڕۆناوە، سەبارەت بە نەخۆشەکانی مێشک و دەمار لە کتێبی (ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک.)<٧>

چەند نەخۆشێکی مێشک و دەمار لە چەند دیمەنێکی کورتی یەک بەدوای یەکدا دەردەکەون، لەم دیمەنانەدا چوار ئەکتەر ڕۆڵەکانیان بە بەردەوامی لە نێوان ڕۆڵی پزیشک و نەخۆشەکاندا دەگۆڕنەووە. لە گەمەیەکی شانۆییدا ئەکتەرەکان، بە خێرایی بروسکەئاسا لە ڕووی دەروونی، توانای نواندن و مامەڵە سایکۆلۆژییەکانەوە دەبنە پزیشک و ئەو نەخۆشانەش کە گیرۆدەی گرفتەکانی مێشک و لەبیرچوونەوەن. بینەرانیش بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ دەکەن لەم گەمە شانۆییەدا، بەو شێوەیەی وەکو قوتابیی زانستەکانی "دەرمان" و پزیشکی مێشک و دەمار، دادەنیشن و چاودێرییەکی وردی ڕووداوەکان دەکەن و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا هەوڵی ئەوە دەدەن لەو نهێنییانە بگەن، کە وا لەو نەخۆشی دەمارانە دەکات بەو شێوە تراجیدی / کۆمیدییە ڕەفتار بکەن و شتەکان تێکەڵاو بکەن.<٨>

بروک وێنەگرتنی هەندێک لە بارودۆخی نەخۆشەکان و دواتر پیشاندانەوەیان لەسەر شاشەیەکی تەلەفزیۆنی بەکاردەهێنێت، وەک مامەڵە و چارەسەرێکی هونەری و دروستکردنی جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان نەخۆشەکان و نەخۆشییەکاندا. (لە دیمەنێکدا لە لایەن پزیشکەکانەوە داوا لەو نەخۆشە دەکرێت، کە توانای هەستکردن بە لای چەپی خۆی لەدەست دابوو، کە زۆر بە ئاگاییەوە لە بەردەم ئاوێنەدا ڕیشی خۆی بتاشێت. ئەویش ڕیشی خۆی دەتاشێت، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ ئاگاییەکی لەسەر لای چەپی خۆی نییە، تەنیا لای

ڕاستی خۆی، نیوەی ڕوخساری دەتاشێت. ئەو گەیشتبووە ئەو بڕوایەی هەردوو لای ڕوخساری خۆی بە تەواوی تاشیوە، لەو کاتەدا بە ئامێری ڤیدیۆ وێنەی گیرابوو، پزیشکەکان داوایان لێ کرد کە بڕوات لەسەر شاشەی تیڤییەکە لە خۆی بڕوانێت، لەو کاتەدا کە لای چەپی نەخۆشەکە لە ئاوێنەکەدا وەک لای چەپی پێچەوانە دەبێتەوە و لە تۆمارە ڤیدیۆکەدا وەک لای ڕاستی خۆی دەکەوێتە پێش چاوی، ئیدی لایەکی ڕوخساری خۆی بە کەفی سابوونی ڕیش تاشینەکەوە دەبینێت، لەو ساتەدا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە مێشکی داغان بووە.)<٩>

ئەم بەکارهێنانە لە پڕ بۆ بینەرانیش دەبێتە واقیعێکی لۆژیکی و بینینی ئەو نەخۆشییانە لەسەر دوو ئاست و بە دوو شێوەی جیاواز: لەسەر شانۆ و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەبنە واقیعێکی هەست پێ کراو. بروک مامەڵەیەکی واقیعییانە، دوور لە هەموو جۆرە ئەبستراکتێکەوە لەگەڵ چەمکی نەخۆشییەکاندا دەکات، نەخۆشەکەش، (ئەکتەرەکان) دەبنە بەشێک لە نەخۆشییەکان و دیمەنە کورتەکانیش زەمەنێکی فەلسەفی، کە زیاتر گوزارشت لە ناوەوەی ژیانی ئەو نەخۆشانە دەکات، بەرجەستە دەکەن. (لە دەمی نواندندا، دەبوو بۆ سێجار تەماشای شاشەی ڤیدیۆکە بکەم و دواتر بچمەوە بەر ئاوێنەکە بۆ ئەوەی ئەو دوو شێوەیەی ڕوخساری خۆم بەراورد پێ بکەم. دووبارەکردنەوەی سەیرکردنی سەری خۆی، کاریگەری لەسەر بردنە پێشەوەی ڕەوتی بارودۆخەکە جێدەهێڵێت. بۆ یەکەم جار پیاوەکە لەوکاتەدا ئاوڕ دەداتەوە، کە پزیشکەکان داوای لێ دەکەن تەماشای شاشەی ڤیدیۆکە بکات. زۆر بە سادەیی سەری خۆم

وەردەسورڕێنم. بۆ جاری دووەم کابرا ناتوانێ بڕوا بەوە بکات، کە بە چاوی خۆی بینیویەتی، بۆیە دەبێ بڕوانێتەوە شاشەکە تا لە دیمەنەکە دڵنیا بێت. جاری سێیەم نائومێدی دایدەگرێت.)<١٠>

یۆشی ئۆدیا کە ڕۆڵی ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک-ی دەبینی، لە کتێبی (ئەکتەری نەبینراو)دا بەم شێوەیە باسی خۆئامادەکردنی ئەم نەمایشە و دەستپێکی پرۆژەکەیان دەکات (کاتێک دەستمان کرد بە ڕاهێنان، دڵنیا نەبووین لەوەی کە چ شێوازێک بۆ نەمایشی ئەو بەشە هەڵبژێرین. بڕیارمان دا هەنگاوی یەکەم ئەوە بێت تا ئەوەندەی بۆمان دەکرێت زانین و شارەزایی دەربارەی خودی گرفتە هەستە دەمارییەکان کۆبکەینەوە، بۆ ئەو مەبەستە بۆ ماوەی چوار مانگ لە پاریس سەردانی نەخۆشخانەی ئەعسابی ساڵپیتەمان کرد و لە نزیکەوە نەخۆشەکانمان بینین و قسەمان لەگەڵدا کردن. هەموو ئەو ڕاپۆرت و سەرگوزەشتانەمان خوێندنەوە کە لە ئینگیلتەراوە ڕەوانە کرابوون. گەلێک زانیاریشمان لە خودی ئۆلیڤەر ساکسەوە پێ گەیشتبوو. گەلێک دۆکیومێنتی تەلەفزیۆنیمان تەماشاکرد.)<١١>

بروک لەم نەمایشەدا بینەران لە نەخۆشییەکانی مێشک، گرفتەکانی هەستەوەری و دەمارەوە نزیک دەکاتەوە و وێنەیەکی ناوەوەی خۆمانمان بە هەموو ئاڵۆزییەکانییەوە بۆ دەخاتە ڕوو. (پیاوێک کە هەست بە لای چەپی خۆی نەکات، لەوە دەچێ کەمێک پێکەنینهێنەر بێ بۆ تەماشاکردن، بەڵام من تۆقیم. بە هیچ جۆرێک پێکەنینهێنەر نەبوو. ڕێی تێدەچێت ئەو کەسە من بم، کە لەوێ گرفتار بووم و هەست بە گرفتارییەکەی خۆم نەکەم. ڕێگەیەک لە ئارادا نییە بۆ زانین.)<١٢>


## گەڕانەوە بۆ ئەفەریقا
## "کۆستیم" بە نموونە

ئەفەریقا هەر لە شەست و حەفتاکانەوە دەبێتە جێگەی سەرنجی بروک. هەر لە حەفتاکانیشدا یەکێک لە گرنگترین گەشتە هونەرییەکانی بۆ ئەفەریقا دەکات و هەمیشەش کاری لەگەڵ ئەکتەری ئەفەریقیدا کردووە. دابونەریتی ئەفەریقایی، ڕیتواڵ و سەما و گۆرانی و چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ئەو کیشوەرە ڕەشە هەر لە شەستەکانەوە بەشێک بووە لە پرۆژەکانی و دیدە شانۆییە دەوڵەمەند و هەمە لایەنەکەی. بەکارهێنانی جەستە و هەموو کەرەستە و وێنە جیاوازەکانی فۆرم، لە لای بروک ئامرازێکی دەوڵەمەندی دەربڕینن بۆ پەیوەندیکردن و وەلاوەنانی زمانە ئەدەبییەکەی شانۆ. ساڵانێکی دوورودرێژە ئەم هونەرمەندە گەورەیە زمانی جەستەی کردووەتە زمانێکی گرینگی دەربڕینی شانۆ. هەر لەم ڕووەوە ڕووکردنە ئەفەریقا، نەک تەنها دۆزینەوە و پەرەپێدانی ئەزموونەکانییەتی، بەڵکو خوڵقاندنی جیهانێکی نوێی زمانی جەستە و سیمای دەموچاوە، کە دەبنە وزەیەکی سەرنجڕاکێش و بزوێنەر. ئەکتەری ئەورووپی بە شێوەیەکی گشتی هەموو وزەکانی دەربڕین و گوزارشتئامێز لە سیمایدا کۆدەکاتەوە، بەکارهێنانی جەستە و زمانی دەربڕین لە لای ئەکتەری ئەورووپی زۆر کەمە، بۆ نموونە هیچ هەست و سۆزێک لە قاچەکانی ئەم ئەکتەرانەدا نین، بەڵام لە ئەفەریقا، لە هیندستان و لە بەشێکی گەورەی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست، بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە. لە ئەفەریقا، منداڵان هەر لە لەدایک بوونەوە فێری ئەوە دەکرێن،

که زمانی جەستە بەشێکی گرینگی ژیان و پەیوەندیکردنیان پێکدەهێنێت، لەو کولتوورەدا دەکرێت قاچ لە دەم زیاتر پێبکەنێت، قۆڵ و باڵ بە هەمان شێوەی، پەنجەکانی دەست توانایەکی زۆری دەربڕینیان هەیە.

زمانی جەستە لای ئەفەریقاییەکان لە سەردەمی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکاندا، لەو کیشوەرە ڕەش و پارچە پارچەکراوەدا، ئامرازێکی دەوڵەمەندی سەرشەقام و کۆڵانەکان بووە. بەدواداهاتنی کارەساتەکان و هاوکاری و دڵدانەوەی یەکتری بە زمانی جەستە بووە. ئەفەریقاییەکان بە زمانی جەستە، بە سەما و بە گۆرانی بەرگرییان لە خۆیان کردووە.

بروک بەم شێوەیە باسی ئەم سیما دەوڵەمەندەی ئەفەریقاییەکان دەکات. (ئێمە لە شەستەکاندا بە چڕی و لەسەر ئاستێکی بەرز و قووڵ، مەشقمان بە ئەکتەرەکانمان دەکرد، تا زمانی جەستە بکەنە ئامرازێک بۆ زمانی شانۆ؛ بەڵام ئەو زمانە هونەرییە هەر لە سەرەتاوە لە لای ئەکتەرە ئەفەریقاییەکان لەسەر ئاستێکی بەرز بەدی دەکرا. ئەو هەڵوێستە فیزیکییە، جەستەیەکی نەرم و دەوڵەمەند و بنەما سەرەتاییەکانی ئەو ئەکتەرانە بووە. ئەمەش ئەو دەرفەتەی بۆ ئێمە ڕەخساند، کە لە شانۆدا زۆر بە ئاسانی پێکەوە کار بکەین و لە یەکتر بگەین.)<١٣>



دیمەنێک لە نمایشی کۆستیم

شانۆی بۆف دی نورد

شانۆنامەی "کۆستیم"یش نموونەیەکی بەهێز و ئاوێتەکردنێکی ڕاستەوخۆیە بە ئەدەبی ئەفەریقی و دونیابینیی ئەفەریقا و شانۆی ئەفەریقی.<١٤> بروک لە "کۆستیم"دا لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی ئەفەریقی لەسەر چەند مەسەلەیەکی دەروونی و کێشەی کۆمەڵایەتیی تاکی ئەفەریقی کار دەکەن، دەیکەنە بەشێک لە گرفت و تەنگژە دەروونییەکانی مرۆڤ و ڕەهەندێکی جیهانی و گشتگریی پێ دەبەخشن.

"کوستیم" لە نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەفەریقی "کان تێمبا"یە<١٥> هەروەها هونەرمەند و نووسەری شانۆیی "بارنی سیمۆن" ئەم دەقەی بۆ شانۆ ئامادەکردووە.<١٦> ئەم دەقە شانۆییە بەرجەستەکردنێکی ئاشکرای شاری "سۆپیەتۆن" و ڕۆژگاری پەنجاکانی کۆمەڵگەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفەریقایە. ئەو ڕژێمەی بە هۆی کۆمەڵێ شارۆچکەی بە زۆرەملێ دروستکراوەوە، دانیشتووانە ڕەشپێستەکان بە تەواوی لە کۆمەڵگەی ئەفەریقی لە لایەک و سپیپێستەکانی ئەم وڵاتە لە لایەکی ترەوە دادەبڕێت. شاری "سۆپیەتۆن" ناوچەیەکی هەژار و پڕ لە توندوتیژی بووە. تاوان، مامەڵەکردن بە تلیاک و سۆزانییەکانەوە، ئازار و ئەشکەنجە و سووکایەتی پێ کردن، گرینگترین سیماکانی ئەم شارەی پێک هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا زەمینەیەکی لەباری خولّقاندووە بۆ بەرهەمهێنانی مۆسیقا و شیعر و هونەر.<١٧>

## "كۆستیم" باسی چی دەكات؟

یەكێک لە دژوارترین دژایەتیكردن و جۆرەكانی ململانێ و ئازاردانی مرۆڤ، جەنگی دەروونی و شێواندن و ئازاردانی ڕۆحی مرۆڤە. مرۆڤ لەم جۆرە جەنگانەدا هەموو بەها و پێگە گرینگەكانی بوونی خۆی لە دەست دەدات و تووشی گێژاوێكی دەروونیی دژوار دەبێت. ئەنجامەكەیشی كەوتن و داڕمانی ئەم مرۆڤەیە. لەم دەروازەیەوە "كۆستیم" باسی زۆرداری و جۆرە سەركۆنەكردنێكی ناوەكی دەكات، ئەو جۆرە سەركۆنەكردنە بە ئاسانی ڕۆدەچێتە ناوەوەی خود و دەروونی مرۆڤەوە، هەر لێرەشەوە پاڵەپەستۆیەكی دەروونی و ڕۆحیی كەسایەتیی مرۆڤ دەڕووخێنێت.

"كۆستیم" دەبێتە هێماگەلی هەڕەشەیەكی ئەبەدی، هەڕیشەیەک كە كەسایەتیی مرۆڤ تێكدەشكێنێت و دەروونی دەكرۆژێت، لە هەمان كاتدا دەبێتە بنەمایەكی چڕی تەنیایی و نامۆیی و دابڕانێكی تەواوی مرۆڤ.

"كۆستیم" درامایەكی ژن و مێردایەتییە، لەو شانۆیەدا ئەكتەری ڕەشپێستی ئەفەریقی و دەستێک چاكەت و پانتۆڵ كارەكتەرە سەرەكییەكانی ئەو گەمە پڕ لە ژان و ئازارەن. بروک ئەم چیرۆكە بە فۆرمە ساكارەكەی و زمانی گوزارشتئامێزی جەستەی ئەكتەرەكانی دەگێڕێتەوە و سیما و زمانێكی شیعریی پێ دەبەخشێت. لەم نەمایشەدا چەندە ئەكتەرەكان گرینگن و ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوە دەگێڕن، هێندەش دەستێک چاكەت و پانتۆڵ (كۆستیم) ڕۆڵێكی بە بەها و پێگەیەكی گرینگی هەیە. ئەم

کۆستیمە دەبێتە ئەندامێکی بینراو و هەست پێ کراوی ئەو خێزانە، لە هەمان کاتدا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و ترسناکی پێودانگە درامییەکە و ئامرازێکی گرینگی ئەو جەنگە دەروونییەی کە لە لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە.

"پێلیمۆن" و "ماتیلدا" پێکەوە وەک ژن و مێردێکی بەختیار، ژیانێکی ئاسایی دەژین، پێلیمۆن ڕۆژانە بۆ بژێویی ژیانیان دەچێتە سەر کار، ئێواران بە پاسە کۆن و شڕە پڕ لە خەڵکە ماندووەکان دەگەڕێتەوە، تا ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو شتەکان دەگۆڕدرێت. گۆڕانکارییەک کە چارەنووسی ژیان و گوزەرانی ئەو ژن و مێردە دەخاتە چوارچێوەیەکی پڕ لە کێشە و ململانێیەکی تراجیدییەوە.

پێلیمۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان، کتوپڕ و بە بێ چاوەڕوانی؛ لەسەر کارەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، پیاوێکی نەناسراو لە جێگەکەیدا لەگەڵ ماتیلدای هاوسەری دەبینێت و بۆ یەکەم جار خۆی لە بەردەم ناپاکی و داوێنپیسیی ماتیلدای ژنیدا دەبینێتەوە. دۆستی ژنەکەی لە ترساندا لە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە خۆی فڕێ دەداتە دەرەوە و ڕادەکات، بەڵام لە شڵەژاوی و پشێویدا جلەکانی "چاکەت و پانتۆڵەکەی" لەسەر کورسییەکە لەبیر دەچێت، ئەو چاکەت و پانتۆڵە بە جێماوە دەبێتە بەندێکی دەستوپێ بەستراوی ناو ماڵەکە و ناوەندێکی گرینگی داهاتووی چارەنووس و ژیانی هاوسەریی ئەو ژن و مێردە.

پێلیمۆن بە هیچ شێوەیەک ئازاری ماتیلدای هاوسەری نادات، لە ماڵەکە دەری ناکات و لەسەر ئەو ڕووداوەش بە هیچ شێوەیەک گفتوگۆی لەگەڵ ناکات. لەبری ئەوە ستراتیژێکی تر، بەڵام

کوشندە و کاریگەر بۆ سزادانی ماتیلدا بەکاردەهێنێت. پێلیمۆن بڕیار دەدات کە ئەو کۆستیمە، واتە چاکەت و پانتۆڵە بەجێماوەکە ببێتە ئەندامێکی فەخری و هەمیشەیی ناو خێزانەکەیان، ماتیلداش بەرپرسیار بێت لە هەموو بەدەنگەوە هاتنێکی بەردەوامی ئەو ئەندامە نوێیە. بۆ نموونە لە کاتی نانخواردندا دەبێت کۆستیمەکە لەگەڵیان دابنیشێت و ماتیلداش خواردن بکات بە دەمییەوە، لە کاتی چوونە دەرەوە و پیاسەی ڕۆژانی یەکشەممانداُ، کۆستیمەکە قۆڵ لە قۆڵدا، لە نێوان هەردووکیاندا دەڕوات، لە کاتی نووستنیشدا کۆستیمەکە لە نێوان هەردووکیاندا ڕادەکشێت و دەست دەکاتە ملیان.

بوونی ئەو کۆستیمە بەم شێوە ئاشکرا و تراجیدییە، دۆزەخێکی ڕاستەقینە بۆ ژیانی ماتیلدا دروست دەکات، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ژیانی پێلیمۆنیش تاڵ دەکات. کۆستیم لە ماڵەکەدا دەبێتە جنۆکەیەکی ترسناک و بە بەردەوامی دووپاتی خیانەتی هاوسەرگیری و داوێنپیسی ماتیلدا دەکاتەوە، تا لە ئەنجامدا ماتیلدا چیتر ناتوانێت بەرگەی ئەو سزا دەروونییە توندوتیژە بگرێت، لەبەرئەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.

## کۆستیم لە نێوان هێزەکانی ڕیتواڵ و فۆرمێکی ساکاردا

شانۆی بوف دی نورد لە ساڵی ٢٠٠٠دا بە نەمایشی کۆستیم شانۆکەیان دەکەنەوە. بروک لەم وەرزەدا ڕێپێرتوارێکی ئەفەریقی لە ڕووی بابەت و ئەکتەرەکانییەوە هەڵدەبژێریت، لە هەمان کاتدا بە درامایەکی ساکار و فۆرمێکی شیعری هەوڵەکانی لە بەرجەستەکردنی نەمایشە ساکارەکانیدا قووڵ دەکاتەوە.

بروک لەم نەمایشەدا کار لەسەر بنەما شیعرییەکانی تێکستەکە دەکات، سەما و گۆرانیی کولتووری ئەفەریقی تێکەڵاو دەکات و دەیکاتە دەستپێکی ڕیتواڵێکی شانۆیی و دەیانبەستێتەوە بە خودی دەقەکەوە، مامەڵەکەشی بۆ ئەو دەقە ئەفەریقییە هەر لەسەر بنەما ڕیتواڵییەکانی شارستانییەتی ئەفەریقاوە ڕۆناوە، بۆ نموونە شیکردنەوەی دەقەکە، چارەسەرە هونەرییەکان و دروستکردنی ئەتمۆسفێر و ستركتورە هونەرییەکە لە گۆرانی و سەما و دابونەریتی ئەفەریقییەوە سەرچاوەی گرتووە.

بروک هەروەک پرۆژە و نەمایشەکانی ڕابردووی، لەگەڵ هەر دەق و تێکستێکی جیاوازی سەر بە کولتووری دیکەی ئەم گەردوونەدا مامەڵە بکات، هەموو بەرگ و سیما و کلێشە کولتوورییەکانی دادەماڵێت، تا بگاتە شانە نادیار و مرۆڤایەتییەکانی ناواخنی، یان پشتەوەی وشەکانەوە. لە کۆستیمدا ئامرازە کولتوورییەکانی ئەفەریقا دەبن بە دەروازەیەک بۆ ئەو دۆزینەوە و نزیکبوونەوەیە لە پشتەوەی وشەکانەوە، هەروەها خولقاندنی ڕیتواڵێکی بەهێز.

بروک بەم شێوەیە هەوڵی داوە ستروکتورێکی هاوبەش، ئەفەریقی/ ئەوروپی و ڕیتواڵێکی نوێ و داستانێکی گشتگر بخولقێنێت، کە هیماگەل و ئاماژە هاوبەشەکان لەخۆ دەگرێت و جیاوازییەکان کۆدەکاتەوە. بروک لەم فۆرمە ساکارەیدا، هەر وەک پرۆژە گەورەکانی، بە چڕی کار لەسەر دیمەنە شانۆییەکان دەکات، دیمەنە شانۆییەکان بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، تێکیان دەشکێنێت و سەرلەنوێ لە گەمەیەکی هونەریدا دروستیان دەکاتەوە. دیمەنەکانی شانۆنامەی کۆستیم بە گۆرانی، ڕیتمێکی خێرا،

سەمایەکی میللی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەندێک جار لە ترۆپکی ئەو سەما و گۆرانییانەدا، بە گەمەیەکی تر دابڕانێک دروست دەکات و خودی ئەکتەرەکان دەکاتە ئامرازەکانی ئەو گەمەیە. (سەرەتا دیمەنێکی شانۆیی دروست دەکەم، دوای ئەوە تێکی دەشکێنم، دروستی دەکەمەوە و سەرلەنوێ تێکی دەشکێنمەوە. لە هەمان کاتدا بیر لە چارەسەرێک بۆ دیمەنەکە دەکەمەوە: چ جۆرە جلوبەرگ و کەرەستەیەک؟ چ جۆرە ڕەنگ و جووڵەیەک؟ ئەم شتانەش هەموویان کەرەستەی بەکارهێنانی (زمانێکی) تایبەتن و دەکرێت ئەو هەستە ناوەکییە تایبەتییەی من هەمە؛ نێزیک ببێتەوە لە شێوازێکی دیاریکراو و بەهێزەوە. دوای ئەوە هێدی هێدی فۆرمی دیمەنەکە دروست دەبێت، ئەو فۆرمەش پێویستە بخرێتە ژێر کارێکی ئەزموونگەریی پڕ لە گۆڕانکارییەوە، بەڵام هەر وەک شێوەیەک دەمێنێتەوە، ئەو شێوەیەش فۆرمێکی داخراو نییە، لەبەرئەوەی تەنها لە دیمەنێکی شانۆیی زیاتر هیچی تر نییە، دەڵێم تەنها دیمەنێکی شانۆیی لەبەرئەوەی دیمەنیش لە بنەمایەکی سەرەتایی زیاتر هیچی تر نییە، دوای ئەوە خودی کارەکە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دەست پێ دەکات.)<١٨>

بێگومان خودی ئەو دیمەنانە پێکەوە دەبنە یەکەیەکی تەواوی شانە گشتییەکەی نەمایشەکە. چەمکی ڕیتواڵیش، وەک زمانێکی هێماگەل دەبێتە بنەمای ئەو شانۆ پیرۆزەی، کە بروک لە کتێبی "پانتایی بۆش"دا ئاماژەی بۆ دەکات. هێما، ئاماژە و زمانی جەستە، پەیوەندییەکان سەقامگیر دەکەن. پەیوەندییەکانیش سەرەتا: ئەکتەرەکان لەگەڵ یەکتریدا، ئەکتەرەکان لەگەڵ

ستركتووره ئیستاتیكییه‌كه‌ی نه‌مایش، ئه‌كته‌ره‌كان له‌گه‌ڵ بینه‌راندا و له به‌رئه‌نجامیشدا بینه‌ران به تێكڕای ئه‌و شانه و پێكهاته گرینگانه‌وه: ئه‌كته‌ر، فۆرمی نه‌مایشه‌كه و دواجاریش یه‌كه‌ی ڕیتواڵه گشتییه‌كه‌ی نه‌مایشه‌كه ده‌به‌ستنه‌وه. گرینگیی نه‌مایشی كۆستیم ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ خولّقاندنی ڕیتواڵێكی شانۆیی له فۆرمێكی ساكاردا، له داڕشته‌كانی ئه‌م فۆرمه ساكاره‌وه، زمانێكی ئاشكرای جه‌سته‌ی ئه‌كته‌ر یه‌كه‌یه‌كی سه‌ره‌كی ئه‌و ڕیتواڵه‌یه، وه‌ك هاوكێشه‌یه‌كی دووفاقیش به یه‌كه دینامیكییه‌كانی فۆرمه ساكاره‌كه و خودی نه‌مایشه‌كه‌وه په‌یوه‌سته.

## له چه‌مكه‌كانی ڕیتواڵه‌وه بۆ واقیعێكی هه‌ست پێ كراو

شانۆ بوارێكی گرینگی شیكردنه‌وه‌ی شانه‌كانی ژیان و په‌یوه‌ندیكردن و له یه‌كتر گه‌یشتنه، ژیان له بۆته‌ی شانۆدا ده‌بێته پرۆسه‌یه‌كی به به‌های مرۆڤایه‌تی، پیشه‌ی ئه‌كته‌ریش ده‌بێته ته‌واوكه‌ری ئه‌م ئه‌ركه شانۆییه چڕ و گرانه. شانۆ له‌سه‌ر ئاستێكی باڵا، به شێوازێكی كرده‌یی و وه‌ك هونه‌رێكی قووڵ و هه‌مه‌لایه‌ن كار له‌سه‌ر ژیان ده‌كات و له واقیعی ژیانی مرۆڤ ده‌گات، ئه‌كته‌ره‌كانی بروكیش له نێو ئه‌و ئه‌زموونه‌دا و له ڕێگه‌ی شانۆوه له ژیانی واقیعی مرۆڤ گه‌یشتوون و هه‌ر له‌و ڕێگه‌یه‌شه‌وه، به ڕۆڵ و كاره‌كته‌ره‌كانیان ئه‌و ژیانه شی ده‌كه‌نه‌وه و تێی ده‌گه‌ن. (ده‌كرێت بوونمان له دوو بازنه‌دا وێنا بكه‌ین: ناوه‌كی، ئه‌مه‌ش بازنه‌ی هۆكار و ژیانه نهێنییه‌كانمانه، ئه‌و ژیانه‌ی نابینرێت، به‌ڵام هه‌ستی پێ ده‌كه‌ین، بازنه‌یه‌كی ده‌ره‌كیش، كه زیاتر ژیانی

کۆمەڵایەتیمان، هەروەها پەیوەندییەکانمان بە کەسانی تر و کار و پیشەکانمان دەگرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی شانۆش ڕەنگدانەوەیەکی ئەو بازنە دەرەکییەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەی شانۆیی ئەڵقەیەکی تایبەتی لە نێوان ئەو دوو بازنەیەدا دروست دەکات، هەوڵی ئەوە دەدات ئاماژە و شتی تایبەتی ئەو بازنە ناوەکییە ئاشکرا بکات، دواتر ڕەنگدانەوەی ئەو ئاماژانە، بۆ جیهانێکی ئاشکرا و بینراو بەرێت. بۆ ئەوەی شتە نادیار و شاراوەکانی بازنەی یەکەم ئاشکرا و دیاری بکرێت، ئەمەش پێویستی بە کاتێکی قووڵ و گران هەیە، لەم کارەشدا ڕاستییەکی چڕ، هەنگاو دوای هەنگاو دەردەکەوێت. تەنها ئەکتەریش دەتوانێت لەم کارەدا ببێتە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی تەوژمە نادیارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی.)<١٩>

ئەو ڕیتواڵەی بروک دەیخوڵقێنێت دەروازەیەکی بەرین بۆ ئەکتەرەکان دەکاتەوە تا لەو دەروازەیەوە لە ڕاستییەکان، لە نهێنییەکانی ژیان و فەلسەفەی ژیان و مرۆڤ بگەن. (پیتەر بروک هەمیشە بەم دیدە کاری کردووە، هەر لە نەمایشە ئەزموونگەرییەکانییەوە، کە لە شەستەکاندا بووەتە تەوژمێکی گرینگی شانۆی جیهانی و پانتاییە بۆشەکەی لە شانۆی بوف دی نورد لە پاریس، تا دەگاتە ئەم فۆرمە ساکارەی پرۆژە و بەرهەمەکانی ئێستاکەی.)<٢٠>

پانتایی نەمایشی (کۆستیم) داڕشتەیەکی کراوە و ساکارە، ژوورێکی بێ دیوار و بەڕەیەکی جوانی ئەفەریقی، جێگەیەکی نووستن لە ناوەڕاستدا و مێزێکی بچووک و یەک دوو کورسی و چوارچێوەی پەنجەرەیەکی بێ شووشە، هەروەها تەکنیکی

گێڕانەوە، سیمای ڕاستەوخۆی نەمایشەکەیە. کارەکتەرەکان لەسەر چەندین ئاست ڕووداوەکان دەگێڕنەوە. لە هەمان کاتدا ئەوەی دەیگێڕنەوە بەرجەستەی دەکەن و دەشیکەن بە نواندن و لە ڕێگەی جوولەی جەستەوە، بە شێوەیەکی قووڵ گوزارشتی لێ دەکەن. ئەکتەرەکان هەموویان یەک لە دوای یەک، بە شێوازی جودا دەبنە حیکایەتخوان، لە نێوان ڕۆڵەکانیان و کارەکتەری حیکایەتخواندا گەمە دەکەن و ڕۆڵەکانیان دەگۆڕنەوە. جەستەی ئەکتەرەکان فۆرمێکی سەربەست و زمانێکی دەوڵەمەندی هیماگەل و دەربڕین بەرجەستە دەکەن، ڕیتمی مۆسیقای جاز، گۆرانیی ئەفەریقی و زمانی جەستەی ئەکتەرەکان، فۆرم و شێوازێکی پڕ لە سەما و ڕیتواڵ دەبەخشێتە نەمایشەکە. نەمایشەکە هەرچەندە فەزایەکی شیعرئامێز لەخۆ دەگرێت و وێنەکان دەبنە گۆرانییەکی غەمگین، بەڵام سترکتور و ئەتمۆسفێرێکی تراجیدیای گریکی لەخۆ دەگرێت. گوناهەکەی ماتیلدا وەک چارەنووسێکی دیاریکراو، دەبێتە هێزێکی تراجیدی و تارماییەکی دڕندە، دوای ئەو دوو پاڵەوانە تراجیدییە دەکەوێت. هەر لە ساتەوەختەکانی نەمایشەکەوە گومان، تاوان، سزا و خەونەکان دەبنە یەکەیەکی تێکشکاوی بەرجەستەکراوی وێنە گشتییەکە.

هونەری نواندن لە "کۆستیم"دا وەک ئەزموونێکی تایبەتی، دەبێتە چەمکێکی گرینگی تێکڕای سترکتوری نەمایشەکە. ئەکتەر لەو سترکتورەدا تەنیا یەک توخمە، بەڵام توخمێکی گرینگ. هێزی ئەو ڕیتواڵە ساکارە لە یەکێک لە دیمەنەکاندا دەگاتە ئاستێکی بەرز، پێلیمۆن و ماتیلدا ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ هاوڕێکانیان ساز دەکەن و لە ماڵەکەی خۆیاندا میوانداریيان دەکەن، ئەو دیمەنەش

دەبێتە گەمەیەکی پڕ لە خەندە، ئەکتەرەکان هەر خۆیان ڕۆڵی چەندین کارەکتەری تر (میوانەکان) دەبینن، بە ڕیز، یەک لە دوای یەک دێنە ژوورەوە و لە لایەن پێلیمۆن و ماتیلداوە پێشوازی دەکرێن. ئیدی ئەو پانتاییە دیاریکراوەی ژوورە بچووکەکەیان دەبێتە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە خەڵک. ئەفسوونی دیمەنەکەش توانای ئەکتەرەکانە، هونەری نواندن دەبێتە بەشێکی گرینگی ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەرەکان، ژیانی ڕۆژانەشیان دەبێتە بەشێکی گرینگی ئامراز و کەرەستە بەکاهێنراوەکانی هونەری نواندنەکەیان. (ئەوەی جێگەی سەرنجە لە لای ئەکتەر، ئەو توانا تایبەتییەیە کە لە کاتی پرۆڤەکردندا لە پڕ هەندێک لە لایەنە شاراوەکانی ژیانی تایبەتی خۆیان دەردەکەوێت.)<٢١> ئەو ڕیتواڵە شانۆییەی لەنێو ئەو گەمەیەدا دروست دەبێت، وەهمی ژیان تێکدەشکێنێت و لە واقیعێکی هەست پێ کراوەوە نزیکمان دەخاتەوە. ئەکتەرەکان گەمە دەکەن، دەبنە میوانی خۆیان و یەکە یەکە دێنە ژوورەوە. وێنەکە واقیعییە، ئەتمۆسفێرەکە سیمایەکی ڕیتواڵ لەخۆ دەگرێت و گەمەکەش وەک کەرەستەیەکی ئەو ڕیتواڵە واقیعێکی هەست پێ کراو، چارەنووسێکی تراجیدی و کۆتاییەکی پڕ لە کارەساتمان بۆ دروست دەکات.

### دەستت لەناو دەستمدا

بروک لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بە نەمایشی (دەستت لەناو دەستمدا) فێستیڤاڵی شانۆی نێونەتەوەیی لە شاری کۆپنهاگن دەکاتەوە. ئەم دەقە لە نووسینی "کارۆڵ ڕۆکامۆرا" و نواندنی هەردوو ئەکتەری بەناوبانگی فەڕەنسی (ناتاشا پاری) و (میشێل

پیکولی)یە، شانۆنامەکەش باسی عەشقی نێوان ئەنتوان چێخەف و ژنەکەی ئۆلگا کنیپەر-ی کیژە ئەکتەر و هونەرمەندی شانۆی ڕووسی دەکات.<٢٢>

نامەکانی نێوان چێخەف و ئۆلگا کنیپەر بنەمایەکی گرینگ و ڕاستەوخۆی نەمایشەکەی بروک، هەروەها نووسەری دەقەکەش کارۆڵ ڕۆکامۆرا-ن، شانۆنامەکەی لە خودی نامەکانەوە ئامادەکردووە.

## عەشق و شانۆ

ئەنتوان چێخەف ١٨٦٠—١٩٠٤ و ئۆلگا کنیپەر ١٨٦٨—١٩٥٩ بۆ یەکەم جار لە مانگی نۆی ساڵی ١٨٩٨دا، لە کاتی یەکێک لە پرۆڤەکانی شانۆنامەی (نەوڕەس)دا لە شانۆی هونەری مۆسکۆ، یەکتر دەبینن. لەودەمەدا ئۆلگا کنیپەر کیژە ئەکتەرێکی گەنج و لە سەرەتاکانی ژیانی هونەریدا دەبێت، بەڵام چێخەف کەسێکی ناسراو و ناوێکی گەورە و دیاری ئەدەبیی ئەوکاتەی ڕووسیا دەبێت. چێخەف ئامادەی تەنها دوو پرۆڤەی شانۆنامەی (نەوڕەس) دەبێت، لە پازدەی هەمان مانگدا ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ "یەڵتا" لەسەر ڕۆخی زەریای ڕەش.

چێخەف لەبەر باری نالەباری تەندروستی، بە زستان لە شاری "یەڵتا" ژیاوە. لەو چاوپێکەوتنە کورتەدا چێخەف هەست بە شتێکی تایبەتی بەرامبەر بەو کیژە ئەکتەرە دەکات، دوای گەڕانەوەشی لە چەند نامەیەکدا بۆ هاوڕێ نزیکەکانی نووسیوە، کە دڵی کەوتووەتە لێدان، بەڵام تا مانگی چواری ساڵی داهاتوو،

چێخەف و ئۆلگا کنیپەر یەکتر نابیننەوە، لەم نێوانەشدا شانۆنامەی (نەوڕەس) لە ١٧ی مانگی دوازدەی ساڵی ١٨٩٨دا لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ نەمایش دەکرێت.

## خۆشت بوێم و بنووسە

چێخەف دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆوە بۆ یاڵتا، لە شازدەی مانگی شەشدا یەکەمین نامە بۆ ئۆلگا کنیپەر دەنووسێت، ئەو نامەیەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ زەمەنێکی درێژی نامەگۆڕینەوە لە نێوانیاندا. چێخەف لە سەرەتای نامە دڵدارییەکانیدا دەنووسێت: (ئێوە دوابەشی ژیانی منن، ئێوە گەورەترین ئەکتەری زەویی ڕووسیان) هەر دوای ئەم نامەیەش بە هەفتەیەک، ئۆلگا کنیپەر خۆی دەگەیەنێتە یەڵتا و یەکەم ژووانی دڵداری دەست پێ دەکات. چێخەف و ئۆلگا کنیپەر بۆ ماوەی پێنج ساڵ ١٨٩٩—١٩٠٤ بە بەردەوامی و هەموو ڕۆژێک نامەیان بۆ یەکتری نووسیوە. کۆی ئەو نامانە، هەروەها نامەکانی تری چێخەف، کە بۆ کەسایەتیی هونەری و ئەدەبی و دەزگای چاپەمەنی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی نووسیوە، لە مۆزەخانەکەی خۆیدا؛ لە شاری یاڵتا پارێزراون.<٢٣> بێگومان هۆکاری نووسینی ئەم هەموو نامەیەش؛ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەشێکی درێژی ژیانیان بە جیا و دوور لە یەکتری ژیاون. هەرچەندە چێخەف و ئۆلگا کنیپەر لە ساڵی ١٩٠١دا هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام زۆربەی کات چێخەف بە تەنها لە یاڵتا و ئۆلگا کنیپەر لە مۆسکۆ ژیاوە. بەم شێوەیە نامەکانی نێوانیان تەنها ڕێگەیەکی پێکەوەژیان و

بەردەوامیی عەشق و ئامرازێکی گفتوگۆی بەردەوامییان بووە. نامەکانی چێخەف پڕن لە خەندە و هەندێک جاریش گاڵتەوگەپێکی دڵخۆشکەر، بێگومان باسی شانۆش لە ناو چەقی بەشێکی زۆری نامەکاندایە، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی ئۆلگا کنیپەر ڕۆڵی سەرەکیی لە هەموو شانۆنامەکانی چێخەفدا لە شانۆی هونەری مۆسکۆ بینیوە.<٢٤> بۆ نموونە، کە چێخەف لە پاییزی ساڵی ١٩٠٠دا دەست بە نووسینی شانۆنامەی (سێ خوشک) دەکات، لە نامەکانیدا بۆ ئۆلگا کنیپەر بە وردی و چڕوپڕی هەنگاو بە هەنگاو باسی ڕووداو، کارەکتەر، ئەتمۆسفێر و سترکتوری ئەم دەقە دەکات، هەروەها ئۆلگا کنیپەر تاقە کەسێک بووە، کە چێخەف بە قووڵی و لە نزیکەوە گفتوگۆی شانۆ و گیروگرفتەکانی شانۆی لەگەڵدا کردووە، لەم ڕووەوە بەشێکی زۆری ئەو نامانە، بەهایەکی گرینگیان بۆ ئەکتەر و ڕیژیسۆر هەیە و تیشکێکی جیاواز دەخەنە سەر دەقەکانی چێخەف و بیروباوەڕە شانۆییەکانی ڕوون دەکەنەوە. چێخەف لەو نامانەدا دیدی خۆی سەبارەت بە چۆنیەتیی نواندن و پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرەکان ڕوون دەکاتەوە، هەروەها شانۆنامەکانیشی کە لەسەر شانۆی هونەری مۆسکۆ پێشکەش دەکرێن، وەک ڕەخنەگرێکی بە سەلیقە و لێزان هەڵدەسەنگێنێت و بیروبۆچوونە ڕەخنەییەکانی دەخاتە ڕوو.

هەر لەم نامانەدا جیاوازییەکانی دید و بۆچوونە هونەری و کێشەکانی نێوان هەردوو دامەزرێنەرانی شانۆی هونەری مۆسکۆ (ستانیسلاڤسکی) و (ڤلادیمێر نیمیرۆڤتش دانشنکۆ)مان بۆ دەردەکەوێت.

چێخەف لە کاتی کارکردن لە شانۆنامەی (باخی گێلاسەکە)دا لەگەڵ ستانیسلاڤسکی تووشی کێشەیەکی توندوتیژ دەبێت. لە نامەیەکیدا بۆ ئۆلگا کنیپەر، چێخەف ستانیسلاڤسکی بەوە تاوانبار دەکات، کە شانۆنامەکەی شێواندووە. <٢٥>

## پانتاییە بۆشەکان و نەمایشی "دەستت لەناو دەستمدا"

بروک لە نەمایشی "دەستت لەناو دەستمدا" بە تەواوی بەرگەکانی شانۆ دادەماڵێت، دەگەڕێتەوە سەر ڕۆڵی ئەکتەر و پەیوەندییەکانیان، ئەمە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر ئەفسوونی وشە و گەڕان بە دوای ماناکانی وشە و وشە تەلیسماوییەکاندا. نامەکانی چێخەف، ئەو دونیایەی دروستی کردوون، پەیوەندییەکانیان، ئەفسوونی شانۆ، خۆشەویستییەکی دوورمەودا و ڕۆڵی شانۆ لە ژیانی هەندێک کەسدا؛ لە چەقی ئەو شانۆ داماڵراوەدان.

پانتاییەکی بۆش، فەرشێکی ڕۆژهەڵاتی بە شێوەیەک داخراوە، کە هەموو پانتایی و ڕووبەری شانۆکەی داپۆشیوە و تەنها سێ کورسی و مێزێک. لەم فۆرمە ساکارەدا هونەری نواندن و گەڕان بە دوای نهێنییە شاراوەکانی بارودۆخەکان و دۆزینەوەی ئاستە جیاوازەکانی دەروونی مرۆڤ، ئاشکراکردنی حاڵەتە دەرەکی و ناوەکییەکانی کارەکتەرەکان، بەهایەکی گرینگیان هەیە.

بروک لەم بنەمایانەوە کاری کردووە، هەر لەم بنەمایانەشەوە کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆی، کەسایەتییەکەی، ئەکتەری بەرامبەر و لەگەڵ دەقەکەش لە ناوەندی پرۆسەکەدایە.

(کاری ئەکتەر لەگەڵ خۆیدا) ناونیشانی یەکێکە لە کتێبە ناوازە و گرینگەکانی ستانیسلاڤسکی، لەم نەمایشەدا کەسایەتیی ستانیسلاڤسکی لە دوو لاوە ڕۆڵی سەرەکیی هەیە: بوونێکی بەردەوام، وەک هاوڕێ و ئەکتەر و ڕیژیسۆری شانۆی هونەری مۆسکۆ، بە تایبەتی لە نێوان چێخەف و ئۆلگادا، لە نەمایشەکەشدا ئەم ڕۆڵە بە ڕوونی لە نێوان (میشێل پیکولی و ناتاشا پاری) بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە پلانێکی گەلێک فراوانتری تریشدا، لەو ڕووەوەی کە ستانیسلاڤسکی وەکو یەکێک لە گرینگترین مامۆستا و تیۆریستەکانی هونەری نواندن، لە ناوەندێکی باڵای ڕووداوەکاندایە.

خۆشەویستی و عەشقێکی ڕاستەقینە، ژیان و شانۆ، شانۆ دەربارەی شانۆ دەبێتە بنەمایەکی گرینگی نووسین و لەوێشەوە بۆ تەکنیک و هونەرێکی تازەی نواندن، شێوازە پێداگۆگییەکەی ستانیسلاڤسکی، وەک شۆڕشێکی هونەری لە بواری شانۆدا، ئەمانە هەمووی پێکەوە دەبنە هەوێنی ئەم گەشتەی بروک و ئەکتەرەکانی. میشیل پیکولی و ناتاشا پاری پێکەوە لە کارێکی چڕی گەڕان و دۆزینەوەی نهێنییەکاندا، ئەو نهێنییانەی لە نێو نامەکانی چێخەف و ئۆلگا کنیپەردا بارودۆخە دەروونییەکانی دروست کردووە، توێژ لە دوای توێژ، هەست و سۆزی تیا کەڵەکە بووە و بوونەتە دوو کارەکتەر "مرۆڤ"ی زیندوو. بروکیش لە هەموو مامەڵەکردنێکیدا لەگەڵ ئەم دوو ئەکتەرەدا، هەوڵی داوە کۆدە کۆمەڵایەتی، شانۆیی و حاڵەتە چڕ و هەڵچووەکان، هێندەی تر لە مەودا دوورەکاندا چڕ بکاتەوە و تێهەڵکێشی فۆرمە ساکارەکەی بکات.

میشێل پیکولی له کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا له کۆپنهاگن گوتی: (من هەوڵ نادەم ڕۆڵی ئەنتوان چێخەف ببینم، بەڵکو دەمەوێت وەک چێخەف بم، بێگومان ئەمەش شتیکی ئاسان نییه، بەڵکو شتێکی هەر زۆر گرانه.) میشێل پیکولی ئەکتەرێکی به سەلیقەی فەڕەنسییە، تەمەنی ٧٨ ساڵە، بەڵام چێخەف که کۆچی دوایی کرد، تەمەنی تەنها ٤٤ ساڵ بووه. ئەم ئەکتەره به تەمەنه چێخەفێکمان له وێنەیەکی باڵادا پێشکەش دەکات، مەودا زەمەنییەکان چڕ دەکاتەوە، زەمەن دەگێڕێتەوە و پیکولییەکی ٧٨ ساڵەیی له چێخەفێکی ٤٤ ساڵیدا پێشکەش دەکات، هەروەک چێخەفیش هێدی هێدی و لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی نەمایشەکەدا (زەمەنی نەمایش) پیر دەبێت.

بینەران هەست دەکەن میشێل پیکولی هەمان ئەکتەری سەرەتای نەمایشەکە، به بەراورد لەگەڵ کۆتایی نەمایشەکەدا نییه، له دوا ساتەکانی نەمایشەکەدا، ئەم هونەرمەندە پیر دەبێت، سیمای دەموچاوی دەگۆڕدرێت و نەخۆشی پەکی دەخات، له بەرچاومان مرۆڤێک دەمرێت، هەست دەکەین دڵێک له لێدان دەکەوێت، نەبرەی دەنگێکی قووڵ و چۆنیەتیی بەکارهێنانی هەناسەدان و هاتنە دەرەوەی وشەکان، پرۆسەیەکی گرینگی دوا ساتەکانی نواندنەکەن. جەستەی میشێل پیکولی له نێوان دوا دێڕەکانی دەقەکه و دوا دیمەنەکانی نەمایشەکەدا، بێدەنگی، جوڵانەوەی دەست و گوزارشتی دەموچاودا ڕۆحی مرۆڤێک پیشان دەدات، که له جەسته جیادەبێتەوە.

میشێل پیکولی و ناتاشا پاری هاوسەنگی کارەکتەرەکان و ڕۆڵەکانیان و بوونیان لەسەر شانۆکه ڕاگرتووه، بەو شێوەیەش

پەیوەندییەکانی نێوانیان دەبێتە کاردانەوەیەکی سروشتی و جوڵانەوەیەکی ناوەکیی کارەکتەرەکان.

## چەمکی شانۆ لەسەر شانۆ و لە ناو نەمایشەکەدا

دەقەکە و خودی نەمایشەکە دووپاتکردنەوەیەکی گرینگی مەسەلە شانۆییەکانن: ناکۆکیی نێوان چێخەف و ستانیسلاڤسکی لە ناوەندی ڕووداوەکاندایە و بروک لایەنگیری چێخەف دەکات، بەرجەستەی حاڵەتە مرۆڤایەتییەکان، ساتە پڕ لە خەندە و دیمەنە کۆمیدی و گاڵتەوگەپەکان لە ڕیتمێکی خێرادا بەرجەستە دەبن. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی چێخەف و ستانیسلاڤسکی ئەوە بووە، کە چێخەف کۆمیدیای دەنووسی، بەڵام ستانیسلاڤسکی وەک تراجیدیا پێشکەشی دەکرد. سروشتی سینۆگرافیا و خوڵقاندنی وەهمێکی شانۆییش، لە نەمایشەکانی ستانیسلاڤسکیدا لەگەڵ دید و بۆچوونە شانۆییەکانی چێخەفدا نەدەگونجان.

گەڕانەوەی بروکیش بۆ گەوهەرە سەرەکییەکانی هونەری نواندن و قووڵبوونەوە بە ناخی کارەکتەرەکان و سترکتورێکی شانۆیی و نزیکبوونەوە لە چێخەفەوە دەکاتە بنەمای نەمایشەکە. دوو ئەکتەرەکە بە شێوەیەکی پڕ لە ژیان و خۆشەویستی ڕوو دەکەنە یەک، ڕووبەڕووی بینەران دەبنەوە و ژیان دەکەن بە بەری کۆمەڵێک نامە و بیرەوەرییەکانیش زیندوو دەکەنەوە. چێخەف سەرقاڵی کارکردنە، بەڵام بە لایەوە خۆشە کە جار جار ئافرەتێک، لەم حاڵەتەدا "ژنەکەی" بێتە ئاسمانی خەونەکانییەوە، دواتریش هەر بە چەشنی مانگ لەگەڵ بەرەبەیاندا بزر بێت.

بروک لەم نەمایشەدا جار جار دەنگی تێپەڕبوونی شەمەندەفەرێک بەکاردەهێنێت، چێخەف جانتاکەی بەسەر شانەوەیە و لە سەفەرێکی بەردەوامدایە، لەگەڵ هەر سەفەرێکیشدا؛ دیدارێک، بەرکەوتنێکی فیزیکی و تێپەڕبوونی زەمەن کاریگەرییەکانی خۆیان بەجێ دەهێڵن. لە دوا چرکەکانی نەمایشەکەدا، کە چێخەف دەمرێت و ئۆلگا کنیپەر بە تەنها بەجێ دەهێڵێت، میشێل پیکولی هەڵدەستێتە سەر پێ، بە بێدەنگی دێتەوە ناو پانتاییە بۆشەکە و لە ئاڵوگۆڕێکی ڕووناکی و بەکارهێنانی ڕەنگەکان، لە چاوتروکانێکدا، دەست دەخەنە دەستی یەکترەوە و "دەستت لەناو دەستمدا" پشت دەکەنە بینەران و بە هێواشی دەچنە دەرەوە.

لە تاریکی و بێدەنگیی ڕەهادا، سەرلەنوێ گوێمان لە دەنگی شەمەندەفەرەکە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لاشەی چێخەفی هەڵگرتووە!

## مەرگی سیزوی بانزی

بروک لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر و زیاتر لە کیشوەرە ڕەشەکەی گەردوون نزیک دەبێتەوە. لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بە شانۆنامەی "کۆستیم" دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ئابووریی گەلانی ئەفەریقادا دەکاتەوە. دواتر بە شانۆنامەی "تێرنۆر بۆکەر"یش برەو بە گەشتە ئەفەریقاییەکەی دەدات. دوابەرهەم و نەمایشی (مەرگی سیزوی بانزی)ش گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ حەفتاکانی باشووری ئەفەریقا و سیستمە ڕەگەزپەرستییەکەی ئەو وڵاتە. <٢٦>



مەرگی سیزوی بانزی

(مەرگی سیزوی بانزی) بە شاکارێکی کلاسیکیی هەزار و نۆ سەدەکانی ئەفەریقای باشوور دادەنرێت. شانۆنامەکە بە شێوازێکی ڕاگوزاری و بە یارمەتیی ئەکتەرە ڕەشپێستەکان، وەک گەمەیەکی شانۆیی نێو کۆڵان و سەرشەقام و شوێنە گشتییەکان و لە ساڵی ١٩٧٣دا، لە ناوچە ڕەشپێست نشینەکاندا هاتووەتە بەرهەم. بەسەرهاتی شانۆنامەکە باسی مرۆڤێک بە ناوی (سیزوی بانزی) دەکات، کە لەژێر دەستی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئەفەریقای باشووردا، دەچەوسێنرێتەوە.

ئەم مرۆڤە هەژارە بێکارە و بە شێوەیەکی بەردەوام بە دوای کاردا دەگەڕێت. دەیەوێت بچێتە ناوچەی سپیپێستەکان، تا لەوێ کار بکات و خواردنی ڕۆژانە بۆ خۆی و خێزانەکەی دابین بکات. بەڵام لە هیچ شوێنێک کاری دەست ناکەوێت، تا لە ئەنجامدا دەگاتە ئاستێکی وا، کە چیتر ورەی نامێنێ و بێکاری و برسێتی زۆری بۆ دێنن. بۆ ئەوەی کاری دەست بکەوێت، پێویستی بە شوناسێکی تازە و پاسپۆرتێکی تر هەیە، بۆ ئەوەی پاسپۆرتێکی تریش بە دەست بهێنێت، پێویستە بمرێت! کە مردیش سەرلەنوێ و لەژێر ناوێکی تر و بەرگێکی تردا، پەساپۆرت و شوناسێکی تر وەردەگرێت و بەو شێوەیە دەتوانێت لەناو وڵاتەکەی خۆیدا، مەرزی ناوچەکانی خۆیان ببەزێنێت و بۆ کار ڕوو بکاتە ناوچەی سپیپێستەکان.

دەقی شانۆنامەی (مەرگی سیزوی بانزی) هەمان ستایل و شێوازی شانۆیی لەخۆ دەگرێت، کە لە باشووری ئەفەریقا و لە شارەکانی ڕەشپێستەکاندا، لە کۆڵان و سەرشەقامەکاندا پێشکەش کراوە. لەم نەمایش و شانۆنامانەدا گیروگرفتە گران و ژیانە سەختەکەی ڕەشپێستەکانی بە شێوازێکی ساکار و ڕاستەوخۆ و خەندەئامێز و هەندێک جار کۆمیدیایەکی ڕەشی خستووەتە ڕوو.

دەقی شانۆنامەکە لە لایەن (ئەتۆڵ فیوگارد)ەوە نووسراوە و ئەم نووسەرە یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی ئەفەریقای باشوور و زیاتر تێکستەکانی لە چوارچێوەی ژیانە جۆراوجۆرەکان و ئاستە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکەی ئەم کیشوەرە ڕەشەدا دەسووڕێنەوە. مەرگی سیزوی بانزی، کۆمیدی و تراجیدی تێکەڵاو دەکات و پەردە لە ڕووی سیستەمە توندوتیژە بێبەزەییە ڕەگەزپەرستەکەی ئەفەریقای باشوور هەڵدەماڵێت.

سیزوی بانزی هەمیشە بێکارە، دەخرێتە بەندیخانەوە؛ لەبەرئەوەی ڕەشپێستە و پاسپۆرتی نییە. مەرگ تاقە ڕێگەیە تا سەرلەنوێ بژێتەوە و شوناس و پاسپۆرتێکی تازە و کەسایەتییەکی تر لەخۆ بگرێت. سیزوی بانزی لە شانۆنامەکەدا پرسیار لە هاوڕێکەی دەکات و دەڵێت: "لەم وڵاتەدا پیاوێکی ڕەشپێست دەبێت چی بکات؛ تا تووشی کێشە و سزادان نەبێت؟" هاوڕێکەشی بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: "هیچ شتێک! ئەوە شتێکی هەر زۆر گرانە! مەینەتی ژیانی ئێمە لە ڕەنگی پێستماندایە!"

هەرچەندە ئەم شانۆنامەیە لە حەفتاکاندا نووسراوە و باسی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیی ئەفەریقای باشوور دەکات، ڕژێمێک کە بە تەواوی بوونی نەماوە و ئێستا دەسەڵات بە دەست ڕیشپێستەکان خۆیانەوەیە، بەڵام ڕایەڵەکانی ئەم دەقە، ڕووداوەکانی و نەمایشکردنی لە ئێستادا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە! زۆر بە ئاسانی دەکرێت ببەسترێتەوە بە تەنگەژە هەنووکەییەکانی ئەمڕۆی جیهانەوە، بۆ نموونە بارودۆخی پەناهەندەکانی ئەورووپا، کێشەی سنوور، گرفتی پاسپۆرت و پەنا بردنە بەر ناو و شوناسی تر. هەروەها کێشە سیاسییەکانی تری جیهان، لەوانە تورکیا و فەلەستین.



مەرگی سیزوی بانزی لە فەلەستین و ناوچە داگیرکراوەکانی تر و کەمپی پەنابەراندا پێشوازییەکی گەورەی لێ دەکرێت٢٧. لە "ڕامەڵڵا" ئەکتەرەکان زمانی شانۆنامەکە لە هەندێک هەڵوێستەی جیاوازدا دەگۆڕن و لە بری زمانی فەرەنسی، زمانی عیبری بەکاردەهێنن، بەم شێوەیەش نەمایشەکە دەبەستنەوە بە ساتەوەختەکانی ژیانی ڕۆژانەی فەلەستینییەکانەوە.

بروک سەبارەت بە نەمایشەکە دەڵێت: (ئانوساتە ڕاستەقینەکانی شانۆ تەنها لە ئێستادا بوونی هەیە، نەک دوێنێ و سبەی، هەمیشە ئەوە مرۆڤە، کە لە ئێستادا تەماشای ڕووداوێک دەکات. ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەش کە لەگەڵ بینەراندا دروست دەبێت، شانۆ لە فۆرمی هونەرەکانی تر جیادەکاتەوە. شانۆی Townshipی ئەفەریقای باشووریش لەم بارەیەوە نموونەیەکی گرینگ و بە بەهایە. ئەم شانۆیە لەناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا لەدایک بووە، لە کۆڵان و سەرشەقامەکان، لە شارە دەستکرد و ناوچە هەژارەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئەفەریقای باشووردا سەری هەڵداوە. ئەم شانۆیە سیمایەکی زۆر تایبەت لەخۆ دەگرێت، ئەوەی ڕاستی و واقیعە بە هەمان شێوە، ئەمرۆیش کارمان تێ دەکات. ئەمە شانۆی ئەم ئانوساتەیە و ئاستە ڕەهاکانی هەستی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت. ئەم شانۆیە زۆر بە ئاشکرا ئەوەمان پیشان دەدات، کە چی ڕووی داوە، چی چییە و چیش لە بەردەمماندایە.)

لە شانۆنامەی (مەرگی سیزوی بانزی)دا ڕووبەڕووبوونەوە و بەیەک گەیشتنی ئەکتەر و بینەران لە ئێستا و لەم کاتەدا، ئامادەبوونێکی دوولایەنەی بەردەوامی هەیە. کارەکتەرەکان بە

شێوەیەکی سەیر لەسەر تەختەی شانۆ دەژین، ستایلی نواندنەکەیان گەمەیەکی پڕ لە ژیان لەخۆ دەگرێت. لە هەمان کاتدا شێوازی تەماشاکردن؛ تەماشاکردنی خۆیان وەک ئەکتەر و پەیوەندیی کارەکتەرەکان پێکەوە، تەماشاکردن و پەیوەندیی ئەوان بە بینەرانەوە بە وردی کاری لەسەر کراوە.

گرینگیی نەمایشەکە لەوەدایە، کە بینەران بە درێژایی شانۆنامەکە، لە دەروازەی ڕووداوەکانەوە هەست بە بوونی خۆیان و بەشداریی خۆیان دەکەن. بروک لە دیدی ڕێژی خۆیەوە هۆڵی شانۆکە و سەر تەختەی شانۆکەی لە یەکەوە نزیک کردووەتەوە، ئەکتەرەکانیش بە تەواوی و بە درێژایی نەمایشەکە مامەڵە لەگەڵ بینەراندا دەکەن و بینەران دەبینن، بە هەمان شێوە ئێمەی بینەرانیش بە بەردەوامی چاودێریی هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی ئەکتەرەکان دەکەین و هەموو جیهانە ناوەکی و دەرەکییەکانی ئەوان دەبینین. بەم شێوەیە لەگەڵ ئازار و پەژارەکانیان، لەگەڵ گرفت و هیواکانیان هاوبەش دەبین، ئێمە و ئەوان، ئەکتەر و بینەر لەم ساتەوەختەدا، لە ئێستا و لەم چاوتروکاندنەدا پێکەوە دەژین.

(مەرگی سیزوی بانزی) بە شێووەیەکی ڕووکەش و ساکار چیرۆکێکی قووڵ و بەرفراوانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەفەریقای باشوور دەگێڕێتەوە، ئێکسسوار و کەلوپەلی بەکارهێنراویش بریتییە لە چەند پارچە کارتۆن، عەلاگەی جل هەڵواسین، تەنەکەی خۆڵ، کورسییەک و دوو ئەکتەر.<٢٨>

ئەکتەرەکان لە نەمایشەکەدا وەک ئەوە وان کە لە پرۆسەیەکی شانۆی ڕاگوزاریدا بن، هەروەک ئەوەی هەر هەموو شتەکان لە ساتەوەختێکی ئێستادا، لەم ئانوساتەدا ڕوو بدەن و بخولقێن.

بروک بە هیچ شێوەیەک پشت ناکاتە ڕاستییەکانی ژیان و واقیعی مرۆڤ، تەنانەت لە پرۆژە و نەمایشە ئەزموونگەریەکانیشیدا مرۆڤ هەمیشە لە خانە گرینگەکانی ژیاندا سووڕاوەتەوە و هەر لە ژیانیشەوە هەنگاوەکانی بەرجەستەکردن و دیدی ڕیژی خۆی دەستەبەر کردووە. هەر بۆیە هەمیشە نەمایشەکانی بروک ئەتمۆسفێرێکی تایبەتمەند لەخۆ دەگرن، شانۆیەک کە ڕێگەیەکی زۆر جیاوازی خۆی هەیە: بە شێوەیەکی تایبەتمەند لە بینەران و واقیعەوە نزیک دەبێتەوە، شانۆیەک کە لە لای هیچ ڕیژیسۆر و هیچ گروپ و ئەکتەرێکی تر بەم شێوەیە نابینرێت. لە نەمایشەکانی بروکدا، هەموو بینەرێک لەگەڵ ئەکتەرەکانی نەمایشەکەدا پێکەوە لە هەمان کات و هەمان شوێندا و لە هەمان ژووردان، ئەمەیە ئەفسوونی شانۆی بروک.

نەمایشی (مەرگی سیزوی بانزی) زۆر بە ئاسانی ڕاپێچی جیهانە تایبەتەکەی خۆیمان دەکات، ئەکتەرەکان وێنە یەک لە دوای یەکەکانی شانۆنامەکە: کارگە، ڕیزی درێژی چاوەڕوانی پاسەکان، هاتنە ژوورەوەی خێزانێکی گەورە و تەنانەت دوکانی وێنەگرتنیشمان بە هەموو کەرەستەکانییەوە، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە بۆ دەخولقێنێت و وەهم دەبێتە واقیعێکی بەهێز و هەست پێ کراو.

ستایلەکانی شانۆی میللی (بەکارهێنانی گۆرانی و سەما و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ بە بینەرانەوە) و شانۆی ڕاگوزاری (لەو

ڕووەوەی کە بەشێکی نەمایشەکە لە کاتی پرۆڤەکاندا، لەسەر مەشقی ڕاگوزاری ڕۆنراوە) و شانۆی تۆماری (کە نووسەر ڕاستەوخۆ دەقەکەی لە ژیانی ڕۆژانە و سیستێمی مامەڵەی ڕەسپێستەکانی ئەفەریقاوە وەرگرتووە) تێکەڵاو دەکات و فۆرمی هەر یەکە لەو شانۆیانەش بە شێوەیەک لە شێوەکان لە دیدی ڕیژی، فۆرمی نواندن و توانای ئەکتەرەکاندا ڕەنگ دەداتەوە.


## دادگایەکی گەورە

بروک لە شانۆی پادشایەتی لە ستۆکهۆڵم، ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی دۆیستۆڤسکی وەک شانۆگەری نەمایش دەکات، نووسەرێکی گەورەی ڕووس لەگەڵ ڕیژیسۆرێکی گەورەی بە ڕەچەڵەک ڕووس لە ئاخافتندان. هەرچەند ئەم نەمایشە لەگەڵ نەمایشی (مەرگی سیزوی بانزی) زۆر جیاوازە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەستن بە یەکەوە، بە تایبەتی لەبەرئەوەی کە زۆر دژ بە یەکن.

مەرگی سیزوی بانزی و بە شێوازێکی ڕاگوزاری و لە بارودۆخێکی گران و دوژمنکارانەی ڕەگەزپەرستیدا نووسراوە، نەمایشەکەی تریشیان کە دەکرێت ناونیشانەکەی بەم شێوەیە بکەینە کوردی (دادگایەکی گەورە)، لە شاکارێکی گەورەی ئەدەبییەوە ئامادەکراوە.

لە ڕۆمانەکەی دۆیستۆڤسکیدا (برایانی کارامازۆف) کارەکتەری ئیڤان بۆ ئەلیوشای برای دەگێڕێتەوە؛ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان (عیسا) دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و لە لایەن دادگای باڵای کڵێسای

کاسۆلیکەوە لە ئیسپانیا دەگیرێت و دادگایی دەکرێت. لەو دادگایەدا لێپێچەرەوەکان عیسا ئاگادار دەکەنەوە، کە پێویستە کڵێسای کاتۆلیک، دوای ئەو هەڵە گەورەیەی عیسا دەرحەق بە مرۆڤایەتی کردوویەتی، ڕاست بکرێتەوە.



دادگایەکی گەورە

ئەو هەڵەیە ئەوەیە کە خواوەند لە ڕێگەی عیساوە سەربەستییەکی ڕەهای بەخشیوە بە مرۆڤ و ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە کە لە هەندێک بارودۆخی تایبەتیدا ڕێگەیەک هەڵبژێرێت، یان کارێک بکات، کە لە دژی خودا خۆیەتی و دژی کڵێسای کاتۆلیکیش بکەوێتەوە. ڕووداوی نەمایشەکەی بروک لە وڵاتی ئیسپانیا و لە شاری ئیشبیلیا، لە ساڵەکانی هەزار و پێنجسەدەکاندا ڕوو دەدات.

عیسا دەگەڕێتەوە سەر زەوی، هەر لەم کاتەدا و بە ڕێکەوت یەکێک لە قەشە گەورەکانی کڵێسا بە گۆڕەپانەکەی شاردا تێدەپەڕێت، ئەو قەشەیەش پیاوێکی باڵابەرزی پیری تەمەن نەوەد ساڵییە، دەموچاوی باریک و درێژە، چاوە بە قووڵاچووەکانی بریسکەیەکی کزیان لێوە دێت. خەڵکی تا زەوی، وەک ڕێزێکی بێپایان بۆ ئەو قەشە پیرە ڕدێنسپییە دەنووشتێنەوە، کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی لێپێچانەوەی کڵێسای کاتۆلیکیشە، تا خێر و بەرەکەتیان بە سەردا دابەش بکات. ئەویش بە خامۆشی وێرد و نزاکانی بڵاودەکاتەوە، بە بێ ئەوەی ڕاوەستێت و وەڵامی کەس بداتەوە، یان تەماشای کەس بکات.

ئەم قەشە پیرە ڕدێنسپییە، یەکسەر عیسا دەناسێتەوە و بە پاسەوانەکانی دەڵێت، کە دەستبەجێ هەر لەوێدا بیگرن. لە بارودۆخێکی زۆر بێدەنگی ترسناکدا عیسا دەگرن و ڕاپێچی بەندیخانەیەکی نادیاری دەکەن.

چۆن عیسا دەگەڕێتەوە، دەیەوێت چ پەیامێکی تازە بڵاوبکاتەوە و کێ ببینێت؟ چ گۆڕانکارییەک لە یاساکانی کڵێسادا بکات و ڕۆڵی کڵێسا چی و چۆن دەبێت؟ ئەمانە کۆمەڵێ پرسیاری گرینگی ئایینین لەم ڕۆژەدا و لە شانۆنامەکەی بروکیشدا ڕەنگیان داوەتەوە: ئایین و دەسەڵات، ئایین و تێڕوانینی سیاسی، ئایینی سیاسی، ئایین و گلۆباڵیزە و تیرۆریزم، بەڵام عیسا لە سەرزەوی پێشوازییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێت و هەر زوو دەناسرێتەوە و ڕاپێچی بەندیخانە تاریکەکان دەکرێت.

عیسا ڕووبەڕووی لێپێچانەوەیەکی قووڵ و پڕ لە ئازاری کڵێسای کاتۆلیک دەبێتەوە. عیسا لەم شانۆنامەیەدا، لەم دادگا

کاتۆلیکییەدا بێدەنگە و بە درێژایی نەمایشەکە، کز و کەلەلا و پشت لە بینەران دانیشتووە. تەنها لێپێچەرەوە پیرەکە وەک دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی کڵێسا قسە دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم دادوەوە بێبەزەییە توندوتیژە، بە ماچێک لە عیسا خۆش دەبێت و دوای ئەوە لە تاریکایی دیوارەکانی کڵێسا کۆنە گەورەکانی ئیسپانیادا بزر دەبن.

سینۆگرافیا و سەکۆیەکی بۆش، تەنها کورسییەکی بچووک لە دەرەوەی سەکۆکە و کورسییەکی بچووکی تریش لە قووڵایی دەستە چەپی سەر شانۆکە دانراوە، کوڕێکی گەنجی قژ درێژ بە جلوبەرگێکی ڕەشەوە و نزیک لە بینەران و لەسەر لا، کە زیاتر پشت و قژە درێژەکەی دەبینرێت، بە درێژایی نەمایشەکە و بە ب دەنگی دانیشتووە. لە هەمان کاتدا پیاوێکی پیری سەر و ڕدێن سپی و لە پاڵتۆیەکی ڕەشی درێژدا دەردەکەوێت و بە درێژایی شانۆییەکەش هەر ئەو قسە دەکات و لە عیسا دەپێچێتەوە.

(بروس مایرس) کە ڕۆڵی ئەم کارەکتەرە دەبینێت، لە یەک کاتدا حیکایەتخوانە و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لێکۆڵەرەوەشە و عیسا ڕووبەڕووی دادگاییەکی هەمەلایەنەی سەخت دەکاتەوە. ئەم ئەکتەرە بە توانایە زۆر لێزانانە درز دەخاتە نێوان ئەکتەر و ڕۆڵەکەیەوە، نێوان حیکایەتخوان و لێپێچەرەوەوە. بەردەوام ڕووبەڕووی عیسا دەبێتەوە، لێی دەپێچێتەوە و بە هەموو شێوەیەک گەمارۆی دەدات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی هیچ وەڵامێک نییە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە هیچ شێوەیەک بواری عیسا نادات دەم هەڵبهێنێتەوە و هەر خۆی بەردەوام قسە دەکات. بێدەنگیی تاوانبار، ئەگەر تاوانبارێک لەمیانا هەبێت، لەم

هەڵوێستەدا ئاماژەیەکی دووفاقیی هێزی دەسەڵات، هێزی ئایین و کڵێسایە، یاسا نەگۆڕەکانیش لە پرۆسەیەکی گرانی ئایینی، فەلسەفی و سایکۆلۆژیدا، دەرەنجامێکی بنەڕەتیی تاوان و سزایە.

بروک ئەم ئاماژانە لە پانتاییەکی بۆش و بنەما هەمەلایەنە سەراپاگیرەکانی هونەری نواندندا بەرجەستە دەکات و ئەکتەری نەمایشەکەش ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی چڕی دەروونی و هونەری دەکاتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١. Brook,Peter, The Shifting Point, 40 years of theatrical exploration 1946 – 1987, first published in the United Kingdom in 1987 by Methune Drama. S. 7

٢. هەمان سەرچاوە، ل٤٠

٣. Skawonius, Betty, Det enkla ska borja i overflod, Dagens Nyheter, 11 september, 2000.

٤. Brook, Peter, Den tomma spelplatsen, oversattning: Anita Dahl och Leif Zern, Grafisk formgivning: Leif Zetterlingproduction, Stockholm, 1969, S. 99

٥. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣)

٦. هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤) لاپەڕە ١٤٣

٧.ئۆلیڤەر ساکس پزیشکێکی گەلێک بەناوبانگی ئینگلیزی—ئەمەریکییە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی مێشک و دەمارە و لە کتێبەکەیدا (ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک) چەند بارودۆخێکی نەخۆشەکانی، بە زمانێکی بالآی پڕ لە خەندە، سەرنجڕاکێش، لە ڕووی پزیشکییەوە ڕاست و بە دیقەت دەگێڕێتەوە.

ئۆلیڤەر ساکس لەم کتێبەیدا تیشکی سەرنج دەخاتە سەر کۆمەڵێک نەخۆشیی مێشک و ئیفلیجبوون، ناونیشانی کتێبەکەش (ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک) هێڵی نەخۆشییەکان و کتێبەکەشمان بۆ ئاشکرا دەکەن، بۆ نموونە: چەند حاڵەتێکی گرانی بیرچوونەوە، کەمئەندامی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، ئیفلیج بوون، لە دەستدانی ناسینی ژمارە و توانای ماتماتیکی لەسەر ئاستە ساکار و سەرەتاییەکانی، لە دەستدانی هەستکردن بە جەستە و ئەندامەکانی لەش. ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانە جیهانییەکان، من خۆم بە زمانی سویدی خوێندوومەتەوە.

٨. Bener, Theresa, Peter Brook later felen oppna manniskan, Sveneska Dagbladet, Sondag, 31 mars 2002.

٩. ئۆدیا، یۆشی، ئەکتەری نەبینراو، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرەی کتێبی گۆڤاری (شانۆ) ٢٠١١، ل١١٤—١١٥

١٠.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٩) ل١١٥

١١.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٩) ل٩٥—٩٦

١٢.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٩) ل٩٤—٩٥

١٣.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣)

١٤.كۆستیم بە مانای "چاکەت و پانتۆڵ" دێت، Le Costume بە فەڕەنسی و Kostymen بە سوێدی. من وشەی "کۆستیم"م وەک زاراوەیەک زیاتر بە شیاو زانی لە وشەی چاکەت و پانتۆڵ، یان جلوبەرگ. هەرچەندە لە سیاقی نووسینەکەشدا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، وشەی چاکەت و پانتۆڵ و جلوبەرگیشم بەکارهێناوە.

١٥."کان تێمبا" لە پەنجاکانی ڕۆژگاری شاری "سۆپیەتۆن"دا ژیاوە، بەرلەوەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیی باشووری ئەفەریقا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەو کۆمەڵگە فرە کولتووریانەی ناوچەکانی دەوروبەری "یۆهانسبێرگ"ی پایتەخت تێکوپێک بدات.

ئەم نووسەرە بە غەمبارییەوە و لە هەڵوێستێکی چاوەڕواننەکراودا لە سۆپیەتۆن دەبێتە شاهیدی ڕووداوەکانی باشووری ئەفەریقا. کان تێمبا سەر بە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی ڕەشپێستەکان بووە، کە زۆر بە پەرۆشەوە لە گۆڤاری Drumدا کاریان کردووە، لە نووسینەکانیاندا هەوڵیان داوە باس لە گێژاوی ژیانە ناهەموار و توندوتیژەکەی شاری سۆپیەتۆنی بکەن. ئەم نووسەرە لە کۆتاییدا ناچار دەبێت باشووری ئەفەریقا بەجێ بهێڵێت و لە تاراوگە، لە وڵاتی سویسرا وەک پەنابەرێک بگیرسێتەوە، لەوێ زۆر بە هێمنی و بە شێوەیەکی بەردەوام و خۆکوژانە سەردەکاتە خواردنەوەی مەی و مادده هۆشبەرەکان، تا سەرەنجام لە ساڵی ١٩٦٧دا بە تەنیا و بە هەژاری کۆچی دوایی دەکات.

١٦."بارنی سیمۆن" یەکێکە لە دامەزرێنەرانی شانۆی The Market Theatre لە شاری "یۆهانسبێرگ"ی پایتەختی باشووری ئەفەریقا، بارنی سیمۆن، ڕۆژنامەنووس و نووسەر بووە، ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ Athol Fugard بۆ شانۆی Dorkey House Rehearsal Room دەکەوێتە کار، لەو شانۆیەدا لابورێکی شانۆیی بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەبات بەڕێوە، هەر لەو ماوەیەدا

چەندین پرۆژەی گرینگ بۆ شانۆ پێشکەش دەکات. لە ساڵی ١٩٦٨ەوە تا ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵێک شانۆنامە لە نیویۆرک و بۆستۆن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەش دەکات، هەروەها چەند وتارێکی گرینگ لە ڕۆژنامەی New American Review بڵاودەکاتەوە. لە کاتی ڕاپەڕینەکانی سۆپیەتۆندا، بۆ شانۆی Market Theatre چەند شانۆنامەی گرینگ نەمایش دەکات، لەوانە: کوشتنی مارا، ڕۆژە بەختیارەکان، ڤۆیسێک، ئۆدیپۆس، شەش کارەکتەر بە دوای نووسەرێکدا وێڵن، دایکە ئازا و منداڵەکانی، میدیا، ئەنتیگۆنا و گەشتێک بەرەو کۆتایی شەو هتد... بارنی سیمۆن لە ٣٠ مانگی حوزەیرانی ١٩٩٥دا کۆچی دوایی کردووە.

١٧.لە نێو هەموو یادگارە تاڵەکانی سەردەمی ڕژێمی ڕەگەزپەرستیی خوارووی ئەفەریقادا، ماوەیەک بەدی دەکرێت، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر چڕ و کورتە، بەڵام ماوەیەکە پڕ لە هیوا و خۆشەویستی، هەر ئەوەندەی ناوی "سۆپیەتۆن" دەهێنرێت، یەکسەر تیشکی مۆمێک لە چاوەکانی خەڵکی ئەم شارەدا دەبریسکێتەوە، هوروژمێکی وێنە لە بیرەوەرییەکاندا دەوروژێت و سەرلەنوێ لە دایک دەبنەوە. وێنەکانی زەمەنێک کە بووەتە زەمەنێکی ئاڵتوونیی ڕۆژگارێکی ڕەش، کەشوهەوایەک بە تەواوی سۆپیەتۆنی لە هەموو شار و شارۆچکەکانی تری ئەو سەردەمە جیادەکاتەوە.

لەو شارەدا، وەک هەموو شارەکانی تری خوارووی ئەفەریقا، خەڵکی لە بارودۆخێکی سەختدا ژیاون، هەژاری و دابڕان لە هەموو شتێک و لە هەموو دونیا، هێندەی تر باری ژیانی گران کردبوون، بەڵام بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە تایبەتیش لەو ناوچەیەدا هەموو ئەو بارودۆخە گران و نالەبارە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە و نەیانتوانیوە چۆک بە خەڵکی ئەو شارە دابدات.

لەو شارەدا بە پێچەوانەی هەموو شار و شارۆچکەکانی ترەوە، تواناکان گەشاونەتەوە و خەڵکی بەختیار بوون، توانیویانە ئەوەی لە دەروونیاندایە دەریببڕن. دانیشتوانی ئەو شارە لەگەڵ هەموو نالەباریی ژیان و دەردەسەرییەکاندا، مۆسیقای جازیان ژەندووە و ئاهەنگیان گێڕاوە، گۆرانییان گوتووە و شیعریان نووسیوە، بەڵام ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان بواری ئەو تروسکە هیوایەی نەداون، بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان داوە ئەو بارودۆخە تێکوپێک بشکێنن و شاری سۆپیەتۆنیش بە تەواوی لەسەر نەخشە بکوژێننەوە. هێزەکانی سیخوڕ و پۆلیس بە بلدۆزەر گەڕەکەکان و خانووبەرە ساکارەکانی ئەو خەڵکەیان ڕووخاندووە، هەزارەها هەژار و بێدەرەتانیان ناچاری ڕەو کردووە، دەزگاکانی پۆلیسیش خەڵکەکەیان ڕاگوێزاوەتە نێو ئەو شارۆچکە زۆرەملێیانەی، کە توانیویانە بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکەن. شارۆچکە زۆرەملێکان هەمیشە دوور بوون لە پایتەخت و شارە گەورەکانەوە، ئەو ناوچانەی کە شارۆچکە زۆرەملێکانی تیا بنیادنراوە، هەمیشە لەژێر گوشار و چاودێریکردنی ڕاستەوخۆی هێزەکانی پۆلیس و سەربازدا بوون. ئەم شارۆچکانە هیچ ناوێکیان لێ نانرێت، تا لە ئەنجامدا یەکێک لە گرینگترین ئەو شارۆچکانە دەبێتە شارێکی گەورە و بە سۆوێتۆ Soweto دەناسرێت. زۆربەی ڕووداوەکانی سۆوێتۆ لە ناو چایخانە نهێنی و کۆن و داڕووخاوەکاندا ڕوویان داوە. لەو شوێنانەدا ڕەش و سپی کۆبوونەتەوە. ئیدی هەر لە خەڵکی ئاسایی، نووسەر، مۆسیقاژەن، دزەکان، سیاسەتمەدار، سۆزانی و هەتیوەکان لەوێدا یەکیان بینیوە، یەکتریان دوواندووە و خەونیان بینیوە.

ئەو خەڵکە پێکەوە خۆیان دابووە دەست مەی خواردنەوە و هەموو جۆرەکانی تلیاک، هەمیشە مەست و بێئاگا بوون و بە ئاگاییەوە ڕێگەیەکی خۆکوژییان هەڵبژاردبوو. یەکێک لەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی بەهێز

چالاکییەکانی ئەو چاپخانەیەی بەڕێوە بردووە، نووسەرێکی بەهرەمەندی وەک "کان تێمبا" بووە، ئەم نووسەرە پادشای شەوانی ناو ئەو کۆبوونەوە نهێنییانە بووە. یەکێک لە شەوانی چالاکییەکاندا، ئەو نووسەرە چیرۆکی "پێلیمۆن" و "ماتیلدا" لە "کۆستیم"دا دەگێڕێتەوە، ئەوەش سەرگوزشتەیەکە سەبارەت بە ژن و پیاوێک و دەستێک چاکەت و پانتۆڵ. ئەو چیرۆکە بە گاڵتە و پێکەنین دەست پێ دەکات و بە تراجیدیا کۆتایی دێت، کۆمیدیا، دراما، فەنتازیا، وێنە بچووکەکانی ژیان، هەموو ئەمانە لە سەرگوزەشتەی "کۆستیم"دا جێگەیان دەبێتەوە. کۆستیم نەمایشێکە کە شاری سۆوێتۆ بە مۆسیقایەک، خەندە و پێکەنین و گومانەکانی بە ئاگا دەهێنێتەوە و تێکەڵی ژیانی دەکاتەوە.

١٨.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل٣

١٩.هەمان سەرچاوەی ژمارە (١) ل٢٣٤

٢٠. Zern, Leif, En vacker, oppen kostym, Dagens Nyheter, 12 september, 2000.

٢١.هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤) ل١٠٣

٢٢.ئەمە یەکەم جار نییە کە (ناتاشا پاری و میشێل پیکولی) لەم فێستیڤاڵەدا بەشداری بکەن، بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٧ ئەم دوو هونەرمەندە لە دوو پرۆژەی جیاوازدا بەشداربوون: ناتاشا پاری لە شانۆنامەی (ڕۆژێکی بەختیار)ی سامۆێل بێکێت و لە ڕیژی پیتەر بروک، میشێل پیکولی بە نەمایشی La Maladie de lamort و لە ڕیژی ڕۆبێرت ویلسۆن. دانیمارک هەمیشە وێستگەیەکی گرینگی پرۆژە و بەرهەمەکانی بروک بووە، لە ساڵی ١٩٨١دا بە نەمایشی (باخی گێلاسەکە) نووسینی ئەنتوان چێخەف و نواندنی میشێل پیکولی و ناتاشا پاری، لە ساڵی ١٩٨٧یشدا (مەهابەهاراتا)

و له ساڵی ١٩٨٩دا نەمایشی) L` os (له ساڵی ١٩٩٧دا (ڕۆژێکی بەختیار)ی بێکێت، دانیمارکی بەسەر کردووەتەوە.

٢٣.چەردەیەک له نامەکانی چێخەف و ئۆلگا کنیپەر له کتێبێکی سەربەخۆدا، به ناوی (خۆشت بوێم و بنووسه) بڵاوکراونەتەوە، ئەم کتێبه تا ئێستا وەرگێڕدراوەته سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان. تەنانەت به کوردیش هەیه و هاوڕێی ئازیزم کاک ڕەووف بێگەرد، هەڵبژاردەیەک لەو نامانەی له فارسییەوە کردووه به کوردی.

٢٤.ئۆلگا کنیپەر له هەموو شانۆنامەکانی چێخەفدا ڕۆڵی سەرەکیی بینیوه: له (نەوڕەس)دا ڕۆڵی ئەرکادینا، له (باخی گێلاسەکه)دا ڕۆڵی لیۆبۆڤ ئەندریا ڕۆپێڤانه، له (خاڵه ڤانیا)دا ڕۆڵی یەلێنه و له شانۆنامەی (سێ خوشک)یشدا ڕۆڵی ماسیای بینیوه.

٢٥.چێخەف له حاڵەتێکی تووڕەییدا، له یەکێک له نامەکانیدا سەبارەت به ستانیسلاڤسکی دەڵێت: (دیمەنێک که پێویسته له دوانزه چرکه زیاتر نەخایەنێت، کەچی له لای ئەو چل چرکه دەخایەنێت) له نێوان ستانیسلاڤسکی و چێخەفدا سەبارەت به چۆنیەتیی خوێندنەوەی شانۆنامەی (باخی گێلاسەکه) جیاوازییەکی تەواو هەبووه، به لای ستانیسلاڤسکی-یەوه شانۆنامەیەکی تراجیدی بووه، بەڵام به پێچەوانەوه له لای چێخەف شانۆنامەیەکی کۆمیدی بووه.

٢٦.پیتەر بروک به دوو شانۆنامه، مەرگی سیزوی بانزی و دادگایەکی گەوره، له ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦دا له شاری ستۆکهۆڵم بەشداریی فێستیڤاڵی کولتووریی کرد.


٢٧.شانۆنامەی مەرگی سیزوی بانزی له زۆربەی فێستیڤاڵه شانۆییەکانی جیهاندا نەمایشکراوه، لەوانه: فێستیڤاڵی شانۆی نێونەتەوەیی له ئەستەنبوڵ، بەیروت، ئەسینا، ئیسرائیل، فەلەستین، فێستیڤاڵی ئەڤیننونگ

له فەڕەنسا، بەرازیل، زێگریب، بێلگراد، دبلن، پراگ، مەدرید، ڕۆما، هەروەها جگە لە پایتەختەکانی ئەم وڵاتانە، لە زۆربەی شارە گرینگەکاندا نەمایش کراوە. لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەریشەوە، مەرگی سیزوی بانزی سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە پاریس و شانۆی بورد دی نوڤ، تا ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٧ نەمایش دەکرێت.

٢٨.هەردوو ئەکتەرەکە ئەفەریقایین و لەسەر ئاستی ئەورووپا و ئەفەریقا کاردەکەن: (پتیشۆومبا کۆنگا) لە کۆنگۆ لەدایک بووە، بەڵام لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە لە بەلجیکا دەژی. زیاتر خەریکی کاری مۆسیقا و گۆرانییە و لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشەوە ناوێکی دیاری بوارەکانی مۆسیقای ڕۆک و (هیپ هۆپ)ە. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لەگەڵ پیتەر بروک کاردەکات. (حەبیب دێمبێلا) لە مالی لەدایک بووە، گروپی شانۆیی تایبەت بە خۆی لە ئەفەریقا هەیە و چەندین خەڵاتی هونەریی بەدەستهێناوە. جگە لە نواندن و کاری سینەما و شانۆ، لە نووسینیشدا چالاکە و ڕۆمانێکی بڵاوکراوەی هەیە. حەبیب دێمبێلا سیاسەتمەدارە و لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی وڵاتی مالیدا بەشداریی کردووە. حەبیب لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە لەگەڵ پیتەر بروک کاردەکات. من بەشبەحاڵی خۆم هەموو کارەکانیم لەگەڵ بروکدا بینیوە: هاملێت ٢٠٠٢، تێرنۆر بۆکەر ٢٠٠٤ و ئەمساڵیش (مەرگی سیزوی بانزی).

# بەشی هەشتەم

## کۆتایی و بەرەنجامە گشتییەکان



پیتەر بروک

بروک یەکێکە لە ڕێژیسۆرە کاراکانی شانۆی هاوچەرخ و مۆدێرنی دونیا، کە بەردەوامیی بە ڕەوتی لۆژیکییانەی شانۆی جیهانی، چ لە ڕووی پراکتیک و چ لە ڕووی تێۆرییەوە داوە. بروک لە ماوەی زیاتر لە شەست ساڵدا لەسەر کاری شانۆ بەردەوامە. نەمایشە شانۆییەکانی، خوێندنەوە جیاواز و مۆدێرنەکردنی شەکسپیر، تێکەڵاوکردنی کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، گەڕانەوە بۆ دید و تیۆرە شانۆییەکانی شانۆکارانی دونیا و سوود لێ وەرگرتنیان، کارکردن لەسەر چەمکەکانی پرۆسەی نواندن و پێگەیاندنی ئەکتەر، دراماتۆرگی نەمایشەکانی و ئاراستەکانی هونەری ڕێژی بەشێکن لەو ڕەوتە چڕ و دوورودرێژە.

بروک لە ڕوانگەی ڕەوتە شانۆییەکەوە، هەمیشە هەوڵی داوە بۆچوونە شانۆییەکانی، دید و فەلسەفەی شانۆیی خۆی و چۆنیەتیی کارکردن، تیۆری و پراکتیک لە نووسین و کتێبە گرینگەکانیشدا ڕوون بکاتەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستتان لە دەروازەکانی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی شیکارییەوە، هەنگاو بە هەنگاو ڕەوتی شانۆی بروک و تەقەلا تیۆری و پراکتیکییەکانی خستووەتە ژێر تیشکی سەرنج و

ڕاڤەکردنەوە، هەروەها هەوڵم داوە وەک میتودێکی کارکردنیش، هەموو کتێبەکە، بەتایبەتی ئەو نەمایشانەی کارم لەسەر کردوون، لە ڕوانگەی چەمکەکانی "پانتایی بۆش" و خودی کتێبەکەی بروکەوە پێکەوە ببەستمەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکەم. بێگومان نووسین و کارەکانی بروک سەرچاوەیەکی گرینگی تێگەیشتن و شیکردنەوە و نووسینی ئەم کتێبەن و هەمیشە گەڕاومەتەوە سەر بروک؛ بۆ ئەوەی بتوانم وێنەیەکی ڕاستەقینەی بروک بخەمە ڕوو.

بروک خۆی بەم شێوەیە ئاماژە بە پرۆسەی کارەکانی خۆی دەکات: "کارەکانی ئێمە پشت دەبەستن بەو فاکتانەی؛ کە دەتوان بە هۆی دەنگ و جووڵەی جەستەی مرۆڤ خۆیەوە، پەردە لە ڕووی هەندێک لە قووڵترین هەڵوێستەکانی مرۆڤایەتی هەڵماڵن، بە شێوەیەک کاریگەرییەکی گەورە و ڕاستەوخۆی لە ناوەوەی هەموو بینەرێکدا دەبێت، بە بێ جیاوازیی کولتوور، زمان و نەژادی جودا."

ئەم هونەرمەندە لە هەوڵی ئەوەدایە ڕاڤەی ساتە هەنووکەییەکان بکات، بەرجەستەی چاوتروکانێک لە ئامادەیی و پێشبڕکێ لەگەڵ (کات)دا بکات. بروک مەبەستییەتی مەرزەکانی شوێن و کات تێکبشکێنێت. ئێستا و لەم ساتەوەختەدا، مرۆڤێک قسە دەکات و هەندێک مرۆڤی تر دەبنە گوێگر و لەهەمان کاتیشدا تەماشا دەکەن. لەم ساتەوەختەدا هەموو ئەو ڕووداوانەی لە ژیانماندا ڕوویان داوە، کاریگەرییان بە سەرمانەوە هەبووە و ئەوانەشی کە بیرمان چوونەتەوە دێنەوە یادمان. ئەمانە هەمووی لە لای ئەکتەر، لە لای بینەران و لە پرۆسە شانۆییەکەدا، لە

ساتەوەختە زیندووەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نەمایش و ئەکتەرەکاندا، لەگەڵ کردەی تەماشاکردندا ڕوودەدات.

بروک ڕێگەیەکی یەکجار درێژی بڕیوە، پرسیارە قووڵەکانی شانۆی شیکردووەتەوە و بە دوای خانە گەوهەرییەکانی شانۆدا گەڕاوە. شانۆ گەڕانێکی هەمیشەیی و بەردەوامە و هەموو شێوازێکی تازەیش بە لای ئەم هونەرمەندەوە، هەر لەگەڵ لەدایک بوونیدا، توخمەکانی مەرگی خۆیشی هەڵگرتووە. هەموو فۆرمێک پێویستە سەرلەنوێ بخولقێنرێتەوە، کە سەرلەنوێش خولقێنرایەوە، لە هەموو ڕووەکانییەوە دەربڕینی جیاواز لەخۆ دەگرێت.

هیچ شتێک تا کۆتا نییە، هەموو شێوازێک دەگونجێت، یان دەکرێت سەرلەنوێ وەربگیرێتەوە، تازە بکرێتەوە و ڕۆڵی تر و ناوەرۆکی جیاواز لەخۆ بگرێت. شانۆ هونەرێکە دووپاتی بوونی خۆی لە (ئێستا)دا دەکاتەوە، گەر لە ئێستایشدا نەژی، ئەوا هیچ کاریگەرییەکی نە بەسەر خۆی و نە بەسەر دەورووبەرەکەشییەوە نابێت.

بروک لە نەمایشە گەورەکانییەوە، لە تێڕوانینە ئەزموونکاریەکانییەوە، لە گەشتە دوورودرێژە هونەرییەکانییەوە، لە شالیر، مارا-ساد، ئێمە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆنفرانسی باڵندەکان، ئۆپێرای کارمن و مەهابەهاراتاوە، لە نەمایشە شەو و ڕۆژە درێژەکانییەوە، دەگاتە ئەو ئەنجام و نەمایشە کورتانەی ئەمڕۆی. ئەم نەمایشانە بەرەنجامێکی قووڵ، پێداچوونەوەیەکی گشتگر، هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە و دۆزینەوەی شانە گرینگەکانی شانۆیە بۆ بروکێکی نەوەد ساڵە.

بروک چووەتە تەمەنەوە و لەوانەیە ئێستا، دوای ئەو ئەزموونە دووررودرێژە، لە هەموو ساتێکی تر زیاتر بیر لە مەرگ بکاتەوە. چەندە لە مەرگیش نزیک بێتەوە، هێندە نەمایشەکان چڕتر، قووڵتر و کورت و ساکارتر دەبنەوە.

گەشتەکانی بروک لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ ئێران، بۆ ئەفەریقا و ئەمەریکا، کاریگەرییەکی فیکری و هونەریی قووڵیان لە لای ئەم هونەرمەندە بەجێهێشتووە. لە ڕوانگەی ئەو گەشتانەوە، کولتوور، زمان، ئایین، شارستانییەتێکی جیاواز، چەمکەکانی ڕۆشنبیری و لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە زمان تەوەرێکی گرینگی لێکۆڵینەوە تیۆری و پراکتیکییەکانی بووە.

بروک لە حەفتاکاندا و لە نەمایشی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین)دا، ڕێگەکانی ئەزموونگەری و خوێندنەوە ڕادیکاڵییەکانی شەکسپیر بەرەو داستانە گەورەکانی دونیای دەبات. شەکسپیر بۆ بروک دەبێتە ئامرازێک، دیدێکی هونەری و هەموو فۆرم و ڕێبازەکان. هەموو شانۆکان ڕێگەیەکن و دەچنەوە سەر شەکسپیر. شەکسپیریش وێستگەیەکە کە هەمیشە دەگەڕێتەوە سەری و لەو وێستگەیەوە بەردەوامی بە گەشتەکانی دەدات.

مەهابەهاراتا بەدوادا چوونێکی قووڵ و سەراپاگیری ئەفسانە و داستانە دێرینەکانی هیندستانە، لە هەمان کاتدا وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی هونەری شانۆیە: بنەماکانی ئەم هونەرە، سەرەتاکانی ئەم هونەرە، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، کۆن و مۆدێرن، هەمووی پێکەوە لە ڕیتواڵێکی شەو و ڕۆژیدا کۆدەکاتەوە. مەهابەهاراتا دەبێتە خاڵی گۆڕانکارییەکان و بروک بەرەو ڕێچکەیەکی تر دەبات،

ڕێچکەیەکی تری کارکردن و بە ئاراستەیەکی تر ڕاڤەی جیهان و شانۆ دەکات.

بروک بە درێژایی ڕەوتە هونەرییەکەی لە نەمایشە تەقلیدییەکانەوە تا دەگاتە ڕەوتە ئەزموونگەرییەکەی شەستەکانی و نەمایشە میتۆلۆژییە دوورودرێژەکانی و فۆرمە ساکارەکەی ئەم بیست ساڵەی دوایی، هەمیشە چەمکەکانی ژیان و مرۆڤ لە چەقی تێڕوانینەکانیدا بوون. وزەی لە ژیان و بوونی مرۆڤەوە وەرگرتووە و لە نووسین و تێزەکانیشیدا ئاماژەی بۆ کردووە: (شانۆ لە لای من بە هیچ شێوەیەک لە ژیان جیاناکرێتەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو شانۆ بە بەشێک لە ژیان دادەنرێت، لە ڕێگەی شانۆوە فێری ئەوە دەبین چۆن بژین. لەبەرئەوە هیچ جۆرە هزر و بیروباوەڕێک دامەڕێژە، گەر لە ئەزموونی ژیان خۆیەوە سەرچاوەی وەرنەگرتبێت.)

## دوا وشە

هەر کەسێک لە بواری شانۆدا کار بکات، جا قوتابیی شانۆ، ئەکتەر، ڕیژیسۆر یان ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەی شانۆیی بێت، ناتوانێت بروک و ڕۆڵی بروک لە گەشەکردنی شانۆی جیهانیدا فەرامۆش بکات.

هەرچەندە ئەمڕۆ بروک بە هەمان وزە و هێزی شەستەکان، یان حەفتا و هەشتاکانەوە کار ناکات، بەڵام ئەوەی ئەو کردوویەتی، ئەوەی ئەو بۆ شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخی جیهانی، بۆ دەستپێکی تری شانۆ و بۆ ڕۆڵی شانۆ بنیادی ناوە، بناغەیەکی پتەوە و کاریگەرییەکی بێئەندازەی بەسەر ڕەوتی شانۆوە هەیە.

ئەو کاریگەرییە لە کارەکانماندا، لە تێڕوانینماندا بۆ شانۆ، لە نووسینەکانماندا، لە پێناسەکردنی شانۆ بۆشەکاندا، لە هەموو پرۆسەی شانۆییدا دەردەکەوێت.

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستمان بە گروپی نێونەتەوەیی و بەرجەستەکردنی شانۆی ڕۆژهەڵاتە لە شانۆی ڕۆژئاوادا، لە کولتووری ڕۆژئاوادا، لە سترکتووری دامەزراوە ڕۆژئاواییەکاندا و بە پێچەوانەشەوە. بروک ئەم دەروازانەی بۆ کردینەوە، زمانێکی گلوبالیزمی بۆ شانۆ خوڵقاند و شانۆی کردووەتە پێداویستییەکی ڕۆژانەی هەموو خەڵک.

# له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

١.شانۆی توندوتیژی له نێوان تیۆر و پراکتیکدا، لێکۆڵینەوە ١٩٨٨

٢.گوتاری ئەزموونگەری له ڕەوتی شانۆی کوردیدا، لێکۆڵینەوە ١٩٩٥

٣.ستریندبێری و سۆناتای تارمایی له نێوان ڕاینهارت و بێریماندا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠١، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٤.ستریندبێری و سۆناتای تارمایی له نێوان ڕاینهارت و بێریماندا، ٢٠٠١، چاپی سوێد

٥.پیتەر بروک له شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٣، دەزگای سەردەم، چاپی کوردستان

٦.پیتەر بروک له شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، چاپی سوێد

٧.شانۆی سوێدی، هەڵوێسته و تێڕوانین له ڕەوتی شانۆی سوێدی له سەرەتاوە تا ئەمڕۆ، لێکۆڵینەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦

٨.مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان له سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠٠٧

٩.مۆسیقای بێ دەنگ، شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان له سوێدییەوە، چاپی سوێد، ٢٠٠٧

١٠.هارۆڵد پینتەر، ژیان و شانۆ، لێکۆڵینەوە، له بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار، ٢٠٠٩

١١.شانۆی سوێدی، لێکۆڵینەوە، له بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، ٢٠١٠

١٢.له کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، لێکۆڵینەوە، ڕەنج، ٢٠١٠

١٣.چین، شانۆنامە، نووسینی ئێریک ئۆدێنباری، وەرگێڕانی له سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١٠

١٤.تەرمینالْ. سێ شانۆنامە، نووسینی لاش نۆرێن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی بیانی، ٢٠١١

### بە سوێدی

١.ڕەوش و داهێنان، دەزگای کالْسۆن، ٢٠٠٨

٢.ژیانێکی تر، شیعر، دەزگای پیونیار، ٢٠٠٦

٣.دوو کلۆ بەفر، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ سوێدی. ٢٠٠١